


# کوردۆساید

عەلی مەحموود محەمەد- هۆڵەندا

# لە بڵاوکراوەکانی وزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان
# بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی
# ناوەڕاستي 2008

پێشکەشە : بە باوکم " مەلا سەید مەحمود " لە هەموو تەمنیدا , یەك چرکە لە خۆشی ژیانی نەچەشت , هەرگیز بۆ خۆی نەژیا , سەرباری ڕەخنەی زۆرم بۆ ڕێبازی سیاسی و لە بیرکردنەوەکەی , دوای مەرگی جگە لە سەروەری هیچیکەی لە دوای خۆی بەجێ نەهێشت .
هەردوو خاڵۆی خۆشەویستم " لوقمان کەریم " ناسراو بە وریا سوور, کە لە 11-3-1991 لە دارەتوو بە دەستي فاشیەکان شەهید بوو , " شەریف کەریم " ناسراو بە پشتیوان , لە ساڵی 1988 ئەنفالکرا , لە خۆشەویستیم بۆ یاداوەری ئەوەوە ل ە ساڵی 1991 ەوە دەستم دایە کارکردن بۆ ئەنفالکراوان و زۆربەی کاتەکانم بۆ ئەم پرسە تەرخانکرد , ئەو بردمییە ناو جیهانی ئەنفالەوە , دەرچونەوە دەرەوە لێی ئەستەمە .

**پێشکەشە بە هەموو ئەنفالکراوانی کوردستان , بە تایبەتیش ئەو کەس و خزم و دۆستانەی لە پرۆسەی ئ ەنفالی سێ و چواردا ئەنفالکران , بە هەموو ئەوانەی بە دڵسۆزانە کاریان بۆ ئەنفال کرد و وشەیەکیان بۆ بە مێژووکردنی نووسی و چاوەڕوانی پاداشت نەبوون لە مردووەکان , بە تایبەت شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حەمە و نووسەری نەمر کاکە ناجی ئاکرەیی .**

## بابەتەکان :

1–پێشەکی
2–ئەنفالی چوار.
3–قەندیل بەغدا یاخود هەڵبجە و ئەنفالی هەژاند ؟.
4– چواردەی چوار, چۆن کرا بە ڕۆژی ئەنفال ؟ .
5–تراژیدای مەرگەساتی ژیانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان
6–ئەنفال جینۆسایدە "چاوپێکەوتن لەگەڵ هەردوو پەرلەمانتاری پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی هاری ڤان بۆمڵ و سادات قەرەبلووت.
7–کورتە سەرنجێك سەبارەت بە " کۆنگرەی بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد" هەولێر .
8–ئەنفال لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا.
9–بڕیارە گەورەو بەناوبانگەکەی ژمارە4008 .

10–(( 16–3 بکرێت بە ڕۆژی جیهانی)) دروشمێکی ناتەواو و ئامانج نەپێکاو.

11–پارچە کاغەزێکی سادە , وەلیٚ بەڵگەنامەیەکی بە بەها.

12–دادگاییکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە نێوان پراتیك و درووشمدا

13–کورد و لە سێدارەدانی سەدام! .

14–لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی کوردستانی بە فەرمی هەڵەشاوتەوە .

15–دادگای ئەنفال بەرەو کویٚ ؟.

16–عوزیرە ئەنفالکراوەکان و عەزۆ جاشەکان.

17–بۆچی 21–8 ڕۆژێکی مێژوییە ؟.

18–نا بۆ لە سێدارەدانی سەدام حسێن.

19–ئەو سندووقەی18 سالٚ نهێنییەکانی هەڵەبجەیان پاراست.

20–لاپەڕەیەکی شاراوەی کارەساتی هەڵەبجە .

21–من دەڵێم لە ئەنفالی چوار مەفرەزەکانی کاك " عەلی بچکۆل " یش ڕێگایان لە دەربازبوونی خەڵك گرت! .

22–بەشێك لە ئەو تاوانبارانەی دەبێت دادگاییبکرێن لە دادگای ئەنفال

23–(24–6–2007) ڕۆژی سەرکەوتنی دادپەروەری " ڕۆژێکی مەزن و مێژوییە لە دیرۆکی نوێی نەتەوەکەمان.

24–میری ئەنفالچیان فڕی یان بۆی دەرپەڕیٚ.

25–مەبن بە مەلای خەتێکەی ئەوروپا.

26–سوڵتان هاشم ئەفسەرە نایابەکە.

27–ئەو عەریزەیەی فلیمی وەفیق سامەڕایی سوتاند.

28–قاڕنێ هێمایەك بۆ كۆمەڵكوژی كوردان خاڵێك بۆ ڕسواكردنی كۆماری ئیسلامی ئێران .

29–لە چاپكراوەكانی نووسەر .

# پێشەكی

ئەنفال ئەو جیهانە خەیاڵییەی كورد كوژیەیە , هەر چویتە ناوییەوە دەرچونت دەروەت بۆ نییە , جیهانێكی بێ ئەمسەر و ئەوسەر , پڕ لە چیرۆك و خەیاڵ و بەسەرهات و ئەفسانەی سەیر سەیر , پڕ لە خیانەت و دڵڕەقی و تاوان , چۆن بیر لە دڕندەیی ئەنجامدەرانی و خیانەتی هاوكاریكەرانی دەكەیتەوە , ناگەیت بە حەقیقەت , بۆیە چەندە كاری لەسەر بكرێت و بە چ ئەندازەیەك لەسەری بنووسرێت هێشتا كەم دەهێنێت , چەندە خۆشە بۆ مرۆڤانێك كار بكەیت , لە ژیاندا نەبن و كەس خۆی ناكات بە خاوەندیان , قەت چاوەڕوانی دەستخۆشییەك نیت لەلێیان .

ئەگەر جامانەكەی عومەر خاوەر جێگای هەموو كوردی تێدا ببێتەوە , ئەوا بیابانی ئەنفالەكان ئەوەندە لە بن نە هاتووە , سەرجەم مرۆڤایەتی لە پانتایی خۆیدا دەشارێتەوە , دەبا بە ڕاستی بگەینە هەقیقەتی ناو دڵی ڕازی ئەو بیابانە , كە 182000 ڕازو چیرۆك و پەیامی بۆمان هەڵگرتووە و لە هەناوی خۆیدا شاردوییەتیەوە .

# ئەنفالی چوار





ئەنفال سومبولی مێژووی هاوچەرخ و بگرە دێرینی کوردە , ڕەنگدانەوەی چڕ بوونەوەی مەرگی فیزیکی و لە گۆڕنانی زمان و کولتوری نەتەوەیە لە تەواوی مێژوودا, ئەو مێژوەی بە درێژایی بوونی ستەمکارانە ئەم نەتەوەیەیان لەناو دەدا , زۆر گرنگە چۆنمان بینیوە وەك خۆی بیخوێنینەوە.

کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە لە بەرواری 3–5–1988 , سەرەتا و دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار بوو لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال , ئەو ئەنفالەی دەیان هەزار هاووڵاتی کوردی لەگەڵ خۆیدا بۆ مەرگ برد و ڕاپێچی دۆزەخی بەعسییەکانیانیکرد , مەرگەساتێکی وا مەزن ئەمڕۆ ئەوانەی لە مەرگیشی ڕزگاریان بووە, ئاە بۆ مەرگی پڕ لە تراژیدیای ژێر لم بیابانەکانی دەخوازن

, مەرگێك تەنها بە مەرگ ناچوو. لەو ئۆپەراسیۆنە سەدان گوندی لە دوای خۆیەوە بە ڕوخاوی لە پێدەشتە نەبڕاوەكانی كەركوك و هەولێرو هەڵەتەكانی كۆیەو قەلاسیوكەو كێوو و دۆڵەكانی چەمی ڕێزان و بنارە سەختەكانی دوكان و خەلەكان نزملی و پێ دەشتاییەكانی شوان و بناری قەرەچوغ بەجێ هێشت , ئاوادانییەكانی كرد بە قەرەبلووت , چەپەكترین هەڵەت و پەناگاو گوندی ئەم دەڤەرە لێی ڕزگاری نەبوو , جێدەستی سوپای ئەنفال بە بست بە بستی ناوچەكەوە دیاربوو , ئەنفال ئەوەندە دڕندانە بوو مەرگی لەگەڵ خۆیدا ناشرین كرد , فاشیەتی شەرمەزاركرد , لمۆزی شۆفەڵەكانی گەیشتووە بە هەر كوێیەك , لە دوای خۆیەوە وێرانی كردووە و خاشاك و كەلاوەی بەجێهێشتووە , لە جیاتی شارستانییەت و ئاوەدانی كاولكارییان هێنا , ئەو گوندانەی شارستانیەت لێیانەوە سەری هەڵدا , كۆنترین گوندی جیهان بوون , بە درێژایی ماوەی هەزاران ساڵ ئاوەدان بوون , هۆلاكۆ دەستی پێیان نەگەیشت و وێرانیانی نەكرد, كەچی ئەنفال هەموویانی خاپوور كرد و لەگەڵ زەیدا جوتیانیكرد ( چەرموو – چەم ڕێزان , دوو ناوی ناسراوی جیهانین , كەوتوونەتە ئەم دەڤەرەوە ) .

سنووری ئەنفالی چوار لە بناری دوكانەوە دەستی پێكرد , تاكو لێوار و كەنارەكانی شاری كەركوك و بن هەولێر بە درێژایی ئەمبەر و ئەوبەری زێی بچووك شۆڕبووەوە بۆ ڕۆخی پردێ , لەوێوە بۆ كلكەی قەرەچووغ , لە بەشی باكووری چەمچەماڵەوە بۆ دەم زێی چووك , ئەو زێیەی بە درێژایی مێژوو , ئەمبەرو ئەوبەری هەردەم ئاوەدان بووە, كە لەگەڵ خۆیدا سنووری نێوان هەردوو پارێزگای كەركوك و هەولێری بەش دەكرد.

ئەنفالی چوار سنووری چەندین شارو شارۆچكەی گرتەوە ( چەمچەماڵ , تەكیە , قەرەهەنجیر , ئاغجەلەر , كۆتەڵ , تەقتەق , قوشتەپە , كۆیە , دێگەڵە , پردێ , شوان , دوكان , خەلەكان , مەخموور ... ) , لەو سنوورە پان بەرینە لەم ماوەی چەند ڕۆژێكدا, شوێنەواری شارستانیەت و ژیانی هەزاران سالی مرۆڤایەتی بە تەواوی سڕایەوە, هەر لەو گوندانەوە شارستانییەت سەری هەڵدا , مرۆڤایەتی گەشەیكرد , دوای هەزاران ساڵ ئاوەدانی و خزمەتكردن بە مرۆڤایەتی , داهێنان و پێشكەوتن , كران بە وێرانە و كەلاوە, كۆنترین گوندەكانی جیهان هەموو تەخت كران, كە هەزاران جار خۆیان لە بەر شالاوی هێرشبەران ڕاگرت , لە ناو لادێ ڕوخاوەكان شوێنەواری مەرگ دەبینرا , كە هێشتا بۆنی گەوەڕو مەڕو مالات و جیقنەی مریشكەكان دەهات, جگە لە دار تەلی شۆڕەوە بووی

کارەبا , چەم و ڕەزی چۆڵ, داری سوتاو و لادێی ڕوخاو, خۆڵەمێشی سوتان و بۆگەنی ئاژەڵ و پەلەوەری مردارەوە بوو, هیچی دیکە لە دوای ئەنفالەوە بە جێ نەما , مرۆڤ و ئاژەڵ , مێروله و باڵندە , دار و درەخت هەموو بە پێی بڕیاری 4008 ی عەلی حەسەن مەجید , جاڕنامەی مەرگیان بۆ درا, ئا ئەمە بوو سەرەتا و دەستپێکی ئەنفال .

ڕۆژی سێشەممە بەرواری 3–5ی ساڵی1988 , ئەو ڕۆژەی خەڵکی گۆپتەپە و دەڤەرەکە , سەرباری هاتنی هە واڵەکانی هێرش بۆ سەر ناوچەکەیان , سەرباری لێبوردنێکی ڕانەگەیەنراو بۆ خەڵکی ئەو ناوچانەی شاڵاوی ئەنفال هێشتا پێیان نەگەیشتبوو " بەڵگەنامەکە لە خوارەوەیە " , جگە لە ژیانی کولەمرگی و ئاسایش, بیریان لە هیچی دیکە نالەکردەوە , ئەوان لە زووەکەوە قاڵبووی پەنجە نەرمکردن بوون لەگەڵ کارەساتەکان , ڕاهاتبوون لەگەڵ تاوان و مەرگە بە کۆمەڵەکان , قاڵبووی ناو ئازارەکانی ژیان و بەرەنگاربونەوە بوون.

سەرباری هەواڵە ناخۆشەکان , وەلێ ئاسۆی ژیان هێشتا لای دانیشتوانی گۆپتە پە مابوو , بهارەکەی تەڕ و پڕ و خۆش بوو , دەغڵ و دانی ناوچەکە تا چاو بڕ بکات بە پانایی ئەو دەشت و هەڵەتە پان و بەرینە , کە ئەمسەر و ئەوسەری چاوبڕی ناکرد , سەریان نابووە سەر یەکترەوەو سەوز دەچوەوە . گۆپتەپە و دەم زێی شێخبزێنی سەرو خاوەند خاکێکی کش ت و کاڵی بەراو و زەوی دێمی بە پیت و بەرەکەتن , کێڵگەی بەرینی گەنم و جۆ , مەرەزەی سەوز , گۆلی تەماتە و سەوزە , کێڵگەی لۆکەو گوڵە بەڕۆژە , بامیە و شوتی , ڕەزی بەرینی هەنجیر و قەیسی و هەنار ... ئەو ناوەی نەخشاندبوو, گوڵە گەنم و جۆ و گوڵە بەڕۆژەکان سەریان نابوو بە سەری یەکەوە, لە سوجدەدا بوون بۆ تیشکی زێڕینی خۆرەتاو , هەموو پێکڕا بە داماوییەوە سەیری گۆپتەپەیان دەکرد , وەشتێکی نەرم , کزە بایەکی غەمگین مژدەی ڕۆیشتنی بەهار و هاتنی هاوینی پێ بوو, بە هێمنی هەڵیکردبوو , گولیلکە نیسانەکا ن لێرەو لەوێ لە ناو ئەو دەریای سەوزاییەدا نەرمە کەروێشکەیان دەکرد , دەغڵ و دانی ئەو دەشتاییە بۆ ژیان سەمایان دەکرد , کە چاوت بە شیوو دۆڵ و دارەکان دەکەوت , هەستت بە سوکنایەتی لە ڕوحەوە و خۆشی لە دڵەوە دەکرد . ڕۆژێکی سامال و خۆش مرۆڤی دەهێنایە جوله , لە قولایی ئاسمانیش پەڵە هەورێك بچوك نابینرا, بێگەردی و شینایی ئاسمان ئاوی لەچاو دادەهێنا, نوزەی کزە بای وەشتە هێواشەکە , نەرمە جۆلانێی بە دەغڵ و داری ئەو دەڤەرە دەکرد , لە دورەوە کەروێشکەی دەغڵ و دانەکە شادی دەزانە قولایی

هەناو و دڵەوە , گڤەی ئەو شنە بایە بۆنی ڕووبار و باخەکانی لەگەڵ خۆیدا بۆ ناخی مرۆڤ دەهێنا خۆرەتاوی ئەو دەمەو ئێوارەیە , تیشکی زێڕینی خۆی , بە یەکسانی بەسەر دۆڵ و شیووهەڵەت و تەختاییەکانی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیدا دەبەخشییەوە. تریسکەی تیشك دانەوەی تەنەکەی سەر شانی کچان , لەگەڵ بریقەو باقی جلە ڕەنگاوڕەنگەکانیان لە دورەوە دەبینراو شەوقی زێڕینی دەدایەوە , جوانیان لە گولیلکە نیسانی بنار تەپۆلکەکان دەسەندەوە . خەڵکی دەڤەرەکە چەندین ڕۆژ بوو لە دڵە ڕاوکێیەکی داچەڵەکێنەردا دەژیان , هەواڵ لە دوای هەوالیان لە شار و ڕەبایەو بارەگاکانی سەربازییەوە پێ دەگەیشت , پەیام لە دوای پەیام لە شارەکانەوە خۆیان دەکرد بە ماڵەکانیانا , هەمووی باسیان لە نزیکبوونەوەی هێرشی ئەنفال دەکرد بۆ سەر ناوچەکەیان , ناوچەکە زۆر غەمگین و هەژار و بێچارەنووس دەهاتنە پێش چاو , پاشماوەی ژیانی ئەو خەڵکە پەیوەست بوو بەو هێرشەوە , کە لە چاوەڕوانی دەستپێ کردنیدا بوون , هێرشێك بە تەواوی شوێنەواری ژیانیانی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕی.خەڵکەکە نیگەران بوون لە چارەنووسی نادیاری خۆیان , پەیتا پەیتا لە شارەکانەوە لە کەس و کاریانەوە نامەو ڕاسپاردەیان پێ دەگەیشت, بۆ ئەوەی خۆیان ڕزگار بکەن لەو تاوانەی وا بەڕێوەبوو, هەرچەندە ئەوان لە بە درێژایی مێژوولەسەر پەلامار و کوشت و بڕ ڕاهاتبوون , وەلێ ترسی ئەمجارە لە جارانی پێشوو ترسناکترو کاولکارتر بوو

ڕێگاکانی دەربازبوونی گوندنشینانی ناوچەکە هەموو سەرتاپا گیرابوون, دەروازەکانی ژیان لەڕوی ئەو خەڵکە هەموو پێوە درابوون , هیچ ڕێگایەکی ڕزگا ربوون بۆ خەڵکەکە نەمابووەوە , کۆمەڵێك بەرپرس کە زۆریان هەر خەڵکی ناوچەکە نەبوون , یاخود ماڵ و کەس و کاری ان لە دەڤەرەکە نەمابوون و ڕزگاریان ببوو , تاکو ترسیان هەبێت لە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەکە لە دەستی بدەن , ڕێگەیان لە خۆ ڕزگار کردنی خەڵکەکە دەگرت , هیچ دەروازەیەکی دەرچونیان نەهێشتبوەوە بۆ جەماوەر , کەچی لە کاتی هێرشیشدا زەوی قوتیانی دا , هەرە سرومبلەکانی قەرەمانیەتیان لە بەردەم شالاوی هێرشەکان

بە چۆکدا هاتن , نەیان توانی یەك چرکە داکۆکی لەو شوێنانە بکەن کە پرسگەی ڕێگە گرتن لە دەرچونیان بۆ جەماوەر تیایدا دانابوو , بەمەش هەزاران نیچیریان خستە بەردەست تاوانباران , نگرە سەلمانیان تژی کردلە هاوولاتیان.

خەڵکەکە ، ئەو ئێوارانە ، دواجاریان بوو فتار لە ناوچەکەیان بکەنەوە ، خەون بە بەهەشت و بەختیارییەوە ببینن ، پێشمەرگە لێرەو لەوێ خۆیان و جەماوەریان بە هیوایەکی درۆ کە مفاوەزات بوو هێور دەکردەوە ، خەو بینینیش بەو خەڵکە ڕەوا نەبینرا ، لەم دۆزەخە بەردەوامەوە گواسترانەوە بۆ مەرگی ئەبەدی، وەلێ نەمر لە ویژدانی گەل.

سەیرکەن و سەرنجبدەن و بڕوانن ، بزانن چۆن بەڕێز مەلاشاخی، ئازایانە باسی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەکات : (سەرلەبەیانی رۆژی 3-5-1988 لەسەر داوای (مامۆستا باپیر )لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر)کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا،بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ و مەسەلەی خۆسازدان و چۆنیەتی داڕشتن بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنوورەکان

لەو کۆبونەوەیە دا...ڕەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا....چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم ! ؟)* *ئەنفللی خاڵخاڵان مەلا شاخی چاپی یەکەم 2001 .

دیارە ئەوە تەنها نموونەیەکە لە ناو دەیان نموونەی دی لەو کاتە پەیرەو دەکرا بە خراپترەوە ، لەمبەر و ئەوبەری زێ ، بەرپرسان ڕێگریان لە خۆ دەربازکردنی خەڵك گرت ، سنوورەکانی دەربازبونیان لە جەماوەر داخست ، کاتێك چارەنووسی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر دەست کۆمەڵێك خەڵکی ناهوشیارەوە بە ئاقارێکی وادا دەیبەن

لەو لاوە لایەنێکی دیکە کە پارتی بوو ، بە پێچەوانەی لایەنەکەی مەلا شاخییەوە ، هەموو ورەیەکیان لەدەست دابوو ، بانگەوازی خۆ قوتار کردن و بێ ئومێدی بەرگریی کردن و کۆتایی خەباتی چەکدارییان دەدا بە گوێی خەڵکەکەیا ، ئێستاش خۆیان بە خاوەندی سەروەرییەکانی خەباتی چەکداری دەزانن ! ! .

با نموونەیەك دیکە لەم وێنانە بخوێنینەوە " لە ڕۆژانی پێش ئەنفالی چوارەمدا ئەو پێشمەرگانەی لە خوار شکابوون هاتبوونە گۆمەشین و خۆیان کۆدەکردەوە ، کوڕێکی هەرزەکاری خەڵکی گۆمەشین ، کە لەو دەمەدا تەمەنی سیانزە ساڵ بوو ، مەزەندەی (200-300) پێشمەرگەی دەکرد کە لە سەرەتای مایسدا لەو ناوەدا بوون ، ڕۆژێك دوای هێرشە کیمیاوییەکەی گۆپتەپە بڕیاریان دابوو بڕۆن بۆ ئێران و تراکتۆری گوندنشینەکانیان گرتبوو بۆ گواستنەوە ، خەڵکی

گۆمەشین دەستەو دامێنیان بوون زۆریان لێ پاڕانەوە واز لە خەڵکەکە بێنن و تاقە هۆکاری دەربازبوونیان لە دەست نەکەنەوە , بەڵام پێشمەرگە گوێیان پێ نەدان , بە هەرحاڵ دەمەوبەیان تراکتۆرەکان بە بەتاڵی لەگەڵ شۆفێرەکانیان گەڕانەوە و خەڵکی کەوتنە ڕاکردن بەرەو لای کۆیە_ جینۆساید لە عێراقدا , پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , سلێمانی ل323 ساڵی 1999) .

لە هەموو ساڵە نەهامەتیەکانی کورد لە سەر زەوی , بە پێچەوانەوە ئاسمان بەزەیی و بارانی خۆی بەسەر خاکدا دەبارێنێ . ئەو ساڵەش بەهەمان شێوەی ساڵە سەرە خۆرەکانی دیکە , خاك تێرەو قوڵپی ڕشانەوەی ئاوی باران دەدات . بەڵام خۆشی ساڵی هات بەو خەڵ کە چی ! , ئەوان چارەنووسی خۆیان , لە ئاوێنەی چارەنووسی خەڵکی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و گەرمیان و قەرەداغ دەبینییەوە , ئەو سەروەت و سامانەی بە ڕەنجی چەندین نەوە کۆیان کردبووەوە , باری گران بوو بۆیان , نایان زانی چی لێبکەن. هیچ ئومێدێك بە ژیان لای خەڵکی ئەو ناوچەیە نەمابوو , ژیان زۆر ناشرین ببوو لە پێش چاویان .پێش ڕۆژێك , واتا دووشەممە , ئێوارەی 2–5 چومە ماڵێك , کە سیمای ژیان لەو ماڵە هەڵاتبوو , پیرێژن تاقە بەرانەکەی بۆمان سەربڕی بوو , وتم نەنە بۆ ؟؟ , لە وەڵامدا وتی : ڕسقی منی تێدا نەماوە , کوڕم دەزانی کە سەری دەبڕم وەك ئەوە وایە چەقۆ لە ملی خۆم بنێم ؟؟؟ , بەڵام ئێوە نەیخۆن جاشە خوێڕیەکان تاڵانی دەکەن , گۆشت قابیل بە هەڵۆیە , عافیەتتان بێت کوڕی خۆم , نۆشی گیانی بکەن . دوایی هەروا دەرچوو بۆ سبەی خوێڕییەکان " جاشەکان " گرتیان و کردیان بە دیاری , نەنە نەك ماڵەکەی بۆ دەرنەچوو بگرە خۆشی تاکو نگرە سەلمان خۆی نەگرتەوە , سەگەکانی کوردستان " بە قەولی خۆی " گرتیان , دەرخواردی سەگەکان حەجاجیان دا لە نگرە سەلمان.

مام ئەحمەد ئەو دەمەو عەسرانە بە زمانی بەڕۆژوەوە , لە سەر تە پکی هەورازێکی سەرەڕێ ڕاکشابوو , ئاخی ژیان لە هەناویان کڵپی دەدا , نوقمی بیرکردنەوەیەکی ئێجگار قول ببوو , نای زانی چۆن لێی دەرباز بێت و خۆی لێ ڕزگار بکات , دەست بە چ بنچکێکەوە بگرێت , هانا بۆ کام فریاد ڕەس بەرێت , بەدەم داخستنی پێلووە چاوەکانییەوە , لە سینەمای هۆشیدا , پەیتا پەیتا گوند و منداڵەکانی تێکەڵ بە چارەنووسێکی نادیار دەبوون , ئەو دلگرانییەی لە ناخەوە هەستی پێدەکرد , سەرچاوەکەی ئەنفال و دەستکورتی بوو , ترس بوو لە هێرشێکی چاوەڕوانکراو ,

پەلکێشی ناو بێئومێدییەکی سەیریان کرد, هیچ شتێك لە ژیانیدا واتایان نەماوە, چیرۆکی ترسناکی ناو هەناوی , چاوی مەرگ بە دیار منداڵەکانییەوە بوو , لە تاو ژیانی بێ ئومێدی و تاریکی چارەنووس و بێ ئیمکاناتی دەتلایەوە ,ئەو بەختەوەریەیان تێك دەدا کە بەهار و منالەکان پێیان بەخشیبوو , جوڵەی نۆڕان چاو و برۆی هەمیشە ڕوو لە ئاوایی بوو, دڵی دەلەرزی و لێدانی دەچووە سەر , لە ژێر ئازارەکاندا خۆی بۆ ڕاناگیرێت , تارمایی خەمێکی قول بە ڕوییەوە دیاربوو , لە دوورەوە هەستی پێدەکرا , مرۆڤ بە بینینی نوقمی ئازارێکی هەتا هەتایی دەبوو , مام ئەحمەد هێمایەك بوو بۆ هەموو باوکەکان ئەو دەڤەرەکە , هەموویان خەمەکان خۆیان لە ئازارەکانی مام ئەحمەددا دەبینییەوە . بە دیار گەنمەکەیەوە بە دەست بەسەردا هێنان بەسەر گوڵەکانیا بە کوڵ دەگریا , فرمێسکی خۆی دەخواتەوە و نەرمە گرییانەکە دەکات بە هەنسك , هەنسکەکەشی بە قورگ قوت دەداتەوە و دەیکرد بە ورە و دەیشاردەوە , لە گەڵ هەنسکی گریاندا بە نەرمی گەمەی بە سەمای ئەو گەنمە دەکرد , کە لە بەردەستی کەروێشکە سەمایان دەکرد , هیچ ئومێدێکی پێ نەمابوو , دەتگووت گیسکێکی ماڵییە , لەبەر خۆشەویستی خاوەنەکەی هارو هاجییەکەی قووت داوە , گەنمەکە بە پێچەوانەی خاوەندەکەی, ڕۆژ بە ڕۆژ باڵای دەکردو دەچوو بە ئاسمانا و قەڵەو دەبوو , بەڵام خاوەندەکەی چرکە بە چرکە لە لاوازی دەدا , ڕووی کردە ئاسمان و هەناسەیەکی قوڵی پڕ بە گەروی هەڵکێشاو بە نەرمییەکی پڕ لە ئازارەوە گووتی : (دەبێت کێ بتخوات؟؟؟). بە بێ ئاگایی لە ڕۆژی , کەمێك ئاوی لە جۆگەلەی شیوەکەی تەنیشتەوە خواردەوە , تنۆك تنۆك بە لێویا هاتە خوارەوە , پاشان گۆچانەکەی تاو دایەوە , بە غەمگینییەوە چاویان بڕیبووە دوور دوور , بڕیبووە ڕاستە زەوییەکانی نێوان گۆپتەپە و گەڵناغاج , لە ناکاودا چەند فڕۆکەیەك دەرکەوتن , لەگەڵ بینینی فڕۆکەکان داچەڵەکی و لێدانی دڵی زیادیکرد , سور هەڵگەڕ و فرمێسك زاییە چاوەکانی, ترسەکان هەناوی باڵایان کرد, وەلێ فڕۆکەکان بێ مەرگە سات گوزەریان کرد , تووتنی ناو توندانەکەی قەدیکردەوەو خستییە بەردەستی , بە پەنجەکانی کەوتە ورد کردنی پارچە گەڵا توتنە گەورەکان ناوی , ئەوجا نووکی پەنجە کەڵەی بە زمانی تەڕ دەکرد و کاغەزی جگەرەکەی دەپێچایەوە , یەك یەك سیگارە ئامادەکراوەکانی دەخستە ناو قوتووی جگەرەکەیەوە , کە خۆرەتاوەکە لێی دەدا دەبیسکایەوە , بە پیاسەیەکی غەمگین , وردە وردە بەرەو هەوراز هەڵکشا بۆ ناو ئاوایی , جارە جارە دەیەویست غەمی قولی هەناوی بە ورەیەکی

كوورت خایەن بڕەوێنێتەوە , وەلێ ئەستەم بوو , پاش کەمێك بە دڵساردییەوە ئەو جێگەیەی بەجێهێشت .

لە دڵی خۆیدا بیری لە ژیا نی ئاوارەیی و گەڕیدەیی پاش کارەساتەکەو لە دەستدانی ئازیزانی دەکردەوە , گەورەترین کارەساتی ژیان ئەوەیە, لە چرکە ساتێك , جڵەوی ژیان لە دەستی خۆتدا نەمێنێت , دەیزانی پارەش بە کەڵکی ئەم ڕۆژە ڕەشە نایات , بیری لەوە دەکردەوە , چۆن کەڵەکێك بۆ پەڕینەوەی ماڵ و منداڵەکەی لە زێکە دابین بکات , هێشتا هەواڵی بەردانەوەی زێکەی پێنەگەیشتبوو , ئیرەیی بە با , بە پاساری , بەهەموو شتێك دەبرد کە ئازاد بوون , وێنەی منداڵەکانی بەردەوام بەربینیان پێی دەگرت , هەناسە قولەکانیش نایانتوانی ئازارەکانی بچووك بکەنەوە .

ڕۆژی پێش ئەنفالی گۆپتەپە (چوار)ەو , پاشماوەی خەڵك و پێشمەرگەکان ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان , ئەوانەی ڕزگاریان بووە لە مەرگ , وا لە ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و قەلاسێوکە , لەم گوند بۆ ئەو گوند دەخولێنەوە , هەر یەکەی جاخ یان کۆلێك بە کۆڵیەوەیە , لە ناوەڕاستی مانگی چوارەوە , وردە وردە لە دەڤەری گەرمیان و قەراغەوە پەڕینەوە بۆ ناوچەکە , ئەوەی خۆی دەرچووە و سەری ساغە , کەس و کاری بزرە و ئەنفالکراوە , وەلێ بەلایانەوە ئاسایی بوو هەموو لە چاوەڕوانی بەردانیاندا بوون , لەو ڕۆژگارە ئەوەی بیری لێێناکرایەوە, ئەو کەسانەی کە گرترابوون ئیتر نەیانبینینەوە , هیچ کەس لەو سەروبەندە هەستی بە گەورەیی قەبارەی تاوانەکە ناکرد , نە وشەی ئەنفال بە هەند وەر دەگرترا , نە قەبارەی زیانەکانیش ژمارەیەکیان هەبوو, کێ بیری لەوە دەکردەوە ئەو هەموو منداڵە شیرە خۆرەیە لە پێش گەورەکانەوە لە ناو حەوزی تێزابدا بتاوێنرێنەوە , یان ببەخشرێن , پیرەکان سەگ بیان خوات و پاکیزەکانیش لە بازاڕەکانی کۆیلەداریدا بفرۆشرێن, کەس لە ئێمە لەو ڕۆژگارەدا , ئامان زانی و پەیمان پێی نابرد , بلرستایی ئەو تاوانەی کە ناوی ئەنفالی لێنرابوو ئەوەندە گەورە بێت , سیاسییەکانیش لە ئێمە خراپتر , دەنا وا نەبوایا وێنەیەکمان لێی دەگرت و دەنگێکیمان زەبت دەکرد, ئەوەش گەورەترین تاوان بوو بەرامبەر بە ئەنفالکراوان کردمان, گەورەترین تاوانی بێ وێنە لە مێژووی مرۆڤایەتی, لەو ڕۆژگارەدا ئەنفال هەمووی چەند هەفتەیەك بوو ئاشنایەتیمان لەگەڵ ناوە کوردەوارییەکەی پەیدا کردبوو

ئەو پاش نیوەڕۆیە لەگەڵ هاوڕێیەکمدا بەناوی (( ماجیدی کەریم خەیات حەسارى )) , کە سەربازی هەلاتو بوو لە مالی خوشکەکەی لە گوندی جەلەمۆرد دەژیا , پێکەوە پیاسەمان دەکرد , یادگاری ڕۆژە خۆشەکانی قوتابخانەو مندالی و حەسیرەکەو ئیمام قاسممان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە , پاش عەسرانێکی تاکو بلێیت دلگیر و خۆش, ئاسمان پەڵە هەور بە دەم و چاویەوە دیار نەبوو, خەڵکەکە لە چاوەڕوانی بانگی ئێوارەدا بوون , تاکو لەو ڕەمەزانە ڕۆژووەکە فریایان بکەوێت و لە دەردو مەرگەساتە ڕزگاریان بکات, لە ڕۆژی سەختیدا ئاساییە سرووتی ئاینی زاڵ دەبێت بەسەر بیر و هۆشی مرۆڤەکاندا , لە ناکاو چەند کۆپتەرێك هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە , خولێکیان بەسەر گۆپتەیا داو بەخێرایی گەڕانەوە , خەڵکەکە لە شوێن خۆیان داچەڵکین , ئەو سەرەتاتکێیەی کۆپتەرەکان زەنگێکی مەترسیدار بوو بۆ ناوچەکە , هەموویان هاتنی کۆپتەرەکانیان بە سەرەتایەکی کارەساتاویو شوم دەزانی .

نزیك بە کاتژمێر5,45 ی ئێوارە , لە پڕ ستونێك دوکەڵی سپی لە ئاسمانی بەری عەسکەوەوە چوو بە ئاسمانا , گوندی عەسکەر بۆ خۆی لێمانەوە دیار نەبوو, کەوتبووە پەناگەوە , دوای زانیمان بە کیمیاوی لێیدرابوو و 9 کەس لە گوندی عەسکەر ببون بە قوربانی. پاش کەمێك 6 فڕۆکە ( ئەوەی من لە دورەوە بینیم) هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە , دوکەڵی قینی پەنگ خواردویان بارانی بە سەریدا , ئەوەی دەیگێڕنەوە " چونکە ئێمە نەمان بیست" نەڕەی فڕۆکەکان زۆر گەورەتر بوو لە دەنگی بۆمبەکان , دوکەڵێکی سپی ئاسمانی گۆپتەپەی لێڵ کردبوو, پاشان دوکەڵەکە وورده وورده بەرەو ئاسمان هەڵکشا , سواری سەری شینایی ئاسمانە ساماڵەکە بوو , نە بریقەو باقی تەنەکەی ئاوی سەر شانی کیژانی هێشت ,نە تیشکی زێڕینی خۆرەتاوی پاش ئێوارانی بەهار ما , گەردەلولی کیمیا بارانەکە لە بەر چاومە , لە دورەوە جێگاکەی , بانگەوازی مەرگی بە کۆمەڵی دەدا , ئەوەندە چڕ بوو , لە قورساییدا ئاوس ببوو , سکی لە زەوی نابوو , بە گرانیی سەردەکەوت بۆ بان و دەچوو بە ئاسمانا, بالندەکان لە ناو دوکەڵی کیمیاوییەکە مەلەیان دەکرد و بۆ هەتا هەتایە بزردەبوون , دەتووت دوکەڵەکە هەڵیانی دەلووشی , دوکەڵەکە بەکاوی خۆی , لەسەر خۆ , بە هەر چوارلادا پەلی دەهاویشت و بە دوای مەرگدا دەگەڕا , تاکو بە یەکسانی بەسەر خەڵکەکەیا دابەشی بکات , سەری دەکرد بە هەموو کون و کەلەبەرێکی دەڤەرەکەدا , هیچ جۆرە زیندەوەرێکی لە مەرگی خۆی ڕزگار ناکرد (( مرۆڤ – ئاژەڵ– ڕووەك – تەنانەت زەوی

وەکو پەڕی باڵندە لەسەر خۆ بە نەرمی دەهاتە خوار , نایەویست هیچ کەس و شتێك , ئەوەی دەگەیشت پێیان بێ بەرییان بکات لە مەرگەساتەکەی , شێخ و مسکێن , هەژار و دەوڵەمەندی پێکەوە بەردایەوە سەر زەوی, ناو کێڵگە , ڕوبار مەرگی دەبەخشاندەوە , وێشومەی مەرگەکە بە ناو کۆڵانەکان گوێپتەیەدا غلۆر بوەوە بۆ دەم زێییەکە , تەنەکەی ئاوو کچۆڵەی تازە هەڵچوو, دایك و منداڵ هەمووی خستە ژێر چەپۆکی خۆیەوە , منداڵ مەمکی دایکی بە دەمییەوە بوو , هەردوکیانی پێکەوە دەدا بە زەویدا, پشیلەو سەگ و کەر و کۆتر و مەڕ بزن..... هتد , هیچیانی بێ بەری نەکرد لە کارەساتی خۆی , هەموویانی لەگەڵ زەویدا جوت دەکرد , چرکە ساتێکی وێشومەیی و ڕۆژێکی ڕەش و کارەساتێکی کەموێنەو تاوانێکی گەورەبوو.

خەڵکێکی زۆر لەسەر کێڵگەو مەزراکانیان بە دەور یەکدا مردن , هەندێکیان خەریکی کشت و کاڵ بوون ئاگایان لە کیمیابارانەکە نەبوو, بە بێدەنگی و ئارامی سەریان نایەوە بۆ هەتا هەتایە خەوتن و هەڵنەسانەوە , هەندێك کەسی دیکە بە مردویی کەوتنە زێیەکەوە و ئاو بردیانی , ئەو ئێوارانە ڕوبارەکە بەردرابوەوە و ئاوەکەی زۆر زیادیکردبوو, لە دوکانەوە بە نەخشە بەردرابوەوە , ڕژێم هەردەم لەکاتی هێرشەکانی بۆسەر ناوچەکە , پێشتر ئاوەکەی بەردەدایەوە , تاکو پێشمەرگەو خەڵکی دەڤەرەکە نەتوانن ئەمبەر و ئەوبەر بکەن بە کەڵەکە دارینەکان , دواتر چەندین لاشە لە ڕوبارەکە دۆزرانەوە. (( هەندێکیان دەم و چاویان ڕەش هەڵگەڕابوو بە دووکەڵ داپۆشرابوو, ئەوانی تر ئاسایی بوون بەڵام ڕەق بووبوون , من دایکێکم بینی مەمکی لە دەمی کۆرپەکەیدا بوو و لەو دۆخەدا ڕەق بووبوو – جینۆساید لە عێراقدا , پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , سلێمانی ل313 ساڵی 1999)) . لیستێکی 154 ناوی وەك قوربانیانی گوندی گۆپتەپە پێشکەشکرا. یەکەمجار لەبەردەم گەورەیی تاوانەکە لەرزیم , بەڵام هیچم پێ ناکرا , ئەو خەڵکەی هەمان بەیانی نمەکیانم کردبوو , ئێستا وا لە دورە وە شایی مەرگیان بە کۆمەڵ بە چاوەکانی خۆم دەبینم , کتێبەکان کۆڵم هیچ چارەسەرێکیان پێ نەبوو بۆ ئەو مەرگەساتە گەورەیە , ڕستە شۆڕشگێرانەکان لە ناو پەرتووکەکان لە ئەتوس کیمیا بارانەکە جوڵەیان ناکرد , مرۆڤایەتی و نێونەتەوەیی لەو چرکە ساتەدا هەمووی بە فلسێك قەڵب , ئاخ لەو چرکەیە نەتەوەیەکی بێکەس بووین , ئەمە داستانی سەفەری قڕکردنی ئەم نەتەوەیە بوو , سەفەرێك بە بێئاگاداری و ویستی مسافر دەستی پێکردبوو. شەو لەم ئێزگەوە بۆ ئەوی دیکە , لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا , بەدوای

هەواڵی مەرگی ئەو زاروك و ژن و خەڵکەیا گەڕام کە بە چاوی خۆم بینیم, هیچ ڕادوێیەك باسی ئەم هەواڵەیان نەکرد , دەتگووت لە ئەستێرەیەکی دیکە ئەم مەرگەساتە ڕوی داوە , هەموو باسیان لە پێك لێدانی بەرپرسانی کۆمۆنیست و کاپیتالست , شەڕە بەردی غەزەو پاریس , دادگاییکردنی پۆلپۆت , گەشەی بەرهەمی نەتەوەیی , ڕیشی خومەینی و ئیسلامەتی دەکرد , دەتووت گۆپتەپە لە جیهاندا نازێت , کوردستان فڕێ درابووە دەرەوەی بازنەکانی ژیان و مێژوو و شارستانیەت , نازانم کام ویژدان خۆی لەبەردەم ئازاری ئەم تاوانە ڕادەگرێت , کەچی بە بێدەنگی گوزەرا , وێنەیەکی لێ هەڵنەگیرا , گۆپتەپەیەکی بێکەس . هێواش هێواش کە دوکەڵەکە بەرز بوەوە بۆ ئاسمان , دوای ئەوەی ژیانی ئەو خەڵکەی لەو چرکە ساتەوە سەرتاپا گۆڕی ئەوجا لە گەڵ خۆیدا کەوتە کوشتنی تیشکی خۆرەتاوی بان گوندەکە , شڕنای ئاسمان , جریوەی باڵندە , هەموو سەرتاپا پێکەوە مەرگ بردیانیەوە . کاتێك تیشکی خۆرەتاوەکە خۆی دەدا بەبان پشت دوکەڵی کیمیاویەکە دەگەشایەوە , کیمیاکە ئاوس بوو بەو هەموو ڕوحەی هەڵیانی کێشابوو, ڕوحی مرۆڤە باش و خراپەکان پێکەوە , ڕوحی شێخ و مسکێن , ئاغاو جوتیار , چەپ و ڕاست , هەموو بە بان پشتی ژەهرەکەیا دەچوون بۆ جیهانێکی دیکە کە جیهانی نەمرانە و کە ناوی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانە , ڕوحیانەتی هەژار و دەوڵەمەندەکان پێکەوە دەفڕین , ئەوانەی لە هەموو ژیانیاندا کێشەیان لەگەڵ یەکدا هەبوو , بەردەوام خوێنیان لەکاسەی سەری یەکتر دەخواردەوە , لە هیچ چرکە ی‌ەکدا تەبا و یەکسان نەبوون , ئێستا لە دابەشکردنی مەرگی کیمیاوی و سبەینێ لە ئەنفالکردن یەکسان بوون , گۆپتەپەش بە دیار ئەو کارەساتە گەورەیەوە , هاتبووە گریان و بەچۆکدا هاتبوو , تنۆك تنۆك خوێنی لێ دەتکایە سەر زەوییەکەی . ئەم تاوانە لە گوندێکی وەك گۆپتەپە , زیاتر لە 300 هاوڵاتی شەهید و بریندارى لێکەوتەوە , ڕۆژی دواتر بریندارەکانیش حەزیای ئەنفال بەرەو مەرگیانی هەڵکێشا , بە دەم ترس و بریندارى ڕۆژی پێشترەوە هێرش کرایە سەریان , بەهۆی برینداریيانەوە ئەو شەوە نەیان توانی خۆیان ڕزگار بکەن , ئاخر چۆن بتوانن , زیندووەکانیان هەموو گرتران نەخوازەلا بریندارەکان , جەماوەرەکە بە تولە ڕێی بناری زێکەیا ویستیان خۆ ڕزگار بکەن , بەڵام بە کۆمەڵ گرتران " بۆ ڕۆژی 4-5-1988 هێرشی زەمینی دەستی پێکرد , گوندی گۆپتەپەی ڕوخاند و لاشەی کوژراوانی بۆردومانی ڕ ۆژی پێشتریشی بە شۆفەڵ خستە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە , لە ترسی ئەوەی نەوەك زیان بە تەندروستی پیاوانی ڕژێم

بگەیەنێ "(( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی, یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان–ل119)) .

لەو شەوە پڕ وەیشومەیە , لەو گوندە لە بیرکراوەی سەر گۆی ئەم زەمینە  کە ناوی جەلەمۆردە , لەماڵ خوشەکەکەی ماجد حەساری ماینەوە, گوند نوقمی تاریکی ببوو, وەك پنتێك لەملاو لەولاوە ڕوناکییەکی زەردباو لە پەنجەرە بچوکەکانی ماڵانەوە دەردەچووە دەرێ , خۆی بە کۆڵانە باریکە پڕ لە پێچ و پەنا  پڕ لە هەوراز و نشێوەکانی گونددا  دەکرد  , ئەوە شەوە دوا بینینی ئەو خەڵکە بوو  , ئیتر ئۆغریان کرد و نەهاتنەوە  , جاشەکان ڕێگای مەرگیان بۆیان کردە سەرپشت , دەڵێی بۆیە لە مەرگیان پەلەیان بوو   , تا بەشەکەیان بخۆن وەك کردیان   , وەسیەتی ئەو خەڵکە لە دەفتەری بیرەوەرییە سوتاوەکەی ئێمەدا نووسراوە , لادێکە لە گوندێکی نغرۆبوو , ناوچەکەش لە هەسارەیەکی لەناوچووی بێ ئاوەدانی و ژیان خۆی دەنواند , بەردو دەرگا , دارو ئاژەڵەکانیان لە بەر غەمباری ئەو خەڵکە نغرۆی بێئومێدی ببوون, لە ماڵەکانەوە دەنگی پاڕانەوە, بە خەیاڵی مەرگ دەرەچووە دەرەوە , زۆر بیرۆکە خۆیان بە مێشکی ئەو خەڵکەیا دەکرد , کە ماوەیەك بوو  ڕۆژانە فتاریان بە بۆنی مەرگ دەکردەوە     , ئەو ڕۆژە  بە ڕاستی بۆنی مەرگ لە چەند کیلۆمەتری گوندەکەیان کاسیانی کردبوو , هاتنی کۆپتەرەکەش لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ , کە نیشانەی شەڕی سبەی بوو ,   نوقمی ترسێکی قولیانی کردبوو , ترسێك ژیانی بە دوادا ناهات , ڕۆژێکی ڕەشە وێناکانی تەنها لە هۆش و بیری ئەوانە دایە , ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەو خەڵکەیا ژیان و دوا خواحافیزی بەرەو مەرگیان لێیان کرد, دوا وشە لە چاوەکانی ئەوانەوە دەرچوو کەوتە کۆشی ئێمەوە . تاریکی شەو جار جارە سەگوەڕ و پێشمەرگە و لایتی دەستی پێشمەرگە دەیشلەقاند       , ژورەکەی ماڵ خوشکەکەی ماجید لە ڕێگەی پەنجەرەیەك بچووکەوە  دەیڕوانییە ناو ئاواییا , ماڵیان  لە چەند ڕایەخێك و پەردەیەك و چەند لێفە دڕاوێك و چەند جاخ و فەردە ئارد و ساوەر و دانەوێڵەو ژمارەیەك مەنجەڵ و سینی و قاپی قوپاو و ڕەشەوە بوو  و سوندوقە شکاوێك پێك دەهات , کە نوێنەکانی بە شپرێوی لەسەر هەڵدرابوەوە , سادەیی و پەڕپووتی ژورە دەرگا شکاوەکە , تیشکی زەردی چرا هیرساوییەکە , بێدەنگی لادێکە کە جار جارە وەڕینی سەگ بە پێشمەرگە و خەڵك و سەربازە هەڵاتووەکانی گەرمیان  دەیشلەقاند, هەموویان پێکەوە ڕەنگی ژیانی نەهێشتبوو, ئاواز و نمایشی پێش مەرگ بوو , زاواکەیان بە سیماو جەستەیا دیاربوو شارییەکی خۆشگوزەران بوو پێشتر, وەلێ

جەنگ و فیراری وەك ماجید , ئەو منالەی دوێنێ , پیشەکانی تەڵ تەڵ سپی کردبوو.هەموو بێدەنگ بوون لە ترس بەیانی , هیچیان بە دەمدا ناهات بۆ وتن , شەوێکی ئەوەندە شووم بوو , یادگاری چەندین ساڵ قوتابخانەی هەڵمەت و ئیمام قاسمی لە بیر بردینەوە. ئەلبوومی وێنەکانی هێنا , چاو پڕ لە فرمێسك و دڵ پڕ لە غەمەوە یەك یەك هەڵیدایەوە , کۆنە هاوڕێ کانمان و جەباری برای پێم نیشان دەدا . خوشکەکەشی لە ترسی پارشێو و نوێژی بەیانی لە دەست چوون خەو نەچووە چاوەکانی , ئەو شەوەی من باسی دەکەم , شەوێکە چیرۆکەکانی تەنها لای ئەوانەیە لە جیهانی ژێر لمەکانی عەرعەر و ناو ورگی سەگەکەی حەلاجەوە دەگەڕێنەوە, هێشتا هیچ ڕۆمان و چیرۆکێك نەیان گێڕاوەتەوە , چیرۆکێکی بێخاوەند , لەگەڵ ڕوخانی گوندەکە و ئەنفالکردنی 480 هاووڵاتی ئەو گوندە , لەوشەوە پڕ وەیشومەیەدا , لەو گوندە لە بیرکراوەدا لەجیاتی تەرمی ئەنفالکراوان لە گۆڕنرا .

بۆ سبەی زۆر زوو لە خەو هەڵسایین , هێشتا تا ریکایی بۆلێڵی بەیان , باڵی بەسەر گوندی چەلەمۆردا کێشابوو , ئەمسەر و ئەوسەری کۆڵانە باریکەکانی بە جوانی نابینرا , هەڵسایین و خۆمان بەست , خۆمان بۆ چارەنووسێکی نادیار ئامادە کرد , بابۆڵەیەك گەورەم پڕ لە تەڕەپیاز پێچایەوەو دانەیەکیشم کردە گیرفان شەڕواڵەکەم , چنگێك خوێشم لە لایلۆنێك ئاڵاند کردەمە تورگەکەی کۆڵمەوە . چومە دیار ماجیدی هاوڕێم کە شەو پێکەوە خەوتبووین , نەرمە ماچێکی ناوچەوانیم کردو بۆ دواجار بەجێم هێشت , لەو کاتەدا وام دەزانی چارەنووسی من لە مەترسیدایە , کەچی ئەوی بێ تاوان بووە قۆچی قوربانی, خۆشەویستیم بۆ ئەو تاکو ئێستاش لەو چرکە ساتەی ئەو دەمەدا دەژێت , دایکی ئێستاش خۆزگە بۆ ئەو نەرمە ماچەی من دەخوازێت , ویقار و بالای خاڵخاڵان نەیهاراست , ڕۆیی و نەهاتەوە , بە ئێستاشەوە , بەیانی لە خەو هەڵسایین , تەواو ژیان گۆڕابوو , ئەنفال سەرلەبەر ژیانی کوردی لە بنەچەوە گۆڕی, بە تایبەت خەڵکی ئەو دەڤەرە , ئەو بەیانیانە منالان خۆیان ئامادە نەکردەوە بۆ چوون بۆ قوتابخانە, بە چاو بە خەوەوە پەلیان گیرا و بەدەم گریانەوە ڕاکێشران بۆ هەڵەتەکانی دەرەوەی گوند. ئەو ژن و پیاوانەی خەویان بە بوونی منداڵەوە دەبینی , ئەو ڕۆژە لە هەمووان سەرسوکتر بوون, زۆربەی خەڵکەکە بە زمانی بە ڕۆژییەوە گوندیان بەجێهێشت , بە نیازی ئەوەی ماوەیەکی کەمی دیکە بگە ڕێنەوە , وەلێ ئەوە دوا دەرچونیان بوو لە ماڵەوە ڕۆیشتن و نەهاتنەوە, سەفەری ئەمجارەیان بە درێژایی مێژوو درێژخایەن

بوو , سەفەرێكی وا سەرلەبەری ژیانی ئەو خەڵكەی گۆڕی و مەحفیكردەوە, كۆمەڵێك پێشمەرگە بە نیازبوون لە جادە بپەڕنەوە گەڕانەوە , وتیان هێرش دەستی پێكرد , ئەوانەی ڕێگریان درووستكردبوو لەبەردەم خۆڕزگاركردنی خەڵك ویقاری خاڵخالانیش تەسكیەی ورەیانی نەكرد ئێمەی پێشمەرگە قارەمانانی چەند لەحزەیەكی پێشتر , هەموو بە دوای یەكدا تێمان قوچان و ئۆتۆمۆبێلەكانمان لەو چەم و كەندڕانە شاردەوە , وەك پارووییەكی چەور پێشكەش ڕژێممان كردەوە , خەڵكیشمان بێ پشت و پەنا جێ هێشت , لە خۆشیدا سفرەیانمان دابەش دەكرد , لە شەڕیشدا خۆمان لە ناویان دەپاراست , لە تەنگانەشدا ئاوڕمان لێیان نەدایەوە , لەگەڵ دەركەوتنی یەكەم پرشنگی گزنگی بەیان لە گوندەوە بە دوای یەكدا دەرچووین , خەڵكیش كۆمەڵ كۆمەڵ , ئاسۆ هێشتا سوور بوو , تێكەڵ بە ژەهرو خوێنەكەی دوێنێ ببوو , خەڵك لە تاو خۆیان هێشتا قەبارەی تاوانەكەی دوێنێیان نەزانی, لایەنەكانیش لەبەر ناهوشیاری و كەمئەزموونیان, تاكە یەك وێنەشیان بۆ مێژوو لێی هەڵنەگرت , سەفەری ئەمڕۆ سەفەرێكی هەتا هەتایی بوو سەرلەبەری ژیانی هەموو گۆڕی , ئەوەی بە خەیاڵدا گوزەری ناكرد نەگەڕانەوەو یەكتر نەبینینەوەی یەكجاری بوودوا بینینی ئەبەدی بوو , هەموو كەوتینە ڕێ بۆ ئەو پەناگاو چەم و ئەشكەوت و كونە شاخانە ی وەك ئومێد بەخش سەیر دەكران, لە تەنگانەدا هەموو دەم زۆر بیرۆكە بە مێشك و بیری خەڵكدا گوزەر دەكات ئەو خەڵكە هەستێك تێكەڵ بە ترسێكی قول پشویانی سواركردبوو دەیانیترساند , دەرگایەك نەبوو لێیان بكرێتەوە , بە تێپەڕبوونی كات لەگەڵ دووركەوتنەوە لە ئاوایی وردە وردە خۆرەتاوەكە هەڵكشا بۆ بان , سەر گۆپتەپە نوقمی تەمێكی سپی زۆر چڕ ببو , ئەو دۆڵە كپ و بێدەنگ دەتووت ئاوەدانی لێ ناژێت , هێشتا گۆمی بێدەنگیەكە گولە تۆپەكان نەیان شلەقاندبوو , فریشتەكانی ڕزگاركەر لەگەڵ ئەنفالدا هەموو سەری خۆیان بۆ هەسارەكانی دی هەڵگرت , دەڵێی هەنووكەیە لە بەر چاومە پیرێژنێكی 80 ساڵانە , سیمای غەمگینی و هیوا بە گەڕانەوە بۆ ماڵەكەی بە دەموچاویەوە دەبینرا و هاواری دەكرد: حەرەس قەومییەكان وا دێن خۆتان ڕزگار بكەن, غەدارن . سەر دەبڕن , زمان لە بن دەردێنن , ئەوەی من لە ساڵی بەعسییەكە بینیم یاخوا كەس نەیبینێت, لە ئەزموونی خۆیەوە بەعسی دەناسی , كەچی ئەو سیاسیانە بە خۆیان كۆڵە كتێبیانەوە دڕندەیی بەعسیان ناناسی , دامانی كراسەكەی لەبەر پێی دەخشا , مەنجەڵە كولێك بە دەستێكیەوە و كتریەك چای بە دەستەكەی دیكەیەوە بوو , بوخچەیەكیش بە كۆڵیەوە , ئەوەی گرێیدەدا بە

یاداوەرییەوە هەمووی لە ناو حەوشەکەی هەڵگرتبوو , هەندێك لە شمەکە گرانبەهاکانیشی لە شوێنی تەقەت شاردبوەوە بۆ دوای گەڕانەوە , دەیەویست لە تالآنی جاشەکان ڕزگاریان بکات , جار جارە بە هەڕاسەیەکی قولی پڕ لە ئێش و ئازار و وجاخ کوێرییەوە, کە ئێستا کەسێك نییە بێتە بن هەنگڵییەوەو تەشتەکەی بۆ هەڵبگرێت , بەخەیاڵێکی بلاوەوە و بە متمانە بە خۆبوون و شوکرانەکردنی خوداوەندەوە, لە خوا دەپاڕێتەوە لەم دەردو بەلآیە بیپارێزێت

دەیانی دیکە بەهەمان شێوە بەو سەحەرە دەبینران , جوڵەی ئەو پیر و مندالآنە کە لە چاو تەمەنیانا زۆر چوست و چالاك بوون , زۆربەیان بە بێئومیدییەوە ماڵەکانیان بە دەرگای کراوەوە بەجێهێشت , جگە لە جاشەکان دزی دیکە نەمابوو لەو دەڤەرە , هەموو ئەوەی بە ڕەنجی هەزاران ساڵ پشت لە دوای پشت پێکیانەوە نابوو هەموویان بە جێهێشت , منداڵ بە دەم کروزەی گریانەوە بە دەست باوك و دایکیەوە هاواری دەکرد , چاوی هێشتا بە خەوی خۆشی بەیانیانی بەهارەوە بوو , بچوکەکانیش بە پێی پەتی بەدەم گریانەوە و بە توندی بە دوای دایك و باوکیانا ڕادەکێشران , خۆیان گران کردبوو نایان ویست گوندەکەیان بەجێ بهێڵن, ژنانی چارشێو لەسەری کۆڵ لە پشت و چارۆگە و بەرامپیل لە ملی پڕ لە خۆراك , مندالآنی نیمچەش بە نەرمە غار بە دوای دایك و باوکیانەوە ڕێیان دەکرد, هەندێکیان تورەگە پڕ لە خۆراكو مەتارە ئاو بە دەستیانەوە بوو , پیاوەکانیش هەریەکەیان کۆڵێك لە کۆڵیان و یەکی دیکە لە بن هەنگڵیان , دەمووچاویان بۆ چارەنووسێکی نادیار لە ترسی هەژاری و مەرگ غەزەبی لێ دەباری , هەموو پێکڕا هەنگاویان دەنا تاکو خۆیان بشارنەوەو حەشار بدەن , وەلێ نەیانزانی جاشەکان , پێشمەرگەی ڕوخاو کە هەمان بەیانی نمەکیانیان کردبوو , شارەزایی کون و کەلەبەری دەڤەرەکە بون , بن بەرد بە بنەبەردی ناوچەکە وەکو ناولەپی دەستیان بەڵەد بوون , هەموویان دەدۆزنەوە , دەیانکەن بە دیاری بۆ مەرگ , چاوم گرِدا مام ئەحمەدم ئەو بەیانییە نەبینییەوە , لاوێك لەسەر ڕێگاکە لەسەر گازی پشت ڕاکشا بوو چاوەڕوانی هاتنی یارەکەی دەکرد تاکو بۆ دواجار تێی بڕوانێت و بە چاو ماڵئاوایی لێبکات , کەمێك لە ئاوی مەتارەکەی نۆش بکرد , بە حەپەساوییەوە سەیری خەڵکەکەی دەکرد.

بەڵێ ئەو خەڵکەی من ئەو بەیانییە بینیانم , جاشەکان هەموویانیان لەو کون و کەلەبەرانەی قەڵاسێوکا , لەناو هەردەو تەپۆلکەو دۆڵەکان , کەندڕ و تاوێرەکان , کونە شراخ و ئەشکەوت و دۆڵەکانا دۆزییەوە و بە کۆمەڵ ئەنفالیانیان کردن , لەپاڵ هەزاران مرۆڤی دیکە بە کۆمەڵ بوونە

خۆراکی ئەو ئۆپەراسیۆنەی ناوی ئەنفالی چواری لێنرا, ئەوەشی هەیان بوو , هەموو تالآنکرا " لە گەرمەی ئەم کارەدا واتە لێسەندنی پارە و زێڕ و شتی بە نرخ لە گوندی جەلەمۆرد جاشێك ناڕەزایی دەربڕیوە , ئەفسەرێکی سوپاش بە تورەیی گوتبووی: ئەو خەڵکانە بۆ کوشتن دەبرێن ناتوانن پارە و ئاڵتونەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەن, چونکە یاسای دەوڵەت دەڵێت دەبێ ئەمانە لەناو ببرێن )) , سەرەڕای ئەمەش جاشەکە چەك کرا (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان– ل 123 )) .

مناڵەکان ئەو بەیانیە لە جیاتی چون بۆ قوتابخانە , بە دەست دایك و باوکیانەوەو بە چاوی گریانەوە , بە ترسەوە ملی ڕێگایان گرتبوو , سەگی ماڵان هەندێکیان کلکە لەقەیان بۆ ئەو ئۆمەتە گرتبوو بە دوای یەکدا بە ڕیز بە بێدەنگی ملی ڕێیان بۆ دەرەوەی گوند گرتبووە بەر , ئەو خەڵکە هەموو هەستێکی سەیر تێکەڵ بە ترس تەنگە نەفەسیانی کردبوو, خەریك بوو بیانخنکێنێت , لەولاوە هەنسکی منداڵێك خەریك بوو دەستی بە گریان دەکرد و دەنگی شیرینی دایکێك بە پاڕانەوەوە لەگەڵ منداڵەکەیدا دەدوا و دەیەویست ژیری بکاتەوە , دڕی بە بێدەنگییەکە دەدا , دنیا کپە و بێدەنگە دەڤەرەکە لە هەسارەیەکی لەناوچووی بێ ئاوەدانی و ژیان دەچوو, دەتووت ئەستێرەی پاش تەقینەوەی مەزنە , وڵاتی پاش بومەلەرزە و لافاوە شوومەکانە . نایان زانی ئەم سەفەرەی ئەم بەیانیە دوا سەفەرەو سەرلەبەر ژیانیان دەگۆڕێت , دوا ماڵئاواییە لە گوند لە ژیان لە نیشتمان , تەنانەت ئێسك و پروسکەکانیشیان لە بێکەسیدا ناگاتەوە زێدی خۆیان , کەس تەمای ئەوەی نەبوو , بۆیە لەپێش چاومە ئاوڕ نادرایەوە بۆ دواوە , نایانەویست بە نیگاکانیان دوا ماڵئاوایی بکەنەوە , من دوای ئەوان چومەوە گوند و لە شتومەکە بەجێماوەکانیانم خوارد بە مفەڕك , شتوکە خۆشەویستەکان خرانە چاڵەوە بۆ دوای گەڕانەوە تا ئێستاش دەر نەهێنرانەوە , سەفەری ئەمڕۆ ژیانی هەمووانی ئەو ڕۆژە سەرلەبەری گۆڕی , ئەو ڕۆژی نزیك بە 480 هاووڵاتی گوندی جەلەمۆردی بۆ مەرگ برد " گوندی جەلەمۆردی ئاخجەلەر بۆنی ئەنفالی لێدێت ئا: ئاسۆ شوانی

**http://www.awene.com/index.php?option=com_content&task=view&id=3723&Itemid=53** " ڕۆژی 4–5–1988 دوای دەرچوون لە گوند بە کۆمەڵ چوینە چەمێك , ڕۆژێکی خۆش بوو , نە هەوری غەزەب لە ئاسمان بوو , نە تاعون و کولێرە , ئاوایی لێوە دیار نەما , وەلێ گۆپتەپە و بەری ئاغجەلەر وەك ناو لەپ لە بەردەماندا بوو, لەشکری

ئەنفال , هاتن هاتن , سەدان ئۆتۆمۆبێلی بەرازیلی و شوفرلێت و ئیڤا و تانك و كۆپتەر هاتن بەرەو گۆپتەپە و گوندەکانی دی , لە لایەکان دیکەشەوە جار جارە دەنگی گولە تۆپ لە دەڤەرە جیاجیاکانەوە , بەردەم , پشت , تەنیشت , ئەوبەر بێدەنگی ئەو چێشتەنگاوەی دەشلەقاند. ئەو پەناگەیە وەکو دوا جێگای پڕ لە ئومێد بیری لێدەکرایەوە , باوەشی بۆ هەموومان کردبوەوە , ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی کە پێشتر خوێن لە بۆ گرتنی دەڕژێنرا , شەڕ بوو لەسەر سواربوون لە پێشەوەی فریای ئەوە نەکەوتین بیانسوتێنین, هەمووی بە ساغی بۆ فاشیەکان بە جێهێڵران, لەو شیوە پڕ لە سپیە دار و گژ و گیاو ئاوی بەخوڕە , ئەوانەی دوێنی بە هۆی جیاوازی سیاسی و چینایەتیەوە دانویان پێکەوە ناکولا , لە پاڵ یەکتر بنەیان خست , لێقەومان دوژمنانی لە گەڵ یەکتر ئاشتکردەوە , ئەنفال گەردن ئازایی پێ لە یەکتر کردن.

خۆرەتاوەکە تا دێت گە رمتر دەبێت , خۆرەکە هەڵدەکشێت بۆ سەر , غوبار و تەمی بان گۆپتەپەش پەرت دەبێتەوە , شۆفەڵەکان دەردەکەون خەریکی ڕوخاندنی گوندن , جار جارەش دەنگی دینامێت و تۆپ و دەستڕێژ دەبیسترێت , ...... , کەس نەیتوانیبوو ژمارەی شەهید و بریندارەکان دوێنێ ئێوارێ گۆپتەپە بژمێرێت , ئەوەی بیریشی لێ ناکرایەوە گرتنی چەند وێنەیەك بوو لەو قوربانیانە , ئەوەش کوشندەترین هەڵە بوو کرا . ئەو دۆڵە جمەی دەهات لەبەر خەڵکی جەلەمۆرد و هەندێك ڕێبوار پێشمەرگە ڕەنگ جیاجیاکان ئەوەی هەمووی کۆکردبوەوە ئەنفال بوو ئەو خ ەڵکە خۆیان دابووە دەست چارەنووسێکی نادیار , بیریان لە هیچ ناکردەوە جگە لە ڕزگاربوون بە ڕێکەوت, ئەو خەڵکە بێدەنگ بوون تەنها هەستیان ڕاگرتبوو بیریان بەلای هیچدا ناهات بۆ گوتن , کپ بێدەنگ , کات لە شوێن خۆی مەی بوو جوڵەی ناکرد , ئەو ڕۆژە درێژترین ڕۆژگاری ژیانیان بوو و شەو ناهات, ڕۆژگار وا درێژ ببوو دەتووت شەوگار لە زەمەن سڕاوەتەوە زۆر بیرۆکە خۆیان دەکرد بەناو ئەو خەڵکەیا بۆ خۆ ڕزگارکردن , وەلێ کۆتایی هەموو ڕێگاکان ئەوسەریان داخرابوو , غەمگین و دەستەوپاچە نایانزانی چی بکەن, چارەنووسیان بە چی دەگات , لە شەڕێکی توندی دەروونی بێبڕانەوەدا دەژیان, وردە وردە ئەو خەڵکە پەیوەندیان بە ژیانەوە ناما , خۆیان تەسلیم بە مەرگ دەکرد , هەر لەو ڕۆژەوە دەستیان کرد بە گەشتی مەرگ , ئەوکاتە تەنها چەند کاتژمێر مابەینی ژیان و مەرگ بوو بۆ ئەوان , بە ئەندازەی یەك تاڵە موویەك مابوو بکەونە ناو چاڵی مەرگەوە , ئەو خەڵکەی لەوێ بوون یەك دنیا ڕازو نهێنیان لە دەروندا بوو , ئەنفال بووە

گۆڕی یەك دنیا ڕاز , ئەو ڕاز و وەسیەتانە نەگەیشتنە ئێمە, چیرۆکەکانیان هەموو لەگەڵ خۆیانا لە گۆڕنرا , ڕازی ئەو دڵدارانەی ئەو ڕۆژە بۆ دواجار یەکتریان لە دوورەوە بینی , هەلێکی باشیان بۆ ڕێك کەوت , دیواری حەوشەو دەرگا قەنتەرە گەورەکانیان لەبەردەم نەما , ئەو ڕۆژە دواجار یەکتریان بینی , لەو ڕۆژە کێشە مێژووییەکانی جوتیاران و ئاغاکان , جیاوازی حیزبایەتی و دوژمنداری هەموو سڕانەوە , هەموو لە ژێر یەك دار و لە یەك پەناگە خۆیان شاردەوە , ئەو ژنانەی خەویان بە بوونی منالەوە دەبینی , بە بینینی منالی خەڵك گریان دەیانی گرت و شارەو شاریان دەکرد بۆ زگێك , شێخ نەما هانای بۆ نەبەن , پزیشك نەما سەردانی نەکەن , سەید نەما مفەڕکی هەڵنەگرن , ئێستا خەمیان کەمترە لەو دایکانەی سەری منالەکانیان ناوەتە کۆشیانەوە نازانن هانا لۆ کێندەرێ ببەن , وجاخ کوێری و نەبوونی منداڵ جۆرێك لە تەسکین و ئارامی دەخستە هەناویەوە , جاران بە بینینی منداڵی خەڵکی گریان دەیانیگرت و هێزێ لە بەر دەبڕاو ئەژنۆیان دەچەمایەوە.
سیاسیەکان دەبوایە هەستیان بەم ڕۆژە ڕەشە بکردبایە کە کەوتۆتە نێوان ژیان و مەرگەوە , دەبوایە ئەزموونیان لە 3 ئەنفالی پێشتر وەربگرتایە ؟ , دەبوایە چۆن ماڵ و منداڵ خۆیان دەربازکردبوو , ئاواش لە هەوڵی پاراستنی ژیانی ئەم خەڵکە بونایا , دەبوایا و دەبوایا ........
وەلێ هیچیان نەکرد , ئێستاش کەس ناوێرێت باسی کردەوەکانی ئەوکاتیان بکات.
ئەو ڕۆژە ڕۆمانی دایك لە بەرەستم بوو, بۆ جاری دووەم لە ژیانم دەمخوێندەوە , ئەو پەرتووکەی خوێندنەوەی لە کاتی خۆیدا سەرلەبەر ژیانم ی گۆڕی , گەنجێتیمی سڕییەوە , شێت و عەودالی چەپگەرایمیکرد , ژیانی لاوی و خۆشی هەرزەکاریمی وێرانکرد , گۆشت خواردنی پێم تەرك کرد , پۆشینی بەرگی جوانی پێم حەرامکرد , لە لوتکەی دژایەتی بۆرژوازیمدا من عاشقی سادەی و هەژاردۆستی بووم , نانم لەگەڵ جوتیاران بەش دە کرد , مانگانەی پێشمەرگایەتیم چەند دینارێك بوو جاروبار لەگەڵ فیرار و منالاندا کەرتدەکرد, وەلێ نەیتوانی دڕ بەو ڕۆژە بدات , لەو چرکەساتە ژیانم بگۆڕێت , کۆمەڵگا لەو لەحزەیە بەسەر چینە جیاجیاکاندا دابەش بکات, ڕۆمانی دایك نەیتوانی ئەو ڕۆژە ئەو خەڵکە دابەشب کات بەسەر چینە جیاجیاکانا , ئاغاو جوتیار ئەگەر هەزاران ساڵ لە کێشمەکێش و ململانێدا بوون , ئەو ڕۆژە بە یەکسانی بۆ مەرگ بردران , ئاغاکانی سەرچنار وەك مسکێنەکانی چوخلیجە لە نگرە سەلمان مامەڵەیان لە گەڵدا کرا , ئەو لەحزەیە حیزب و چین و بیروباوەڕ هەموو کران بە سفر , هەموو بوون بە یەکەیەك ناوی کوردەو بۆ مەرگ بردران , ئەم

خەڵکەم هەموو پێشتر بە ناوەکانیان چەندین ساڵ بوو دەناسی , لە ڕێگەی جامە ماستەکانیانەوە یەك یەك ناوی سیانیانم لەبەر بوو , بێئەوەی دەموچاویان ببینم ," ئێستاش نازانم عەجیل وەهاب کێیە ؟ , ئەی فاریق , ئەی ئەی ... هیچ موختارێك وەك من ناوی ئەو خەڵکەی لەبەر نەبوو , بە فەردەی مەنجەڵەکانیان , بەنی سەر قاپەکەیان , پەڕۆی بان ماستەکەیان , بۆیەی ناوەکانیان هەمووم دەناسینەوە , بە گەورەو بچوکی قاپ و ژمارەی مەنجەڵ وشل و تو ندی ماست و سپی و پاکی پەڕۆی سەری دەمزانی ماڵێکی خودا پێداون یان هەژار, مێگەل دارن یان شوان, بزنی زۆریان هەیە یان یەك سەر مانگا , سەرتاپای ئەو گوندە و دەوروبەرەم هەموو بە ناوەکانیان دەناسی , ناوی هەمووانم وەکو ئیسمی مناڵەکانم لە بەربوو.

ئەو ڕۆژە شەو ناهات , درێژی ڕۆژ ئۆقرەی لەو خەڵکە بڕیبوو , هەموو خۆیان بۆ تاریکی شەو هەڵگرتبوو, تاکو خۆ لەو ئابلووقەیە ڕزگاربکەن , هەر جارەی هەواڵێك خۆی دەکرد بەو چەمەیا , جارێك ورەیانی دەڕوخاند , دوایی بە هەواڵێکی پێچەوانە ورەیان دەدایەوە بەر ئەو خەڵکە , پاش چاوەڕوانیەکی زۆر خۆرەتاو ئاوابوو و شەو هات , جار جارە تاریکی شەو وەڕینی سەگ و لایتی سوپای ئەنفال دەیشلەقاند , وەڕینی سەگەکانیش لەو شەوەدا ترسناك بوون , ئەوانیش غەمی کۆچی ئەو خەڵکەیان بوو , بۆ تەنیایی خۆیان و بەرەڵابونیان دەنوزانەوە , هەربۆیە ئەو شەوە وەڕینی خۆیان زۆرکردبوو, ئەو دەڤەرە یەکپارچە نووقومی تاریکیەکی ئەنگوستە چاو ببوو هەموو ئەوانەشی پێشتر ڕێگای دەرچوون و خۆڕزگاربوونیان لە خەڵکەکە گرت , وەك هەڵم چوون بە ئاسمانا و تاریکە شەو هەڵیانی لوشی , لەو ڕۆژگارە دژوارە کەس نەیانی ب ینییەوە , تەنانەت چەندێکیان بوونە چاوساغی سوپای ئەنفال و کەوتنە ڕاوکردنی خەڵکەکە.

شەو ڕێگای جوڵەی کردەوە بۆخەڵکەکە , پێشمەرگەش بۆ هەڵاتن , خولیایەکی بەهێز پاڵی بە خەڵکەکەوە دەنا بۆ خۆڕزگارکردن , لەو شەوەوە کەوتینە دۆڵەو دۆڵکردن , تاریکی ئەو شەوە خاڵی کۆتایی نێوان ژیان و مەرگی ئەو خەڵکە بوو , لەو تاریکییەوە ئیتر سیمای ئەو خەڵکەمان نەبینییەوە , ئێمە و ئەوان و سەگەکان لە یەکدابڕاین.

لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چواردا , ئەم هێزانە سەرباری چەندین مەفرەزە خاسەی جاش پشکدار بوون : فەرماندەیی هێزەکانی نەسر بە سەرۆکایەتی عەمید ڕوکن خالید ئەحمەد ئیبراهیم , هێزەکانی 46 بەسەرۆکایەتی عەمید عەلی ئەحمەد محەمەد. فەرماندەیی جەحافلی دیفاعی وەتەنی

1. فەرماندەیی هێزەکانی پارێزگاریی نەوت بە سەرۆکایەتی عەمید بارق ، تیپی 38 ، تیپی پیادەی ئالی 5 ، تیپی پیادەی 8 ، تیپی پیادەی 2 ، . ئامریەی مەواقعی فەیلەقی 1 بە سەرۆکایەتی عەمید ڕوکن عەلا محەمەد تەها . لیوای پیادەی 444. لیوای پیادەی 110. لیوای پیادەی ئالی 46. لیوای مەغاویری 1 ی فەیلەقی 1. فیرقەی مەغاویری 10. لیوای قوات خاسەی ژمارە 65 و 66 و 68. لیوای زرێپۆشی 46. فەوجی مەغاویری فیرقەی28. 27 فەوجی جاش و مەفرەزەی تەواری سلێمانی و کەرکوك, هێزی ئاسمانی و کەرتی کیمیاوی و یەکەکانی هەوالگری و ژمارەیەك هێزی جۆراو جۆری تر. تەواوی هێزەکانیش لە ژێر ڕابەرایەتی سولتان هاشمدا بوو " بە سەرکردایەتی سولتان هاشم و 12 هێزی یەکەی سەربازی جیاجیا ئەنجامدراوە( میدیا – عەدالەت عومەر–ئەنفالی 4 ,ژ337, 6–5–2008).

جاشەکان چالاکانە پشکداربوون لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ، پێش سوپا کەوتن ، خەڵکیان لە پەناگاکان دەرهێنا , تالان و بڕۆیانکرد , ........ ئەو سوبحە لەگەڵ جولەی هێزەکانی ئەنفال , لە هەموو دەڤەرو قوڵەکانەوە , تەپ و تۆزی ئۆتۆمۆبێلی جاشەکان لە دورەوە دەبینرا , چەندین کم وەك مار پێچی دەدایەوە و خولی دەخواردەوە بۆ پێشەوە , لەهەرچوارلاوە دەهاتن , سەروبنیان دیارنەبوو , لە دورەوە هەڕەشەیان لە ناوچەکە دەکرد , کاروانەکانی مەرگ , جاشەکان لەناو بەرازیلی و شۆفرلێتە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە لە پێشەوەی بوون ، لە کێبڕکێی هێرشدا بوون بۆ کاولکردن و سوتاندنی گوندەکان و گرتنی خەڵکەکەی و تالانکردنی سەروەت و سامانەکەیان

ئەوەی لە یادمە هێرشەکان بەم شێوەیە ئەنجامدران : لە چەمچەماڵەوە بە سێ قوڵ بۆ ( کانی عارەبان – شێخ پاڵەوان – پاڵکە ڕەش ), لە تەقتەقەوە سێ قوڵ( قەرەناو– مخەڕەس , جگیلە ) , کۆیە بۆ ( شەوگێڕ – بناری حاجی قەلا , تیمارۆك , بەری ڕۆژئاوا ) , شوانبۆ ( جولحان , عەلی بەیان – بان کەل ) , قەرەهەنجیر بۆ سەرخاسە , لە گۆپاڵەوە بۆ گەورەدێ , لە سوسێوە بۆ ( عەوالان – چەمی سورقاوشان ) , لە دوکانەوە بۆ کلێسە , لە پردێوە بۆ ( چیا چەرمی – گەلۆزی – تولکی , دەشتی هەولێر ) , لە قوشتەپەوە بۆ ( کەلی قەشقە _ دەشتی هەولێر ) , لە هەولێرەوە بۆ ڕۆژئاوای کۆیە , ...... , لە شیوەسورەوە بۆ( تورکمان باخ– ناڕوجە ) .

بە بەرچاومانەوە گوندەکان دەسوتاو گڕی تێ بەردەدرا, دوکەڵ و گەردەلولی شۆفەڵەکان ئاسمانی ئەو ناوچەیەی داگرتبوو, کام شوێنی چەپەکە لەو دەڤەرە بەرینە, جاشەکان بۆنیان بە مرۆڤەکان

ناوییەوە دەکرد و دەریان دەهێنان و دەیاندۆزینەوە ، پنتێك نەمابوو بۆ خۆ حەشاردان و خۆشاردنەوە ، هەر چرکەی هەواڵی گرتنی هاووڵاتیانی بە کۆمەڵی گوندێك ، خیانەتی سومبلێکی قارەمانیەتی ، نامەردی گروپێکی چەکدار... مان دەبیست ، هەواڵ بە دوای هەواڵ دەهات.
لە دوای ئەنفال دنیایەکی تازە بوو ، نەك تەنها ژیان ، بگرە کازیوەو نەسیمی بەیانیشی نە هێشت ، ئەو رۆژانە بێ خشپە ڕێمان دەکرد ، کەس نەمابوو جگە لە ڕێبواران و پێشمەرگەی تاك و تەرا لە جیهانێکدا زندگیمان دەکرد نغرۆ ببوو ، پاکببوەوە لە مرۆڤەکان ، لە ناو پاشماوەی گوندی ڕوخاوو ، دیواری ڕماو ، باخچەی وشکەوە بوو ، کێڵگەی تەرك کراو ڕێمان دەکرد ، کوردستان ببوە گوندی کاول ، دارستانی ڕەشی قەرەبلووت ، کوچەی گیراو و داری سوتاو چیای چۆڵ و کێڵگەی فەرامۆشکراو ، هیچ نەمابوو ، بۆنی ژیان لە ناوچەکە سەری خۆی هەڵگرتبوو .
بەناوترس و گوماندا ڕێمان دەکرد ، ئەم پەناگە و ئەو دۆڵمان دەکرد ، لە زەوی و ئاسمان بە دوامانەوە بوون ، ترس و گومان لە هەموو شتێك هەبوو ، لە جاش ، لە هەموو ئەوانەی لە شێوەدا مرۆڤ بوون ، لە قارەمانە ڕوخاوەکان کە ناوچەکە وەك ناولەپی خۆیان شارەزا بوون ، قەت نابوایا دووجار بە یەك تولە ڕێدا بڕوێشتینایا ، لە سەر یەك کانی لامان بدایا ، بە ئاسایی قسەمان بکردایە ، خەوی خۆشمان تا سەر ببینایا .
ئەنفالی چوار پاش سەرکەوتنەکانی عێراق هات لە بەرەکانی شەڕی ئێران – عێراق ، بۆیە عێراقی مکوڕتر کرد لەسەر درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و وێرانکردنی
هیچ بەرگرییەك لەو دەڤەرە نەکرا ، کە ساڵی پێشتر وەك لە بەڵگەنامەیەکدا دەیبینن ، حکوومەت ناوچەکەی چۆڵکردبوو " تەنها ڕەتڵی سوسێ لە چەمی ڕێزان بەرهەڵستی سوپا دەکرا ، وەك لە گوندەکانی سوورقاوشان و عەودالان و کەلەبەش کە پاشتر وێران کران (( ئەنفال – کارەسات ، ئەنجام و ڕەهەندەکانی ، یوسف دزەیی ، چاپی یەکەم 2001 ، چاپخانەی موکریان– ل 120)) .
دوو ڕۆژی دواتر واتا لە 6–5–1988 لە دەڤەری سەر خاسە (( چەمی گوندی ئاوباریك )) ، کۆمەڵێك چەکدار ( ژمارەیان نزیك 70 چەکدار بوو ) خەڵکی گوندی گوڵمکەوەو دەوروبەری بوون ، پاش پەیوەندیکردنیان بە هەواڵگیری چەمچەماڵەوە بە سەرپەرشتی( مەجید – عە) ، ویستیان بمان کەن بە بەردە بازی لێخۆشبوونیان لە لای ڕژێم ، لێ بە هوشیارییەوە نەخشەکەیانمان پوچەڵ کردەوەو خۆمان لە گەمارۆکەیان ڕزگار کرد ، لە سەرەتادا کاك محەمەد سەلام هەواڵی نیاز خراپی

ئەوانی پێمان ڕاگەیاند , دواجار هاوڕێ جەمال گوڵمکەوەیی " جەمال کرێکار " بە ژیری و زیرەکییەوە پەیمانی هاوکاری پێیان دا , وەلێ هەر کە گەڕایەوە لامان نەخشەکەیانی بۆما ن ئاشکراکرد و وتی ئاگادار بن و تەقە بکەن , پاش ڕاکردنێکی نۆ کاتژمێری , بە کۆڵێکی پڕ لە پەرتووک و خۆراک و فیشەك و کەل و پەلی خەوتنەوە , خۆمان گەیاندە هەڵەتەکانی ماسقەلان . دیارە شەوی پێشتر لەو هەڵەتانە , لە جێگەیەکی ڕوتەنا , چوینە کونێکەوە , بە موو لە مەرگەوە دوور بوین , بە ڕێکەوت ڕزگارمان بوو , ئەوەی وایکرد دەرچین , هێزەکانی ڕژێم پێشبینیان ناکرد مرۆڤ لەو دەوروبەرە مابێت , ئەو ڕۆژە تا ئێوارە توانای خۆ جولاندنیشمان نەبوو , دەنگی هەناسەمان کپ کردەوە , بزن مژەکێکیش بە دیار لوتمەوە لە سوپاکەی بان سەرمان زیاتر ئازارمی دەدا .

ئەو چەکدارانە کە نەیانتوانی ئێمە بە دیاری ببەنەوە بۆ ڕژێم کە خۆیان دا بە دەستەوە, بەهۆی ئەوەی دیارییان پێ نەبوو , بۆیە ڕژێم لێیان خۆش نەبوو , بەداخەوە لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا هەموویان شوێن بزرکران , هەربۆیەشە ناویان ناهێنم .

لە 8 مایسدا ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی 4 کۆتایی پێ هات (( جینۆساید لە عێراقدا , پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , سلێمانی ل313 ساڵی 1999– ل317 )) , وەلێ ئابلوقەدانی دەڤەرەکە هەر ما .

کۆی گشتی 237 گوند لەو ناوچەیە لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار خاپوور کران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان– ل 126)) .

تەنها لە ناوچەی (خاڵ خالان) لانی کەم کۆی *4167 کەس لە خەڵکی ناوچەکە گرتران , جگە لە هەڵاتوانی شەڕی خەڵکی شارەکان و ئەو پیرانەی دواتر بەردران (جگە لە ناوچەی کۆیەو دەشتی هەولێر) , هەروەها 1680 کەس لە گوندەکانی ( کلێسە , بۆگد , کانی بی , قزلو , کانی هەنجیر و گۆمەشین ) ئەنفالکران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان–ل 120 )) .

" بە پێی خەملاندن 2500 کەس لە ناوچەی کۆیە ئەنفالکران (( ئەنفال – کارەسات , ئەنجام و ڕەهەندەکانی , یوسف دزەیی , چاپی یەکەم 2001 , چاپخانەی موکریان– ل 126 )) , کۆی

گشتی له ئەنفالی 4 نزیك بە 28550 کەس ئەنفال کران ( نص اللائحه الایڤاحیه المقدمه من قبل هیئه الدفاع ...... ) .
ئەو کرداره سەربازییه بەشێکی له ژێر فەرماندەیی نزار خەزرەجی بەڕێوه بردرا , ئەوەندە دڵسۆزانه کارەکانی ئەنجام دەدا له گوندی گۆپتەپه بە شایەدی کاك مودیر عەلی بە پۆستاڵەکانی سەری منداڵێکی 1 ساڵەی پان کردەوه .
لەو ئۆپەراسیۆنه هەزاران مرۆڤ بوونه قوربانی, کەچی ئەنجامدەران و بکەرانی بە مایەی خۆیانەوه لێی دەرچوون , نه پۆستاڵ له پێیەکی وەك نەزار خەزرەجی دادگاییکرا, نه سولتان هاشمیش تاکو ئەم لەحزەیه بڕیاری سەپاو بەسەریدا جێبەجێکرا , نه جاشه سەرنشینەکانی بەرازیلی و شۆفرلێته سورەکان له گوڵ خراپتریان پێ وترا, دەیان سکالایان لەسەر تۆمارکراو بانگ نەکران بۆ دادگا, نه ئەو پێشمەرگانەی هەزاران خێزانی وەك خانەوادە 3 کەسیەکەی سەرهەد تۆفیقیان (( بۆڵ قامیشی)) به قۆناغه نێزه بۆ ئەن فالکردن گەڕاندەوه بۆ گوندەکەیان که دوایی ئەنفالکران لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرا , بگره دانیان بە هەڵەکەیاندا نا , نه ئەوانەشی کەڵەکەکانیان بە ئاوادا تاکو جەماوەر ڕزگاری نەبێت قسەیەکیان له گەڵدا کرا.
سەرباری ئەو هەموو ئەنفالکراو و وێرانکردنه , له پرۆسەی ئەنفالی 4 جگه له کیمیابارانکردن زۆر تاوانی دگمەن له مێژووی مرۆڤایەتی ئەنجامدرا , له هەموویان ترسناکتر له 13 –5 بە بەرچاوی خەڵکەوه 3 هاوولاتی کورد له کۆپتەرەوه بەردرانه خوارەوه . هەروەها دوو پیرەمێری له سەروی 70 ساڵیەوه له گوندی موخەڕەسی نزیك تقتەق سوتێنران ( مەلا شاخی– ئەنفالی خاڵخالان ) .بەم شێوەیه خەڵکی ناوچەی ئەنفالی 3 و 4 بوونه قوربانی جوگرافیا , چونکه داگیرکەران ئەوەندەی دوژمنی جوگرافیان ئەوەندە له مرۆڤەکەی سەری نا
هەروەها پێش ئەنفالی چوار , له گوندی سێگردکان له بارەگای تیپی 86 ی دەشتی هەولێر , بە هۆی شێتبوونی یەکێك له فیراره هەلاتووەکانی خالۆبازیانییەوه, شەو تەقەی له کۆمەڵێك هەلاتوو و پێشمەرگه کرد که لەگەڵ ئەوا خۆیان ڕزگارکردبو له گەرمیانەوه , له ئاکامدا 3 کەس کوژرا یەکیان به ناوی غازی ئەمین و 2 کەسیش برینداربوون له ناویاندا حەمه عەلی خەلیفه " دایکشی ئەنفالکرا و خوارزای غازی ئەمینه " ئەم ڕوداوه ورەی خەڵك و پێشمەرگەی ناوچەکەی شکاند و کاریگەری خراپی دانا .

**دڕندەیی ئەنفالی4 تەنها لە5 بەڵگە نامەی بەعسەوە.**

004987

79-29

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الأمن العامة
مديرية امن اربيل

سري وشخصي

العدد / ش٤ / ٦٧٧٤
التاريخ ١٤/ ٥ / ١٩٨٨

الى / السيد معاون مدير الامن العام لمنطقة الحكم الذاتي المحترم

٣- تفتيش كويسنجق

اعلمنا ضابط امن كويسنجق ببرقيته ٧٠ ١٢٠ في ١٤/٥/١٩٨٨

١- تم تفتيش قصبة كويسنجق بحثاً عن الهاربين والمتخلفين من القصبة حيث شكلت لجان لهذا الغرض باشراف قائد القوة العسكرية وكذلك بحثاً عن المخربين والهاربين والمتخلفين القادمين من مناطق عمليات الانفال الرابعة.

٢- تم القبض على مجموعة من اهالي القصبة وأودعوا الحجز.

٣- اجتمع قائد القوة مع بعض المستشارين وطلب منهم تسليم الهاربين والمتخلفين والذين سلموا اليهم من منطقة عمليات الانفال فقام المستشارين كل من ميرزا اسماعيل شريف ومام يحيى وقاسم ناصر آغا بتسليم الذين لجأوا اليهم الى القوة العسكرية وتم حجزهم مع المحجوزين في داخل القصبة.

يتبع لطفاً..

IST.A0934.070.002

**به پێی ئەم بەڵگەنامەیە , لە شاری کۆیە بە دوای هاڵاتووانی سەربازدا گەڕاون , لە ئاکامدا ژمارەیەك زۆریان گیراوە.**

**هەروەها داوا لە مستەشارەکان کراوە هەڵاتووان تەسلیم بکەنەوە , لە ئە نجامدا ئیسماعیل شەریف و مام یەحیا و قاسمە کوێر ژمارەیەکی زۆر هەڵاتویان تەسلیم کردووە " بە پێی زانیاری ئێمە و لە ئە نجامی لێکۆڵینەوە لە گەڵ خەڵکدا مام یەحیا رۆڵی خراپی نەبووە" .**

**2**

بە پێی ئەم بەڵگە نامەیەی لە خوارەوە هاتووە , ڕاپۆرت لە سەر بارق نووسراوە ,
ئەنفالچییەکانیش لە هەڵسوکەوتی ڕازی نەبوونە, لە بەرواری12-5-1988 , بارق عەبدوڵا 3
پێشمەرگەی لە ئاسمانەوە فڕداوەتە خوارەوە لە بەرچاوی خەڵك و فەوجەکانی خەفیفە.
هەروەها لە 11-5 ژن و پیاوێك بە پەت بەستراونەتەوەو خراونەتە ناو سندوقی سەیارەوە و
سەربازەکان لە پێش چاوی خەڵك لێیانیان داوە
هەروەها ماڵی مستەشارەکانی کۆیە گەڕاون" قاسمە کوێر , میرزا ئیسماعیل , مام یەحیا " پارەو
زێڕیان لێیان سەندووەو بردووە.
ئەم ڕاپۆرتە وەك سکاڵایەك بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری بۆ وەزیری بەرگری عەدنان خێروڵای بەرز
کردۆتەوە , دژ بە بارق عەبدوڵا .

004998

031-03-CF0039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
(مكتب المدير)

سري للغاية وشخصي

العدد : ١٠٤٩٧
التاريخ : ٢٨ مايس ١٩٨٨

سيدي نائب القائد العام للقوات المسلحة - وزير الدفاع المحترم

الموضوع / **معلومات**

تحية وتقدير سيدي :

١. توفرت لدينا المعلومات التالية والتي مورست من قبل العميد الركن بارق عبد الله - قائد قوات حماية النفط .

أ. بتاريخ ١٢ مايس ٨٨ القي ثلاثة مخربين من الطائرة وعلى ارتفاع عالٍ على مقر آمرية قاطع كويسنجق وامام معظم مقاتلي أفواج الدفاع الوطني .

ب. بتاريخ ١١ مايس ٨٨ ربط رَجل وامرأة بحبل ووضعهم في صندوق العجلة .. وقام جنود الحماية بضربهم امام الأهالي .

ج. قيام قوة بأمرته بتفتيش دور مستشاري افواج الدفاع الوطني المدرجة اسمائهم ادناه والاستيلاء على مبالغ من المال وحلي ذهبية:

أولاً : المقاتل قاسم فارس - مستشار فوج ٨٥ دفاع وطني .

ثانياً : المقاتل ميرزا اسماعيل - مستشار فوج ٢٠٧ دفاع وطني .

ثالثاً : المقاتل مام يحيى - مستشار فوج ٨٦ دفاع وطني .

٢. مما تقدم .. نقترح الموافقة على تشكيل مجلس تحقيقي بحق الضابط المذكور .. في مديريتنا للأسباب المشار اليها بالمادة (١) أعلاه .

يرجى التفضل بالاطلاع والتنسيب .. مع فائق التقدير والاحترام سيدي .

٢٨ مايس

اللواء الركن
مدير الاستخبارات العسكرية العامة

FOR OFFICIAL USE ONLY

( ١ - ١ )

سري للغاية وشخصي

IST A8072 016 004



004999

01-03-CA039-63210

بسم الله الرحمن الرحيم

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
المعاونية الخامسة – ش٣

السيد / المعاون

الموضوع / تقصي حقائق

نسب السيد المدير العام قيامنا بتقصي الحقائق عن ممارسات مقر قيادة قوات حماية النفط في عملية أنفال/٤ ضمن قاطع مسؤوليتها في منطقة كويسنجق ... شكلت لجنة تضم ممثلين عن شعبتنا، واس م الشمالية، واس م الشرقية وأوجزنا اللجنة التي قامت بتقصي الحقائق ميدانياً وبشكل هادئ. وفيما يلي خلاصة ما توصلت اليه.

١. بتاريخ ١٣ آيار ٨٨ قام مقر ق ق ح ن وبتوجيه من القائد بأركاب (٣) مخربين بطائرة سمتية (بعد أن تم شد وثاقهم) وحلقت الطائرة فوق مقر آمرية قاطع كويسنجق وتم ألقاء المخربين من الجو وفارقوا الحياة ... المخربين المذكورين تم ألقاء القبض عليهم بمصادمة أثناء تنفيذ عملية أنفال/٤ ... لم تشاهد الحادثة من قبل أهالي كويسنجق لبعد منطقة الحادثة عن القصبة الا أنها شوهدت من قبل معظم مراتب آمرية قاطع كويسنجق وتسربت الى الأهالي ... لم تتوفر معلومات عن دوافع هذا الاجراء من قبل مقر ق ح ن الا أن القائد أشار خلال زيارته لشعبتنا وتقديمه تقرير الى السيد المدير العام (عرضناه بمطالعة خاصة) بأنه أتخذ هذا الاجراء بسبب قيام المخربين المذكورين قبل ألقاء القبض عليهم بفتح النار على الطائرة السمتية محاولين أسقاطها

FOR OFFICIAL
USE ONLY

(١ — ٤)

EXHIBIT 29

IST.A8072.016.005

# 3

**لێرەدا دەردەکەوێت بەهانەی بارق عەبدوڵا بۆ بەردانەوەی ئەو 3 هاووڵاتیە کوردە , تەنها ئەوە بووە , پێش گرتنیان تەقەیان لە کۆپتەر کردووە**

005142

1031-03-C110391-60210

الرقـــــم : ( ٧١٦ )

طهران / فارسي ١٤٣٠ ١٦/ ٦/ ١٩٨٨

( الصحف السورية تنشر اخبارا وادعاءات عن تنفيذ حكم بالاعدام بعدد من الاشخاص داخل العـــــــــــراق )

==============================================

ذكرت وكالة انباء الجمهورية الاسلامية الايرانية ان نظام العراق قام مؤخرا بالقـــــاء ثلاث جثث لاشخاص قام باعدامهم بسبب عدم الاشتراك والامتناع عن الالتحاق الى جبهات القتال ضد ايران من طائرة هليكوبتر في ساحة مدينة اربيل .

وقد طبعت صحف دمشق هذا الخبر اليوم وكتبت في الصفحات الاولى ( ان نظـــــام العراق يقوم باعدام مجموعات جديدة من العراقيين مقابل المنطقة الواقعة قرب دائرة الامن في مدينة الناصرية ويقوم بالقاء عدد من شباب مدينة اربيل وعدد من سكان المدن الاخرى من بينها ( الخالص ) بالسجون بتهم معارضة نظامه وطبقا لهذه التقارير فان صـــــدام شخصيا اصدر امرا بان تصور افلام عن المعدومين وتعرض لسائر الناس .

FOR OFFICIAL USE ONLY

EXHIBIT 34

IST.A8072.016.001

## 4

## لێرەدا دەرەکەوێت ئاژانسی دەنگوباسی ئێرانی، هەواڵی بەردانەوەی ئەو3 هاوولاتییە کوردەی کۆیەی بڵاو کردۆتەوە.

برقيـــــــه	وقت الانشاء	سريه فوريه 005144

٢٨/٦/٨٨

من / م ا م م الشماليــــه
الى / الاستخبارات ( ر٣ )

و/ ر/ منظومتنـــا

رقم المنشئ / ر٣ / ن٣ / ١١٢٦٥

( ٠ ) كويسنجق ١/ ٠٠٠/ ١٠٠ ( ٠ ) بالساعة ٢٠٠ يوم ٦/٢١ شرعت قوه ... مرتبطه بامرة القوات الثانيه وتتألف من سرية دبابات وفد رطت وسرية مغاوير مواقع فل ١ والسريه المرتبطه /٦ ومجاميع من مقاتلي الافواج التاليه / ف١٠ ـ ف١٢ ـ ف١٢٦ ـ ف٨٥ ـ ف١٢٥ ـ ف١٦٢ ـ ف٢١٠ ـ ف٢٤١ ـ ف١٣٨ د ٠ وطني ومجموعة من مقاتلي محمد سادق شواني ( تشكيل حديث ) بواجب تفتيش وتدمير وازالة القرى التاليه ( ٠ ) ١ ( ٠ ) كاني ليله ( ٥٧٦٩ ) ( ٠ ) ٢ ( ٠ ) أومركه ( ٥٢٢٤ ) ( ٠ ) ٣ ( ٠ ) سيكرد كان ( ٥٠٦٦ ) ( ٠ ) ٤ ( ٠ ) سيكاني ( ٤٦٦٦ ) ( ٠ ) ٥ ( ٠ ) شيطان رحمن ( ٤٤٦٦ ) ( ٠ ) ٦ ( ٠ ) قهسر ( ٤٥٦٦ ) ( ٠ ) ٧ ( ٠ ) أوسال ( ٤١٦٨ ) ( ٠ ) ٨ ( ٠ ) بيوه سپي ( ٤٤٧٨ ) ( ٠ ) ٩ ( ٠ ) سوركه ( ٤٤٧٨ ) ( ٠ ) ١٠ ( ٠ ) بلكسر ( ٤٢٧٦ ) ( ٠ ) تمكنت القوه أعلاه من حرق قهسر بيوه سپي وسوركه وحرق البيادر المتفرقه في وادي شلشه والاستيلاء على عجله نوع تهويشا لاند كروز مع ( ٢ ) دراجه بخاريه ( ٠ ) بالساعة ١٠٠٠ من نفس اليوم تعرض المخربين على ف٢٤١ في قرية بلكسر مما أدى الى فقدان عجله نوع واز قياده مع جهاز ( أر / ١٠٠ ) و ( ١ ) رشاشه بي كي سي ( ٠ ) قامت مجموعة أخرى من المخربين بالتعرض على مقاتلي ف٢٦١ د ٠ وطني في قرية سيكرد كان ( ٠ ) ضحياتنا أستشهاد أحد المقاتلين المنسوب الى الفوج المذكور ( ٠ ) بتاريخ ٦/٢٤ عادت القوه أعلاه الى مقر قوات ٢/ في طق طق ( ٠ ) يرجى الاطلاع ٠

TAB A
2075/5

العقيد الركن
مدير منظومة أستخبارات المنطقة الشماليــــه

IST.A0929.052.002

IST.A5550.016.049

5

**لێرەدا بەشداری جاشەکان لە وێرانکردنی گوندەکانی دەشتی هەولێر " سێگردکان , سێکانی, شەیتان , قەمبەر و ئاومالْ دەرەکەوێت. هاوکات بەشداری هێرشیان کردووە بۆ سەر پێشمەرگە و چەکدارێکیان لێکوژراوە**

# قەندیل بەغدا یاخود هەڵەبجە و ئەنفالی هەژاند ؟؟؟؟

مەلا ناصیح وتی: (( كاك ڕەسوڵ پێشمەرگە لە شەڕی ناوخۆ لەسەر تۆ خۆی بە كوشت دا وە لە هەكاری كۆمەڵێكیان بە كوشت دا هەروەها لە شەڕی یەكێتی لە ساڵی1979 تا 1985 كۆمەڵێكی زۆرتان بە كوشت دا ئەوەی لەشەڕی ڕژێم شەهید بووە لە پێناو حزب و كوردا ئەوەی لە شەڕی ناوخۆدا شەهید بووە لە پێناو قیادەی حزب بە تایبەتی شەخسی كاك ڕەسوڵدا شەهید بوون ) . وەك خۆی لە " پەرتووكی ڕۆژمێری پێشمەرگەیەكەوە – ل 235–بەرگی سێیەم سلێمانی 2001, محەمەد حاجی مەحمود " .

هەرچەندە پەرتوكی قەندیل بەغدای هەژاند لە شێوەی یاداشتی سیاسی نووسراوەتەوە , بۆیە لە دەربڕین و شێوەدا سادە دێتە بەر چاو , بەڵام لە ناوەڕۆكدا گەوهەرێكی بە بایەخە , ئەم شێوە نوسینانە ئەگەر خاوەنانی ڕاستگۆ بن وەك شەهید ڕێباز , بە جو رئەتەوە یاداشت و بیرەوەرییەكانیان بخەنە سەر كاغەز , ئەوە لە داهاتوودا دەسەڵاتداران ناتوانن بە ئارەزوی خۆیان, لە بەرژەوەندی خۆیان مێژوو بنوسنەوە , چونكە ئەو دەنگە ڕاستگۆیانە, كە شایەد حاڵی مێژووی كارەساتەكانن , قارەمانی ڕاستەقینەی ناو چیرۆكە خەیاڵییەكانن , دێنە وەڵام و دەبنە سەرچاوەی باوەڕ پێكراو بۆ نوسینەوەی مێژوو , كام دیو ڕاستە ئەوە دەخەنە بەردەست خوێنەران, بەمەش مۆركی خۆیان بە مێژووەوە دەنێن. بۆیە هیوادارم ئەوانەی مۆركی خۆیان ناوە بە ڕوداوەكانەوە لە چەند دەیەی ڕابردودا , كە مێژوویەكی پڕ ڕوداوی گەرم و چارەنوس ساز بووە بۆ كورد , بێدەنگی هەڵنەبژێرن و دەست بكەنە نوسینەوەی بیرەوەرییەكانیان, تا نەوەی داهاتوو ڕوداوەكان لە زمانی ئەوانەوە بخوێنێتەوە , بەم كارەیان دەتوانن خزمەتێك بە دۆزی كورد بكەن و ڕوی ڕاستی ڕوداوەكان بۆ جەماوەر دەربخەن . ئەمەش هەنگاوێكە بۆ ڕێگە گرتن لەوەی مێژوو تەنها دەسەڵاتداران لە خزمەت خۆیان بینوسنەوە , لە كاتێكدا ئەگەر ڕاسگۆیانە ئەو مێژووە بنوسرێتەوە, ئەوا مێژوو لە مێژووی خۆیدا , ڕەحم بە دەسەڵاتداران ناكات و شوێنێكی باش ناگرن تیایدا. پەرتووكی قەندیل بەغدای هەژاندی شەهید ڕێباز, هەرچەندە بە شێوازێكی سادە نوسراوە و هەندێك هەڵەی مێژوویی ئاشكرای تێدایە و بە ئاشكرا دەردە كەوێت نوسەر لایەنگیری لە لایەنێكی سیاسی دیاریكراو دەكات

, بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیانەو نەترسانە قسە دەکات, پەنجە لەسەر زۆر ڕوداوی مێژوویی گرنگ لە وێستگای مێژووی نوێی کورد دادەنێت , ئەوا هەڵەکان پەردە پۆش دەکات و دەیکاتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی ڕوداوەکان لەو چەند ساڵە ی دوایندا , ئەوەی من بەلامەوە گرنگە لەم وتارە ئەو زانیاریانەیە لەسەر هەردوو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال پێمان دەبەخشێت . ئەو کارەساتانەی باسی قۆناغێکی مێژووی گەلی کورد دەکات , کە بەخاڵی وەچەرخانی مێژووی دادەنرێت . ئەو ڕوداوانەی کاریگەریان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد تا ئێستا داناوە , لە داهاتووشدا کور د بەهۆی دەرکەوتنی ئاستی قوربانیەکانی , هەر بەری ئەو قوربانیانە دەخوات کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکان بەرەو ڕوی بوەوە , دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی کورد بۆنی گازی کیمیاوی و ئێسکی ئەنفالەکان و کەلاوەی ئاوارەکانی لێ دێت , نەك گڕی گولەی پێشمەرگە و فسکە فسکی سیاس یەکان و نەڕە نەڕی بێژەرەکان . قسەکردن لەو ڕوداوانەو خوێندنەوەی سەر لە نوێیان زۆر پێویستە بۆ گەلی کورد , کە تا ئێستا وەك مەحرەمێك سەیری کراوە , ئەگەر ئێمەش بە ترسەوە قسەی لەسەر بکەین , ئەوە پەرتووکی عێراق و تاوانی جینۆساید بەشێکی زۆری ئەوانەی لەژێر بەڕەن هێناوییەتی یە سەر سفرەو دەرخواردی خوێنەرانی دەدات , تەنانەت بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبیش بڵاوکراوەتەوە , ئیتر بۆ ئەبێ تەنها بۆ ئێمەی کورد مەحرەم بێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕوداوە تراژیدییانە بکەین , کە ئازیزانمان تیایدا بونەقۆچی قوربانی , لە هۆو هۆکارەکانی بکۆڵینەوە .

شەهید ڕێباز لەم پەرتووکەدا لە بەشی دووەمیدا , بە زمانێکی سادە بەڵام قوڵ , هۆکاری ئەنفال باس دەکات و پە نجە لەسەر نەخۆشییە ناوخۆییەکان دادەنێت , ئەو جینۆسایدکردنی کورد دەباتەوە سەر چەند هۆکارێك, بە بڕوای ئەو بریتیین لە:-

-سروشتی دڕندانەو شۆفینیستانەی بەعس.

-هاوکاری هەندێك حیزبی کوردستانی و ئێران.

-چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بەمەیەکی شەڕی ئێران-عێراق.

-کارو کردەوەی هەندێك لە لێپرسراوان, کە سەرچاوەی زەرەرو زیانی مادی و بەشەری زیاتر بوون .

دیارە هەر یەکێك لەو هۆکارانە , دەکرێت بە درێژیی لەسەریان ڕاوەستین و نموونەی زیندووی لەسەر بهێنینەوە , هەرچەندە بەرپرسانی سەربازی وسیاسی ئەو کات , بە داخەوە جورئەتی ئەوەیان نییە , لەسەر ئەو ڕوداوانە زانیاری پێویست بدەن . خوێندنەوەی دروست بۆ کارەساتەکانی ڕابردووکە هۆکاری بە کەڵکە بۆ دووبارە نەبونەوەی تراژید یەکان لە داهاتوودا , بۆیە پێویستە بۆ دوبارە نەبونەوەی ڕوداوە تاڵەکان , لەو کارەساتانە بکۆڵینەو , ە نەك بۆ دادگایی ئەوانەی لە گەلحۆیی خۆیانەوە , هەڵەی سیاسی وایان کردووە , بە زیانی گیانی هەزاران مرۆڤ تەواو بووە . هەرچەندە سیاسییەکان , لە ئەنجامی هەڵەی بچوکەوە دەبێت فێری ئەوە بن , ئیستقالە بدەن لە کاری سیاسی , ئیتر ئەو هەڵانە کارەساتی گەورەشی لێکەوتبێتەوە جێی خۆیەتی قسەی لەسەر بکەن و داوای لێبوردن لە گەل بکەن .

با بزانیین نووسەر , چۆن لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوەو دەستنیشانی کەم و کوڕییەکان دەکات و قامکییان لەسەر دادەنێت.

## سروشتی دڕندانەی بەعس :-

د" ڕندەیی بەعس بۆ جەماوەر و تێکۆشەرانی خ وارەوە کە ڕاستەوخۆ تەماسیان لە گەڵی هەبوو پێش کارەساتە جەرگبڕەکانی1988 ڕون و ئاشکرا بوو , بەڵام بەرپرسە بالاکان ئەزموونی تالییان تاقی نەکردبوەوە لەگەڵ بەعس و نایان توانی دەست نیشانی ئاستی دڕندەیی و دڵ ڕەقی بکەن , بۆیە پاش هەرەسی هەموو جەمێکی گفت و گۆ جارێکی کە دەگەڕانەوە سەر سفرەکەی . نوسەر لەبەر ئەوەی لە ناو جەماوەردا بوو , ماهییەتی دڕندانەی بەعسی ناسیوەو زانیوییەتی بەرامبەر چ دڕندەیەك خەبات دەکات , نەزانی ڕابەرایەتی ئەو پارتە سیاسییانە لەوەدا بوو ئەوڕژێمەی دژی وەستابونەوە بە تەواوی نایان ناسی , یان ناسیوییانە بەڵام بەرژەوەندییان لە خۆگێل کردندا بووە " .

نووسەر پاشان بەم شێوەیە دەست نیشانی ئاستی دڕندانەی بەعس دەکات : ( پاش لێدانی کەرکوك تێکۆشەرێکی کوردستانی ئێران لە کەرکوك چاوی بە عەلی حەسەن مەجید دەکەوێت (ئەو کاتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس بوو لە کەرکووك و هەولێر و دهۆك و موصلا , داوای ئەوە دەکات دەست هەڵبگرن لە چۆلکردن و وێرانکردنی لادێیەکانی کوردستان , لە وەڵامدا عەلی

حەسەن مەجید دەڵێ : لە مێژ ساڵە سەرکردایەتی شۆڕش (مەبەستی بەعسە ) ...! ! پلانی گواستنەوەی گوندەکانی داوە , ماوەیەك لەبەر شەڕی ئێران دوامان خست , لێدانی کەرکوك وای لێکردین پەلە لەو مەسەلەیە بکەین..! !؟؟). تەعریب و ڕاگواستن و چۆڵکردن مێژووی لەوەو پێشی هەبوو لە کوردستان , بەڵام بەشێوەی لەسەر خۆو بە پرۆسە ئەنجام دەدرا , واتە مەرگی لەسەر خۆی نەتەوە , بەڵام لێدانی کەرکووك بەهانەی پەلەکردنی بۆیان ڕەخساند , چەند ڕۆژ دوای ئەو چالاکییە هەموو لادێکانی کەرکووك تەختکرا, ئەوەی ڕژێم دەستی پێ گەیی لەو کاتەدا .

## پەیوەندی لەگەڵ ئێران :

کاتێك هەندێك لە حیزبە کوردستانیەکان , پرۆتۆکۆڵی کاری سەربازی ها وبەشیان لەگەڵ ئێران بەست , لەوە بە دواوە ڕژێم سەیری کوردستانی وەك بەرەی پشتەوەی شەڕی عێراق-ئێران ناکرد , بەڵکو کوردستان بۆ خۆی بووە بەرەی پێشەوەی شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق – ئێران . سەرکردایەتی کورد, هەستی بە ئاستی مەترسی کردنی کوردستان بە بەرەی شەڕ نەکردبوو , هەموو کورد یاخی ببونەوە لە بەشداری کردن لەو شەڕەو بە کۆمەڵ فیرار یان کرد لێی , بەڵام سەرانی کورد شەڕەکەیان هێنایە ناو جێگایان , ئێستا کورد بە دەستی خۆی , ئاگری شەڕەکە دێنێتە ناو ماڵ خۆیەوە , ئاگریش بهێنرێتە ناو ماڵەوە, بێ زیان تەواو نابێت . با پێکەوە سەیر کەین و بزانین کاك ڕێباز چۆن دەستنیشانی ئەم مەترسییە دەکات, کە هەڵکەندنی گۆڕی خۆ بوو بە دەستی خۆیە , جەماوەر نزیك 200هەزار لە ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دا تیایدا, هاوکات ئەو هێزانەی کە پرۆتۆکۆڵی ئەو هاوپەیمان یەتیەشیان کرد , بۆ خۆشیان بونە قۆچی قوربانی ئەو پرۆتۆکەڵەی , کە بە پەنجەی سەرکردەکانیان مۆر کرا , دوای ئەنفالەکان تەنها گوندی " شێنێ " یان لەسەر سنور بۆ مایەوە , پاشان بێئەقڵی سەدام و ئاگربازییەکانی لەکوەیت و ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان هێنایانییەوە .

(حکومەتی عێراق دەیزانی ی ن ك دۆستی ئێران نی یە, بۆیە هێزەکانی خۆی زۆر سەرقاڵ نەدەکرد بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن کە دەبووە مایەی زەرەرو زیانی زۆر بۆ خۆی کەچی پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران گرێ دا , ناچار بوو هەندێ هێز لە ناوچە گرنگەکانی شەڕی عێراق– ئێران بگوازێتەوە

کوردستان و پەلەی کرد لە گرتنەوەی سنوورەکان و بووە هۆی شەڕێکی ڕوو بە ڕوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کە بە ڕاستی قازانجی نەبوو).
ئەوە نەبوو کورد ماهیەتی ئێران نەنەناسیبێت , بەڵکە دوای هەموو ناسینێکی و دەست چزانی بە ئاگرەکانی , جارێکی کە هەڵەکانی دوبارە کردۆتەوە . ئێستاش ختختۆکەی هێزە شیعەکان , هەمان ئەو هەڵەیەیە شەهید ڕێباز باسی کردووە , لە پەیوەند بەمەوە دەنوسێت : ( مێژووی پەیوەندی شۆڕشەکانی کوردستانی خواروو(عێراق) لەگەڵ ئێرانییەکان , مێژووییەکی دوورو درێژە , بە درێژایی ژیانی کورد ئێرانییەکان هەر لە پشتەوە خەنجەریان لە میللەتی ئێمە داوە . تاقیکردنەوەکانی دوورو نزیك ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کەچی ئەوەی جێگای پرسیارە , بۆچی شۆڕش و سەرانی میللەتی کورد حەز دەکەن پەیوەندی لەگەڵ ئەو جۆرە دوژمنە زەبر وەشێنە ببەستن ؟).
پاشان نووسەر بەم ترس و گومانەوە مامەڵە لەگەڵ هێنانی سوپای پاسداران دەکات بۆ کوردستان و دەنووسێت : (( سەیرێکی کاك .......م کرد و ووتم بە ڕاستیتە لە کەرکوك دەدەین .. ووتی بۆ ؟ هەمووی دەسوتێنین , عێراق بە ساڵێك ناتوانێ ئەو خەسارەتە پڕ بکاتەوە ...؟! دیسان پێم ووت ئەی میلەتی خۆمان ؟ باشە ئەو گوندانە باشە خەڵکەکەی, حکومەت دڕندەیە هەرچی لەدەست بێت دەیکات.....). با بزانین کاك محەمەد حاجی مەحمود چۆن باسی مۆرکردنی پڕۆتۆکۆڵی نێوان سۆسیالست و ئێران دەکات . گرنگترین هۆکار بۆ مۆرکردنی ئەو پرۆتۆکۆڵە وەرگرتنی پارەو چەکە ئەو پارەو چەکەی دوای سەری 5٪ کوردی خوارد (لە 14-11-1987 کاك ڕەسوڵ و کاك شێخ محەمەد شاکەلییان هێنایەوە سەر ملە خۆرد و بە جیهاز بە منیان وت هەموو شتمان تەواو کردوەو ئێوەش دەستی پ ێبکەن , ووتم وەرتان گرتووە ئەوەی بە منیان ووت (200) کلاشینکۆفیان وەرگرتبوو لەگەڵ دۆشکاو فیشەك و میزانیەیەکی مانگانە بۆ حزب کراوە من وامزانی شتی باشیان کردوە بەلام وا دیاربوو نەیان کردبوو خاڵێکی لاوازی ڕێککەوتنەکە کە ئەگەر پاسدارێك پێشمەرگەی سۆسیالست تەسلیم بە عێراق کردەوە شەخسی سکرتێر بەرپرسیارە واتە کاك ڕەسوڵ لەسەر پاسدارێك پێویستە بگرترێت و سجن بکرێت لە باتی ئەوەش نەدەبوو من زۆر ڕەخنەم لێ گرتن و ئەو بڕیارانەی بۆ ئازوقەو مالیە و هەموی وەك پێویست نەبوو بەڵام مانگانەی ئازوقەو پارەو چەك و سڕیارەیان بڕیبوەوە ,) 2.

ڕژێمی ئێران تەنانەت نرخی بۆ سەرانی کورد دانەناوە لەو پرۆتۆکۆلانەدا , وەك دەبینین سەرۆکەکان ڕاستەوخۆ کەفالەتی ئەو پاسدارانەیان کردووە لەیەك ئاستدا داندراون.
پاشان شەهید ڕێباز بە ووردی مەبەستی هاتن سوپای ئێران بۆ کوردستان ڕون دەکاتەوە و دەنوسێت : ( ئێرانییەکان لە کاتی هاتنییان بۆ ناوچەکانی کوردستان هەر بەوە ڕازی نەبوون زانیاری لەسەر هێزەکانی بەعس کۆبکەنەوە, بەڵکە هەوڵیان دەدا سیخوڕ و جاسوس پەیدا بکەن لە ناوچەکە , بەهەزاران فرت و فێڵ خەڵکیان بۆ خۆیان دەکڕی, هەندێك کەسی وا دەهات پیاو شەرمی دەکرد لە مەجلیسی دا دابنیشێ , کەچی دەبوایە زۆر ڕێزی لێ بگیرێ گوایە پشتگیری گەلی کورد دەکەن , لە ڕاستییدا بۆ شکاندنی پشتی شۆڕشی کورد هاتبوون).
نوسەر زۆر ڕاشکاوانە قسە دەکات و ئەوەی شاراوەیە بە بێ ڕوتووش ئاشکرای دەکات , ئاکامی هێنانی سوپای ئێران بۆ ناو کوردستان و ئەنجامدانی چالاکی سەربازی هاوبەش لە نێوان ڕەزمەندگانەکانی قەرارگای ڕەمەزان و پێشمەرگە بەم شێوەیە باس دەکات (( لەوێ ** مەبەستی پاش لێدانی کەرکوکە ** بیرم کردەوە , ڕژێم ئەم تۆڵەیە لە جوتیارە هەژارەکان دەکاتەوە , گوندەکانییان دەسوتێنن , خەڵکەکەشی ئاوارەو دەربەدەر دەکات ) زیاتر دێتە قسەو بەردەوام دەبێت لە نووسینی بابەتە حەرامکراوەکان و لە بڕگەیەکی کەی یاداشتەکەیدا دەڵێ:بۆ بەیانی ** مەبەستی پاش لێدانەکەی کەرکوکە** ئێزگەی تاران بە زمانی فارسی کردییە هەڵلا و مۆسیقای عەسکەری لێدەدا ووتی : ڕۆڵەکانمان لە –ڕەزمەندگانی ئیسلام– توانییان کۆمپانییای نەوتی کەرکوك خاپوور بکەن , بەڵام ئێران زۆر بێ شەرمانە ئەو چالاکییەشی بەهی خۆی دایە قەڵەم و حاشای لە دەوری پێشمەرگە کرد تیایدا, کە دواجار کورد باجەکەی بە خوێن و ماڵوێرانی دا) ( لەو چالاکییەدا تەنها 100 پاسدار بەشداریان کرد ئەویش وەکو (فەنی) لە کاتێکدا 2500 پێشمەرگەی کوردستان ئازایانە هێرشییان بۆ شوێنە گرنگەکان کرد و چەندین ڕەبایەو سەربازگەیان گرت )...( جەماوەری گەلەکەمان زۆربەیان بەچاوی گومان و ترسەوە سەیری ئەو چالاکییەیان دەکرد ...) .
با لە زمانی کاك محەمەد حاجی مەحمودەوە گوێ بیستی ئە م چالاکییە هاوبەشانە بین و بزانین , ئەو چۆن باسی چالاکی زەفەری سێمان بۆ دەکات , کاکە حەمە ئاوا دەنوسێت : ئێمە لەسەر قسەی ئەوان لە ڕۆژی 14–11–1987 پێشمەرگەمان بۆ هەموو جێگاکان و گولە تۆپ (20)

تراکتۆر کەوتە کێشانی و شارایەوە لەو ناوە من خۆم ڕۆیشتمە ناوتاق کە زاڵە بەسەر دەربەندیخان و جادەی زەڕایەن دەربەندیخان و دۆڵی کانی سارد و چەمەرگەو جادەیەکی تازەی عەسکەری لێ درابوو لە سەرووی کونەکەوە (تۆنێلەکە بۆ هەسنکاری , شەوی 14-15 لەو گوندانەی هەردوو دیو دابەش بوین , لە 15-11-1987 زۆری مەسئولینی دەوڵەت و پاسداران و بە مەسئولی یەکەمی پاسدارانەوە لەسەر ملەخورد چاوەڕێیان دەکرد هەر لەوێ لە پێشەوە بە جیهاز(3) جار الله اکبرو بە ناوی زەفەری(3) وە لەگەڵ یەکەم قسەی ئەوان و یەکەم هاوان و تۆپ و ڕاجیمەش لێرەوە دەستی پێکرد و پێشمەرگە بە بی کەی سی سەرجادەی دەربەندیخان زەڕایەن و کونەکەیان بڕی لە سەعات (3) ی پاش نیوەڕۆوە ئێمە لە ناو تاق و چەمەرگەو کانی سارد و تەواوی ناوچەکە پێشمەرگەی پێگەیشت و لە هەموو لایەکەوە چەکی پێشمەرگەی پێگەیشت و ئاگرباران کراو مەعەسکەری گەورەی دەربەندیخان بوو بە یەك پارچە ئاگر دوو کاتیۆشامان لە نێوان ئیمام قادر و چەمەرگە دانابوو خەڵك نزیك بوو لە ناو شار بدەن نەمان هێشت هەموو خەڵکی دەربەندیخان هاتە سەر خانو بان و سەیری ئەو مەعەسکەر و شەڕەیان دەکرد ڕژێم دوای نیو سەعات لە شوێنەکانی کەو تۆپخانەکانیەوە کەوتە تۆپ بارانی کوێرانە بەڵام ئێمە بڕیاری هێرشمان نەبوو هەر لێدان و گەڕانەوە بوو بەڵام کوژراوو بریندارو هەندێك گیراو هەبوو تا تاریکی کرد هەر لە ڕژێم دراو هەلیکۆپتەری هەڵساندبوو بەڵام هیچی پێ نەکرا. ) 3 .

ئەگەر هەموو تاوانی ئەنفالەکان ببەینەوە سەر سروشتی دڕندانەی بەعس و چالاکییە هاوبەشەکانی ئێران , لە گەڵ هەندێك هەڵە و خەتای ژمارەیەك لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان , ئەوا هەندێك جار , هەندێك لە کارو کردەوەی بەرپرسەکانی ناو پارتە سیاسییەکانی کوردستان , کە هەندێك جار ئاگاهانە و هەندێك جار لە نەزانیەوە دەیان کرد , بە زیانی جەماوەر تەواو دەبوو و ژمارەی قوربانییانی زیاتردەکرد , جەماوەریان وەك بەربەستی مرۆیی , لەبەردەم هێرشەکانی سوپا بەکار دەهێنا , ئەم کردارە لە زۆر ناوچەی کوردستان ئەنجام دراو دوبارە کرایەوە , کاك ڕێباز بەمشێوەیە ئاماژەی پێدەدات: ( لێپرسراوی ناوچەکە کاك...... ڕێگای نەدابوو خەڵك ناوچە چۆڵ بکات و پێشمەرگەش توانای بەرگری کردنی نەبوو , نازانم ئەو برادەرە تێکۆشەرە بە چ هەق ێك ڕێگای لەو خەڵکە خەڵکە گرت و تووشی ئەو کارەساتەی کردن , گەرچی لە هەموو کۆبوونەوەکان پێشمەرگەو کادیرەکان داوای سزادانی ئەو برادەرەیان دەکرد , ئەو برادەرەو ئەو لێپرسراوانەی لە

هەڵبجە کاری ناجوامێرانەی دوور لە ڕەوشتی پێشمەرگەیان ئەنجامدا پێویستە بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەستنیشان بکرێن تا ڕەش و سپی لێك جیابکرێنەوە , بەڕاستی ڕێگا گرتن لەو خەڵکە تاوانێکە مەگەر بەعسیەکان لە دەستیان هاتبێ) .

ڕێزدار مەلا شاخی وەك شایەد حاڵێکی دیکە لە ناوچەیەکی دیکەی کوردستان , بزانین چۆن باسی ئەم ڕێگرتنە لە جەماوەر دەکات : (سەرلەبەیانی ڕۆژی 3-5-1988 لە سەر داوای (مامۆستا باپیر) لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لەماڵی (وەستا سابیر) کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا , بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ ومەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە داڕشتن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنورەکەمان.

لەو کۆبونەوەیەدا ... ڕەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا ... چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کە کۆچ بکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم؟ ؟ منیش لە وەڵامدا گووتم:

(بەڵێ پسوولەم بۆ چەندین خێزان کردووە, ئێستاش پەشیمان نیم , هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕێگا لەکەس بگرین , پێم باشە لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار بدرێ... هەڤاڵان بەسەر ناوچەکەدا دابەشبین , داوا بکەین هەرکێ دەستی چەك دەگرێ , ئامادەی بەرگری هەیە ,با پەیوەست بێ بە هێزی پێشمەرگەوە , کێش ناتوانێ با لەگەڵ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەکاندا بە خۆبکەون و خۆیان ڕزگار بکەن ...)4 . بەڕێز مەلا شاخی باسی هەمان ئەو ڕۆژە دەکات کارەساتی گۆپتەپە قەوماو, بۆ سبەی ڕۆژ ئەنفالی چوار ئەنجام درا , لە جەرگەیدا لانی کەم وەکو خۆی ئاماژەی پێدەدات4167 کەس بونە قۆچی قوربانی 5 , کە لە ڕاستیداقوربانییەکان لە5 ئەوەندە تێپەڕیان کردووە .

هەمان کارەسات لەیەکەم چرکەساتەوە , تا چەند مانگ دوای تەواو بوونی , لە ناوچەکەدا بە پارتیزانی لەگەڵ مەفرەزەیەکی 10 کەسی تێیدا مامەوە , شایەدی ئەوەم لەوانەی بوونە قۆچی قوربانی , ژمارەیەکی زۆریان لە ڕێی خۆ دەرباز کردن گەڕاندیانەوە بۆ ناو مەرگ , تەواوی دەروازەکان لە خەڵگ گیرابوون , خەڵکی گردخەبەر یەکێك بوون لەو نموونەیە . سەرهەد تۆفیق هاووڵاتییەکی گوندی بۆڵ قامیشە و لەو کاتەدا پێشمەرگە بوو هاوسەرەکەی و چوار منداڵەکەی بە دیل گیران لە ئەنفالی چوار , باسی ئەوەی بۆ کردم ژن و منداڵەکەی لە کاتێکدا دەیان وویست خۆیان دەرباز کەن, گەڕاندبویانەوە نەیان هێشتبوو بڕۆن بۆ تەکییە. بەڕێز عەلی بچکۆل زەمیری

ئازاری دا پاش ئەوەی ڕوداوەکان ناوچەی ئەنفالی 4 , کە ئەو بەرپرسی یەکەمی بوو , ئەو هەموو زیانەی لێکەوتەوە , ویستی پەنجەرەیەك بچوك لە دەروازەی ئەم لایەنە بکاتەوە و ڕەخنەیەك نەرم بگرێت و دان بە هەڵەدا بنێت, بەڵام خۆی لە پاکستان بینییەوە .

ئەگەر سەرجەم لێپرسراوان ئەم هەڵوێستەو شایەد حاڵەکان بەم جورئەتیەوە یاداشتەکانی خۆیان بنوسنەوە , ئەوا دەتوانین خوێندنەوەیەکی دروست بۆهەردوو تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە بکەین.

سزا دانی گەلێك لە پای هەڵەیەکی سیاسی لایەنێك یان چەند لایەنێك ئەنجامیان داوە , تەنها کاری فاشیستەکانە , تاوانباری یەکەمیش لەو کارەساتانە هەر بەعسە , وەلێ هـ اوکات دەبێت هەڵەکانیش بزانین کە هەندێکیان سیاسیین و لایەنی سیاسی ئەنجامی داوە بە بەستنی پرۆتۆکۆڵی ئەنجامدانی کاری سەربازی هاوبەش لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بە بەشێك لەبەرەی شەڕی عێراق – ئێران , هەندێکی دیکەشی ئاکامی دڵڕەقی هەندێك بەرپرس وگێلی هەندێکی دیکەیانە , کە ڕێگای دەربازبوونیان لەو خەڵکە گرتووە , لە ئاکامدا ئەو ژمارە زۆرە بونە قوربانی .

نازانم بەرپرسانی سەربازی و سیاسی ئەو کات , ئایا دەتوانن و بەرژەوەندییەکانیان ڕێگەیان پی دەدات , وەك شەهید ڕێباز بە نوسینەوەی یاداشت و ئەزمونەکانیان ئەو شانازییە بۆ خۆیان تۆمار بکەن هەندێك ڕاستیمان بۆ دەربخەن ؟؟ .

تێبینی : ئەم بابەتە لە ساڵی 1996 لە ڕۆژنامەی ڕزگاری ئۆرگانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بڵاو کراوەتەوە, بە هەندێك دەستکارییەوە لێرە جارێکی دیکە بڵاوکردۆتەوە


**سەرچاوەکان**

1–ئەنفال و پەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند –عەلی مەحمود محەمەد , ڕزگاری ژمارە 31 بەرواری 1–5–1996 .

2–ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك–محەمەد حاجی مەحمود–بەشی سێ –ل69

3–هەمان سەرچاوە ل69–70 .

4– ئەنفالی خاڵخالان– مەلا شاخی–2001–ل111

5– هەمان سەرچاوەی3 ل225 .

# 4-14 چۆن کرا بە ڕۆژی ئەنفال ؟؟؟؟



ئەنفال مەرگی لەسەرخۆی گەلێك بوو , ئەو مەرگە زیاتر لە 200 ڕۆژی خایاند , ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بۆ قەسابیکردنی لادێنشیینەکان کوردستان و سوتاندنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و وشککردنی سەوزایی و کانییەکەی و نەهێشتنی مرۆڤێك بە ناوی کوردەوە , سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزبییایەك لە هەرچوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی کوردستانییان دا ,ئەوەی ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە قوتیان داو بڕیای ببڕای نەیانمان بینییەوە . هەموو ڕۆژەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی مەرگە , مەرگەساتێك بوو بۆ خۆی , ڕۆژگارەکانی دواشی ژیانی ناو مەرگەساتەکانی تۆپزاو و نگرەسەلمان , چاڵ و

پەناگای گولەبارانکردنی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان هەموو مێژوییەکی دانەبڕاون لە یەکتر , مێژووییەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و تاوان, جێی خۆیەتی یادی هەموو ئەو تاوان و کارەسات و قوربانیانە بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئەنجام درا . ئەوەی لە ناوبیا نەژیبا بێت , ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی نەبینیبێت , ئەوەی ئێش و ئازارەکانی نەچەشتبێت , ئەوەی ڕۆژی نەدابێتە دەم شەوەوە بۆ بینینەوەی خۆشەویستەکانی, ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت , ناتوانێت وینەی چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت , ئەمە لە خەونی شاعیرانە زۆر دوورترە.

هاوکات ناشتوانرێت هەموو ڕۆژەکانی ئەنفال , بکرێت بە شین و شەپپوری یاداوەرییەکانی , چونکە فەزایەك بۆ ژیان , کاتێك بۆ بیرکردنەوە و هەنگاو نان بۆ ئاینده , چرکە ساتێك بۆ بۆ ژیانی دوا ڕۆژ نامێنێتەوە , لە بیرکردنەوەی یاداوەرییەکانیش مانای لە بیرکردنی تاوان , لە یاد کردنی خیانەت , لە بیر کردنی مێژووی تاڵ و شکستەکانی ڕابردوو دێت , گەلێکیش ڕابردووی کارەساتەکانی لە بیر بکات , مانای ڕازییە بە کوشت و برەکانی داهاتووش , مانای ملکەچ دەکات بۆ زەلالەت و قەساببییەکان, لەبیرکردنی یاداوەرییەکان یانی دەست ئاواڵە کردنی داهاتووە بۆ دوبارە بوونەوەی رکارەساتە ترسناکەکان . بۆ ئەوەی داهاتوو , مەرگە سات و قەسابی کردنەکانی خۆمان لە یاد نەچێت ,بۆ ئەوەی ئێسکەکانمان لە بیابان و ناو حەوزی تێزابەکان دەرکەینەوەو تف لە حەجاج و حەجاجییەکان بکەین , پێویستمان بەوە هەیە لە ڕێگەی یاد کردنەوەی ئەنفالەوە خۆمان وەك گەلێکی بەردەوام لە پرسە و خەبات کەر بۆ دواڕۆژێکی ڕۆشن دانێین , گەلێك ئامادەیی ئەوەی هەیە ڕابردووەکان خۆی بخوێنێتەوە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو , ئێمە چاومان لە داهاتووە , بۆیە ڕابردوو دەخوێنیینەوە بۆ ئەوەی داهاتوییەکی ڕون و گەش دابینبکەین , هەرچەندە بوونی تاوانبارانی کورد لە ناومان بەردەوام ئازاری دەروونیمان زیادە کات و یادکردنەوەکانمان تاڵە کەنەوە بەردەوام ئازارمان دەدەن.

# بۆ 14-4

شێخ وەسانان و بادینان و سەردەشت یەکەم شارو ناوچە بوون ، بەر لێدانی چەکی کیمییاوی کەوتن لە کوردستان ، بەڵام هەڵەبجە کرا بە ڕۆژی شەرمەزارکردنی چەکی کیمیاوی لە کوردستان , چونکە قەبارەی زیانەکانی گەورەتر بوو لە هەمووان و تاوانەکانی ناسراوتر تربوو لەوانی پێشوتر و دواتر . هەموو تاوانێك پێویستە ڕۆژێك هەبێت بۆ یادکردنەوەی , بوونی ڕۆژێکی وا گرنگە بۆ ناوەندیدان بە یادەکە لە لایەن نەتەوەوە, هەروەها گرنگیشە بۆ بەردەوام هێشتنەوەی لە زەینی نەوەکانی داهاتوو و باشتر کردنی باری ژیانی ئەوانەی پەیوەستن بەو تاوانەوە . ئەنفالیش بەهەمان شێوە دەبێت ڕۆژێك تیایدا دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە کە 10% گەلەکەمانی تێدا کوشت و بڕکرا , نە یەکەم ڕۆژی و نە دوا ڕۆژی ئەو تاوانە , تیایدا ئەو زیانە گەورەیەی نەبووە تا دیاری بکرێن بەو ڕۆژە , گەورەترین قەبارەی کارەساتەکە لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمیانە( دیاری کردنی ئەو ژمارانەی ڕژێم بۆ ئەنفالەکانی دیاریکردووە بە کارێکی باش نازانم , بەڵکە ئەنفالەکان پێویستە بە ناوی ناوچەکانیانەوە ناو زەد بکرێن).

ئەنفالی گەرمیان کە لە ڕۆژی ڕەشی7 نیسان یادی دامەزراندنی پارتی بەعس دەستی پێکرد و لە 20-4 کۆتایی پێهات , وەك بەعس ئاسا دڕندانەترین قۆناغی ئەنفالەکان بوو , هەرچەندە لەم شاڵاوەیان چەکی کیمیاوی بەکار نەهات , بە پێچەوانەی ئەنفالەکانی دیکە , کە سەرجەمیان بە لێدانی چەکی کیمیاوی دەستیان پێکرد , وەلێ پێدەشتەکانی گەرمیان ئەو جوگرافیایە نەبوو بۆ بەرەو ڕووبونەوەی سوپای بەعس بۆیە زیانەکان گەورە بوون , لەگوندی تازە شار پێشمەرگەکانی ینك و حشع قوربانی گەورەیاندا , بەڵام نەتوانرا پێش بە هێرشەکان بگرترێت , قەبارەی سوپای هێرش بەر گەورەتر بوو لە توانای بەرەنگاربوونەوە , کە پێشر لە دوو پرۆسەی ئەنفالدا تێسرەواندنی کاریگەریان بەر کەوت , زیانی گەورەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان و لە ڕۆژەکانی 13-14-15—4-1988دا بوو , بە تایبەتیش ڕۆژی 14-4 , زیانەکانی ئەو ڕۆژانەی کارەساتەکە گەورەترین و زۆرترین زیان بوون کە بە سێیەك بۆ نیوەی کۆی قوربانیەکانی هەموو تاوانی ئەنفال مەزەندە

دەكرێت , شەوی 13لەسەر 14 ی 4 بازنەی ئابلوقەدانی خەڵك تەسككرایەوە , لە ملەسوورە زۆربەی خەڵكەكە تەسلیمكرانەوە , لە ڕۆژی 14 نیساندا لەهەردوو گوندی ملەسورەو كوڵە جۆی حاجی حەمەجان زۆربەی خەڵكی ناوچەكە پاش تەنگكردنەوەی بازنەی ئابلوقە لەسەریان هەموویانیان كۆكردەوە و ئەنفالیانیان كرد, جاشەكان ڕۆڵی كارایان هەبوو لە ئەنفالكونی ئەو خەڵكە .لەو ڕۆژەدا نزیك بە 20000 خەڵكی ناوچەكە كە بەشی زۆرییان ژن و منالْ و پیر و پەككەوتە بوون كۆكرانەوە و بە ئیڤای سەربازی و تراكتۆرو ئۆتۆمۆبێلی هاووڵاتییانی ئەنفالكراو گواسترانەوە بۆ قۆرەتوو (قۆرەتوو دەكەوێتە سنوری ناحیەی مەیدانی شاری خانەقینەوە,ئەم ناوچەیە لە دوای 1974 ەوە تەعریب كراوە) . پاشماوەی جل وبەرگەكانییان تا ناوەڕاستی نەوەدەكانیش مابوون . بەم هۆیەوە 14-4 وەك ڕۆژێك تیایدا دڕندەیی ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال گەیشتە ترۆپكی تاوان هەڵبژێردرا بە ڕۆژی ڕەشی ئەنفال, ڕۆژێك دەیان هەزار هاووڵاتی پاش ئابلوقە دان و قەتیسكردنەوەیان لە ناو بانەیەكی تەسك لە لایەن جاشەكانەوە لە پێشیانەوە فەتاح بەگی جاف تەسلیم بە بەعسكرانەوە , بۆیە كاتێك 14-4 دێتە پێشەوە دەبێت ناوی ئەو جاشانە لە پێشی پێشەوە بن بۆ دادگاییكردن

## بڕیاری حكوومەت بۆ بە فەرمی ناسینی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال

دیاریكردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال هەنگاوێكی گرنگ بوو لەسەر دیاریكردنی ڕاستە ڕێگایەكی درووست بۆ بە جینۆسایدناسینی ئەنفال و بە مێژووكردنی و باشتر كردنی باری ژیای بەجێماوەكانی قوربانییەكانی.

هەموو كات زیان هەتیوەو قازانج باوكی زۆرە , كە بۆیەكمجار داواكرا 14-4 بكرێت بە ڕۆژی ئەنفال , تەلەفزیۆنی مالآنی بۆ فرۆشرا , ڤیستیڤاڵەكانی تێكدرا , لافیتەی پێپێچرایەوە ,كەسێك خۆی ناكرد بە خاوەندی , وەلیْ كە هەولْی بێپسانەوە دەگات بە ئە نجام , لە هەموو لایەكەوە یەكێك دەلْێت منم , هەموو كات خەڵكانی بەرژەوەندخواست و هەلپەرست لە دوای هەوڵەكان ئامادەن.

**دوای 19 ساڵ له تاوانی ئه‌نفال , دوای 16 ساڵ له ئازادبوونی كوردستان , دوای 12 ساڵ له نووسینه‌وه‌ی یه‌كه‌م به‌یانی فه‌رمی كه تیایدا داواكراوه 14-4 به ڕۆژی ئه‌نفال بناسرێت , هه‌مان به‌یان له ڕۆژی خۆیدا له ڕۆژنامه‌و ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن به به‌ربڵاوی بڵاوكراوه‌ته‌وه , دوای ئه‌وه‌ی ترسی هه‌ڕه‌شه‌ی كه‌س و كاری ئه‌نفالكراوه‌كان و شه‌رمه‌زاری به‌رپرسان له نه‌هێنانه‌وه‌ی ڕوفاتی پیرۆزی كه‌س و كاره‌كانمان تۆقاندیانی, له به‌رواری 4- 4 -2007بڕیار له‌سه‌ر ئه‌وه درا 14-4 به‌ڕۆژی ئه‌نفال بناسرێت, با پێكه‌وه سه‌یری ئه‌م هه‌واڵه بكه‌ین:**

" پیشنیوه‌رۆی دوینی ۬ 2007/4/4، ئه نجومه‌نی وه زیرانی كوردستان به‌سه‌رۆكایه‌تیی نیچیرڤان بارزانی سه رۆكی ئه نجومه‌نی وه زیران و عومه‌ر فه تاح جیگری سه رۆكی ئه‌نجومه‌ن، له ته‌لاری ئه نجومه‌نی وه‌زیراندا كۆبوونه‌وه‌ی ئاسایی خۆی كرد .له‌كۆبوونه‌وه‌كه‌دا ره‌زامه‌ندیی له‌سه‌ر پرۆژه ی بریاری دانانی رۆژی 4/14ی هه‌موو ساڵیك به رۆژی ئه‌نفالكراوه‌كان وه‌رگیرا ".

# چۆن 14-4 بوو به ڕۆژی ئه‌نفال

**ئه‌و ڕۆژانه‌ی ئه‌نفال جێی گرنگی پێدانی لایه‌نه‌كان نه‌بوو , كێشه‌یه‌كی بێ خاوه‌ند بوو , كه‌متر باسی لێوه ده‌كرا , باسكردنه‌كانیشی په‌رتوبڵاو بوو . له‌و ڕۆژانه‌دا كۆمه‌ڵێك ڕۆشنبیر و هونه‌رمه‌ند و دڵسۆزی ئه‌م گه‌له , به سكی برسی و ماندوویه‌تی سه‌ختی ژیانه‌وه , له پاڵ نه‌بوونی و هه‌ژاری خه‌می ئه‌نفاله‌كانیان له كۆڵ نا و شه‌ویان دایه ده‌م ڕۆژه‌وه بۆ به مێژوو كردنی ئه‌م تاوانه و دیاری كردنی ڕۆژێك بۆی , تاكو له‌و ڕۆژه‌دا قورسایی بدرێته تاوانه‌كه و ساڵانه له كاتت و ساتی خۆیدا یاد بكرێته‌وه, ئه‌م یاداوه‌رییه نه‌مرێنرێت , له بیری تاكه‌كانی گه‌له‌كه‌مان به زیندویی بمێنێت و ببێته ڕچه‌ی ناساندنی‌له‌ئاستی جیهانیدا .**

**پێویسته ئه‌و مرۆڤه دڵسۆزانه‌ی كه هه‌وڵه‌كانیان به‌ری گرت بۆ دیاریكردنی ئه‌و ڕۆژه به ڕۆژی ئه‌نفال , ناویان بچێته مێژووی به‌گژا چونه‌وه‌ی ئه‌نفال و ئه‌نفالچییه‌كان , منیش وه‌ك**

ئاگاداریێکی زۆرتر له هەر کەسێکی دیکه له بەشێکی زۆری ئەو چالاکیانه , چەند دێرێك لەم یاده دەخەمه سەر کاغەز , به داوای لێبوردن له هەموو ئەو ناوانەی به بێ هیچ هۆکارێك له یادیانم کردووه , چونکه گەندەڵییه ڕەنجی کەسانێك بۆ بەمێژوو کردنی ئەنفال هەوڵیان داوه له یاد بکرێن , بەری ڕەنجی کەسانی دی , هەوڵ و ماندوبوونی کەسانی دی ئەگەر لەگەڵیانیشدا نەبیت له یاد بکەیت , ئەوانەی بازرگانی به کارەساتەکانمانەوه دەکەن کاریان ئەوەیه .

پاش گەڕانێکی وورد به ناو ڕۆژنامەکانی دوای ڕاپەڕین , ئەوەی کەوته بەر سەرنجم ,یەکەم وتار له سەر ئەو ڕۆژه نووسرابێت به ڕێز ڕ خ له کوردستانی نوێی ژ 66 نووسیویەتی , که دوایی بۆم دەر کەوت ناوی بەڕێزی کاك ڕەحمان خانییه. هەروەها له پەرتووکی تونی مەرگ که بەڕێز کاك زیاد عەبدرەحمان " نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا " نووسیوییەتی هاتووه (( (c.d.a.w.e) له ساڵی 1993 هەمان ڕۆژی 14-4 به ڕۆژی یادکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەنفال داناوه ویادی کردەوه . له هەمان ڕۆژی ساڵی 1994 یش دا یادی ئەو ڕۆژه له سنووری پارێزگای کەرکووك له گەرمییان کرایەوه , پێدەچێت ئەو ڕۆژه له داهاتوودا ببێته یادی قڕ کردنی به کۆمەڵی گەلی کورد ( پەرتووکی تونی مەرگ -ل9).لێرەدا نووسەر ئەگەرێك دادەنێت بۆ بوونی ئەم ڕۆژه به ڕۆژی یادی قڕکردنی به کۆمەڵی گەلی کورد نەك به کردنی به ڕۆژی ئەنفال.

ڕۆژنامەکان ئەو ڕۆژانه باشترین بەڵگه نامەن بۆ ئەوەی بزانیین ئەم هەولانەی دراون بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 به ڕۆژی ئەنفال چەند کاریگەر بونەو جێگای خۆیان گرتوەو گەیشتوونه به جێی مەبەست و توانیویانه ئەو داواکارییه بسەپێنن

ڕۆژنامەکانی کوردستان تاکو ساڵی 1995 ئ, ەو ڕۆژەیان به ڕۆژی ئەنفال نەناساندووه , با چاوێك به چەپکێك ناونیشان و مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتانه بخشێنیین

کوردستانی نوێ ژمارە660 ی بەرواری 14-4-1994 , له مانشێتەکەیدا هاتووه ( بەیانامەی م س ینك به بۆنەی کۆچی دوایی هەڤاڵ ڕەسوڵ مەمەند) , ئیتحادی ژمارە 75 ی بەرواری 16-4-1994 یش هەمان بابەته .

الاتحادی ژمارە 127 بەرواری 15-4-1995 له مانشێتەکەی هاتووه , (امریکا قلقه علی حقوق الانسان خصوصا فی اقلیم الکردی بترکیه).

ڕۆژنامەی یەكگرتوو ژمارە 86 ی بەرواری 12-4- 1996 لە مانشێتەكەیدا هاتووە : ( فرە زمانی و فرە ڕەگەزی نیشانەی گەورەیی خودان و دەبێ بپارێزرێن ، ڕیسوا بێت سیاسەتی جینۆساید و قڕ كران).

كوردستانی نوێی ژمارە 66 ی بەرواری 14-4-1992 لە مانشێتەكەی هاتووە : (سەركەوتنێك لەگەڵ ڕژێم بەهای ئەو كاغەزەی نابێت كە لە سەری مۆر دەكرێت).

كوردستانی نوێ ژمارە 962 بەرواری 14-4-1995 مانشێتەكەی بریتی بوو لە : (لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەكەی ئەكیوسدا بڕیاربوو دوێنێ ئەنجومەنی ئاسایش پرۆژەی فرۆشتنی بەشێك لە نەوتی عێراق پەسەند دەكات ) (هەرچەندە لەم ژمارەیەدا بابەتی زۆر لەسەر ئەنفال لە لاپەڕەكانی ناوەوە بڵاو كراوەتەوە , لە ناویشیاندا بەیاننامەی ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكان لەسەر 14-4 و چالاكیەكانی ڤیستیڤاڵی یەكەمی ئەنفالەكان )ی تێدایە .كوردستانی نوێ ژمارە 1262 ڕۆژی یەك شەممەی بەرواری 14-4-1996 لە مانشێتەكەیدا هاتووە( تەنها بە دادگاییكردنی ئەنفالچییەكان ڕوحی شەهیدانمان شاد دەبێت.

ئاڵای ئازادی ژمارە 68 ی بەرواری 11-4-1993 دا لە مانشێتەكەی ئەمەی خوارەوە هاتووە: بە سەرخستنی دەست پێشخەری pkk , بەرنامەی هاوبەش و هاوكاری سیاسی ,ئەركێكی نەتەوایەتییە .

بەڵام لە ئاڵای ئازادی ژمارە 166 ی بەرواری 16-4-1995 دا هاتووە (ئەنفال بەڵگەی خۆڕاگری میللەتەكەمان و دڕندەیی دوژمنانە).

لە بۆ پێشەوەی ژمارە 18 ی نیسانی 1995 (با یەكی ئایار ب كەینە ڕۆژی بەرپاكردنی بزووتنەوەی شورایی جەماوەری بۆ كۆتایی هێنان بەشەڕ و برسێتی, هاوكات بابەتێكی بچوك لە سەرەوە نوسراوە بە ناوی(كارەساتی ئەنفال و وەحشییەتی ناسیۆنالیزم).

هەرچی ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە 1920 بەرواری 14-4-1994 ە لە مانشێتەكەی هاتووە (هێژا مسعود بارزانی لە پرسەی خوالێخۆشبوو رسول مامەند ئامادە دەبێت) , هەرچەندە پەیامی برایەتی لەسەر كارەساتی ئەنفالە, بەڵام هیچ ئاماژەیەك بە بەرواری14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال نەكراوە . بەڵام لە ڕۆژنامەی وولاتی بەرواری 15-4-1996 ژمارە 151 دا هاتووە (یادی ئەنفالەكان هاندەرێكە بۆ سوور بوون لەسەر خەبات). هەرچی ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستانی ژمارە 2 ی ساڵی 48 ی ساڵی 1992 هاتووە(پرۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەی.) , هەرچی ژمارە 94ی

بەرواری 12-4-1993 هاتووە (هەلومەرجی کوردستان وا دەخوازێ کە بە پەلە هەوڵی بەستنی کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بدرێ ) . هەرچی ڕێگای کوردستانی ژمارە 104 ی بەرواری 19-4-1994دا هاتووە (بە بۆنەی یادی شەشەمین ساڵڕۆژی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان پێویستە بایەخێکی زیاد بە182000 ئەنفالکراوو کەس و کارەکانییان بدەین).

سەربارى ئەوەى بابەتى ڕێگامان لەسەر ئەنفالە . بەڵام ڕێگای کوردستانی ژمارە 152 ی بەرواری 11-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە (14 ی نیسان ساڵگەردی ئەنفالە شوومەکان و ڕەمزی گەورەترین تاوانی سەدام دژ بە گەلەکەمان )(ڕۆژی 14 نیسان ڕۆژێکی هەرگیز لە یاد نەچووە لە بیرو هزری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان . ئەم ڕۆژە هێمایەکە بۆ گەورەترین تاوان کە ڕژێمە شۆفینیستییەکەی سەدام دژ بە گەلەکەمان ئەنجامی دا ). بەم جۆرە دەبینین لە ساڵی 1994 ەوە لە مانگی نیسان باسی ئەنفال کراوە, بەڵام لە ساڵی 1995 ەوە جەخت لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال کراوەتەوە.

لە ساڵی 1994 دا لە ژێر درووشمی (دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان) کۆمیتەی باڵای یادکردنەوەی ڕۆژانی ئەنفال لە یادی 6 ومین ساڵەی کارەساتی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس . لە ڕۆژانی 14-15-4-1994 زنجیرە چالاکییەکی لە کەلار و سمود ئەنجامدا , لیژنەی سەرپەرشتی یادەکە لە لایەن مەڵبەندی کەرکوکی ینك و هاوڕێیانی حشکع-کەرکووك و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان سازدرا بوو(ك ن 18-4-1994 ژمارە 663).

لە دەڤەری گەرمیان بەڕێزان تەها سولێمان و سەردار عەبدللە و دڵشاد تالەبانی و ڕەحمان خانی و گولاڵە عەزیز چالاکانە کاریان لەسەر دۆزی ئەنفال کردکاك سەردار عەبدللە بە منی ڕاگەیاند بۆ سالی دواتر مەبەستی 1996 ە , کە بینیمان لە 14-4 لە هەولێر یادی ئەنفال بە بەرفراوانی کرایەوە, ئێمەش لەوە بە دواوە سور بوین لەسەر دیاریکردنی 14-4وەك ڕۆژی ئەنفال .

نابێت ئەوەش لە یاد بکەین لە ئایاری ساڵی 1994 شانۆگەری وەرزێکی شووم پێشکەشکرا کە بەڕێزان فەخرەدین گەرمیانی و خاڵە حەمرین و لالۆ ڕەنجە و کۆمەڵێك دڵسۆزی دیکە ڕۆڵیان تێیدا هەبوو , گوزارشتی لە تاوانی ئەنفال دەکرد, وەلێ بە ئامانجی دیاریکردنی 14-4 نەبوو بە ڕۆژی ئەنفال و لەو ڕۆژەشا نمایشنەکرا .

بانگەوازی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالەکان لە 12-3 بۆ ئەنجام دانی یەکەم ڤیستیڤال لە هەولێر بڵاو کرایەوە , کە لە 14-4 ڤیستیڤاڵەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە هۆڵی مدیا بەردەوام بوو,ئەم بەڕێزانە ڕۆلیان لە ئامادە کردن و سەرکەوتنی گێڕا ((محمد ملا سدیق –لالۆ ڕەنجدەر –سەدرەدین خۆشناو– فاتیح شەیدا– کەریم غەفور " کەریمۆك" –قادر نادر– فریاد هیرانی–ئاشتییە سور " دارا و پایزە " – هاوار مستەفا– سۆزان مامە– بدرالدین سالح– نیهاد دزەیی–کەریم سەرکەش– هەردی سەردەم –دەشتی سەردەم – مامۆستا ڕەحیم– عوسمان عمر ( عوسمانی خەتم ) –ڕزگار مام بۆرە– مامۆستا فرهاد خالید– نهاد جامی –تەحسین فایەق– ئاوارە خان–کەریم مەلا–مامۆستا کمال غەمبار– هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل– پارێزەر دلێر محەمەد شەریف –سەلاح مەزن–ئەندازیار عەبدالڕەحمان سدیق–ئازاد سلێمان و هاوکار و هێمن حەساری و شەفیق حاجی خدری و کنێر و شەوقی دارەتوو و جەماڵ شوشە و عەدنان کۆچەر و ........هتد .هەروەها بەڕێزان ڕزگار شوانی و ڕزگار حەساری و فواد سدیق لە ڕێگای کوردستان و کاك ستران عبدللە و کاك دلشاد عبدللە و ئیسماعیل عەبدالکەریم لە کوردستانی نوێ و کاك غازی حەسەن و ئیدریس شەیداهۆ و کاك بێکەس قادر لە ئاڵای ئازادی بەشداری کاریگەریان کرد لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانیانەوە , بەوەی کاریگەریان لەسەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیان دانا بۆ ئەوەی 14-4 وەکو ڕۆژی ئەنفال بناسن .

بۆ سالی دواتر جگە لەو بەڕێزانەی ناویان لە ڤیستیڤاڵی یەکەمدا هاتووە , بەڕێزان سەرهەد تۆفیق –شوان داودی –غازی حەسەن– گرفتار کاکەیی– هەردوو مامۆستای هێژاو تێکۆشەر خالید دلێر و سەعید ناکام و پاڵەی خالید دلێر و هیوا ناسیح و ئەسکەندەر جەلال و فەرحان و خالید کاوێس و ئازاد و ,,,, هتد .ئەو ساڵە بە داواکاری ئێمەو بە هاوکاری بەڕێز کاوە نادر پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان دەیان بەیاننامەیان لە 7-4 ەوە دەرکرد بە بۆنەی 14-4 و ناساندنی وەك ڕۆژی ئەنفال , لەوە بە دواوە ئیتر 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال بو بە ئەمری واقیع , کە ڕۆژێکیش بۆ ئەنفالدیاریکرا , ئیتر نەتوانرا خۆ لە یادکردنەوەی بدزنەوەو وەڵام بە داواکاری قوربانییەکانی نەدەنەوە.

ساڵی 1995 یەکەم بەیاننامە بە بۆنەی 14-4 ڕۆژی ئەنفال, ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان و دواتر دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی کوردستان دەریان کرد , هەرچەندە لە بەیاننامەکەی یەکگرتوودا هاتووە(ئێمە لە ئاوا ڕۆژێکدا کە یادی ئەو کارەساتە بێ دینی یە

دەکەینەوە ,داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان دەکەین, کە وەك تاوانە جینۆسایدییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و , جەنگە جیهانییەکان و ,کارە بە کۆمەڵ کوژییەکانی ستالین و هیتلەر , لە قەڵەمی بدەن و ,گلاّوی نیازی ڕژێم لە بەکارهێنانی وشەی (ئەنفال)ڕسوا بکەن و , وشەو زاراوەیەکی بۆ بەکار بێنن کە ڕێسی پیلانی هەڵوەشێنێتەوە – بەشێك لە بەیاننامەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بە بۆنەی یادی کارەساتی بەناو ئ ەنفالەوە – یەکگرتوو ژمارە 37 ) , دیارە ئەم هەوڵەش لە لایەکەوە دڵسۆزییە بۆ پرۆسەکە , لە لایەکی دیکەوە بەشێك بوو لە نەخشەکانی پارت و لایەنە ئیسلامییەکان بۆ سڕینەوەی وشەی ئەنفال , نە چەسپینی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا , کە لەگەڵ بەها ئاینییەکاندا ناهاتەوە .

ساڵی 1996 بەهۆی سەرکەوتن و دەنگدانەوەی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان هەوڵەکان گەورەترەوە بوون , بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان لیژنەی سەرپەرشتی لە هەولێرو شەقلاّوە دروست کرا ,هەروەها داوا لە حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان کوردستان کرا , بەیاننامە بەبۆنەی 14-4 دەربکەن و لافیتە لەو یادەدا هەڵواسن , تاکو شاری هەولێر سیمای ئازییەت باری بە خۆوە بگرێت, لە ساڵی 1996 لیژنەی کاری هاوبەشی حیزبە کوردستانیەکان لە 1-4 ەوە بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکرد لەسەر14-4 و ناساندنی وەکو ڕۆژی ئەنفال , کە لە 7 حیزبی کوردستانی پێك هاتبوون , سەرباری ئەم لایەنانەی خوارەوە : بزوتنەوی موسڵمانانی کوردی فەیلی –سەرکردایەتی شۆڕگێڕ – –حزبی اتحادی تورکمانی-–کۆمەڵەی جویلۆجی کوردستان-یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان- حزبی سۆسیالستی کوردستان-یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- دەستەیەك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی گەرمەسێر . سەرباری ئەوەی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لافیتەیان بە داواکاری ئێم ە لەناو ڤیستیڤاڵەکەو شەقامەکانی هەولێر و بەردەم بنکەو بارەگاکانییان هەڵواسی, ئەو بایاننامانەش بە سوپاسەوە بە داواکاری ئێمە دەرکراون.

لە بواری ڕاگەیاندندا ڕۆژنامەکانی وولات , ئاڵای ئازادی , یەکگرتوو , پاڵە مانشێتەکەیان لەسەر ئەنفال بوو ,ڕێگای کوردستانیش سەرتاپای بە ڕەش دەرچوو و مانشێتەکەشی لەسەر ئەنفال بوو .

ئەم بروسكەی پشتگیرییانەش گەیشتنە بەڕێوەبەرانی ڤیستیڤاڵەكە : ( دەستەی ڕۆژنامە نووسانی ئازاد–حزبی الاتحادی توركمانی–مكتب سیاسیی-- تیپی شانۆی نیشتمان–مەكتەبی پەیوەندییەكانی یەكرتووی ئیسلامی كوردستان–حزب الاخاء توركمانی–مكتب سیاسی-- بزاڤی خوێندكارو لاوانی كوردستان–سكرتارییەتی باڵا-- حیزبی ڕزگاری كوردستان–مەكتەبی سیاسی -–مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامییا– یەكێتی پیشەنگانی كوردستان– كۆمەڵەی جەنگاوەرانی پێشەنگی كوردستان– كۆمەڵەی جیۆلۆجی كو ردستان–یەكێتی بێكارانی كوردستان– كۆمەڵەی ئاوارەكانی كوردستان–ڕێكخراوی جیهانی بۆداكۆكی كردن لەمافی مرۆڤ (ئەمینداری گشتی)– بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز– هەولێر—كۆمەڵەی نەتەوەیی كورد– مەڵبەندی چوار — كۆمیتەی ڕێكخستنی هەولێری حیزی كۆمۆنیستی كرێكاری عواق—كۆمەڵەی فەرهەنگ و ئاوەدان كردنەوەی باڵەكەیاتی —یەكێتی ژنانی كوردستان– مەكتەبی سكرتاریەت —ئەنجومەنی پارێزەرانی كوردستان—تیپی شانۆی ڕۆژی نوێ —بزووتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان — كۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەكان —مەكتەبی تەنفیزی یەكێتی جوتیارانی كوردستان — خوێندكارانی یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان —كۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزبی شیوعی كوردستان —كۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر —كۆمیتەی تایبەتی مەكتەبی سیاسی ی ن ك—خوێندكارانی پەیمانگای هونەرە جوانەكان—ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان—لەشكری 16 دەشتی هەولێر ینك—تیپی شانۆی حەمرین—كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان—ڕێكخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە كوردستان (كوردستان ۆچ)—ناوەندی هەولێری پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان —ڕادیۆی ڕێگای كوردستان —ڕێكخراوی تێكۆشانی ڕەنجدەرانی كوردستان—ڕێكخراوی ڕەوتی بەلشەفیك—یەكێتی گشتی قوتابییانی كوردستان.

ئەم لایەنانەی سەرەوە ناویان هاتووە , زۆربەشیان بە هەڵواسینی لافیتە لە دەرەوەی هۆڵی ڤیستیڤاڵ بەشدارییان كرد , شاری هەولێر تا ئەوكاتە هیچ بۆنەیەكی وای تێدا نەكرابوو , ئەوەندە لافیتەی تێدا هەڵبواسرێت بە درێژیی چەندین كم بەملاو ئەولای هۆڵی میدیایا.

ئەم لایەنانەی خوارەوەش تەنها لافیتەیان لە ڤیستیڤاڵەكەدا هەبوو : ( بیرۆی پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان– یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان– ڕۆژنامەی وولات–ڕۆژنامەی شمس وەتەن–حیزبی شیوعی عێراق– پارتی كرێكارانی كوردستان–لیژنەی پارێزگای كەركوكی حیزبی شیوعی كوردستان– یەكێتی ئافرەتانی زەحمەتكێشان– لقی هەولێری حیزبی

زەحمەتكێشانی كوردستان-كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان-ڕادیۆی نیشتمان-حیزبی شیوعی كوردستان مەكتەبی سیاسی-كۆمەڵەی ڕوناكبیری كۆمەڵایەتی كەركووك- كۆمەڵەی ڕوناكبیری و كۆمەڵایەتی گەرمەسێر -مەكتەبی مافی مرۆڤی ی ن ك- یەكگرتووی خوشكانی ئیسلامی كوردستان) , هەروەها ئەم هونەرمەندانەش بە تابلۆ بەشدارییان كرد لە پیشانگای كورد قڕان: (جوهەر محەمەد خدر- دارا محەمەد عەلی- دلێر محەمەد شەریف-سلێمان شاكر-سەربەست عومەر-سۆران-جعفر محمد غریب- جماڵ مشیر-عبداڵله سەراج-فیسەڵ عوسمان-كامران - ڕزگار فقێ عبداڵله-ئازاد ئەنوەر-گرفتار كاكەیی)(چارەنووس ژمارە 2 -حوزەیرانی 1996) *.

دیارە ئاماژەم بە زۆر ناو دا , كەسانی تێدا بوو وەك بەدرەدین حەمەساڵەح و كاك نیهاد دزەیی و سەرهە تۆفیق كە زۆر ماندوو بوون , كەسانی دیكەش بەشدارییەكی ڕەمزییان كرد , پشتیوانییەكی مەعنەوی بوون بۆ یاداوەرییەكە.

هەرچەندە فیستیڤاڵی دووەم یاساغكرا و ڕێگە لە ئەنجامدانی گیردرا لە شاری هەولێر , وەلێ كە مەمنوع كرا زیاتر مەرغوب بوو , گرنگ ئەوەیە پەیامەكانی چەسپی و لە كۆتاییدا ڕۆژێك دیاریكرا بە ڕۆژی ئەنفالكراوەكانمان , لەو ڕۆژەدا خەم و داواكارییەكانمان یەك دەخەین , بە چاو بۆ ئازیزانمان دەگرێین , بە بیر ڕێگایەك دەدۆزینەوە بۆ بە یاساییكردن بە مێژووكردنی , بە دەست و دەنگێكی بەرزیش ئازایانە دەڵێین سوجەم تاوانكاران بێجیاوازی بۆ بەردەم دادگا.

- هاوكات چالاكیەكانی فیستیڤاڵی یەك و دوو بە سكانەر وەك خۆی بڵاو دەكەینەوە

** دامەزرێنەر و سكرتێری پێشووی ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان




نووسینگەی
بۆ بازرگانی گشتی


لیژنەی سەرپەرشتی



نووسەری بابەت لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆك لە ڤیستیڤاڵیەکەمی ئەنفال



یەکەم کۆبونەوە بۆ سازدانی یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفال

REGAY KURDISTAN

نرخی دوو دینارە | TUESDAY: 11 APRIL 1995 NO.152 | ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان-عێراق | سێ شەممە ١٩٩٥/٤/١١ ژمارە (١٥٢) ساڵی (٥٠)

# ١٤ی نیسان

# ساڵگەڕی ئەنفالە شوومەکان و رەمزی گەورەترین تاوانی صدام دژ بە گەلەکەمان

## ساڵگەڕی ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار رۆڵەی گەلەکەمان

رۆژی ١٤ی نیسان رۆژێکی هەرگیز لەیادنەچووە لەسەرزەرری رۆڵەکانی گەلەکەمان . ئەمڕۆژە هێمایەکە بۆ گەورەترین تاوان کە رژێمە شۆڤێنیستەکەی صدام دژ بە گەلەکەمان ئەنجامی دا .

ئەمڕۆژە رەمزە بۆ شاڵاوە بەدناوو شوومەکانی ئەنفال . ئە... شاڵاوانەی کە تیایدا ١٨٢ هەزار مرۆی ئەم دەڤەرە بریندارە ئەم کوردستانە هەمیشە خوێنی لێچۆڕاوە ، بێ سەرو شوێن بوون

١٤ی نیسانی ئەمساڵیش ، (٧) ساڵ تێپەڕدەبێ بەسەر ئەم کارە درندانەیەی رژێمی رەگەزپەرستی بەغدادا .

دەبا ساڵگەڕی سووڕانی ئەمبادە شوومە ، ببێتە بەهاندەرێک ... ئەوەی جامی رق و تۆڵەمان بڕژێنین بەسەر دوژمنە ... کانی گەلەکەمان و هەرگیز درندانەی رژێمی بەغدا ... الت لەیادنەکەین .




# ئاگاداری

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی فیستیڤالی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان ، رۆژی ٤/١٩ شانۆگەری "ئەنفالستان" لە نووسین و دەرهێنانی کاك کریم غفور پێشکەش دەکرێت .

بۆ ناسینی ئەنفال چی یەکان و بۆ ئاگاداربوون لە نهێنی یەکانی ئەنفال ئەم شانۆگەرییە ببینن لە هۆڵی میدیا کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەرۆ پێشکەش دەکرێت .

هاتن بۆ هەمووانە .

لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤالی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان

# ڤیستیڤاڵی یادی ئەنفالەکانی کوردستان




جێگیر بوونی ئەنفالەکان لە مێژووداو دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ کەس وکاریان، هەروەها ئاشکرا کردنی چارنووسی بزربووەکان ئەرکی هەموومانە.

٤/١٢ تاکو ١٩٩٦/٤/١٩

دوو شه‌مه « 8 »
دوولاپه‌ره WELAT ولات

## فیستڤالی/پ

، گەلاوێژجەباری «یەکێتی ژنانی کوردستان »، « کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان »، « یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشانی کوردستان ». د.شوکریە رەسول

یەک شەممە ٤/١٤

کاتژمێر « ١٠ » ی سەر لە بەیانی : کەرنەڤالی ڕێپێوانی شانۆیی لەبەردەم هۆڵی میدیاوە دەست پێ دەکات بۆ ناو بازارو لەبەردەم پارێزگادا کۆتایی پێ دێت. چەندین تیپی شانۆیی بەشداریی تێدا دەکات .

بەشداری کردنتان لەم کەرنەڤالە شانۆیی یە نیشانەی بەتەنگەوە هاتنانە بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئەنفاکراوەکان و باشترکردنی باری ژیانی کەس و کارەکانیان و ڕیسواکردنی ئەنفالچیەکان و ڕەتکردنەوەی ڕژیمی دیکتاتۆری بەغدا.

تێبینی: هەموو چالاکیەکان لەهۆلی میدیاو گەلەری یەکەی دایەو بەکاتی هاوینە پێشکەش دەکرێن.

لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤالی دووەمی یادی ئەنفالەکان

# فیستیڤالی

# یادی ئەنفالەکان

لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤالی یادی ئەنفالەکان لەژێر دروشمی لەپێناو ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و بەمێژوو کردنی ئەم تاوانە و زامن کردنی ژیانی ئاسوودەیی بۆ کەس و کارەکانیان ، وەک وەڵامدانەوە بۆ یادی دامەزراندنی حزبی فاشستی بەعسی بەغدا لە ٧ی نیساندا و لەهۆڵی میدیاو گەلەری یەکەمیدا لەهەولێر یادی ئەنفالەکان دەکاتەوە مەراسیمی فیستیڤالیش بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

یەک شەممە :٤/٧

کاتژێر ٣/٣٠ ی پاش نیوەڕۆ : پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان بەناوی کورد قران کە لەلایەن چەند منداڵێکی کەس و کار ئەنفالکراوەوە دەکرێتەوە .

کاتژمێر ٤ ی هەمان رۆژ : ئاهەنگی ڕێز لێنان لە ئەنفالکراوەکان پێشکەش دەکرێت کە بەچەندین سرودو شانۆ دەرازێنرێتەوە ، لەمیانی بەرهەمەکاندا بروسکەی حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان دەخوێندرێتەوە و بە پارچە شیعرو پەخشان ئاهەنگەکە دەرازێنرێتەوە

دوو شەممە ٤/٨

کاتژمێر ٤: پەیامی ئەنفالکراوێک لە قوزاخەی مەرگەوە ، عەزیز وهاب محمد

کاتژمێر ٤/٣٠ سیمیناری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ «ئەنفال لەڕوانگەی مافی مرۆڤەوە

١- کۆمەڵەی مافخوازان لەکوردستان « کەمال غەمبار »

٢- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ «محمد سالح ئامێدی»

٣- ڕێکخراوی جیهانی بۆ داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ «د. ئاسۆ عبدالله» .

سێ شەممە ٤/٩

کاتژمێر ٤

مێژووی جینۆساید لە کوردستان . «ئارام»

تاوانی ئەنفال لەڕوانگەی یاساییەوە .. «شەفیقی حاجی خدر»

چوارشەممە : ٤/١٠

کاتژمێر ٤

ژیان و چارەنووسی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان:

١- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری ئابووری کوردستان « مامۆستا احمد چاوشین »

٢- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری کۆمەلایەتی کورد . د . رشاد میران

٣- کاریگەری ئەنفال لەسەر جوتیارانی کوردستان بهاالدین نوری

٤- کاریگەری ئەنفال لەسەر باری دەروونی خەلکی کوردستان مامۆستا کریم شریف قەرەچەتانی




پێنج شەممە :٤/١١

کاتژمێر ٤: لە جینۆسایدەوە بۆ ڕاپەڕین »

- ئەنفال تاوانی سەردەم . حسن جاف

- کاریگەری ئەنفال لەسەر ڕاپەڕین . عبدالرزاق مرزنک

- جینۆساید یاخود کورد قران . غازی حسن

- باسی ئەنفال چۆن لەپەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند هاتووە علی محمود محمد

هەینی ٤/١٢

کاتژمێر ٤: کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە بۆ بەرێزان : جلیل کاکەوەیس، سەرفراز نەقشبەندی، صدرالدین خۆشناو ، ئارام سلیم ،کریم غفور.

کاتژمێر ٤/٣٠ : پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتیمان لەڕوانگەی ئیسلامەوە : ئەندازیار عبدالرحمن صدیق

شەممە ٤/١٣

کاتژمێر ٤:

چارەنووسی خێزانی ئەنفالکراوەکان لەدیدی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتا...

پەرلەمانتاری باتمانی DYP « فارس ئۆزدەمیر » دانی پیا دەنێ کە بینەرانی MED-TV لەکوردستان لەژمارە نایەن و داواش لەدەولەت دەکەن کە تەلەفزیۆنێکی کوردی لە گۆر سیاسەتی خۆی بکاتەوە .

# بانگەواز

بۆ پێکهێنانی لیژنەی سەرپەرشتی یادکردنەوەی ئەنفالە بەدناوەکان و بۆ بە مێژووکردنی ئەنفال لە کوردستان، داوا لە هونەرمەندان و نووسەران و مێژوونووسان و شاعیران و ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران دەکەین بۆکۆبونەوەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٨/٣/١٩٩٥ کاتژمێر ٣٠ر٢ ئامادە بن لە ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەم بۆ ئەوەی بەپێی ئەم خالانە بەرهەمەکانیان بەشداری ڤیستیڤالی یادکردنەوەی ئەنفالەکان بکەن. کۆڕو سیمینار ١- تەفسیری ئەنفال لە ڕوانگەی ئایین و مێژوو. ٢- مێژووی ئەنفال لە جیهان ٣- ئەنفال کردنی مرۆڤ لە هەر ولاتێك ٤- ئەنفال کردنی زمان و مێژوو، کلتوور و کەسایەتی. ٥- خوێندنەوەی چیرۆك و سەرگوزشتەی ئەنفال کراوەکان. ٦- خوێندنەوەی شیعر. ٧- پێشانگای هونەری (شێوەکار، کاریکاتێر و فۆتۆگراف) ٨- سروود و گۆرانی و مۆسیقا.

ڕێکخراوی ئاوارەو
ئەنفالەکانی کوردستان

# ڤیستیڤاڵێک بۆ لەیادنەکردنی ئەنفالکراوە ئازیزەکانمان



سەعات (٣)ی پاش نیوەڕۆی ١٩٩٥/٤/١٤ لەیادی (٧)ەمین ساڵرۆژی ئەنفالە بەدناوەکاندا، ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان بە هاوکاری ناوەندی ڕۆشنبیری سەردەم و مەڵبەندی میزۆپۆتامیاو دەستەیەك هونەرمەندان، ڕۆژی یەکەمی ڤیستیڤاڵێکی هەفتانەیان لەشاری هەولێر دەست پێکرد.

سەرەتا ڕێپێوانێك لەگۆڕەپانی کۆتری ئاشتیەوە دەستی پێکرد. سەرقافڵەی ڕێپێوانەکە نمایشێك بوو کە ئەو تاوانە دڕندەیەی بەعسە شۆڤینیەکانی تێدا بەرجەستە کرابوو.

شایانی باسە ئەمە یەکەم جارە لەشاری هەولێردا کارێکی هونەری بەو جۆرە بەشەقام و بازاڕەکاندا بگەڕێ و خەڵکی شاریش ببن بە بەشێك لەنمایشەکە.

ئەم ڕێپێوانە بەناوبازاڕی شاردا تێپەڕی تا گەیشتە هۆڵی میدیا کە لەوێدا تەواوی بەرهەمەکانی دیکەی ئەم ڤیستیڤاڵە پێشکەش دەکرێ.

لەهۆڵی میدیا، پێشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەندان بروا و گرفتار کرانەوە.

■ ئامادەکردنی : ئاسۆ ■

پاشان لەهۆڵی میدیالەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیار و ئامادەکەرەوە ڤیستیڤاڵەکە کرایەوەو وتەی لیژنە لەلایەن بەڕێز عبدالکریم سەرکەشەوە خوێندرایەوەو تێیدا ئاماژەی بۆ چەپەڵی ئەم تاوانە کردو ئەو داخوازیانەی دووپات کردەوە کە ساڵەهای ساڵە گەلی کوردستان بەگشتی و خێزانی هاووڵاتیە ئەنفالکراوەکان دەیڵێنەوەو ڕووی دەمی کردە حزبەکانی کوردستان وبەرهەڵستکاری عێراق و هەموو ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و UN و تەواوی کۆمۆسیۆنەکانی مافی مرۆڤ کە تاکو ئێستا لەئاست ئەم تاوانەو تاوانباران و قوربانیانی ئەم تاوانە بێدەنگن کە دەبێ ئیتر چارەنووسی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو لەڕژێمی فاشی بەغدا داوا بکەن.

دواتر بەیاننامەی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان لەلایەن بەڕێز کاك دلێرەوە خوێندرایەوەو بەڕێز کاك شەفیق وتاری کۆمەڵەی منالانی ئەنفالکراوەکانی خوێندەوە.

لەپاشان چالاکیە هونەریەکانی ئەم ڤیستیڤاڵە دەستی پێکرد.

سەرەتا هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر بەهاوکاری مامۆستایانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر سروودێکی پێشکەش کرد، دواتریش تیپی مۆسیقای میزۆپۆتامیا دووسروودیان پێشکەش کرد.

سەعات ١١ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووەمی ڤیستیڤاڵەکە لە هۆڵی ڕۆشنبیری سەردەم چالاکیە هونەریەکان بەردەوام بوون و پێشانگایەکی شێوەکاری کرایەوە.

ئەم پێشانگایە ٢٤ کاری هونەری بەخۆوە گرتبوو کە زۆربەیان کارەساتی ئەنفالە بەدناوەکانیان بەرجەستە دەکردو نۆ هونەرمەند بەشداریان تیا کردبوو کەبریتی بوون لەبەڕێزان ئازاد ئەنوەر و خالد کاوەیش و سۆران اسماعیل و کامەران حسن و خومار کۆیی و رزگار فەقێ و جوانەمەرگ ئەدیبە سمایل مامەو یونس سمایل مامەو رانیا عبدالرحمن.

هەر لەمیانەی چالاکیەکانی یەکەمین ڤیستیڤاڵی ئەنفالە بەدناوەکاندا سەعات چواری (٤٠)ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لیژنەی سەرپەرشتی ڤیستیڤاڵ کۆڕێکی لەژێر ناونیشانی (تاوانەکانی ئەنفال و یاسای نێودەوڵەتی) بۆ هاوڕێ "عبدالرزاق الصافی" ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق سازکرد.

ناوەڕۆکی کۆڕەکە لێدوانێك بوو دەربارەی تاوانەکانی صدام حسین دژ بەگەلی کورد لەسایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا.

شایانی باسە کە بەڕێز کەمال غەمبار کۆڕەکەی بەڕێوە بردو هاوڕێ عبدالرزاق لەکۆتایی کۆڕەکەدا بەوردی وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دایەوە کە ئاراستەی

◄ ل ٧



ڕێگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
فەتاح توفیق

سەرنووسەر
هادی مەحمود

ناونیشان : هەولێر [illegible]
چوار[illegible]

چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری / هەولێر

## لە خەوتەمین ساڵگەردی دا
# یەکەم ڤیستیڤاڵی ئەنفالە بەدناوەکان



ڤیستڤاڵی یەکەمی ئەنفالە بەدناوەکان لە ١٤/٤/٩٩٥ تا ١٩٩٥/٤/٢٠ لە هۆڵی میدیا .

– لەرۆژی هەینی ١٩٦٥/٤/١٤ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەرۆ بە رێپوانێکی شانۆیی لە "گۆڕەپانی ئاشتی" دەست پێ دەکات بەرەو هۆڵی (میدیا) .

– لەوێ ئەم چالاکی یە هونەری و رۆشنبیری یانە پێشکەش دەکرێ .

١ - پێشانگای هونەری "کارکاتێرو شێوەکار" .

٢ـ ئاهەنگی سروودو مۆسیقا .

٣ـ شانۆگەری .

– ١٩٩٥/٤/١٥ شەممە کات ژمێر (٤) عبدالرزاق صافي (جرائم صدام حسين في الانفال والحقوق الانسان) بەزمانی عەرەبی .

– ١٩٩٥/٤/١٦ یەك شەممە کاتژمێر (٤) صلاح مەزن (شێواندنی کەسایەتی کورد لە رێگای کدلتوورو راگەیاندنەوە) .

– ١٩٩٥/٤/١٧ دووشەممە کاتژمێر (٤) کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوە بۆبەڕێزان (صدرالدين خۆشناو ، کريم غفور ، فرياد حسن هيراني ، علي محمود ، فاتح شەیدا ،

– ١٩٩٥/٤/١٨ سێ شەممە عبالرحمان صديق (ئەنفال لە روانگەی ئایینیەوە) .

– ١٩٩٥/٤/١٩ چوار شەممە سیمینیارێك (مێژووی ئەنفال) .

– ١٩٩٥/٤/٢٠ پێنج شەممە کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ شاعیران : ناڵە حەسەن ، بەهرە مفتی ، ئیدریس شەیداهۆ ، خالد عوسمان ، سۆزان مامە ، بەختیار مامە (بێدار) ، سەرهەنگ ئیسماعیل ، شیعرێکی دیوانی بوخچەو بارکە ، زانا خەلیل .

## یادی ئەنفالەکان لە شەقڵاوە

لە شاری شەقلاوە لیژنەی سەرپەرشتی یادی ئەنفالەکانی کوردستان لە رۆژانی ١٢ـ٤/١٩ یادکردنەوەی ئەنفالکراوەکان ساز دەدات بەم شێوەیە:

• ٤/١٢ دەستپێکردنی فیستیڤاڵ و کۆرێك لەمەڕ ئەنفال لە روانگەی مافی مرۆڤ لەلایەن ـ ئاموستا کەمال غەمبار) و(جینۆساید یان کورد قڕان ـ غازی حەسەن).

• ٤/١٣ پێشەنگای هاوبەشی شێوەکاری و ( شێخ وەسانان لەناوەوەو دەرەوە ـ مامۆستا محمەد مەلا قادر)و (فەیلییەکان یەکەمین ئەنفالی کوردستان ـ مظفر فیلی).

• ٤/١٤ (کارەساتی ئەنفال کردنی بارزانیەکان ـ رێبەر ئەحمەد)و ( پرۆسەی ئەنفال لەکوردستان ـ نظام الدين گلی)و( ئەنفال لەروانگەی ئیسلامەوە ـ خاڵە کاوە)

٤/١٥. (پیشانگای کاریکاتێری)و (دەوری ئافرەت و ئەنفال)و (ئەوەی بەچاوی خۆم بینیم و بەسەرمدا هات ـ شیخ عەدالەت تالەبانی )

• ٤/١٦ (پاراستنی مۆرکی نەتەوایەتی لەروانگەی ئیسلام ـ ئەندازیار ـ عبدالرحمن صديق) و (ئەنفال لەبەڵگەنامەکانی ماکس ڤان دیرشتویل ـ تارق گەردی) و(پرۆسەی ئەنفال ـ سەرهەد توفیق).

• ٤/١٧ (ئەنفال لە بادینان ـ فلك الدين كاكەیی)و(تەوەری ئەنفال لە بادینان).

• ٤/١٨ پێشەنگای فۆتۆگرافی. کۆڕی شیعر.

• ٤/١٩. شانۆگەری پاشماوەکان لە ئامادەکردنی کۆمیتەی شەقڵاوەی یەکێتی خوێندکاروڵاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان.

رێپێوان بۆ سەر گۆڕی (٢٢) شەهیدانی شارۆچکەی شەقڵاو وتاری پارێزگاری هەولێر.

---

راپۆرتە هەواڵ

## لە یادی ئەنفالە شوومەکاندا

کەلار ـ لە پەیامنێرمانەوە: خانی

### لەژێر دروشمی «دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان»

کومیتەی بالای یادکردنەوەی روژانی رەشی ئەنفال لەیادی (٦)ـەمین سالەی کارەساتی کوردقرانی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس، لەروژانی ١٤و ٤/١٥ زنجیرەیەك چالاكی لەکەلارو صمود ئەنجامدا.

### روژی ٤/١٤

سەعات ١١،٣٠ی سەرلەبەیانی پیشانگایەکی شیوەکاری تایبەتی بو بەرهەمی چەند هونەرمەندیك لە هول دوانلوەندی (حەمرین) لە کەلار کرایەوەو شریتی پیشانگاکە لەلایەن هاوری کریم احمد ئەندامی م.س حشك/ع پچراو هاوریانی م.س شیوعی و لیپرسراوی راگەیاندنی مەلبەندی ریکخستنی کەرکوك (ی.ن.ك)و لیپرسراوانی عسکری و سیاسی لایەنەکان و جەماوەر ئامادەی بوون و هاوکات فلیمیکی بەلگەنامەش لە سەر ئەنفالەکان عرض کرا.

سەعات ٢ی دوای نیوەروی هەمان روژ دوو ریپیوان لە کەلارو صمودەوە، بە کەژاوەی ئەنفالەوە بەرەو گورەپانی یادەکە لەبەردەم کومیتەی ریکخستنی صمود (ی.ن.ك) دەستی پیکرد. لە کور ئاهەنگیکی ماتەمینی فراواندا کە هاوریانی م.س حشك/ع کریم احمد و پەخشان زەنگەنەو عبدالرزاق الصافی لە حشع و ماموستا علی ئەندامی فراکسیونی سەوزی پەرلەمان و کاك عادل شکور ج.لیپرسراوی مەلبەندی کەرکوك و کارگیرانی مەلبەندی (ی.ن.ك)و کاك نظام الدین گلی نوینەری (پ.د.ك)و لیپرسراوانی ناوچەکەو جەماوەریکی زوری گەرمیان و بنەمالەی ئەنفالەکان ئامادەی بوون وتاری حشك/ع و وتاری پارتی و وتاری (ی.ن.ك)و INC و چەندین لاواندنەوەو بیرەوەری و نوینەریتیکی کومەلەی خویندکاران پیشکەش کرا. بریاریش درا یاداشتیکی تایبەت بەچارەنووسی ونی ئەنفالەکان کەس و کارو پاشماوەکانیان بەرز بکریتەوە بو کومەلەی نەتەوە یەککگرتووەکان و مجلس الامن و جامعەی عربی و اسلامی و دەولەتە بریار بەدەستەکان و ریکخراوەکانی مافی مروڤ. کورەکە تا ئیوارەی خایاند.

### روژی ٤/١٥

هەر لە چوارچیوەی یادەکەدا ...

سەعات ١١ی سەرلەبەیانی بە ئامادەبوونی هاوریانی مەکتەبی سیاسی حشك/ع کریم احمد و پەخشان زەنگەنەو 7.1..

# لەیادی کارەساتە شوومە بەناو ئەنفالەکەی رژێمی بەعس

رۆژی ٤/١٤ بەشێك لە کارەساتی ئەنفالی تیدا رووی دا، ئەو کارەساتەی کەهەلقەیەك بوو لەدژوارترین نموونەی زنجیرەی پیلان ودرندایەتی و دژی مافی مروڤ و کەرامەتی مروڤایەتی، لەیادی ئەم رۆژەدا مەکتەبی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەیاننامەیەکی بلاوکردوتەوە، تیایدا هاتووە کەئەو هەنگاوە شوومەی رژێمی دکتاتور بەمەبەستی شیواندنی روخساری ئیسلام لەدلی میللەتی کورددا ناوی لی نا (ئەنفال)، لیرەدا گرنگە بلیین کەئەو کارەساتە نەك هەر فری بەئیسلامەوە نەبوو: بەلکو زادەی بیری سوسیالیزمە عەرەبیەکەی رژیم بوو، رژیم ئەگەر ریزی لەئیسلام بگرتبا ئەوا تی دەگەیشت لەکوشتنی تاقە مروڤیك لەئیسلامدا بەناهەق وەك کوشتنی تیکرای خەلکی یە، هەروەکو لەسورەتی المائدة ئایەتی ٣٢ روونکراوەتەوە، لەکوتایی بەیاننامەکەدا داوایان لەریکخراوە جیهانیە خیرخوازەکان کردوە کەگرنگی تایبەت بەم بەشە لەگیروگرفتی میللەتی کورد بدەن.

هەر بەم بونەیەوە ریکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان، بەیاننامەیەك و یاداشتیکیان بلاوکردوتەوە، لەبەیاننامەکەدا داوایان کردووە کەرۆژی ٤/١٤ بەرەسمی بەرۆژی ئەنفال بناسری و هەموو سالیك یادی بکریتەوە، هەروەها داوایان لەبەرپرسان کردووە کەژیان و گوزەرانی خیزانی ئەنفالکراوەکان دابین بکریت و دادگای بەرزی کوردستانیش (فتوایەك، یاسایەك) دەربکات بو ئەوەی چیتر خیزانی ئەنفالکراوەکان لەچاوەروانی بی ئەنجامدا نەبن.

لەکوتایی بەیاننامەکەدا چەندین داخوازی رەوای تریان پیشکەش کردوە، کەهەق وایە هەموو کەسیکی دلسوزو بەروش بەدەنگ داواکاریەکانیانەوە بچن و لەپیناوی دا هەولی بو بدەن.

هەروەها لەیاداشتنامەکەیان دا کەبو بەریز بطرس غالی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی و ریکخراوەکانی مافی مروڤ و سەرجەم ریکخراوە کارکردوەکان لەکوردستانیان ناردووە، داویان کردووە کەگوشار بخریتە سەر رژیم بو ئەوەی چارەنووسی ئەنفالەکان بەمان و نەمان ئاشکرا بکات، هەروەها داوایان کردووە یارمەتی خیزانەکان بدریت و خەتی ٣٦ بگوازریتەوە بو خەتیکی وا کەلەئیش و ئازاری ئاوارەکان کەم بکاتەوەو هەرەشەی صدامیان لی دوور بکەویتەوە، بویە داواکارن کەریگە بگیریت لەو شالاوە نوییانەی کەرژیم لەناوچەکانی ژیر دەسەلاتی دا ئەنجامی دەدات وەکو تەرحیل و توپباران و گرتن و ئیعدام کردن.



# روونکردنەوەیەک

ئێمە لە فێستیڤالی دووەمی یادکردنەوەی ئەنفالەکان بەچاکی دەزانین بۆ ڕای گشتی کوردستان و هەموو لایەنێکی ڕونبکەینەوە کە بەنیاز بووین لە ٧-١٤ /٤/ ١٩٩٦ فێستیڤالی یاد کردنەوەی ئەنفالەکان سازدەین. کە ئێمە بەرەسمی لە ڕۆژی ١٩٩٦/١/٢٧ موافەقەتی رەسمی قاعەی (میدیا)مان لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرت و بە کتابی رەسمی ژمارە ٤٧٣ی ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٤یش موافەقەتی ایژنەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ناو خۆی پارێزگای هەولێرمان وەرگرت ، تا هیچ گرفتێك نەیەتە ڕێمان. سەرباری سەردان و ڕا وەرگرتنی سەرجەم لایەنە سیاسیەکان.

بەنیاز بووین لە ڕێگەی ئەم فێستیڤالەوە هەوڵ دەین تاوان و کردەوە فاشیستەکانی رژێمی داگیرکەری بەغدا رسوا بکەین و لە هەمان کاتیشدا میللەتەکەمان و لایەنەکان لە هەموو ئەو مەترسیانە ووشیار بکەینەوە کە ڕوو بەڕووی گەلەکەمان بووەتەوە. بەڵام بەداخەوە هەر لەیەکەم ڕۆژدا لە ڕێگای (صوله بدر)ەوە گالەری هۆڵی میدیا گیراو نەمان توانی پێشانگای هاوبەشی کورد قران ساز دەین و لە سێ یەم ڕۆژیش لە ڕێگای ئاهەنگێکی کۆمەڵەی ڕۆژەوە هۆڵی (میدیا) یان لێ گرتین کە ئێمە پێش تر بەدەیان لافیتەو بەرنامەی کار خۆمان تێیدا ئامادە کردبوو.

بۆیە وێڕای سوپاسمان بۆ هەموو ئەو لایەنانەی بەشداریان کردووین (بە نووسینی لافیتە ، دەرکردنی بەیاننامە ، یارمەتی ماددی ، ڕاگەیاندن ، بەشداری کردن لە چالاکی) بە ڕای گشتی و هەموو لایەکی ڕادەگەیەنین کە ئەمە پێشێلی ئاشکرای ئازادی را دەربڕینە و بە توندی ئیدانەی ئەو هەڵوێستە دەکەین کە دوورە لە یاد کردنەوەی ئەنفالەکان لێرەدا سەرەڕای ئەو ڕێگرانەو ڕاوەستانی فێستیڤالەکەمان خۆمان هەر بەسەرکەوتوو دەزانین و توانیمان وەك پێشەنگێك کۆمەڵ ووریا بکەینەوە لە ئاست کێشەی ١٨٢ هەزار ڕۆڵەی بێ سەرو شوێنمان .

**لێژنەی سەرپەرشتی**

**فێستیڤاڵی دووەمی یادی ئەنفالەکان**

**هەولێر ١٩٩٦/٤/١٠**

لەیادی ئەنفالەکان

# یادت بەخێر عەلی محمود

دۆستێکی عەلی مەحمود



ئەو چەند ساڵەی ڕابوورد ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان، سەرباری کەمی توانای مادیو هەندێک جاریش بەربەست دروست کردن لەبەردەمیاندا، کەمو زۆر شتێکیان بۆ کەسو کاری قوربانیانی ئەنفال چ وەک خەم خواردن لەئازوقەو، چ وەک یاد کردنەوەی ساڵانەی قوربانیانی ئەنفال لە٤/١٤ بەئەنجام دەگەیاند. دەبێ ئەوەش بگوترێت یاد کردنەوەی ساڵانەی قوربانیانی ئەنفال یەکەم جار ئەو ڕێکخراوەیە وروژاندیو هیچ شتێکی تێ نیە ئەگەر ساڵانە هەر خوێناز بەڕێوەبردنی مەراسیمی یادکە بگرنە ئەستۆ بەڵام وەک بەدەردەکەوێ لەیەکەم یادکردنەوەیاندا تائیمڕۆ ئەوەندەیان پێ ڕەوا نەدیتینە.

ئیمساڵیش (لەبەر بەرژەوەندی گشتی؟!) وەک لەبەیاننامەی ئەو ڕێکخراوەدا هاتووە ئەوان بەر یاد کردنەوەیە هەڵناستنو کەچی یەکی ئاباریش واتێپەڕی کەسی تر ئەو ئەرکەی بەجێ ئەگەیاند. لێرەدا دەبێ بڵێین یادت بەخێر عەلی مەحمود (سەرۆکی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان بوو) ئیمساڵ (لەو یادەدا) ڕێکخراوەکەتانو هەولێریش بێ تۆیی پێوە دیاربوو. دەنا ئەگەر بەدڵشکاوی ڕێگای هەندەرانت نەگرتبایە بەر دڵنیا بووم لێرە خۆت تەنیاو تەنیا بەبێ هۆڵو ئەمپلیفایەر یادت هەر دەکردەوەو ویژدانی خۆت ئاسودە دەکردو ئەو خەتەست بۆ ئیمە نەدەهێشتەوە چونکە ئەگەر یاد کردنەوەکە بەکاتی خۆی نەبێ ئەوا بەکاتێکی تر ئەو تامو بۆیەی نابێ.

**ڕۆژنامەی ڕزگاری ژمارە39-4-5-1997 نوسینی شەهید ملازم چەتۆکامەران محەمەد)**

# ترازیدای مەرگەساتی ژیانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان

دوور لە گوتاری سەرچڵانەی بارگاویبە دروشمی سیاسی و سۆز و توورە بوون و هەڵچوون، دوور لە شیکردنەوەی نا ڕیالیستیانەی دوور لە واقعی کوردستان ، با پێکەوە گوزەر بکەین و شۆڕ ببینەوە بۆ قولایی ترازیدیای ژیانی کەس و کاری قوربانیان لە ئەنفالکردنەوە شۆڕببینەوە بۆ ژیانی دوای قۆناغی ئەو مەرگەساتە , لە مەرگەوە دەرچین بۆ دوای زیندوبونەوە , لە مەرگی بە کۆمەڵەوە بچینە ناو جیهانی مەرگی برسێتی و نائومێدی و خەونی چرکە ساتی گەڕانەوەی ئازیزانبچینە ناو ژیانی ئەوانەی بە ڕێکەوت لە مەرگ ڕزگاریان بوو نەکەوتنە ناو دەمی حەزیای ئەنفالەوە , شۆڕ بینەوە بە قولایی ژیانی منداڵە بێ سەرپەرشتیار و نەخوێنەوارەکان و دایکە جەرگ سوتاو ڕەش پۆشەکانی ئەنفال , وەلێ بەهۆی لە دەستدانی ئازیزان و سەروەت و سامانیانەوە , تا ئەم چرکەیەش تێکەڵ بە ژیان نەبونەتەوە , تاکو ئێستا لە سێبەری دۆزەخی ئەنفالدا دەژێ ن , لە ئەنفالی حەجاجەوە بۆ ئەنفالی برسێتی و سوکایەتی پێکردن , هێشتا سێبەری دێوەزمەی مەرگ ڕاویان دەنێت , زۆرێکیان پەشیمانن کە لە مەرگ گەڕاونەتەوە بۆ ئەم ژیانەی ناخۆشترە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان , زۆر بە ئازارترە لە نگرە سەلمان.

با پێکەوە بزانین جیاوازی ژیان و مەرگ لای ئەوان چەندە ؟ , کێشەی ئەوان کێشەی قوربانییە زیندووەکانە نەك مرۆڤی ئاسایی , ئەو قوربانیانەی بە ڕێکەوت لە مەرگی بە کۆمەڵ ڕزگاریان بوو و گەڕانەوە بۆ ناومان , بە ڕێکەوت لە دەمی شۆفەڵەکان بەربونەوە بۆ ژیان, بازنەی ژیانی ئەوان , لەو کاتەو ئێستاش مەحکوومە بە مەرگ, بگرە ئێستا وێنای زندگییان زۆر ناشرینترە لە سەردەمی مەرگەساتی ئەنفالەکان, ژیانێك دۆزەخاوی وا, تەنانەت مەرگیشی لەگەڵ خۆیدا ناشرین کردووە, مەرگێك بە بێدەنگی بەهەشتە لەچاو برسێتی و سوکایەتی, بۆیە نەفرەت لەو چرکە ساتە دەکەن , کە لە نێوان مەرگ و ژیان , ئەمان بەر بەرەی دووەم کەوتن , نەفرەت لەو چرکە ساتە دەکەن لە قەپی شۆفەڵەکان ڕزگاریان بوو, لە گولە بارانەکان دەرچوون, هاتنەوە بۆ ناو وڵاتی ڕەشپۆشان .

ئەم ترازیدیایە بە گوتاری فرمێسك ڕشتن و کڕوزانەوە , بە بانگەوازی نزا و پاڕانەوە, بە بەیاننامەی ماستاوکردن و دڵدانەوە تیمار ناکرێت , بەڵکە پێویستی بە سڕینەوەی شوێنەواری ئەو دۆزەخە

هەیە له تەواوی ژیان و زیندگییان ، پێویسته بە پاککردنەوەی برسێتی و پیشەکێشکردنی بەعسیزم هەیە .
ئەگەربەشێك مرۆڤەکانی جیهانی شارستانیەت , له قۆناغی مۆدێرنەدا بۆ بەختەوەری هەنگاویان نابێت , مۆدێرنه به دەستکەوتەکانی خۆی بەختەوەریانی کردبێت ، ئەوا ئێمەی کورد هیچ دەسکەوتێکمان له مۆدێرنه نەبینیوه , جگه له زیان و دۆزەخ و مەرگی به کۆمەڵ , چەکەکانی مۆدێرنه زاڵ بوو بەسەر قەڵا و شورا و چیاکانیشمان , که هەزاران ساڵ بوو خۆمان تیایدا حەشار دابوو , ئەو چیایانەی پرن له پلەی سەخت و لوتکەی تیژ و چڕو پڕ, مۆدێرنه کردیانی به بیابان , به چەکەکانی مۆدێرنه ژیان و شارستانیەت لەم دەڤەره پاککرانەوە بستێك زەویمان بۆ نەمایەوە توانای هەبێت له گازی کیمیاوی مۆدێرنه بمانپارێزێت , بۆیه ئەنفال و خەردەل دیاری مۆدێرنه بوون بۆ کورد .

**با بزانین ئەو قوربانیانەی لە مەرگەوە بە دیاری نابەدڵ گەڕانەوە بۆ ژیان ، ئێستا چۆن لە مەرگەساتێکی دیکە , لە گۆڕستانێکدا ڕۆوی ئۆردوگایە زندەگی دەکەن ؟.**

**ڕاستە ئەنفال بە هەشت قۆناغ ئەنجامدرا و سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە ، وەلێ قوربانیان زۆربەی ئەو مرۆڤانەن لە هەردوو بەری دەڤەری کەرکووکدا دەژیان ، ئەم ژمارەیەی خوارەوە تەنها ژمارەی ئەو ماڵانەیە, پاشماوەیان لێ بەجێماوە و سەرتاپان ئەنفالنەکراوە.**

سەرجەم ماڵه ئەنفالکراوەکانی سنووری پارێزگای کەرکووك 6370 ماڵه 1 .
لەو ژمارەیه 51,03٪ یان ئەو خێزانانەن ژنان سەرپەرشتی خێزانەکان دەکەن, هەروەها 7,89٪ ئەو خێزانانەن تەنها له منداڵی بێ سەرپەرشتیار پێك دێن : کۆی ژمارەی بێوەژنان که مێردیان ئەنفاله به گشتی (2498) بێوه ژنه به ماڵ . کۆی ژمارەی بێوەژنان که کوڕیان ئەنفالەو مێردیان مردووه (753) بێوەژنه به ماڵ . کۆی ژمارەی منداڵانی بێ سەرپەرشت (503) خێزانه و دەکاته (1375) منداڵ به ژماره 2 .
ئەنجامی ئەم ڕاپرسیانەی دەیخەینه بەردەستتان , ئاماری گشتی نین بۆ قوربانیان , بەڵکه توێژەروان له ناوچەکانی ئەنفال, له ناو گروپه هەڵبژاردەکان ئەنجامیان داوە, گوزارشت له ژیانی

گروپی جیاجیا لە کەس و کاری قوربانیان دەکات، وەلیٚ دەتوانێت وێنایەك بێت بۆ بارودۆخی ژانی ئەوانەی دیکەش لەو سەردەمەی ئەنجامدراون .

لە ساڵی 1988 , 24,5٪ ی کەس و کاری ئەنفالکراوان تەمەنیان لە نێوان 1–5 ساڵ بووە , 16,5٪ تەمەنیان لە نێوان 6–10 ساڵ و 12,1٪ تەمەنیان لە نێوان 11–15 ساڵ بوو , کۆی گشتی 53,1٪ ی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لە15 ساڵ کەمتر بوون , 23,3٪ لە نێوان 15–20 ساڵ بوو , 9,1٪ تەمەنیان لە 50 ساڵ بەسەرەوە بووە 3 .

بۆیە ئەم دوو گروپەم بە نموونە وەرگرت , بەشی یەکەم منداڵەکانی پاشماوەی ئەنفالن , سەردەمی تەمەنی چوونە قوتابخانەیان لە مەرگە ساتی هەژاری و بیٚ سەرپەرشتیاری رەبە سەر , بەشی زۆریان نەیان توانی خوێندن درێژە پیٚ بدەن یاخود لە بنەڕەتەوە بچنە بەر خوێندنەوە , تەنانەت وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا هەندێکیان بیٚ سەرپەرشتیار بوون , ئەمانە تاکو 15 ساڵ دواتر هیچ کۆمەکێك نەکراون , گروپی یەکەمیان ئێستا زۆربەی زۆریان مافی وارسی کەوتوونە , گروپی دوەمیش بەشی زۆریان مردونە.

وەلیٚ ساڵی 2002 , پاش 14 ساڵ لە کارەساتی ئەنفال, ڕێژەی تەمەن بەم شێوەیە دابەش بووە .

1–5 ساڵ 3,7٪.

6–10 ساڵ 2,2٪ .

11–15 ساڵ 13,6٪ .

16–20 ساڵ 23,3٪ .

11–15 ساڵ 13,6٪

71 ساڵ بەسەرەوە 6,4٪ .

66–70 ساڵ 3,5٪ (4) .

دەبینین زاوزیٚ و زۆربوون لە ناو ئەو خێزانانە زۆر لە ئاستێکی نزمە, منداڵی تەمەن لە نێوان 1–15 ساڵی 19,5٪ ی کۆمەڵگەن , کەچی لە ساڵی 1988 53,1٪ بوو , واتا شووکردنەوەو ژن هێنان و زاوزیٚ هاتۆتە خوار , ئەمەش دەربڕی ئەوەیە ئەنفال نەك تەنها ئەوانەی شەهیدکران لە

چالاکی کەوتن بەڵکە زیندووەکانیش ئەوانەی مانەوە بەهۆی شونەکردنەوە , ژن نەهێنانەوە , پیرێتی لە چالاکی زۆربوون کەوتن .

بێکاری وەك دەردەیەکی کوشندە, دیاردەیەکی زۆر باوە لەناو بەجێماوەکانی ئەنفالەکان لە ناو بەشی نێرینەیا 38,3٪ یان بێکارن و14,2٪یشیان قوتابین 5 . وەلێ لە ناو بەشی مێینە, کە زۆریان نان پەیداکەری خێزانەکانیانن84,4٪٪ کچ و ژنی ماڵەوەن , 4,7٪ یان قوتابین , 6,2٪ کرێکارن 6 .

تاوانی ئەنفال لە چرکەساتێکدا ژیانی ئەو خەڵکەی سەرتاپا ڕەشکر د , بەشێکیانی بەرەو مەرگ پەلکێشکرد , بەشەکەی دیکەشی بەرەو برسێتی و نەبوونی برد, با بزانین تاکو ساڵی2002 ئەو خەڵکە چۆن ژیانیان گوزەراوە :

58,5٪ خێزانەکان هیچیان وەرنەگرتووە لە هیچ لایەکەوە" دەوڵەت, حیزب, ڕێکخراوی خێرخواز , لە بەرامبەردا تەنها 3,8٪ یان 500 دیناربۆ 800 دیناریان وەرگرتووە, 29,2٪ لە 100–199 دیناریان وەرگرتووە( 7) .

شوێنەوارێکی دیکەی تاوانی ئەنفال , چاوەڕوانی ژنان بوو بۆ چارەنووسی هاوسەر و دەسگیرانەکانیان, یاسا و داب و نەرێت و هۆکاری ئابووری ڕێگر بوون لەبەردەم ژنان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەرلەنوێ ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە:

44,4٪ شوویان نەکردووە.

34,7٪ بێوەژنن .

20,9٪ خێزاندارن ( 8) .

هەرچی نەخوێندەوارییە باڵی بەسەر بەجێماوانی قوربانیانا داگرتووە بە تایبەت نەوەکانی ئەنفال بەهۆی هەژارییەوە زیاتر ئەوانی گرتۆتەوە , بۆ پیاوان :

41,1٪ نەخوێندەوارن .

0,7٪ زانکۆ .

1,3٪ گەیشتووە بە پلەی دوا ناوەندی.

12,4٪ ناوەندی ( 9) .

وەلیٚ ژنان 74٪ یان نەخوێندەوارن,1,9 ٪ گەیشتوونە بە پلەی ناوەندی( 10) .
لێرەوە بڕیاری حکوومەتی کوردستان بە بەخشینی 5 نمرە بە کەس و کار ی ئەنفالکراوەکان بۆ چوونە زانکۆ , چەندە بە بڕیارێکی بیٚ ئەرزش دەبینرێت بۆ ئەم خەڵکە , چونکە ژمارەی ئەوانەی دەیانگرێتەوە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن
وەك لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە دا , کە بەشی زۆری ژنەکان پیاوەکانیان ئەنفالکراوە , کوردەواریش یەکێکە لەو کۆمەڵگا نەرێتپارێزانەی ژنان بە پلەیەکی زۆر کەم تیایدا تێکەڵ بە بازاڕی کار بوونە , بۆیە ئەمە کێشەیەکی گەورەی لە کۆمەڵگەی کوردەواری خولقاندووە بە تایبەتیش لە حالەتی ئەنفالکراوان , چونکە بەشی زۆر ئەو خێزانانە ئێستا ژنان بەرپرس و ناندە ریانن وەك دەبینین : 72٪ ئافرەت بەرپرسی خێزانن( 11 ) .
کۆمەڵێك شوێنەواری خراپی ئەنفالەکان بووە بە کێشەی سەرەکی ژیانی ئەو خەڵکە وەك: هەژاری , تەنیایی , بیٚ خانەو لانەیی , دووری لە خێزان , ئەمانەش نەخۆشی دەروونی و جەستەیی جودا جودایان درووستکردووە , گرنگترین کێشەکانی ئەم خەڵکە بریتین لە:
39,2٪ کێشەی هەژارییە .
5,6٪ کێشەی تەنیایی .
8,8٪ کێشەی بێکەسی.
5,6٪ بیٚ خانویی.
10,44٪ دوور لە خێزان (12) .
لای ئەو خەڵکە ئەنفال بوون ئازاری زۆر زیاترە لە مەرگ , بۆیە دەبینین ئەوانەی پێیان وایە ئازاری ئەنفال بوون , واتا ئاشکرا نەبوونی چارەنووس , 55 جار زیاترە لە ئازاری شەهید بوون واتا مەرگ .
88٪ پێیان وایە ئازاری ئەنفال لە هەموو ئازارەکانی دی زیاترە
1,6٪ شەهیدی (13) .
ژیان لەناو کۆمەڵگەی ئەنفالکراوان زۆر سادە و ساکارە , ئەم خەڵکە خاوەندی سەرەتایی تر ین پێداویستی ژیان نین لە ماڵەکانیان .

**63,3% سەلاجەو تەلەفزیۆن و موبەریدەیان نییە , لە بەرامبەردا تەنها 1,9% هەرسێکیانی هەیە (14) .**

**لە خوارەوەش چەند ئامارێکی گشتی دەخەمە بەردەستتان لەسەر ژیانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بە تایبەت ژنان:**

- (96%)ی ئەو ژنانەی کە هاوسەرەکانیان بەرشاڵاوی شوومی ئەنفال کەوتن، بەبێوەژنی ماونەتەوە.
- (13.5%)ی ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال بە شێوەیەکی تەندروست لەلایەن حکومەت و هاووڵاتیانە وە کۆمەك کراون .

. بەڵام (38.4%) ئەوەیان بەئێمە راگەیاند کە بەشێوەکی زۆر کەم هاوکاری کراوین، بێ ئەوەی ئە و هاوکارییە هیچ یە کێك لە گرفتەکانمان چارە سەر بکات . لەدۆزەخی کارکردنە وە بۆ دە ستدرێژیی کردنە سەر شە رەف کە رێژەی (5.26%) ئەو کرێکارە ئافرەتانەی کە لە ئەنفال جێماون، رووبە ڕووی کێشەی تەحەرووش بوونەتەوە. هەروەها رێژەی (2.3%) ئەو ئافرەتانەش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر.

- ( 81.6%) ژنانی پاشماوەی ئەنفال، داهاتی مانگانە یان لە نێوان (200-400) دیناردایە (ئەم توێژینەوەیە کاتێك ئەنجام دراوە کە دیناری سویسری بەکار دەهات). ئەو خێزانانە شی کە داهاتی مانگانە یان لە نێوان (400-600) دیناردایە، رێژە ی (12%)ن . بەڵام ئەو خێزانانەی کە داهاتەکەیان لە نێوان (800-1000)دیناردایە، رێژەی (1.6%) پێك دەهێنن . ئەو خێزانانەشی کە داهاتەکەیان لەسەروو (1000) دینارەوەیە، تە نها رێژە ی(0.8%) پێك دە هێنن.
- ( 55.21%) کوڕان وازیان لەخوێندن هێناوە و بە کارکردن و پەیداکردنی بژێویەوە خەریکن . رێژەی ئەو کچانەشی کە ناو پۆلەکانی وانە خوێندنیان فەرامۆشکردووە و لە قوتابخانە هەڵهاتوون بۆئەوەی ئیشی ماڵە وە بکەن، رێژەکەی دەگاتە (55.7%) (15) .

# ئەی ئێستا چۆن ژیان دەگوزەرێنن ؟

**گەورەترین دەستكەوتی حكوومەتی كوردی , كە لە ماوەی ئەم 17 ساڵە , بۆ پاشماوەی ئەنفالەكانیان ئەنجام دابێت لە كوردستان بۆ حكوومەتی سلێمانی , زیادكردنی موچەی خێزانێكی پاشماوەی ئەنفالكراوەكانە بۆ 150000دیناری عێراقی كە بە نرخی بازاڕ دەكاتە 120 دۆلار , دەنگۆی ئەوە هەیە بكرێتە 300 هەزار , با پێكەوە لە سەر زاری بەرپرسانی كارگێڕی لایەنی بەرپرسەوە , بزانیین ئەو كۆمەكە بە چەند خێزان دەدرێت و ڕێژەی چەند لە هەزێنەی كوردستان دیاریكەكات** :(( بەڕێوەبەری مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال لە ئیدارەی سلێمانی ڕاپۆرتێكی زارەكی لەبارەی گرنگترین ئەو پرۆژە و خزمەتانە خستەڕوو كە لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن حكومەتەوە پێشكەش كراون، بۆ ئەمەش ئاماژە ی بەوەكرد كە موچەیەكی تایبەت بەبڕی 150هەزار دینار بۆ زیاتر لە 7 هەزار كەس و نزیكە ی 4500 پارچە زەویش بێ بە رامبەر بۆ كە سوكاری ئەنفالكراوەكان دابین كراوە ، لەبواری خوێندنیشدا ساَلانە (5) پلە دەخرێتە سەر كۆی گشتی نمرەی وانەكانی ئەو خوێندكارانی كەسوكاریان ئەنفالكراوە و لەزانكۆكاندا وەردەگیرێن ، تاكو ئێستاش زیاتر لە 316 خوێندكاری كچ و كوڕی قوربانیانی ئەنفالكراو سوودیان لێ وەرگرتووە (16) .

**واتا ئەو قوتابیانەی كەڵكیان لەو بڕیاری5 نمرەیە وەرگرتووە تەنها4,5٪ خێزانەكانن , هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە , هەندێك لەو خێزانانەی كە داهاتیان باشە , چەند قوتابییەك كەڵكیان لەو بڕیارە وەرگرتبێت.**

" بودجەی ئەمساڵی حكوومە تی هەرێم زیاتر لە 8 ملیار دۆلارە" ,**لەو ڕێژەیە** " ئیدارەی هەولێر 54% و پشكی ئیدارەی سلێمانیش 46% "

. **(17)**

**ئەمە تەنها ئەو داهاتەیە كە لە بەغداوە وەریانگرتووە , جگە لە گومرگ و باجی ناوخۆیی و بەكرێ دان و فرۆشتن و... .**

بۆ یەکەمجار لە کوردستان لە ئایاری 2002 بڕیاری ئەوە درا مانگانە 200 دیناری سویسری بدرێت بە وارسی قوربانیان , کە ئەوکات تەنها نزیک بە 10 دۆلاری دەکرد .

لە حکوومەتی سلێمانی , کۆی ئەو کۆمەکەی دەدرێت بەو 7000 خێزانە , دەکاتە 875000 دۆلار لە مانگێکدا .

حکومەتی ینك کە 46٪ لە هەزێنەی کوردی بەر دەکەوێت , بەشەکەی دەکاتە زیاتر لە 3,7 ملیار دۆلار , لە بودجەی وەرگیراو لە حکوومەتی ناوەندی کۆی گشتی نزیك تەنها 0,25٪ ی تەرخان کردووە بۆ کۆمەکی وارسی قوربانیان, بە ئەنفال و کیمیاباران و بێسەروشوێنانەوە.

هەرچی لە سنووری دەسەلاتی هەولێرە , هەرچەندە ژمارەی قوربانیان لە ناوچەی دەسەلاتی سلێمانی کەمترە , وەلێ ژیانیان بەشێوەی گشتی خراپترە, تاکو ئێستا بە فەرمی یاسایەك گشتی نییە بۆ پشتیوانی دارایی لە قوربانیان.

هەروەها جیاکاری دەکرێت لە نێوان ئەنفالی ئاسایی و ئەوانەی سەر بە عەشیرەتی بارزانی و پارتی دەسەلاتدارن , فەرموون بزانن بۆ خۆیان بۆڕاستی ئەم بۆچوونە چی دەڵێن : (( 3000 خێزانی بارزانی مانگانە 330000 دینار وەرەگرن , 1500 خێزان بە شەهید کراون , 1500 خێزان مانگانە 30000 هەژارانە وەردەگرن(18) , ئەمەی دوایی پارساڵ بڕدرا

لە ناوچەی هەولێر مانگانە660000 دۆلار , لە ساڵێکدا 7920000 دۆلار بۆ خێزانە بارزانییەکان خەرج دەکرێت , هەرچەندە بە بڕوای من ئەمە بەس نییە بۆ سڕینەوەی شوێنەواری مەرگباری 25 ساڵی ژیانیان , وەلێ بۆ 1500 خانەوادەی ئەنفالی ئاسایی مانگانە 30000 دۆلار و لە ساڵێکدا 360000 دۆلار خەرج دەکرێت , واتا جیاوازی لە نێوان ئەم دووبەشەی ئەنفالکراوان1 بە 11 ەیە , کێشەکە لەوە نییە مانگانەی بارزانییەکان زۆر بێت, مافی زیاتریان هەیە , بەڵکە کێشەکە لەوەیە کەس و کاری ئەنفالکراوەکانیان زۆر بێماف کردووە و جوداکاری دەکەن لە ناو بەشەکانی ئەنفالکراوان .

هەروەها بە پێی زانیاری بەڕێزی 1500 کەسیش کراون بە شەهید , بێشك ئەمانەش هەر ئەوانەن لە ڕێکخستنەکانی حیزبن , جیاوازی ئەمان و ئەنفالی ئاسایی بێلایەن ئاسایی لە 1 بۆ 11 کەمتر نییە .

# نموونەیەك بۆ ژیان لە هەردوو ئۆردوگای ڕزگاری و شۆڕش

با وێنایەك لە ژیانی مەرگەساتی هەنووكەیی كەس و كاری قوربانیان لە دوو ناوەندی گردبونەوەیان نیشان بدەین.

لە ئۆردوگای شۆڕش و سنووری چەمچەماڵ 2486 ماڵە ئەنفال و لە ڕزگاری و دەوروبەری 1819 ماڵە ئەنفال ژیان بەسەر دەبەن (19) .

با بزانیین باری ژیان و ئاستی خوێندەواری , نەخۆشی دەروونی و باری تەندرووستی كەس و كاری قوربانیان لەو دوو ئۆردوگایە چۆنە و چۆن ژیانی ڕۆژانە دەگوزەرێنن و چاوەڕوانی چییان لێدەكرێت لە دوا ڕۆژدا :

ئۆردوگای شۆڕش 25٪ خێزانەكانیان ئەنفالكراوە.

48٪ خوێندەوارن ,52٪ نەخوێندەوارن .

71٪ نەخۆشی درێژخایەنی هەیە.

78٪ ی بێكار .

باری ناو ماڵەوەیان:

10٪ ی باش .

0٪ی زۆر باش .

42٪ مام ناوەندیی.

47٪ خراپ.

ئەندامانی خێزان 43٪ نێر و 57٪ مێن .

بەرپرسی خێزان 74٪مێ , 26٪ نێر (20) .

لە ئۆردوگای ڕزگاری(سمود) , ئامارەكان لەمەی سەرەوە خراپتر دەرە خەن.

38٪ خێزانەكانیان ئەنفالكراوە .

40٪ خوێندەوارن .

60٪ نەخوێندەوارن.

65٪ ی نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیە.

78٪ بێکارن .

باری ناوماڵیان:

51٪ خراپ .

1٪ زۆر باش .

18٪ باش .

20٪ مام ناوەندی.

ژمارەی خێزان 44٪ یان نێر ,56٪ یان مێن .

ڕەگەزی سەرۆکی خێزان19٪ی نێرە .

81٪ ی مێ (21) .

واتا لەم دوو ئۆردوگایە بەشێوەی گشتی ژنان بەرپرسی خێزانەکانیانن

ئێستا داهاتی خێزان( نەک تاک ) لە کۆمەڵگەی ڕزگاری 207000–167000 دینارە (22 ) ..

واتا داهاتی تاک لە ڕۆژێکدا کەمترە لە 1 دۆلار , بە هەموو پێوەرێکی ئەنتەرناسیۆناڵ, بە تایبەت ئێستای کوردستان کە هێزی کڕین زۆر بەرزە و هەڵئاوسان لە ترۆپکە , ئەم مرۆڤانە زۆر لە خوار هێڵی هەژارییەوە دەژین.

کێشەی نیشتەجێبوون یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی هاووڵاتیانی کوردستان, بە تایبەت پاشماوەی ئەنفالکراوەکان.

61000 کەس لە پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بێجێگەو ڕێگەن(23 ) . واتا بە پێی هەندێک ئامار 63٪ پاشماوەی ئەنفالکراوەکان کێشەی نیشتەجێبونیان هەیە(24) .

# نەخۆشی دەروونی

ئاكامی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال , لە دەست دانی ئازیزان و سەرپەرشتیارانی خێزانەكان , هەزاران خێزانی ئەنفالی لە چاوەڕوانی درێژماوەو دڵەڕاوكێ و بێ نان پەیداكەری ماڵ بەجێ خێشت , شیرازەی خێزانەكانی هەڵوەشاندەوە.
سەیری سەرپەرشتیاری خێزان پێش و پاش ئۆپەراسیۆنەكانی ئەنفال بكەن , چۆن گۆڕانكاریان بەسەردا هاتووە :

| پێش شاڵاوەكان | | | پاش شاڵاوەكان | | |
|---|---|---|---|---|---|
| كەس | ژ | ڕێژە | كەس | ژ | ڕێژە |
| باوك | 134 | ٪89,33 | باوك | 49 | ٪32,66 |
| دایك | 12 | ٪8 | دایك | 94 | ٪62,66 |
| برا | 2 | ٪1,23 | برا | 3 | ٪2 |
| خوشك | 1 | ٪0,66 | خوشك | 2 | ٪1,33 |
| كوڕ | 1 | ٪0,66 | خوشكی باوك | 2 | ٪1,33 |

(25) .

لە ماوەی 11 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی كوردیشدا , لە گروپێكی بچووكی نزیك لە پارتە دەسەڵاتدارەكان و گروپە ئیسلامییەكان , ئەوانی دیكە بە موعجیزە ژیاون , با پێكەوە سەرنجی نەخۆشییە دەرونیەكانیان بدەین" ئامارەكان لەوكاتە ئەنجامدراون" .

## جۆری گرفت و نەخۆشییە دەرونی و عەقلییەكانی لە ئە نجامی شاڵاوەكان

## پێش شاڵاوی‌ەکان

| گرفت و نەخۆشی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دڵ تەنگی | 10 | %21,27 |
| شێت بوون | 7 | ٪14,89 |
| ترس | 5 | ٪10,63 |
| خەمۆکی | 5 | ٪10,63 |
| لە بیرکردن | 4 | ٪8,51 |
| دڵە ڕاوکێ | 4 | ٪8,51 |
| توڕە بوون | 4 | ٪8,51 |
| لە هۆش چوون | 3 | ٪6,38 |
| زۆر بیرکردنەوە | 4 | ٪8,51 |
| بێ ئومێدی | 1 | ٪2,12 ( 26 ) . |

## دوای شاڵاوەکان

| | | |
|---|---|---|
| دڵە ڕاوکێ | 98 | ٪42,42 |
| ترس | 83 | ٪35,93 |
| بێ ئومێدی | 27 | ٪11,68 |
| یاخی بوون | 13 | ٪5,62 |
| بێ بەزەیی | 5 | ٪2,16 |
| بیرکردنەوەی زۆر | 2 | ٪0,86 |
| بێزاری و گریان | 2 | ٪0,86 |

هەست بە لێقەوماو بوون 1 0,43٪ (27) .

## ئەنجام :

بە ڕزگار بوونی كوردستان لە چنگ ڕژێم , ژیانی ئەم خەڵكە باشتر نەبوو, وەك دەبینین لە ماوەی 11 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی كوردی هیچ كۆمەكێكیان پێ نەكراوە , لەو ماوەیە زۆربەی منداڵەكان تەمەنی خوێندنیان بەسەر چوو , بەساڵا چوانیش لە بێكەسی و بە برسێتی سەریان نایەوە , ئەوەشی لە ناوەڕاستی 2002 بە دواوە درا و بۆ ئەم خەڵكە كرا زۆر كەم بوو, نایتوانی پێداویستی ژیان دابین بكات , بە ڕوخانی ڕژێمیش ژیانی ئەو خەڵكە باشتر نەكرا , هەرچەندە داهاتێكی زۆر هاتە كوردستانەوە , وەلێ ئەوانی لێ بێبەش بوو.

هەروەها لە ڕوی سایكۆلۆجییەوەئەم خەڵكە زۆر ئازار دران بەوەی:

- ڕوفاتی كەس و كاریانیان بۆ نەهێنرایەوە, هیچ لایەنێك خۆی نەكرد بە خاوەندی
- هیچ لێپرسینەوەیەك لە تاوانكارە كوردەكان نەكرا , بگرە لە دەوڵەت و حیزبدا پلەی باشیان پێدرا و شوێنی شایستەیان گرت.

## سەرچاوەكان :

1-(هەرێمی كوردستان- نووسینگەی ئەنفالەكان- ژمارە 161 , بەرواری 21-7-1996) .
2-(هەرێمی كوردستان-نووسینگەی ئەنفالەكان- ژمارە 161 , بەرواری 21-7-1996) .
3- ( ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل183- سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 ) .
4-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل187- سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .
5-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل191- سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

6-( ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل192– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 ) .

7- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

8-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل196 – سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

9-(ئەنفالی گەرمیان _ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل198– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

10-. (ئەنفالی گەرمیان , پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل199– سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 ) .

11- ( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق –سەنتەری برایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 –ل234 ) .

12-( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق –سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 –ل239 ) .

13-( کاریگەری ئەنفال لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەی ئەنفالەکان _ شێخ سدیق –سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت24 – هاوینی 2002 ل 239 ).

14-(ئەنفالی گەرمیان_ پ _ یاریدەدەر ناهیدە جەماڵ تاڵەبانی ل201– سەنتەری بریایەتی ژمارەی تایبەت 24 – هاوینی 2002 ) .

---

15-Peyamner - فازڵ نەجیب / سلێمانی
لەو لێکۆڵینەوەیەی کە هەردوو خوێندکار (بەرهەم و هێمن) ئەنجامیان داوە)) .

16-http://pukmedia.com/kurdinews/4-4/news9.html .

17-http://www.hawlati.com/web/content.asp?ContentId=646 .

18-( وەڵامێك بۆ كاك عەلی مەحموود لە عەدالەت وهەر –2–9–2006–کوردستان نێت ) .

19-(هەرێمی کوردستان–نووسینگەی ئەنفالکان – ژمارە 161 , بەرواری 21–7–1996) .

20-( ڕاپرسی ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال لە 28–8–2005 بۆ 2–9–2005 ئەنجامدراوە (پاشماوەی ئەنفال) – ژیانی نوێ , ژمارە2 ,ل8) .

21-( ڕاپرسی ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال لە28–8–2005 بۆ 2–9–2005 ئەنجامدراوە – ژیانی نوێ , ژمارە2 ,ل8) .

22-( ئابووریناس محەمەد کەریم– هەولێر پۆست 30–8–2006) .

23-( هەولێر پۆست ژمارە79 بەرواری 6–9–2006 ل8 ) .

24- ( فازڵ نەجیب )( هەولێر پۆست 30–8–2006) .

25- ئەنفال– یوسف دزەیی , ل220 , هەولێر2001 , دەزگای موکریان.

26– ئەنفال– یوسف دزەیی , ل217 , هەولێر2001 , دەزگای موکریان .
27– ئەنفال– یوسف دزەیی , ل218 , هەولێر2001 , دەزگای موکریان .

# ئەنفال جینۆسایدە

SP



**سازدانی : عەلی مەحموود محەمەد**

**" ئەم چاوپێکەوتنە بە هاوکاری کاك یونس گۆران ئە نجامدراوە , کە ئەندامێکی دیاری پارتی سۆسیالست و کەسایەتییەکی دڵسۆزی کوردە و پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی هەرێمایەتی هۆڵەندییە**

**له ناوچەی ئۆتریختی هۆڵەندا, لەسەر لیستی پارتی سۆسیالستی هۆڵەندا, ژماره 9 لەو لیستە ".**

**" هاوکات ئەم چاوپێکەوتنە دەچێتە چوارچێوەیهەوڵەکانی چاك بۆ ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید . "**

**هاری ڤان بۆمڵ سیاسەتمەدارێکی ناسراوی هۆڵەندی دۆستی نزیکی کوردە , بەرپرسی فایلی دەرەوەیە لە پەرلەمانی هۆڵەندی, کەسایەتی دووەمی پارتەکەیانە , کە ئێستا 25 کورسییان لە پەرلەماندا هەیە .**
**لە دوا هەڵبژاردندا ژمارەی کورسییەکانی ئەم پارتە لە 9 کورسییەوە بەرز بوەوە بۆ 25 کورسی , ئەم پارتە بە نزیکی لە گەلی کوردەوە ناسراوە, هەر ئەم پارتەش بوو لە پەرلەمانی هۆڵەندیی پاش بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئانرات, بە هەڵوێستی ئازایانەیان توانییاندۆزی فرانس ڤان ئانرات لە قاو بدەن و گەورە بکەنەوە**

**پ: هاری ڤان بۆمڵ دۆستێکی نزیکی گەلی کوردە , نازانیین دۆستی هەتا هەتاییمانە , یان ئێستا لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەکی زۆر کورسییان هێناوەتەوە و پێویستی بە ئێمە نەماوەو کوردی لە بیر چۆتەوە ؟ , یاخود هەر دۆستمانەو ئێستا لە جاران زیاتر دەتوانێت کارمان بۆ بکات ؟**

**هاری ڤان بۆمڵ : بێگومان , بێگومان . بەو پێیەی ئێمە ئێستا کورسیمان زۆرترە لە پەرلەمان , زیاتر دەتوانین لە ئاستی ئەوروپا و نێو نەتەوەیی کار بکەین, لە ناو پەرلەمان یاخود لە دەرەوەی پەرلەمان , نوێنەرمان زیاترە , وتە بێژمان زیاتر هەیە لە پەیوەند بە کێشەی نێو نەتەوەیی ئێستا زیاتر ئەندامین لە ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی , وەك بوون بە ئەندام لە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ مافی مرۆڤ و کۆمیتەی OVSA ڕێکخراوی ئاسایش و هەرەوەزی ئەوروپی , ڕێکخراو لە ئاستی یەکێتی ئەوروپا دژ بە شەڕ و برسێتی , هەروەها ئەندامە لە ئەنجومەنی ناتۆ , .... وە لە هەوڵدانی زیاتردایین بۆ بوون بە ئەندام لە زۆر ڕێکخراوی جیهانی , لێرەوەیە دەتوانیین زیاتر بۆ بەرژەوەندی**

کورد کار بکەین و قسە بکەین, هەروەها ئێستا ئەندامێکی‌کوردمان هەیە , ئەمەش وا دەکات لە ناو جالییەی کورد لە هۆڵەندە و دەرەوەی هۆڵەندا کاریگەریمان زیاتر بێت و بەکاری بهێنین

پ : بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان , دیدو بۆچوونی پارتی سۆسیالست چۆنە ؟.

هاری : ئێمە با قسە بکەین لەسەر با رودۆخی ولاَتەکان خۆیان , دەبینین بارودۆخی ولاَتەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتر , ئەگەر سەیری کورد لە تورکیا بکەین , کێشەکەی زۆر جیاوازە لە کێشەی کورد لە ئێراق , بە هەمان شێوە لە ئێران, سوریا , بۆیە دەمانەوێت پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو ولاَتانە بەشێوەیەك ڕێکبخەین تا لە بەرزترین ئاستدا بتوانیین یارمەتی کورد هەروەها نەتەوەکانی دیکەش بدەین .

پ : چۆن دەتوانن ڕیفۆرمی ئەو ولاَتانە بکەن ؟, بە تایبەت ولاَتێکی وەك كۆماری ئیسلامی ئێران , خۆت سەردانی عێراقت کرد , ئایا توانیت کاریگەری لەسەر سەدام دابنێیت ؟ لە بەرام بەردا گرترایت لە بەغدا.

هاری : بێگومان , بیّ گومان , هەربۆیە من دەڵێم بارودۆخی ئەو ولاَتانە لەبەرچاو بگرین بۆ نموونە کوردی تورکیا , سوود لە یاسای یەکێتی ئەوروپی وەردەگرن بۆ کاریگەری لەسەر باری کورد لە تورکیا , تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا , لێرەوە دەیانەوێت باری کورد لە تورکیا باش بکەین , لە ڕێگەی سیاسەت و پیلانەکانی یەکێتی ئەوروپاوە پاڵەپەستۆ دەکەین بۆ ئەوەی مافی مرۆڤی کورد باشتر بکەین.

بارودۆخی عێراق تەواو لەمە جیاوازە , بۆ نموونە دەتوانیین بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ولاَتە یەکگوتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بارودۆخەکە بگۆڕین و کاریگەریمان هەبێت , لە سوریا ئەوروپا کۆمەڵێك پەیوەندی دوولایەنەی لەگەڵدا بەستووە , دەتوانیین لێرەوە کاریگەری دابنێین , بۆ ئێران کە لە هەمووی سەختترە, هەر ئێستا ئێران لە کێشمە کێشدایەلەگەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەسەر کێشەی چەکی ئەتۆمی و دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و کێشەی

ئیسرائیل ، بەم هۆیانەوە ئێمە بەرامبەر بە دۆزی کورد وەك پارتی سۆسیالست سیاسەتێکمان داڕشتووە لەسەر بنچینەی جیاوازی بارودۆخەکە لەو وڵاتانە

پ : گەورەترین پارتی کوردستانی بە تیرۆریست دراوەتە قەڵەم , ئایا هەنگاو دەنێین بۆ هەڵگرتنی ئەو توهەمەتە ناڕەوایە لەسەریان ؟.

هاری ڤان بۆمڵ : ئێمە ئەو لیستی ڕێکخراوی تیرۆریستانەی لە ئەوروپا هەیە بە باش نازانیین و لە گەڵیدا هاوبیر نیین , بۆ نموونە سەیری حەماس و حیزبواڵا بکەن , هەر یەکە دووباڵیان هەیە , باڵی سیاسی و باڵی سەربازی , بۆیە نابێت دیالۆگیان لەگەڵ ببڕین , وەلێ ئەگەر لیستێکی وات هەبێت وەك لیستێکی دیجیتاڵ" مەبەستی باش و خرپ , ڕەش و سپیە " ئەوە ناکرێت .
ئێمە پێویستمان بەو پارتە گەورانە هەیە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان , بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئەو وڵاتانە , هەر بۆیە پێمان وایە لیستی یەکێتی ئەوروپا بۆ تیرۆریزم شتێکی باش نییە و ڕێگرە لەبەردەم سەقامگیری سیاسی درێژ ماوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . هەر بۆیە ئێمە بە حکوومەتی خۆمان دەڵێین بڕۆن لە گەڵ حەماس قسە بکەن بزانن ئێستا چی دەڵێن , بڕۆن لە گەڵ پەکەکە قسە بکەن بزانن ئێستا چی دەڵێن, لە بەر ئەوە پێمان وایە دەبێت بارودۆخی ئەو حیزبە لە بەرچاو بگرین کە ئێستا تیایدایە, پاڵەپەستۆ دەخەینە سەر حکوومەتی هۆڵەندی سەیریهەڵوێستی ئێستای پەکەکە بکەن بۆ ئاشتی.

پ : یانی ئێوە ئامادەن وەك پارتی سۆسیالست پشتگیری لەو هەڵوێستەی پەکەکە بکەن بۆ ئاشتی ؟ .
هاری ڤان بۆمڵ : بەڵێ , بەڵێ , لە پەرلەمان باسمکرد , لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندام پرسی هەڵوێستی چییە لەسەر ئاگر بەستی ڕاگەیەنراوی پەکەکە " کەسێکی دیکە نایوێرا باسی ئاشتی لە تورکیا بکات کاتێك هاری باسی ئاشتی پەکەکەی کرد لە پەرلەمان" , ئێمە وەك پارتی سۆسیالست پێمان وایا حیزب و الله و پەکەکە و حەماس ئەو لایەنانە نین ئاخافتنیان لەگەڵدا نەکەین , هەر چەندە ئەو لایەنا نە لە لیستەکەشن , بەڵام ئێمە هەر قسەیان لە گەڵدا دەکەین , ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێت ئەوە مانای ئەوە نییە هەر لایەنێك ناوی لە لیستی تیرۆری ئەورووپیدا بوو ئێمە قسەیان لە گەڵدا نەکەین , ئێمە تەعامول لە گەڵ ئەو پارتانە بە پێویست دەزانیین بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش .

پ : بۆ ئەوەی کورد پرسی جینۆسایدکردنی خۆی وەك ئەرمەن و جولەکە لە ئاستی نێو نەتەوەیی بە ژینۆساید بناسێت , چی بکەین باشە ؟ , نموونە چی بکەین ئەنفال بە ژینۆساید بناسین وەك ئەرمەن و جولەکە , نموونە پرسی ژینۆسایدکردنی ئەرمەن لە بانگەشەی هەڵبژارد نی هۆڵەندا بابەتێکی زیندوو بوو.

هاری ڤان بۆمل : هەر ئێستا لە هۆڵەندا گفتوگۆ زۆر گەرمە لەسەر پرسی ژینۆسایدکردنی ئەرمەن, بۆ ئەوەی پرسی ژینۆسایدکردنی کورد بناسرێت بە ژینۆساید گرانە , کێشەکە لە خودی وشەی ژینۆسایدەوەیە , لە لایەك ژینۆساید پرۆسەو دیاردەیەکی وردە لە ڕوی یاسایی و پەیماننامەکان, لە ڕوی ئەو پەیماننامەیەی لە ساڵی 1948 دژ بە ژینۆساید واژۆ کراوە کە هۆڵەنداش بەشێکە لەو پەیماننامانە .

ئەگەر بتانەوێت ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت کارێکی سەختە , پێم باشترە لە بارودۆخی ئێستادا خەبات بکەن بۆ بەرژەوەندییەکان کورد , بە باوەڕی من خەبات بکەن بۆ بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی ئێستاتان, گرنگە هەندێك ئیعتراف بکرێت بە کێشەکانی ڕابردوو, وەلێ پێم وایا ئێستا گرنگترە لە ڕابردوو, پێویستە کەڵك لە ئێستا وەربگرن نەك ڕابردوو.

پ : بۆچی ناساندنی ئەنفال بە ژینۆساید گرانە , ئایا ئەنفالتان خوێندۆتەوە , هەمان پێناسی ژینۆسایدی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستانی باشوور ڕویداوە ؟ , کێشەی ئاشتی یەکەکە جیاوازە .

هاری ڤان بۆمل : هەڵەبجە کۆمەڵکوژییەکە ڕەنگە ژینۆسایدیش بێت , من ئاگادارم لە پرۆ سەی ئەنفال 180000 مرۆڤ لە ناودراوە و ژمارەیەکی زۆر گوند خاپور کراوە , من بۆ خۆم پێم باشە ئەنفال وەك ژینۆساید بناسرێت, بەڵێ بەڵێ ژینۆسایدە .

پ : وەك خۆت یان وەك پارتی سۆسیالست ئەنفال بە ژینۆساید دەناسیت

هاری ڤان بۆمڵ : وەك خۆم و وەك پارتی سۆسیالستیش , لەبەر ئەوەی بیروباوەڕی من بیروباوەڕی پارتی سۆسیالستیشە , وەلێ با بزانیین بۆ کورد ئێستا چی باشە , ئەمە بیروباوەڕی خۆمە , پێم وایە باشە کوردیش وا بیربکاتەوە , نموونە کارکردن لە سەر مافی مرۆڤ, قسەکردن بە زمانی خۆی و مافی ڕۆشنبیری , کولتووری . ئەوە مێژووە ئەتوانرێت سومبولێکی سیاسی بێت, وەلێ پێم وایا لە ئێستاوە کاربکەین و سەرەتای خەباتمان بێت , نموونە لە سوریا ناڕەزایەتی خەڵك خەڵتانی خوێن دەکرێت , لە تورکیا خەباتی کورد بە تیرۆریزم دەزانێت , خەباتگێرە کوردەکان وەك تیرۆریزم دەناسرێن و تەقەیان لێدەکرێت , من لەسەر ئەو بابەتانە لەگەڵ هۆڵەندا و یەکێتی ئەورووپا و تورکیا قسە دەکەم . هۆڵەندەش بۆ خۆی مێژوییەکی ناخۆشی هەیە لە ئەندەنوسیا و زۆر ناوچەی دیکەش . ئەوانە ئەوەلییەتی کارمە, وەلێ پێم وایا ئەو مەسەلانەی ئێستا ڕوودەدەن گرنگترن

پ : چۆن جولەکە و ئەرمەن لە ڕێگەی ژینۆسایدەوە بوون بە دەوڵەت ئێمەش ئەمەمان دەوێت.

هاری ڤان بۆمڵ : بەڵام ئەمە ناکرێت , چونکە دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆ مانای وایا ڕووبەڕوی لەگەڵ کۆمەڵێك وڵات لە ناوچەکە, با دامەزراندنی دەوڵەت بۆ خەڵکەکەبەجێبهێڵین .

پ : ئێمە داوای پشتگیری ئێوە دەکەین, بۆ دوبارە نەبونەوەی کۆمەڵکوژییەکان پێویستە ژینۆساید بە فەرمی بناسرێت لە ئاستی نێو دەوڵەتیدا , ئێستا ئاساییە بنووسین پارتی سۆسیالست دان بەوەدا دەنێت ئەنفال ژینۆسایدە ؟

هاری ڤان بۆمل : بەڵێ بنووسن پارتی سۆسیالست دان بەوەیا دەنێت ئەنفال ژینۆسایدە , ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت

پ : پرسی کەرکووك کێشەیەکی گرنگە چ بۆ کورد , چ بۆ عێراق , چ بۆ ناوچەکە , لە ڕابردودا قسەت هەبووە لەسەر ئەو پرسە, ئەی ئێستا چی دەڵێیت لەسەر ئەو پرسە گرنگە ؟

هاری ڤان بۆمڵ : کێشەی کەرکوك پەیوەندی بە بارودۆخی عێراقەوە هەیە , هەموو دەیانەوێت کەرکوکیان هەبێت , منیش لەم مەسەلەیە تێدەگەم . بەڕاستی ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق بەرهەمی تێنەگەیشتنی درووستە , بۆ نموونە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی نادرووستی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق , کە زۆر لایەنی تێدابوو, هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی نادرووست لە بارودۆخەکە , نموونە هێرشی نادرووستی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق, دوو خاڵی نادروستی تێدابوو:

1 – هێرشێکی نادرووستیان کردە سەر عێراق کە نابوایا بکرابایا , لەبەر ئەوەی جیهان پشتگیریان نەکرد .

2 – پلانێکی درووستیان نەبوو بۆ تەعامل لەگەڵ بارودۆخەکە , کە کاتێك سەدام لابدەن دوایی چی بکەن لە عێراق, ئەمەش بۆتە هۆی ئەم بارە ناڵەبارە.

پێم وایە دەبێت کەرکووك بەبەشێك بمێنێتەوە لە عێراق , تورکیاش نابێ دەست وەربداتە کێشەی کەرکووکەوە , ئەگەر چی تورکمانیش هەن لە ناوچەکە . پێویستە سەروەری و یەکپارچەیی عێراق بپارێزرێت , پێویستە عێراقیش بە یارمەتی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی ببێتە وڵاتێکی فیدراڵی

پ : ئایا داکۆکی لەوە دەکەن کەرکووك بگەڕێتەوە چوارچێوەی هەرێمی کوردستان ؟.

هاری ڤان بۆمڵ : من قسە لەسەر دەستووری عێراق ناکەم , وا دابنێ ئەگەر ئەم بڕیارە ببێتە هۆی درووستبوونی کێشەی مرۆڤی ئەوە لەو کاتە کێشەیە , من کێشەم لە گەڵیدا دەبێت , من مەسەلەی مافی مرۆڤ وەك مەسەلەیەکی هەمەگیر دەبینم, ئەو دەستوورەو دابەشکردنی دەسەڵات لە ناو عێراق و ئەوەی ڕیفراندۆمی لەسەر بکرێت بۆ من هیچ ناگەیەنێت , ئەگەر لە هۆڵەندا ڕاپرسییەك بکرێت ئێمەش لە عێراقییەکان ناپرسین هەڵوێستیان چییە لە سەری

پ : با بێینە سەر تەوەرێکی دیکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندە بە پارتەکەتان و بیروباوەڕەکانی پارتی سۆسیالستەوەیە , ئەویش ئەمەیە , ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر دەبن , کەچی دەبینین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەپەکان سوورییەکەیان کاڵتر دەبێتەوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن ؟ .

هاری ڤان بۆمڵ :من لەگەڵ ئەوە تەبا نیم , لەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ هەژاران هەژارتر و دەوڵەمەندان دەوڵەمەندتر و سوورییەکان کاڵتر بنەوە , سەیری ئەمەریکای لاتین بکەن , سەیری فەنزویلا بکەن , سەیری پۆلیڤیا و شیلی بکەن , چەندین وڵاتی دی لە ئەمەریکای لاتینی کە سورتر دەبن , کەم ڕەنگتر نابن وەك تۆ دەڵێیت بەڵکە ئەوانە سووری تەواون , وەلێ سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا یان ئەوروپا دەبینین چەند پارتێك بە تایبەت سۆسیال دیموکراتەکان کەمڕەنگتر دەبێت , وەلێ پارتی سۆسیالست وەك خۆی ماوە.

پ : بەڵام ئەو پارتانە باوەڕییان بە دکتاتۆری پرۆلیتاریاینە , با نموونەیەك زیندوو بێنینەوە پارتی سۆسیالست پارتێکی ماوی بوو, کەچی ئێستا لەگەڵ سستەمی پاشایەتی خۆی ڕێك دەخات ؟

هاری ڤان بۆملَ : ئێمە وانەمان لە ڕوخانی ئەزموونی سۆڤییەت وەرگرت , هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی کراوەن , وەلێ ئەوەی لە ئەمەریکای لات ین دەیبینین پێم وایا ئەلتەرناتیڤی سرسیالستییە , ئەلتەرناتیڤی سۆسیالیزمە بۆ نیولیبریالیزمی ئەمەریکی و ئەوروپی, پێم وایە ئەوە ئەلتارناتیفی سۆسیالستییە , من پێم وایا لە هۆڵەندا یارتی سۆسیالست لە هەموو پارتەکانی دیکە سۆسیالستترە , دیارە مەبەستم ناو هۆڵەندەیە , لە ئاستی ئەوروپا کۆمۆنیستە ئەرتەدۆکسەکانیش هەن , ئەوان دورتر ناڕۆن لە مارکس و ئەنگلز و لینین , وەلێ ئێمە پاش ڕوخانی سۆڤییەت زیاتر گۆڕانمان بەسەر خۆمان هێناوە.

پ: ئەو خۆگونجانە کالبەنەوەکەیە.

هاری ڤان بۆملَ : درووستە , پێویستە لە هەڵەی کەسی دیکە شت فێر بین و خۆمان چاك بکەینەوە .

پ : بەیانی لە هۆڵەندە هەڵبژاردن کرا , لە 75 کورسی زیاترتان هێنایەوە , بە تەنیا حکوومەتتان پێك هێنا , چی دەکەن ؟.

هاری ڤان بۆملَ: ئەگەر دەسەڵاتمان بە دەستەوە گرت سۆسیالیزم بەڕێوە دەبەین لەم وڵاتە

پ : شاڤێز تەنها ئاوو کارەبای خۆماڵی کرد, بازاڕی پشك لەو وڵاتە زیاتر لە 18,6٪ دابەزی , ئەی ئێوە چی لە شەل و فلیبس دەکەن ئەگەر ڕایان کرد لە وڵات, چ کاریگەرییەك لە ژیانی خەڵك دەکات ؟ .

هاری ڤان بۆملَ: ئەو کۆمپانیانە نێو نەتەوەیین, من مەبەستە کەرتی خزمەتگوزاری گشتییە , شەل بارەگای لە هۆڵەندایا وەلێ قازانج لە هۆڵەندا ناکات, لە بەشەکانی دیکەی جیهان قازانج دەکات.

پ : ئەی ئەگەر بانکی ئابن ئەمرۆ هەڵات ؟

هاری ڤان بۆملَ: من مەبەستم ئەوە نییە بانکەکان بکەین بە کەرتی گشتی

سادات قەرەبلووت , ژنە پەرلەمانتاری32 ساڵەی کورد خێزانەکەی پێش لە دایك بوونی لە ناوچەی دەرسیمەوە هاتوونەتە هۆڵەندا , لە دوا هەڵبژاردنی هۆڵەندی لە لیستی پارتی سۆسالستدا بوو بە ئەندام پەرلەمان, لە لیستەکەی خۆی سێیەم دەنگی هێنایەوە.

پ : سادات قەرەبلووت, ژنێکی نەناسراو بوو لە ناو لیردان , ڕاگەیاندنمان بۆی کرد, دەنگمان بۆی کۆکردەوە , هەزاران کوردی دانیشتووی ئەم وڵاتە دەنگیان بۆیدا , ئێستا بزانیین ئەم ژنە کوردە چیمان بۆ دەکات ؟

سادات : سەرەتا سوپاستان دەکەم , خۆش بوو ئەو هەموو خاڵکە هاوکاری منتان کرد , شانازی بەوەوە دەکەم کە کور دم , وەلیّ من کاتی هەڵبژاردن داکۆکیم لە بەرنامەی پارتێك کرد , بە هاوکاری ئێوە وایکرد خەڵکانێکی زۆر دەنگ بۆ ئێمە بدەن ئێمە گەورە بکات, من لە پەرلەمان کار دەکەم دژ بەو سستەمە بوەستمەوە کە خەڵك هەژار دەکات

یەکێك لە کارە پڕ بەهاکانی پارتی سۆسیالیت ئەوەیە هەموو کات ئاکسی دەکات, ئێمە هەموو کات هاوکاری خەڵك دەکەین, ئێمە بەبیّ خەڵك ناتوانین ئەوکارانە بکەین

پ : تۆش نەبیت پارتی سۆسیالست ئەوکارانە هەر دەکات , ئێمە پێویستمان بەوەیە پشتگیری لە کێشەی کورد بکەن , لەگەلّ پرۆسەی ئاشتی بن لە تورکیا , دژ بە لە قەنارە دانی کوردەکان بن لە ئێران .... .

سادات : من لەگەلّ هاری لەسەر ئەوبابەتانە زۆر قسەمان پێکەوە کردووە, من بەختم هەیە لێرە لە دایك بوومە , ڕاستە دایك و باوکم لە تورکیاوە هاتوونە , بنەچەم کوردە , ئەوانە هەموو سەرمایەی منن , ئەمانە هەموو سەرمایەیەکی کولتوری پڕ بەهان بۆ من, وەلیّ من زۆر باوەڕم بە ناسیۆنالیزم نییە , ئەوەی من زۆر حەز دەکەم بیکەم ئەوەیە پردێك درووست بەم لە خیلالی ئەو سیاسەتە نا دروستانەی کە ئێستا بەڕێوەیدەبەن لە ناو خەڵك , ئەوەی من خەباتی بۆ دەکەم ئاشتییە لەناو خەڵك , ئەو هەڵبژاردنە وەك ئەندامێکی پارتی سۆسیالست بەشدار بم لێی کە ئاشتییە لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نێو دەوڵەتی . بێگومان دەمەوێت پشکداری بکەم و بەشی خۆم بەشدار بم لەو پرۆسەیە , دۆزی ئاشتی لە تورکیا و جەنگی عێراق پەیوەندییان بە منیشەوە هەیە , لەم ڕووەوە من وەك کەسێك لە پەیوەند بە کێشەی ئەنتەرناسیۆنالەوە , بەڵام ئەوەی بەلای منەوە

گرنگترە داهاتووی خۆمانە لەم وڵاتە, داهاتووی منداڵەکانمانە, ڕاستە کێشەی دەرەکی گرنگە بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگترە کێشەی ناوەکییە, بۆ ڕاستکردنەوە ی ئەو کێشانەی لێرە ڕوو دەدەن, ئێمە لێرە هەموو هەوڵ دەدەین پێکەوە کۆمەڵگایەك بنیات بنێین
لە ژوورەوە " ناو پەرلەمان" وا هەست دەکەم کێشەی کورد کێشەی منە.
حەز دەکەم ئەوانەش زیاد بکەم, من لێرە لە دایك بوومە , من نەوەیەکی دیکەم جیا لەوانەی ئێستا هەن , من کەسێکم نوێنەری خەڵکم دەمەوێت کێشەی ئەو خەڵکانە چارەسەر بکەم هەموو با هەوڵ بدەین پرۆسەی ئاشتی بەرینە پێشەوە , چارەسەرییەك بدۆزینەوە بۆ کێشەی کورد لە تورکیا , بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە ڕێگای دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت لە تورکیا
پ : ڕاستە تۆ ئەندام پەرلەمانی لە هۆڵەندا , بەڵام تۆ وەك کوردێك ئیحساست لە ئەندام پەرلەمانەکان دی زیاترە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد, چونکە تۆ کوردیت.
سادات : بێگومان باشتر لە کێشەکان تێدەگەم. بێگومان پەیوەندی بە ئیحساسی کەسییەوە هەیە, بێگومان وەك ئیحساسێکی شەخسی کەسانێك لە تورکیا کە ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە بکەن ڕێگە بە کولتورەکەیان نادرێت کێشەیە بۆ من , هەروەك چۆن خەڵکانی بیانی لێرەوە دەخرێنە سوچێکەوە و بە پەراوێز دەکرێن , بۆیە پێویستە هەموو پێکەوە چارەسەر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە , بێگومان ئەم مەسەلەیە تەنها بۆ کورد نا بەڵکە بۆ گروپی دیکەش, پێویستە پێکەوە چارەسەریان بکەین , پێویستە هەموو پێکەوە کاری بۆ بکەین, بەڵام نابێت کێشەکان بگوازینەوە بۆ ئێرە , ئەو کێشانەی ئەوێ نەهێنین بۆ ئێرە , ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزینەوە ئەوا سیاسەتی نیولیبراڵەکان سەردەکەوێت لێرە . هەوڵبدەین جیهانە جیاوازەکان پێکەوە گرێبدەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای خۆمان باشتر بکەین, هاوکات پێم باشە چارەسەری دیموکراتیانە بدۆزینەوە بۆ کێشەکان لە وڵاتەکانی دیکە.
پ : هەڵوێستت چییە لەسەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا , بە تایبەت ئەو پەیامەی هاری ڤان بۆمڵ بانگەوازی بۆ کرد ؟
سادات :من بە تەواوی لە گەڵیدا هاوڕام.
پ : پەیامت چییە بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ؟

سادات : لەگەڵ هەمان وتەکانی هاریم, ئەوەی هاری باسی کرد لە گەڵیدام, نامەوێت وتەکانی هاری دوبارە بکەمەوە .دەبێت بانگەوازی ئاشتی بقۆزرێتەوە , زۆر تورکیش لەگەڵ ئاشتیدان , بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەکانی تورکیا لە ژێر سایەی دەستورێکدا بە مافەکانی خۆیان بگەن

پ : داوەت کراویت بۆ کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە, ئەگەر بچیتەوە بۆ کورستان , پەیامت چی دەبێت بۆ ئەو خەڵکە ؟.

سادات : ئیحساسێکی خۆشە , پێم خۆشە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچمەوە , کە چومەوە ئەوجا پەیامم دەبێت , هەروەها ئارەزوومە ڕۆژێك لە ڕۆژان بچمەوە دەرسیم بۆ میهرەجانی مەنزوور

# کورتە سەرنجێك سەبارەت بە " کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد" هەولێر

لە ڕۆژانی 26 بۆ 28 کانوونی دووەمی2008 لە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان بە چاودێری و لەسەر ئەرك و خەرجی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کۆنگرەیەك بەناوی " کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد" بەسترا , بۆ کۆنگرەکە زۆر میوانی بیانی و کورد لە هاندەران و ناوخۆ جگە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە داوەتکران , بەشێکیان لێکۆڵینەوەو بابەتیان هەبوو و پێشکەشیان کرد , هەندێکیشیان تەنها داوەتکران و گوێگری بێدەنگ بوون , هەندێکیان چالاك بوون بەشێکیشیان میوانی خاترداران بوون , لە ڕووی ژمارەی بەشداربووانی بێگانەوە ئەمە یەکە مجار بوو لە کوردستان کۆنگرەیەکی لەو چەشنە بۆ ئەو پرسە ببەسترێت ئەوەندە میوانی بیانی تێدا بەشدار بێت , هەرچەندە ئەو میوانانەی هاتبوون سەرتاپایان پێشتر یان سەردانی کوردستانیان کردبوو یاخود سەروکاریان لەگەڵ کوردو کێشە کەیدا هەبوو و دۆستی نەتەوەکەمان بوون و لایەنگری دۆزەکەین , یاخود لەو بوارەدا ڕاستەوخۆ کاریان کردبوو , لەو کۆنگرەیە ئەوەی کرا پێکەوە ئەو دۆستانە کۆکرانەوە و زیاتر ئاشنا کران بە چەند لایەنێکی ئەو تاوانانە کە بەرامبەر بە کورد ئەنجامدرابوون .

من نایەمە سەر ئاستی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە , یان دوبارەکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی پێشتر ئێمە لێیمان گرت , یاخود ئاستی زانستی توێژینەوەکان چونکە زۆریان نەبینیووە , ئەوەی لێرەدا دەمەوێت لەسەری بووەستم تەنها چەند سەرنجێکە لەسەر ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکەیە , دیارە ئەو ڕاسپاردانە خوێندنەوەو لێپیچینەوەیان ئەرکی هەموو تاکێکە بە کەسانی وەکو ئێمەشەوە " ناوەندی چاك " کە بایکۆتی ئەو کۆنگرەیەمان کرد , چونکە بەشی زۆری ئەو خاڵانە پێشتر بۆیەکە مجار ئێمە بەرزمان کردۆتەوە و خاوەندی بووینە و کارمان لە سەریان کردووە.

لە بەشی پێشکەکی بەلاغی کۆتایی هاتووە : " لە پاش دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە کۆتایی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعس کە ئاکامەکەی

ئەو تاوانانەی بە تاوانەکانی جینۆسا ید پێناسە و جێگیرکرد هەروەها بڕیاری دادگای هۆڵەندی لە کۆتایی پرۆسەی دادگاییکردنی بازرگانی هۆڵەندی فرانس فان ئانرات لە داگای تاوانی هۆڵەندی کە تاوانەکانی ئەنفالی دیسانەوە بە جینۆساید ناساند".
لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم لە دادگای هۆڵەندی و لە پرۆسەی دادگاییکردنی بازرگانی چەکی کیمیاوی فرانس ڤان ئانرات , تاوانی ئەنفال بە ژینۆساید نەناسێنراوە , بەڵکە وتراوە ئاماژە هەیە بۆ ئە نجامدانی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد بە پێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دادگای هۆڵەندی نەهات بڕیاری خۆی لەسەر ژینۆسا یدکردنی گەلی کورد بە تاییەت بدات لەو دادگایە , بەڵکە لە ڕێگەی بەشداری فرانس ڤان ئانراتەوە حوکمی خۆی داوە لەسەر تاوانەکە .
ئێستاش بڕیارەکە لە قۆناغێکدایە بە حەقیقەتەکان ناچنەوە تەنها گۆڕانکاری داهاتوو لە سەر سزاکانە , واتا بڕیار لەسەر جۆری تاوانە کە نییە , بەڵکە لەسەر سزاکانە , تەنها شانسێکی بچووک لە بەرەمدا ماوە ئەویش کە زۆر کەمە جارێکی دیکە دۆسییەکە بگەڕێتەوە دادگای سەرەتایی و سەر لەنوێ بڕیاری لەسەر بدەنەوە , ئەمەش لە هۆڵەندا بە دگمەن ڕویداوە , منیش وەك تاك و ڕێکخراو کە چەندین ساڵ ڕە نجمان بۆ ئەو کەیسە دا و شوێن پە نجەمان تا ڕادەیەك پێوەی دیارە سەربەرزی زیاتر بوو بۆمان ئەو ئاماژەیە درووست بوایە, وەلێ هەموو کات کار لەسەر ڕاستییەکان بکرێت باشترە.
ئەم کۆنگرەیە وەکو کۆنفرانس و کۆنگرەکانی پێشووتر کە لە کوردستان و هاندەران بەستراو ن , زۆر بڕیار و ڕاسپاردەی باش و ڕاسپاردەی پڕ کەموکوڕی هەبوو , ئەمەش تاییە تمەندی هەموو کۆنگرەیەکی کوردییە کە هەموو کات بۆ ڕیزبەندیکردنی ڕاسپاردە ئەوپەڕی سەخاوەت دەنوێنرێت تاکو کەموکورییەکانی دەسەلات و کۆنگرەکە لە ژێر ساباتەکەی بشارنەوە وەلێ کە دوا نا نخواردن خورا ئیتر کەس ئەنفال و ئەنفالکراوانی لە بیر نامێنێت و ڕاسپاردەکانیش لەناو ڕۆژنامەکان زەرد دادەگەڕێن , ئەوجا هەستدەکرێت ئەو نانانەی خوراون هەموو دڵ و جەرگی ئەنفالکراوانە . لە خوارەوە بە کوورتی لەسەر پشکێك لەو ڕاسپاردانە دەوەستین , ئەوانەش بریتین لە :"کۆنگرە داوادەکات بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق تایبەت بە کەیسی ئەنفال وەکوو خۆی و لەسەر بنەمای دادوەری جێبەجێ بکرێت"
ئەمە داوایەکی باشە و دەکرێت داواکراوەکە ڕونتر بوایە , هاوکات ڕاشکاوەنەش ڕەخنە لەوانە بگرتریایا سازش بە بڕیارەکانی دادگاوە دەکەن و ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی , ئەو لایەنانە

کێن جێبەجێیان ناکەن؟؟, ئەگەر بەغدایە ؟, لە بەغدا کێ ڕێگرە؟؟ , ئەی بەشێك لە بڕیارەکانی دادگا ئەوانە دەگرێتەوە دەستیان هەبووە لە ئەنفالکردنی خەڵك و ئێستا لە کوردستان پارێزراون ؟ بۆ ئەوانە دادگایی ناکرێن ؟ , کۆنگرەیەك لە ژێر چاودێری بەرزترین دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن لە کوردستان ڕێك خرابێت کە سەرەك وەزیرانە بۆچی ئەو تاوانبارانەی لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتین دادگایی نات ؟ , ئایا هەر قۆناغەکە ناسکە ؟ , ئایا کۆنگرە نایتوانی ڕاستەوخۆ داوا لەم بەشەی دەسەڵات بکات ئەو بەشەی تاییەت بەو جێبەجێی بکات , کە هەر ئێستا زیاتر لە 300 تاوانکاری لەو چەشنە لە کوردستاندا هەن , ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بیویستایە لە کۆنگرەی قسە و گیرفان دەرچێت دەبوایا بەدوای هەنگاوی پراتیکتردا بوایا لەم بوە .

لە برگەیەکی دیکەدا دەڵێت "دەوڵەتی عێراق یاسایەک دەربکات بۆ داوای لێبوردن لە قوربانیەکانی تاوانەکانی ئەنفال و کەسوکاریان بکات" ئەم داواکارییە داواکارییەکی ڕەوایە و ناوەندی چاك یەکەم لایەن بووە لە چەند ڕۆژەی دوای ڕوخانی بەعسەوە ئەم داوایەی بەرزکردەوە , پێش ناوەندی چاکیش بەشێك لە چالاکڤانانی هەڵگری ئەم پەیامە بوون , ئەم داواکارییە هەرچەندە لە دەستپێکدا بە تاییەت دوای ڕوخانی بەعس و لە دوای کەمپینە سەرانسەرییەکەی 21-8-2006 ی ناوەندی چاك زۆر لایەن دژی بوون , وەلێ ئێستا ئەو داخوازە بووەتە داوایەکی ڕەواو کۆمەڵگەی کوردی بە پارتە سیاسییەکانیشەوە لە گەڵیدان , دیارە کۆنگرە گێڕان ئەمڕۆ بۆ خۆیان لایەنێکی گرنگی دەسەڵاتن لە عێراق , دەشێت لە یادی ئەنفالەکان کە 14-4 ئەم داوایە بە فەرمی بەرز بکەنەوە و بیخەنە بەردەست و پشتیوانی بکەن و بیکەنە بواری پراتیکەوە و واژۆی بکەن . لە بڕگەیەکی دواتردا هاتووە :"پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای یاسایی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر ئەو کۆمپانیا و دەوڵەتانەی چەکی کۆکوژیان بە ڕژێمی سەددام فرۆشتووەبەمەبەستی لێپێچینەوە و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم یاسا ".

لیژنەی پسپۆری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بە دادگا گەیاندنی کۆمپانیاکان کارێکی بەجێیە , لەویش باشتر کردنەوەی دەزگاییەکە بۆ ئەو مەبەستە نەك لیژنە , ئەمەش لە پێش هەموو لایەکەوە ئەرکی حکوومەتی کوردستانە پێی هەڵبستێت, پێویستە سلکی دیبلۆماسی کوردی و دەزگا هەوالگری و باز رگانییەکانیش هاوکاریکەر بن لەو بوارە , بە بڕوای من ئەم هەوڵانەی ئێستا دەدرێن بۆ بە دادگاییگەیاندنی کۆمپانیاکان کاری مەزنن لێ هەموو نەزۆکن بوونیان کارێکی زۆر پۆزەتیفە و مایەی ستایش و دەستخۆشییە, هەر هەنگاوێکی لەم چەشنە سەرکەوتنی کارەکانی بە

بێ بەشداری دەسەڵاتی کوردی و عێراقی , پاڵپشتی سیاسی ڕۆژئاوا لێی بە ئە نجام گەیشتنی محاڵە , دادگاییکردنی کۆمپانیاکان گرێدراوە بە قەرەبووکردنەوەی نەتەوەیەکی ژینۆسایدکراو, ئەمکارە بە پەرتەوازەیی و دروشمدان نابێت بۆ سینگ دەرپەڕاندن , کێن ئەوانەی زیانیان لێکەوتووە لە ئە نجامی هێرشی کیمیاوی ؟ , چۆن قەرەبوو دەکرێنەوە ؟؟ , کێ قەرەبووەکە وەردەگرێت ؟؟؟ ... ئەم پرسیارانە هەموو پێویستیان بە وەڵامی ژیرانە هەیە , پاشان ئەگەر نموونەی قەرەبووی جولەکە و ئاڵمان نموونەی باڵای ئێمە بن , لەوەدا هەڵەین , چونکە ئەڵمانەکان خۆیان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری چەکی کیمیاوی بوون لە هەمان کاتدا , هاوکات جولەکەکان لەگەڵ تەوژمی سیاسەتی باڵادەستی جیهانیدا بوون , بۆ خۆشیان هێزێکی سیاسی و ئابووری زەبلاحن لە جیهان , بۆ کورد پێچەوانەکەی ڕاستە و کۆمپانیا عێراقییەکانیش بەرهەمهێنەری مادەی کیمیاوی نەبوونە , هەر ڕێژەیەی لە کۆمپانیایەك و بە ناوێکەوە کڕدراوە بۆ بەکارهێنان لە بوارێکدا " پیشەسازی , کشتوکاڵ " , خودی ئەو مادانەش فرە بەکارهێنەرن لە بوارەکاندا , لە کاتی کڕین و واژۆ کردنی سەفقەکان زۆر فرت و فێڵکراوە لە بڕگەی دواتردا هاتووە

:"دووبارە ئاوەدانکردنەوە و بنیادنانەوەی ژێرخانی ناوچە ئەنفالکراوەکان داواکاریەکی خێرایە کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی"

ئەمەش داوایەکی ڕەوایە بەڵکە پێویستە داوا بکرێت لە بودجەی کوردستان بەشێك گرنگ بۆ ئەو دەڤەرانە تەرخانبکرێت , هەرچەندە تاکو ئێستا ئەم ناوچانە وەك داخیلەیەك بوونە بۆ پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان , ئایا ئەم بانگەوازەش ناچێتە ئەو چوارچێوەیەوە ؟؟ , ئایا ئەم کۆنگرەیەش وەك ریکلامێکی بازرگانی ڤا زانج ویست کەڵکی لێوەرناگرترێت لەو بوارە ؟ , داهاتی کوردستان لەو ئاستەیە بە بێ پشت بەستن بە دەرەوە لایەك لەم خەڵکە لێبکرێتەوە و بارودۆخی دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە باشتر بکرێن .ئەو داواکارییانەی ڕوو لە حکوومەتی هەرێمە بەشێکی لەمانەی خوارەوە پێك هتوونە :

"پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە دۆستانی گەلی کورد لە رۆژئاوا بۆ پەیوەندیکردن بە ناوەندەکانی بڕیاری جیهان وەکوو نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێتی و پەرلەمانی ئەوروپا پەرلەمانەکانی وڵاتانی جیهان دادگای جینائی لاهای رێکخراو و سەنتەرەکانی جینۆساید بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە هەوڵەکانی بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ئەنفال لەسەر ئاستی جیهانی."

بۆ به ئه نجام گەیاندنی ئەم خاڵە کە زۆر پڕ بایەخە بۆ کارکردن لەسەر دۆزی ژینۆسایدی گەلی کورد سەرخستنی و بە پراتیککردنی پێویستی بە " تیمی پارێزەر , تیمی پسپۆری تایبەت , ئۆفیس و کارمەندی بەردەوام, دابینکردنی ئیمکاناتی هاتوچۆو پەیوەندیکردن, ....."هەیە , بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دەزگایەکی نەتەوەیی لە دەرەوە دا بمەزرێت بۆ کارکردن لەسەر دۆزی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد . لە بڕگەیەکی دیکەدا هاتووە: " دابینکردنی مەقاعدی خوێندن لەلایەن هەردوو حکومەتی کوردستان و عێراقەوە بۆ منداڵانی قوربانیەکان بۆ درێژەدان بە خوێندنیان لە زانکۆ و دانشگاکانی ئەوروپا و جیهان ." پێشتریش لە نووسینی دیکەدا داخوازی لەم چەشنە و داواکاری وام بە داوایەکی زۆر پووچ و بێمانا چ لە ڕوی زانستی یاخود لە ڕوی پراتیکییەوە زانیوە , لە ڕوی زانستییەوە بەخشینی پلە لە سەر بنچینەی کوڕە شەهید و کوڕە ئەنفال و کوڕە مەسئول و کوڕە بازرگان تاوانە بەرامبەر بە زانست دەکرێت لە ڕوی پراتیکیشەوە ئایا ڕێژەی چەندی منداڵانی ئەنفالکراو ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە ؟؟ , ئایا ئێستا ئەنفالکراوان پاش 20 ساڵ لەو تاوانە منداڵی لەم تەمەنیان هەیە تاکو لە داهاتوودا بچێتە زانکۆ؟؟؟؟ تاکو ئێستا ئەم داواکارییە بە مەکرەمەیەك پێیان بفرۆشرێتەوە وەك پێش ئەم کۆنگرەیە کرابوو , ئایا منداڵانی ئەنفالکراوان ئیمکانی ئەوەیان هەبووە بچنە قوتابخانە نەك زانکۆ تا کورسی زانکۆیان بۆ تەرخانبکرێت ؟ . لە بڕگەیەکی دواتردا هاتووە : "پەلەکردن لە چارەسەرکردنی دۆخی هەڵواسراوی یاسایی ناجێگیری کەسوکاری قوربانیەکان".ئەم خاڵە لە ساڵی 1995ەوە داوا دەکرێت , بۆ یەکەمجار ئەمداواکارییە بە فەرمی درایە بەردەست بەڕێز جەوهەر نامیق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان , ئەبێت چ تاوانێك بێت پاش 13 ساڵ هەر بەمشێوەیە مابێتەوە و ساڵ لە دوای ساڵ نەوە لە دوای نەوە هەر داواو داوا بکرێتەوە , پێم وابێت ئەو ڕێگرییە یاسایانە ئێستا دەبێت وەك تاوان سەیر بکرێت بەرامبەر بەو کەسانەی یاسا ڕێگر بووە لەوەی ژیانی نوێ دەست پێبکەنەوەو نەیانتوانیوە مافەکانیان بە دەست بهێنن , جێی خۆیەتی داوای قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە , وەڵام نەدانەوە بە داواکاری خەڵك , گوێنەگرتن لێیان تایبە تمەندی دەسەڵاتی کوردییە , کە بەشێکی باشیان لە خودی ئەم کۆنگرەیە بەشدارن , باشتر بوو کۆنگرە لێپرسینەوەی لە گەڵیان بکردایە نەك بۆ جارێکی دیە داوا بکاتەوە.
دواتر لە ڕاسپاردەکاندا هاتووە:

"دابینکردن و چاکردنی باری ژیان و گوزەرانی کەسوکاری قوربانیەکان ". لە سەرویەنی کۆنگرەکە کەسوکاری ئەنفلکراوانی شۆرش هاتنە سەر شەقام و داوای باشتر کردنی باری ژیانیان کرد , ئەوان زووتر پێش ئەوەی بۆینباغ لەملانی بەشداربوو لە کۆنگرە لە سەر خوانی ڕازاوەی دوورو درێژ ژیانی ئەوانیان لە پێش چاو بێت , ژنانی عەبا ڕەش بە خۆیان و دەموچاوە چرچ و پڕ لە غەمگینیەلثنیانەوە پەیامی خۆیان گەیاند . چاککردنی باری ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان داوایەکی لاستیکییە , دەکرێت ئەو چاککردنە زۆر شێوە بە خۆوە بگرێت , من لە لای خۆمەوە پێم وایە دەبێت لەسەر ئەم بنچینانە بێت:

- جیاوازی نەکرێت لە نێوان شەهیدان, پۆلێنکردنیان هەڵوشێنرێتەوە.
- بەشێك دیاریکراو لە بودجەی کوردستان بۆ باشتر کردنی باری ژیانی ئەم توێژە بەرینە لە خەڵك تەرخان بکرێت.
- بە پێی هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی کۆمەڵ مانگانەیان زیاد بکرێت
- خانوو بۆ هەموویان دابین بکرێت .ئەوجا ڕاسپاردەکان دێتە س ەر خاڵێکی گرنگ کە

دادگایی تاوانبارنە :"لێپێچینەوەی یاسایی لەو کەسانەی ڕۆڵی خراپیان بینیوە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفالدا"

ئەم داواکارییە هیچ ڕاشکاوویەکی تێدا نییە, لە فەرهەنگی سیاسیدا پێی دەوترێت سازشکارانەیە , ڕۆڵی خراپ بینین ئایا چی دە گەیەنێت ؟؟ , ئەمە داوایەکی لاستیکییە تەنها بۆ شاردنەوەی ئەوانەیە کە بەشداربوونە لە ژینۆسایدکردنی کورد , وە هەر ئێستا ئەو حکوومەتەی بە گیرفانەکەی کۆنگرە سازکراوە دەپارێزرێن , بە گیرفانی حکوومەت کۆنگرە بۆ قەڵەمبەدەستانی قوربانیان ساز دەکرێت بە چەك و ه یز و دەسەڵاتی هەمان دەسەڵات تاوانکاران دەپارێزرێن , لەوانەیە سایەق شۆفەلێك و کۆستەرێك ڕۆڵی خرا پیان هەبووبێت لە پرۆسەی ئەنفالدا , بە ئە نجامدانی سوغرەیەك , لەولاوە فەتاحا ئاغامان هەیە لە شەوێکدا لایەك لە کوردستانی بە ئەنفالکردن داوە , ڕۆڵی خراپ بینین و شەریك بوون لە ژینۆساید دوو شتی تەواو جیان لە یەکتر, بە بڕوای من ئەم خاڵە تەنها بە ناچاری داوا کراوە , لە ژێر پاڵە پەستۆی دەرەوە بە تایبەت ناوەندی چاك , کە پێشتر بانگەوازی بۆ کردبوو کە لەو کۆنگرەیە لەسەر ئەم خاڵە ناوەستن و ناچنە سەری , دەبوایا بە ڕاشکاوانە باسی دادگاییکردنی سەرجەم تاوانکاران بکردرایا بە بێ جیاوازی , تەنانەت ئەگەر کەسانێك لە ناو هۆڵی کۆنگرەش بووبێتن. هەروەها لە بری لێپێچینەوەی یاسایی

باسی دادگایی بکردرایا شەفاف ترو بێ تەمومژاویتر بوو , پاش دەرچوونی لیستی تاوانکاران و پاش ئەو هەموو جموجۆڵەی ناوەندی چاك و کەسانی شەرافە تمەند نایان بۆ دادگایی تاوانکاران ,بوونی داوایەکی لەم چەشنە بۆ بە نجکردنی خەڵك زیاتر نییە و زۆر گاڵتەجارانەیە . پاشان کۆنگرە گێڕەران جەستەی زامداری بریندااران دێتە بیریان و دەڵێن :" دانانی پلانێک بۆ پاکردنەوەی جەستەی قوربانیان و ژینگەی ناوچە کیمیابارانکراوەکان" دانانی پلانێك بۆ پاککردنەوەی جەستەی قوربانیان بە دووشێوە دەکرێت, کرداره هەنووکەییەکان ئەویش بە ناردنە دەرەوەی دەستبەجێی بریندااران بۆ دەرەوە کە ئیمکانی هەیە , هەروەها بە کردنەوەی تاقیگا و نەخۆشخانە لە مەودای دووردا , دیارە پلان دانان بێ ورد کردنەوەو لێپرسینەوە کاری کۆنگرەو کۆنفرانسە کوردییەکانە, خاڵ ڕیزکردن سانایە وەلێ بە پراتیکردنی گرانە, دەبێت ئەو پلانە چی بێت بۆ پاککردنەوەی جەستەی قوربانیان ؟, کێ دای بنێت؟ , کەی دادەنرێت ؟ , چۆن بە پراتیك دەکرێت ؟, تا ئەم پرسیارانە وەڵام دەدرێنەوە بریندارانی چەکی کیمیاوی یەك بە دوای یەك سەر دەنێنەوە . لە دوایدا ڕاسپاردە دێتەسەر مۆزەخانە :" دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی کە هەموو پاشماوەکانی ئەنفالکراوەکان وەکوو کەلوپەل و جلوبەرگ و وێ نە و ناسنامە و دۆکومێنت ...هتد تیایدا بپارێزرێت.

ئەمە داواکارییەکی ڕەوایە و زۆرجاری دیکە لە زۆر بۆنەو یاددا باسکراوەو داوا کراوە نەبوونی ئەم مۆزەخانەیە یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتی کوردییە کە پێویستە لە زووترین ماوەدا پڕ بکرێتەوە , دیارە درووسکردنی ئەو مۆنمێنتانە لە دەرەوە هەر لەم بیرۆکەیەوە سەرچاوەی گرتووە , درووستکردنی ئەم مۆزەخانە و مۆنمێنتانە بۆ ئەنفال و ژینۆسایدی کورد بێ دەستتێوەردانی حیزب و لە خزمەت بە گۆڕینی مێژوو هەنگاوێکی زۆر باش و دەسکەوتێکی نەتەوەیی گەورەیە بۆ کورد , دەتوانرێت لە دەرەوە وەك ناوەندێکی گرنگی کوردی کەڵکی لێوەربگرترێت بە تایبەت بتوانرێت لە واشنتۆن و برۆکسل بکرێنەوە , ئەم دەسکەوتە بۆ نەوەکانی داهاتووە بۆیە زۆر گرنگە تەواوی کۆمەڵگەی کوردی کاری بە کۆمەڵی بۆ بکەن . پاشان ڕاسپاردەکانی کۆنگرە دێتە سەر خاڵێك ی هەستیاری دیکە ئەویش مۆنمێنتی ئەنفالە :" لە کشت ناوچە ئەنفالکراوەکان مونومێنتی یادەوەری و ڕەمزی دروست بکرێت ".

یەکێك لە ئاما نجەکانی بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە ناوەڕۆکدا لە پێنا و و ئەوە بوو قورسایی ئەنفال و یاداوەرییەکانی بە مۆنمێنتی سەرەکی ئەنفالەوە بهێنرێتە هەولێر وەك پارسەنگییەك

بۆ هەڵبجە , لە ناوچەکانیش مۆنمێنتی تایبەتی بچووك بچووکی خۆیان درووست بکرێن , ئەم خاڵە ئاما نجی خۆی پێکا , وەلێ هێشتا تۆپەکە لە گۆڕەپانی کەسوکاری قوربانیان و خەڵکی گەرمیان و ڕێکخراوەکانی دژ بە ژینۆسایدی کوردده چە ندە مکووڕ دەبن لەوەی مۆنمێنتی سەرەکی ئەنفال لە دەڤەرەکانی ئەنفال بێت نەك ناوچەکانی دەسەڵات.

خاڵێکی زەق و کەموکوڕییەکی ڕونی کۆنگرەکە ئەوەبوو هەڵە بجە گرنگی خۆی پێنەدرا , هاوکات هەرچەندە کۆنگرە بە ناوی ناساندنی ژینۆسایدی خەڵکی کوردستان بوو وە لێ لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە کەسی بۆ بانگ نەکرا و توێژینەوەی لەسەر پێشکەشنەکرا , تەنانەت ئێمە ئەم داوایەمان خستە بەردەست یەکسەر ڕەتکرایەوە. خاڵێکی دیکە ئەویش بوونی وشەی گەلە لە ناوی کۆنگرەکە , بێماناترین دەستەواژە بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە بواری پرسی ژینۆسایددا , چونکە ئەوەی ژینۆسایدکراوە نەتەوەیەك بووە بە ناوی کورد, ناوەندی چاکیش پێویستە بە وشەی گەلدا بچێتەوە لە ناونانەکەی.

## سەرچاوە:

راگەیەندراو و راسپاردەکانی کۆتایی کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد

" بە چاودێری رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ؛ لە رۆژانی 26–28ی کانونی دووی 2008 و؛ لە ژێر دروشمی "بەرەو بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد" ؛ لە هەولێری پایتەخت کۆنگرەی بەجیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد؛ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕ و شا رەزا و توێژەرەوە و سیاسەتمەداری بیانی و عەرەبی و کورد لە وڵاتانی جیهانەوەبەڕێوەچوو.. "

# ئەنفال لە دۆزی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا
# بڕیارە گەورەو بەناوبانگەکەی ژمارە4008

ئەنفال بریتی یە لەو جەنگانەی ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانیان لە لەحزەیەکدا بەرەو مەرگ برد و سەرتاپایان گۆڕی , ئەو لەحزەیە بۆیە بووە بە مێژوییەکی زۆر گرنگی کورد , بۆیە هەمیشە باسکردنی زیندوییەتی تێدایە و پرسیاری نوێ لەگەڵ خۆی بەرهەم دەهێنێت , چونکە دەروازەیەکی سەرەکییە بۆ دواڕۆژ و ئایندەی کورد , بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی داهاتوو , بە ئێسکەکانی , بە پەڕۆ ڕزیوەکانی عەرعەری , بە قەبارەو ژمارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی , سنووری داهتووی کوردستان دیاری دەکەین.

کەی ئەنفال وەك ئەوەی خۆی هەیە بەفەرمی ناسێنرا لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی , ئەوکات دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەبێتە کاری ڕۆژ.

18 ساڵە ئێمەی پاشماوەی قوربانیان لەو کارەساتانە جیا نەبوینەتەوە , بەردەوام لە گەڵیدا دەژێین , لەناو نهێنی و یاداوەرییەکانی ژیان بەسەر دەبەین, لەبەر گەورەیی کارەساتەکە, هێشتا نەمان توانیووە کۆدی نهێنی ئەو ڕوداوانە بکەینەوە.

ئەنفال پرۆسەی وێرانکردنی دڵڕەقانە و کوشت و بڕی بێ بەزەییانەی سەرجەم گەلێك بوو , جوگرافیای ناوچەکان ناوی ئەنفالەکانی دیاری دەکرد نەك لێبوردن لە بەشێك گەل , لە دوای هەر ژمارەیەکی , سەدان گوندی کاولکراو , سەدان هەزار دۆنم دارستانی سوتاو و کێڵگەی فەرامۆشکراو , دەیان کانیاوی تەقێنراوی لە دوای خۆی بەجێ دەهێشت

ئەو خەڵکە ئەوەندە ژیانیان بێ ئاسۆ بوو , ئەوەندەی بیریان لە نانە ڕەقێك و پەرداخە ئاوێك دەکردەوە , نایانتوانی بیر لە مەرگی خۆیان و, خۆشەویستەکانیان بکەنەوە, ناخۆشترین شت لە ژیاندا ئەوەیە مردنی خۆت و ئازیزانت پێ بێنرخ بێت

پرسیارە گەورەکانی ئەنفال بەردەوام لە ناخی پاشماوەی قوربانیانەوە , لە ناو ئێسك و پرۆسکی ڕوفاتەکانیانەوە زیندوو دەبنەوە, وەڵامیان لێمان دەوێت, ملیۆنان پرسیار بە سەدان هەزار ئاواز و سەمفۆنیاوە لە گەروییاندا ڕیزی گرتوەو چاوەڕوانی دەرچونە دەرەوە دەکەن.
ئەم جیهانە گەورەیەی ناوی ئەنفالە, خاوەند 1 وێنەی بەجێ ماو نییە , بەڵام خاوەند سەدان گۆڕی بە کۆمەڵە , هەموو نهێنییەکانی, هەموو حەقیقەتەکانی تاکو ئێستاش لەژێر لمەوەیە
دادگایی فرانس ڤان ئانرات سەلماندی ئەو ئەنفالەی هێشتا خۆمان پەیمان بە گرنگی نەبردووە , چونکە وێنەیەکی تاوانەکەمان بە دەستەوە نییە بەرزی کەینەوەو پڕ بە پێستی تاوانەکە بێت, زۆر لەوە گرنگترە هەستی پێ دەکەین , ئەگەر وێنەشی نەبێت 182000 چیرۆکی لە پاش خۆی بەجێهێشووە .
لە دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا , ئەنفال بە تایبەتی ژمارەکانی 3,4,8 وەك کردەی جینۆساید ناسێنران , لەناو هەموو ئەو بەڵگەنامانەی زیاتر کاریگەرییان دانا لەسەر سەلماندنی ئەو کۆمەڵکوژیانەی بەسەر کورددا هاتووە بە جینۆساید, بڕیاری ژمارە 4008 بوو , لەو دادگایە ئەو بڕیارە بە دەستپێك و سەرەتای جینۆسایدکردنی کورد دانرا, باشترین گەورەترین بەڵگەنامە بوو بۆ خوێندنەوەی ویست و ئارەزووکانی بەعس لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد
ڕاستە وێنەکانی هەڵەبجە ( هەڵەبجە وەك تاوانی جەنگ سەیر کرا نەك جینۆساید بە هۆی هاتنی ئێرانەوە , بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیانی وەك جینۆساید سەیرکرا) , برینی قوربانیانی شێخ وەسانان , ژیانی سەختی ئۆردوگا زۆرەملێکان , تەعریب و تەهجیر هەموو بەشێکن لە جینۆساید , بەڵام لەهەمووی گرنگتر بۆ سەلماندنی ویستی بەعس لە جینۆسایدکردنی گەلی کورد بڕیاری4008 بوو , بۆیە بێ ترس دەتوانیین بڵێین بەڵگەنامەی ژمارە 4008 بەڵگەنامە هەرە گرنگ و کاریگەرەکەی دەست کوردە بۆ بەفەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی کورد و تاوانبار کردنی سەرانی بەعس بە تاوانی جینۆساید , ئەو بەڵگە نامەیە دەتوانیین بیکەینە بەشێك لە مانفێستی کارکردنمکان بۆ بەجیهانیکردنی ئەنفال.

تێکستی تەواوی بڕیاری س . ف/٤٠٠٨ لە بەرواری ١٩٨٧/٦
فەرماندەی بیرۆی باکوڕ
سکرتاریەت

بەروار ١٩٨٧/٦/٢٠
ژمارە ٢٠٠٨/٢٨
دەستنوس ش : ٣٨١٠
لە فەرماندەی بیرۆی باکورەوە
بۆ : فەرماندەی فەیلەقی یەک ، فەرماندەی فەیلەقی دوو ، فەرماندەی فەیلەقی پێنج .
١٢٥٣٣
١٩٨٧/ ٦/ ٢٣
بابەت : مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گوندانەی کە لەبەر هۆی ئەمنی قەدەغەکراون .
بەهۆی ئە و ڕاستیە ی کە وا دوا مۆڵە تی بڵاوکراوە ی ڕە سمی بۆ کۆکردنە وەی ئە م گوندانەی لە ١٩٨٧/٦/٢١ دا تەواو دەبێ ، بڕیارمان دا کە ئەم خاڵانە ی خوارەوە لە ١٩٨٧/٦/٢٢ وە جێبەجێ بکەین :
١ ـ هەمو ئەو گوندانە ی کە تێکدەرەکان ـ بە کرێگیراوەکانی ئێران (ینک) . ئەوەی خیانەتکاری(پدک) و خیانەتکارەکانی تری لەو شێوەیە بۆ عێراق ـ هێشتا تیایاندان ، لەبەر هۆی ئەمنی بە قەدەغەکراو دادەنرێن .
٢ ـ بونی مرۆڤ وئاژە ڵ بە تەواوی لەم ناوچانەدا قەدەغەیە .وە ئەمانە بەناوچەی ئۆپراسیۆن دادەنرێن . هێزەکانیش دەتوانن بەئارەزوی خۆیان و بە بێ هیچ ڕێگریەک تەقە بکەن ، ئەگەر بارەگاکەمان هیچ ئامۆژگاری تری نەدابێت .
٣ ـ چوون وهاتن بۆ ئە م ناوچانە ، وە هەروەها هە موو چالاکیە کی کشتوکاڵی ، ئاژەڵداری و پیشە سازی قەدەغە دەبێت و دە زگا پسپۆڕیەکانیش لەسنوری دەستەڵاتی تایبەتیاندا ، چاودێریان دەکەن .
٤ ـ فەرماندەی فەیلەقەکلن ، بۆمبارانی گۆترە ی ئەوناوچانە دەکەن ، بە بەکارهێنانی تۆپ و کۆپتە رو فڕۆکە لە هەموو کاتەکانی شەو وڕۆژدا،بۆئەوەی زۆرترین ژمارە ی ئەوکەسانەی کە لەناوچە قەدەغەکراوەکاندا هە نبکوژن ، وە ئێمەش لە ئەنجامەکانی ئاگادار بکەنەوە .
٥ ـ هەموو ئە وکەسانەی لە و گوندانە دا دە ستگیر دە کرێن ، بە هۆی بونیان لە و شوێنانەدا دەگیرێن ، وەلەلایەن دەزگاکانی ئەمنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت ، وە ئەوانەیش کە تەمەنیان لە نیوان ١٥ ـ ٧٠ ساڵیدایە ، پێویستە پاش ئەوەی کە زانیاری بەکەڵکیان لێ وەردەگیرێت ئیعدام بکرێن ؛ ئاگادارمان بکەنەوە .
٦ ـ ئەو کەسانەی کە تەسلیم بە حکومەت یان دەستەڵاتدارەکانی حزبی بەعس دەبنەوە

. لەلایەن دەزگاپسپۆڕیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ماوە یەک ئەوپەڕی ٣ ڕۆژ وە لەوانەشە ئەگەر پێویست بێت بۆ ١٠ ڕۆژ درێژبکرێتەوە ، بەمەرجێک کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئاگادارمان بکەنەوە . ئەگەر لێکۆڵینەوەکە کاتێکی زۆری پێویست بو ، ئە وا پێویستە ڕەزامەندی ئێمە بە تەلەفون ، بروسکە ،یان لە ڕێگای هە ڤاڵ تاه یرالعانی وە وەربگیرێت .

٧ ـ هە موو ئە و تفاقانە ی کە موستەشارەکان ، یان چە نگاوەرەکانی فە وجەکانی بەرگری نیشتمانی بە هی خۆیان دادە نرێن . تەنها چە کی قورس ، دامە زراو ، وەناوەنجی نە بێت ، دە توانن چە کە سوکەکان بۆ خۆیان هە ڵبگرن ، بە ڵام تە نها لە ژمارەکانیان ئاگادارمان بکە نەوە ، پێویستە فەرماندەی بە تالیونەکان بە پەلە ئەم مەسەلەیە لە موستەشارو فەرماندەی لیواو سریە کان بگەینن ، وە پێویستە زانیاری تەواومان دەربارەی چالاکیەکانیان لەناو فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیدا بدانێ .

ئیمزا / عەلی حسن المجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ، سکرتێری باکور *

---

عێراق و تاوانی جینۆساید– وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز ل79–80–81 .

# (( 16-3 بکرێت بە ڕۆژی جیهانی )) دروشمێکی ناتەواو و ئامانج نەپێکاو

دادگایی فوانس ڤان ئانرات چەند ڕاستییەکی بەڵگە نەویستی سەلماند ، ئەویش ئەوەیە کورد بە پشت بەستن بە هێزی خۆی دەتوانێت کاری گەورە ئەنجام بدات ، هاوکات ئەوەشی دەرخست کە ڕێکخراوی بچوکی سەربەخۆ, هەژار و بێ بنەو بارەگلی وەك ( ناوەندی چاك ) دەتوانێت بە دڵسۆزی خۆی کاری مەزن ئەنجام بدات , بەو بێکەسی و هەژارییەی خۆیەوە مێژوو نەتوانێت فەرامۆشی بکات , لە سۆنگەی چالاکییەکانییەوە.

ئایا دروشمی بە جیهانیکردنی ڕۆژی 16–3 , کە ئەمسالّ لە بەشێك لە مەراسیمەکانی هەڵەبجە لە وڵاتانی ئەورووپا بەرز کراوەتەوە چی دەگەیەنێت؟ .

هەر ڕۆژێك کە دەبێتە ڕۆژێکی جیهانی دەربڕی دیاردەو ڕوداو یان یاداوەرییەکە , 8 مارس ڕۆژی ژنان , 1 ئایار ڕۆژی کرێکاران , ڕۆژی کۆیلەداری و مافی مرۆڤ و پەنابەر و دژ بە چەکی کیمیاوی ...... ڕۆژ گەلێکن بوونە بە ڕۆژی جیهانی.

چەندین ساڵێکە , ناوەندی چاك , لە ڕێگەی ڕێکخراوی ئۆ پی سی ئۆوە , هەوڵ دەدات ڕۆژی 16–3 بکرێتە ڕۆژی دژ بە چەکی کیمیاوی لە جیهان , بە جیهانیکردنی ئەو ڕۆژە بەو ناسنامەیە کاری ئەو سازمانەیە نەك یەکی دی , بەڵام سەرکەوتوو نەبووین , ڕۆژی 29–4 ئەو شانسەی بەرکەوت , کرا بە ڕۆژی دژ بە چەکی کیمیاوی لە جیهاندا " ساڵی 2007 هەڵەبجە چووە لیستی گینزەوە , وەك خاوەندی زۆرترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە جیهان , ئەو کتێبە دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی هەڵەبجە مافی خۆی وەرگرێتەوە" .

ئەگەر خەبات بکرێت بۆ ئەوەی ڕۆژی 16–3 بکرێت بە ڕۆژی دژ بە چەکی کیمیاوی لە جیهان , ئەوا پەرلەمانی ئەورووپی و پەرلەمانی وڵاتان ئەو شوێنە لە بارە نییە, خۆپیشاندان ڕێ بخەین بۆ بەردەمیان و نامەیان ئاراستە بکەین بۆ بە دەست هێنانی ئە م داخوازە , کورد لە زووەکەوە

وتوویيەتی : نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب , چونكە ئەو ڕژە ڕێكخراوی ناوبراو كە سەر بە نەتەوەیەكگرتووەكانە دیاری دەكەن , نەك پەرلەمانتاران و سەرۆكەكان .
پاشان دەبێت داخوازەكانمان نیوە چڵ نەبن و تەواو بكرێن , 16–3 بۆچی بكرێت بە ڕۆژی جیهانی ؟ ناسنامەی ئەو ڕۆژە چی بێت ؟, وەڵامی ئەم پرسیارانە كارەكان ئامانج بەخش تر دەكات , لە فەوزای دروشم بازی و مزایەدە دەرمان دەكات, وا دەكات لە داهاتوودا ئەو ڕەنجەی دەیدەین بە فیڕۆ نەچێت و جێگەی خۆی بگرێت .
كردنی 16–3 بە ڕۆژی جیهانی بە نامەیەك و كۆبونەوەیەك چەند كاتژمێری لە جێگەیەكی هەڵە نایاتە دی , گەیشتن پێی پێوستی بە هەوڵ و كۆششی زیرەكانەی بەردەوامە , هەوڵ و كۆششێك ئامانج پێكەر نەك ڕوكەش.

★ NEW RECORD
★ UPDATED RECORD

## BIGGEST CAUSES OF GENOCIDE IN THE 20TH CENTURY

| COUNTRY | DEAD | REASON & DATE |
|---|---|---|
| China | 30,000,000 | Rape of Nanking (1937), Mao's "Great Leap Forward" (1958–61), "Cultural Revolution", 1966–69 |
| USSR | 20,000,000 | Stalin's foreign and domestic policies, 1920–50s |
| Germany | 11,400,000 | Nazi extermination of "undesirables", 1930–40s (top right) |
| Japan | 10,000,000 | Sino-Japanese War, 1930–40s (centre right) |
| Pakistan | 3,010,000 | Persecution of Bengali people, 1970s |
| Sudan | 2,850,000 | State-sanctioned mass murders, 1990s |
| Nigeria | 2,000,000 | Persecution of the Ogoni people, 1990s |
| Afghanistan | 1,800,000 | Soviet invasion of Afghanistan, 1970–80s |
| Cambodia | 1,700,000 | Civilians murdered by Khmer Rouge, 1970s |
| Indonesia | 1,200,000 | Mass murder of East Timorese civilians, 1970–90s |
| Rwanda | 1,020,000 | Ethnic cleansing of Tutsi minority, 1990s (below) |

*Source: Barbara Harff, Strassler Family Center for Holocaust and Genocide Studies*







### X-REF

*Do you know when the first atomic bomb was used in battle? And what the greatest death toll from an atomic raid was? You'll find the answers on p.202.*

### ★OLDEST FIGHTER PILOT

Uri Gil (Israel, b. 9 April 1943), a brigadier general in the Israeli Air Force, was an active fighter pilot from 1964 until his last flight in an F-16 jet on 20 June 2003 at the age of 60 years 72 days.

### MOST PRODUCED WORLD WAR II FIGHTER

More than 36,000 Ilyushin Il-2 "Sturmovik" ground-attack aircraft are said to have been produced in Russia before, during and immediately after World War II, making this one of the most numerous combat aircraft of all time. The fighter's heavy armour and solid build earned it the nickname "flying tank".

## MARINE WARFARE

### FIRST NUCLEAR SUBMARINE

The world's first nuclear-powered submarine was USS *Nautilus*, launched at Groton, Connecticut, USA, on 21 January 1954. Built by General Dynamics Electric Boat, *Nautilus* was 98.7 m (324 ft) long with a beam of 26.8 m (88 ft).

### ★FASTEST SHIP-BUILDING

Complete ships of over 10,000 tonnes (22 million lb) deadweight were built in record time at Kaiser's Yard, Portland, Oregon, USA, during the World War II Liberty ship-building programme. In 1942, No. 440, named *Robert E Peary*, had her keel laid on 8 November, was launched on 12 November and was operational after 4 days 15 hr 30 min on 15 November.

### LARGEST STEALTH SHIP

The Swedish Visby-class corvette is approximately 72 m (236 ft) long and has a displacement of 600 tonnes (1.32 million lb). Developed by the Kockums shipyard, the carbon fibre vessel is far lighter than a conventional ship of its size and features the large flat surfaces commonly used in aircraft to provide low radar visibility.

### WORST DEATH TOLL FROM A SINGLE SHIP DISASTER

A total of 7,700 people died when the German liner *Wilhelm Gustloff* (25,893 tonnes; 57 million lb) was torpedoed off Danzig by a Soviet S-13 submarine on 30 January 1945.

### ★LARGEST NAVY

The United States Navy is the world's largest in terms of manpower. In early 2006 there were 356,283 uniformed personnel on active duty, supported by 175,581 civilian employees.

The **navy with the largest number of ships** is also the United States Navy, which, in early 2006, had 281 deployable battle-force ships (including submarines) on active duty.

### LARGEST DEATH TOLL FROM A CHEMICAL-WEAPONS ATTACK

An estimated 4,000 people died in the worst single chemical-weapons attack. The victims perished when President Saddam Hussein of Iraq attacked members of his country's Kurdish minority at Halabja, Iraq, in March 1988. The attack was ostensibly punishment for the support the Kurds had given to Iran in the Iran–Iraq War of 1980–88.



**هەڵبجە لە پەرتوکی گینسی ساڵی2007 , هەڵبجە زۆرترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە مێژووی مرۆڤایەتی.**

# پارچە کاغەزێکی سادە , وەلێ بەڵگەنامەیەکی بە بەها



005471

السيد المدير المحترم
تحية وتقدير

بتاريخ ١٩٩٠/٩/٢٥ أمر السيد المدير المحترم بالتوجيه الآتي :-
تكون عبارة ( لم تتوفر لدينا معلومات عن مصيرهم )
بدلاً عن عبارة ( وقبض عليهم في عمليات الأنفال البطولية ولا زالوا محجوزين حالياً ) .
لغرض أن نكون دقيقين في التعامل مع هكذا حالة .

طرحت في المؤتمر
السيد
١٩٩٠/١٠/١٨

102-7
A

ئەگەر گوزەر بکەیت بەناو تەواوی بەڵگەنامەکانی ئەنفالدا , دەتباتە ناو جیهانێکی پڕ لە نهێنییەوە ,هەرچی ناشرینی ئەو ڕژێمە هەبوو , هەمووی لە مەرکەبی نامەکانیانەوە دەتکێتە ناو مێژووەوە , تاوانی گەردیلەی مەرەکەبەکان کەمتر نییە لە تاوانی کیمیاباران و و کۆشتوبڕو زیندەبەچاڵکردنی نگرە سەلمان , کام پارچە کاغەز هەیە لەو بەڵگەنامانە گرنگییەکی

دۆکۆمێنتی گەورەی نەبێت , ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی تاوان و کۆمەڵکوژی تێدا دەرنەکەوێت , ئاخ داخوا چەند هەزاران لەم پارچە کاغەزانە کەوتنە ژێر پێوە , یان کران بە قەرەبلووت , یان تاکو ئێستاش لە زیندانان و شاردرانەوە.

جیهانی ئەنفال تەنها هەر پەلامارە پان و پڕە سەربازییە سەرانسەرییەکان نەبوون, هەر وێران کردنی کوردستان و بە خۆڵ و خاشاك کردنی ئاو و ئا وەدانیەکەی نەبوو , بەڵکە سەفەری میحنەتەکەی لەو لەحزەیەوە دەستی پێکرد , خۆشەویستان لەگەڵ هاتنی هەر هەواڵ و لە دەرگا دانێك ڕاچەڵەکیون , دەمیان بەشکردۆتەوە بۆ بیستنی ئەو هەوایەی باسێکی لە چارەنووسی کەسوکاریانی تێدابووە, ژیانی ئەوانەی بە ڕێکەوت لەو مەرگاساتە ڕزگاریان بوو زۆر زۆر ناخۆشتر بوو لەوانەی کوژران و ڕزگاریان بوو , کەم نەبوون ئەو دایك و خوشك و هاوسەرانە , لە دەرگای هەموو فەرمانگە و بارەگایەکی حیزبیان دا , سەریان بە ماڵی هەموو جەلاد و گەوادێکدا کرد , تا چنگیان لە هەواڵی نوزەیەکی ڕۆڵە کانیان بێت , هەر نەبوو , هەر نەبوو , هەرجارە و لە هەر ڕێبوارەوە گوێبیستی حەکایەتێك بوون , دەزگیرانان بوخچەی بوکێنیان نەکردەوە, ژنانیش پرچی سپێتیان بۆ پیاوەکانیان هۆنییەوە, دایکانیش بە هەناسە ساردی سەریان نایەوە جەلادان دڵساردانە مامەڵەیان ل ەگەڵ ئەو خەڵکەیا کرد , یاریان بە درۆ و گەمەیان بە چارەنووسییان کرد.

ئەم بەڵگەنامەی لە خوارەوە لە بەردەستتاندایە , نموونەیەکە لە یاریکردنی بەعسییەکان بە کەسوکاری قوربانیان و هێشتنەوەیان لە چاوەڕوانی ئەبەدی کوشتنیان بە چەکی هیوادانان لەسەر خەیاڵ , نامەیەکی سادە , بە خەتێکی ئاسایی نووسراوە , وەلێ هێمایەکە بۆ دڵ ڕەقی بەعسییەکان , ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی جینۆسایدکردنی کوردان.

بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە بێت , لە بەرواری 25-9-1990 ەوە , فەرمان دراوە , لە مخاتەبەی کەسوکاری ئەنفالکراوان ڕستەی " زانیاریمان لەسەر چارەنووسیان نییە" بەکار بهێنرێت لە بری " لە ئۆپەراسیۆنی پاڵەوانانەی ئەنفالدا گیراون و تاکو ئێستا حیجزن لاماڵ .

ئەم نامەیە لە8-10-1990 نووسراوە .

ئەم بەڵگەنامەیە یەکێکە لەو دۆکۆمێنتانەی لە پرۆسەی دادگایی تاوانبارانی ئەنف ال بەکار هاتووە , بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە دەردەکەوێت لەم مێژووەوە ڕژێم پاشەکشە لە ملهوڕییەکەی پێشوی دەکات , لەوەی بێمنەت بێت لەوەی دان بەوەدا بنێت ئەو کەسانە لای ئەوان بن و ژیانیان لە

ئەستۆ بگرێت , لەو مێژووەوە ملهوڕییەکانی پاشە کشە دەکات و دمیەوێت هاشا لە بونیان بکات , ئەمەش پاش ئەو هەڕەشانە هات لە ئە نجامی داگیرکردنی کوێتەوە لێیکرا. لەو مێژووەوە نکۆڵی لە بوونی ئەنفالکراوەکان دەکات , لەو مێژووەوە گەشتی دیارنەمانی چارەنووسی ئەنفالکراوان دەست پێدەکات .

# دادگاییکردنی کۆمپانیا بیانییەکان لە نێوان پراتیک و درووشمدا

بۆ هاووڵاتیانی ئەڵمانیا گازی کیمیاوی شتێکی زۆر مە ترسیدارە، کەچی ئەمە خەڵکی بێگانە هەراسان ناکات

**ئەمەی سەرەوە وتەی دیتەر باکفیش بەڕێوەبەری کۆمپانیای کارل کۆلپەیە , کە لە ساڵی 1991 ئەم لێدوانەی دا** , لە هە مبە ر تاوانبارکردنی کۆمپانیاکەی بە یارمەتیدانی ڕژێمی سەدام لە تاوانی کیمیابارانی هە ڵەبجە و ناوچە ئەنفالکراوەکان. کارل کۆلب یەک لە و کۆمپانیا ئە ڵمانیانەیە کە گەورەترین پاڵپشتی ڕژێمی بە عس بوو بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی .

" بە ڕیز ڕالف سیمرمن کۆڕی یە کیک لـە و کار بە دە ستانـە ی شـە ریکـە ی "پڕۆی زاگ " کـە کـە رە سـتە ی لـئیمیا یی بـە سـە دام حـۆ سـە ین فرۆشتبو وتـی : " من شـە رمم دێت بـاوکـم بـە ڕێژیمی دژی گـە لی عێراق کـە رە سـتە ی شیمیایی فرۆشت , کـە کـارە سـاتـی دڵتـە زێنی هـە ڵـە بـجـە ی لـێ کـە وتـە وە . من داوای لێبوردن لـە گـە لی کورد دە کـە م " . ئـە م وتـە یـە ی لـە کۆنفرانسی نـاوە نـد لـە هـانۆفـە ر وت ".

**کورد ئەمڕۆ بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی نەتەوەکەی, لە قۆناغی ڕابوونی گشتیدایە , ئەمڕۆ پرسی ژینۆساید لە ئاستی گشتی نەتەوە گرنگی تایبەتی هەیە , تاکو بەرواری 21-8-2006 لە ئاستی گشتیدا , هەستی بە گرنگی بە جینۆساید ناسینی ئەو تاوانانە ناکرد کە دژی ئە نجام**

درابوو , ئەو مێژووە لەگەڵ دەستپێکی دادگایی تاوانکارانی ئەنفال و ئە نجامدانی هەڵمەتی سەرانسەری ناوەندی چاك بۆ بەجیهان ناساندنی تاوانی ئەنفال , بوو بە خاڵی وەچەرخان و گۆڕانکاری گرنگ لەو پرسە , دیارە ئەو پێناسەیە " جینۆساید " , ساغکردنەوەی بەسەر ئەو تاوانانەی دژ بە کورد ئە نجامدراوە , بە تایبەت تاوانی ئەنفال , نەك گرنگە بۆ ساڕێژکردنەوەی برینە قوڵە پڕ لە زام غەمەکانی ڕابردوومان , بەڵکە لەوەش گرنگتر , هەنگاوی مەزنە بۆ ئایندەی سیاسی کورد , بۆ دوبارە نەبوونەوەی کۆمەڵکوژییەکان و ڕەواندنەوەی مەترسی پاکتاوکردنی نەتەوەیەك , لێرەوە کورد فێری ئەوە بوو , گرنگی بە خوێن و ڕوفاتی قوربانییەکانی بدات , ئیتر کاتی ئەوە بەسەر چوو ئەوانەی بۆ ئەنفال کارد ەکەن , بە مردوو پەرست ناو ببردرێن , بە بینینیان دەست بە لوتەوە بگرترێت , ئێستا هەموو دەیانەوێت لە مەرگی قوربانیانیەوە هەوڵ بۆ ژیان بدات , پێشبڕکێیە بۆ کارکردن لەو بوارە , مۆدەی سیاسییە , بۆ یەکەمین جار کورد دەیەوێت سەرمایەگوزاری بە ڕوباری خوێن و کیشوەری گۆڕە بە کۆمەڵەکانییەوە بکات , دەیەوێت لە سەنگەری عەرعەر و نگرە سەلمانەوە, وڵاتی ئەنفالستان بکات بە کوردستان, بۆیە کورد ئێستا فێر بووە بزانێت چی دەکات ؟

بۆ ئەم مەبەستە , بۆ بردنە پێشەوە کارەکانی لە پرسی ژینۆسایددا , کورد نموونەی ئەزموونی ئەرمەنی کردووە بە نموونەی باڵا و پێشەنگی خۆی , لێ بەهۆی ئەوەی تاوانی ئەنفال , نوێتر و وڵاتی تاوانکار " عێراق " کەلە نەرمترە لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان , بۆیە شانسی ئەوەی زۆر لە پێشە , لە داهاتوودا بە چەندین فرسەخ پێشتر بکەوێت , هەرچەندە هۆکاری ئاینی " کریستان بوونی ئەرمەنەکان لە بەرامبەر جەلادی ئیسلام" و بوونی دەوڵەتی ئەرمنستان و چالاکی و جموجۆڵ و بە تەنگەوە هاتن و بوونی لۆبی کارای ئەرمەنی , هەموو هۆکارن بۆ باڵاکردنی دۆزی ئەرمەنییەکان و هەنگاونانی زیاتری لە ئاستی نێودەوڵەتی , وەلێ لە حالەتی کورددا , بەهۆی ئەوەی پەرلەمان و دادگای باڵای دەوڵەتی بکەر , کە عێراقە , بۆ خۆیان بە شێوەی فەرمی , دانیان بە تاوانەکانیاندا ناو ەو , ئەنفالیان بە جینۆساید ناسیوە , لە بەرامبەردا لە حالەتی ئەرمەندا , تورکیا وەك دەوڵەتی بکەر , پاش 93 ساڵ لە ئە نجامدانی تاوانەکە , لە جاران غەزری وترە لە ناساندن و دانان بە تاوانەکەیدا , لە لایەکەوە لە ئاستی ناوخۆ سەرکووتی هەر دەنگێك دەکات , بە تیرۆر و زیندانیکردن , کە دان بەوەدا بنێت , تاوانی کۆمەڵکوژی ئەرمەن جینۆسایدە , لە لایەکی دیکەوە , کەوتۆتە شەڕێکی هستیری دیپلۆماسی

**سەرانسەری جیهانی بەرفراوان, بەرامبەر بە دەرەوە , لەبەرامبەر ئەوانەی ئەوانەی دان بە ڕودانی ئەو تاوان وەك خۆی دەنێن و بە جینۆساید پێناسی دەكەن , دوا شەڕی توركیا لەگەڵ ئەرجەنتین بوو , لەوپەڕی دنیا .**

**ئەرمەنەكان بە سەركەوتنەكانی دەرەوەیان , بۆ ناوەوە ( مەبەست توركیایە ) هەنگاو دەنێن , لێرە بە پێچەوانەی ئەرمەنەكانەوە ,كورد لە دەسكەوتەكانی بەغداوە , بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێت بۆ بە جیهانیكردنی , بۆیە شانسی كورد زیاترە, چونكە وڵاتی بكەر, بە فەرمی دانی پێدا ناوە , وڵاتانی دی ئەگەر هەنگاو بنێن و وڵاتانی هەرێمی ڕێگر نەبن , ئەوا بەرژەوەندییە ئابورییەكانیان لە عێراق ناكەوێتە مەترسییەوە, بە دان نان بە جینۆسایدی كورددا , لە لایەكی دیكەشەوە زۆر لە تاوانكارانی هەڵاتوونە لە ژیاندا ماون بە پێچەوانەی تاوانی كۆمەڵكوژی ئەرمەنییەكان بكەران نەماون , بە دادگاییگەیاندنی هەر تاكێكی , بە ساغبوونەوەی پێناسی بەشداریكردنی لە جینۆسایدكردندا, ئەوا شانسەكە باڵا دەكات.**

**وەلیٚ بۆ دادگایی كۆمپانیاكانی چەكی كیمیاوی , نموونەی باڵای كورد , ئەزموونی جولەكە و ئەڵمانە وەك قوربانی و تاوانبار , لە هەردوو حالەتدا " جولەكە و كورد " ئاڵمان تاوانكاری یەكەمە , جولەكەكانی بە چەكی خۆی و لەناو نیشتمانەكەی بە كۆمەڵ لە ناو دا , هاوكات لە ناردەی چەكی كۆمەڵكوژی بۆ عێراق یەكەم ناردەیە, وەلیٚ جیاوازیش لە هەردوو حالەت ئاسمان و ڕیٚسمانە .**

**ئەوەندە ناو ڕیزكردن زۆرە , بۆ ئەو كۆمپانیایانەی , كە چەكی كیمیاویان داوە بە عێراق , ئەوەندە سەرچاوەو هەواڵ و فلیم لە ئارادان, نەك چەندین وتار بگرە هیچ كتێبێكیش نایان گرێت , وەلیٚ چۆن دەتوانرێت , سەركەوتووبن لە تاوانباركردنی ئەو كۆمپانیانە , لە سەلماندنی هاوبەشیكردنیان لە جینۆسایدكردنی نەتەوەی كورددا .**

**بۆ چوارەمین جار , لە لایەن ناوەندی چاكەوە ئەمساڵ لە ئاڵمانیا , سكاڵا دژ بە كۆمپانیا ئەڵمانییەكان تۆمار كرایەوە , وەلیٚ باوەڕ ناكەم ئە مجارەش وەكو3 جارەكەی پێشوو " پێشووتر كەس و لایەنی دیكە كردبویان " , شانس بۆ سەركەوتنی ئەم سكاڵایە لەبار بێت , ئەم سكاڵایە وەكو سیٚ جارەكەی پێشووتر, لە ماوەی نزیكدا بەرهەمی هەبێت و سەربكەوێت**

**ئەڵمانەكان لە كۆمەڵكوژی جولەكەدا , خۆیان جەلادی دوو ڕۆڵ بوون , بەكارهێنەر و بەرهەمهێنەری مادە كیمیاوییەكە بوون , وەلیٚ لە دۆخی عێراقدا , ئەوان لە پاڵ چەندین وڵاتی**

دی , تەنها بەرهەمهێنەرن . لە سەلماندنی تاوانباری لە بەرهەمهێنان و فرشتن و بەکارهێنانی بەرهەمەکەی لە جینۆسایدکردنی کورددا, کۆمەڵێك تاریکی و ناڕونی و ڕێگری یاسایی هیە , بۆ سەلماندنی تاوانباری, بەشێکیان بریتین لە :

- ئەو چەکانە , بەناوی بەکارهێنان لە بواری سڤیل فرۆشراون, وەك پیشەسازی مەدەنی و کشتوکاڵ , کۆنتراکتەکان لەگەڵ وزارەتی پیشەسازی و نەوت و کشتوکاڵی عێراقن نەك وزارەتی بەرگری , یاخود لە گەڵ دەلاڵی بیگانەن , بەو ناوانەوە کڕێویانە و هێناویانە بۆ عێراق , لە ڕاستیدا ئەو مادە کیمیاویانە , بۆخۆشیان مادەی فرە بەکارهێنەرن لە بواری سڤیل و سەربازیدا کەڵکیان لێ وەردەگرترێت , بۆیە فرۆشیار هەموو دەم کۆنتراکتەکانی بە ناوی دووەمەوە کردووە, واتا فرۆشتنی بۆ بواری سڤیل , لێرەدا ئەگەر هەڵە نەبم, لە ڕوی یاساییەوە, دەتوانرێت تەنها بکەری تاوان, تاوانبار بکرێت نەك بەرهەمهێنەر و فرۆشیار.

- بەشێك لەو چەکانە بەناوی وڵاتانی دیکەوە کڕاون , پاشان بە قاچاغ نێردراون بۆ عێراق , فرانس ڤان ئانرات زۆر لەو ساختەکاریانەی کردووە و ئە نجامی داوە.

- تاکو ناوەڕاستی ساڵی 1985, فرۆشتنی چەکی کۆمەڵکوژی یاساغ نەبووە بە عێراق , لەو مێژووەی نەتەوە یەکگرتوەکان , فرۆشتنی چەکی کیمیاویان بە عێراق قەدەغەکرد , ئەو کۆمپانیایانەی پێش ئەو مێژووە چەکی کیمیاویان فر ۆشتووە بە عێراق , ناتوانرێت تاوانبار بکرێن , وەلێ ئەوانەی دوای ئەو مێژووە فرۆشتویانە , دەشێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سکالایان لە دژ تۆمار بکرێت , ئەگەر کۆنتراکتەکان بوونیان هەبێت و فرۆشیار بۆ بواری سەربازی چەکەکەی فرۆشتبێت.

- لە نموونەی عێراقدا , ئەڵمانیا لە پاڵ چەندین وڵاتی دیکە, تەنها فرۆشیارە, نەك گێڕانی دوو ڕۆڵ " بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر " وەك نموونەی کۆمەڵکوژی جولەکە , بۆیە سەلماندنی تاوانباری لە حالەتی عێراق زۆر زۆر ئەستەمە , ناتوانرێت کۆپی ئەزموونی ولەکە

بكرێتەوە , هەرچی حالەتی جولەكە بوو, ئەوا ئەڵمانیا هەردوو ڕۆڵەكەی بە یەكەوە و هاوكات, بە ئاشكرا و بێشاردنەوە, لە هۆلۆكستدا دەگێڕا , بەرهەمهێنەر و بەكارهێنەر بوو لە یەك كاتدا , بۆیە ئەگەر نموونەی جولەكە و ئاڵمان, بۆ دادگایی كۆمپانیاكان بكەینە نمونەی باش , ئەوە بەراوردێكی باشمان ناكردووە و ئامانج نا پێكین , لە نموونەی دووەمدا ئاڵمان یان وڵاتێكی دیكە تەنها بەرهەمهێنەری مادەكەیە, كە زۆرجار مادە و كەرەستەی بەرهەمهێنەری مادەكە, وەك پێشتر ئاماژەمان پێی دا , بواری جیاجیا بەكارهێنراوە یان بە ناوی وڵاتانی دیكەوە كڕاوە , یاخود دەڵاڵەكان كڕیویانە نمونە تاناكا و فرانس ڤان ئانرات, یەكەم ئامەریكا دادگاییكرد و حوكمی دا , دووەم وزارەتی دادی هۆڵەندی حوكمی دا , لەسەر ئانراتیش قەرەبووكردنەوە ئەستەمە شانسی هەبێت هەروەك داواكاری گشتی وتی: نازانرێت ئایا كەسی قوربانی خودی چەكەكەی ئانرات زیانی پێ گەیاندووە , یان چەكی وڵات و كەسی دیكە ؟ . لە حالەتی ئاڵمان یەك بەرهەم هێنەر و یەك بەكارهێنەر هەبوو.

- بە دادگایی گەیاندنی كۆمپانیاكانی ئەڵمانیا, دەوڵەتی ئیسرائیل و دەزگای هەواڵگری جولەكە " موساد " پێی هەڵسان و لە پشتییەوە وەستان , بەو توانا گەورە ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسیی و سیخوڕی و پاڵپشتە یاساییەوە , ئەوجا توانیان ئەو سەركەوتنە بەدەست بهێنن , لە نموونەی كورد ئەم كارانە بە موبادەرەی تاك و ڕێكخراوی بچووك بچووك ئە نجام دەدرێت , ئەمەش سەرگرتن و سەركەوتنی زۆر ئەستەمە.

ئەو چەكە كۆمەڵكوژانە نەتەوەیەكیان لەناو داوە , ئەگەر بێت و ئەو جەنگە یاساییە سەریش بگرێت كە گرانە , ئەوا ئەبێت سەرجەم قوربانیان قەرەبوو بكرێنەوە , لێرەدا كارەكە لە كاری تاك و گروپ دەردەچێت و دەبێتە كاری دەوڵەت , ئەم پرۆسەیە پێویستی بە كۆمەڵێك وەڵامە , ئەوانەش بریتین لە : ئەم قەرەبووكردنەوەیە چۆن وەردەگرترێت ؟ , قوربانیان چۆن سكاڵا تۆماردەكەن ؟, ئایا هەر یەكێك كێرڤی كوردایەتی هەڵبستێت دەتوانێت ئەمكارە بكات ؟؟ , یان ئەمە كەیسی نەتەوەیەكە و پێویستە بڕیاری گشتی بۆ بدرێت ؟ , ئەم شەڕە یاسایی و سیاسییە

گەورەیە پێویستی بە وزەی سەرجەم نەتەوە بە تایبەتیش پاڵپشتی یاسایی قوربانیان و نوێنەرایەتی ئەوان هەیە , ئایا هەنگاونان بێ زانینی ئاكامەكانی بە زیان دۆزەكە تەواو دەبێت ؟ , یان لە بەرژەوەندیدایە ؟ , لێرەوەیە پێویستە ئەم پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە , بۆیە هەرچەندە زۆر جار و ئێستاش , لە موبادەرەو هەوڵی لەم چەشنە پشتیوانی دەكەم و هاوكاری دەكەم , وەلێ پێم وایە ئەم هەوڵە نیازپاكیانە لە كۆتاییدا بێ ئە نجامن , وەلێ ئەزموونی بە كەڵكن , پارێزەرە بیانییەكانیش , ئەوانەی بۆ مادە ئەم كارانە دەكەن, فرسەتی خۆیان لەدەست نادەن , پارێزەر هەر پارێزەرە, بە دوای دراو ناوبانگەوەیە لە زۆر كاتدا

پێش قۆناغی بە دادگاییگەیاندن , پێویستە نەتەوە پەی بە گرنگی ئەو هەنگاوە بردبێت و ئامادەیی هەبێت , كە ئەمە شێوە تێكۆشانێكی نوێیە , لە خەباتی شاخ ەوە بۆ خەباتی دادگا , ئەم شێوازە نوێیە ناوەندەكانی دژ بە ژینۆساید و چەند كەسایەتییەكی گرنگ لە ناو كورددا دایان هێنا , كە سیاسییەكان پەیان بە گرنگی نەبردبوو , ئەو هەنگاوە بچوك بچووكانە , لێرەو لەوێ دەنرێت لەو بوارە , بۆ ئامادەكردنی گشتی نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی كوردی هەنگاوی زۆر گرنگە , خەریكە كورد , پاش چەندین ساڵ, لە كاركردنی ناوەندەكانی دژ بە ژینۆساید و ڕەوەندی كورد و ناوەندی چاك , لە گرنگی دەستبردن بۆ دۆسیە گرنگە تێ دەگات , خۆری ئە مجارەمان لە هەناوی گۆڕە بە كۆمەڵەكان و هەڵە بجەوە هەڵدێت.

http://www.chaknews.com/kurdish/news.php?readmore=755

# كورد و له سێدارەدانی سەدام!







هەرچەندە پێش دەرچوونی بڕیای لە سێدارەدانی سەدام, ماوەیەکی زۆر بەر لە ئەوەی کەسی تر لەم بارەیەوە قسەیەك بکات و وشەیەك بکاتە سەر کاغەز, لە چەندین وتاری بڵاوکراوەدا لە سایت و ڕۆژنامەکانەوە وتم : نا بۆ لە سێدارەدانی سەدام , بەرزکردنەوەی ئەو درووشمە بۆ کەسێك کە خۆی لە ڕابردوودا قوربانی دەستی ئەو دەسەڵاتە بووبێت , خۆشەویسترین و ئازیزترین کەسەکانی بەدەستی ئەو ڕژێم ە لە دەست دابێت , زۆر ئەستەم و گرانە , وەلێ وەك پێشبینیکرا ) هەڵسوڕاوانی چاك و زۆرێك لە ڕۆشنبیران وا بیریان دەکردەوە ( دواتر هەر وا دەرچوو , زۆر

پێویست بوو کاری جدی بۆ بە براتیککردنی ئەو درووشمە بکرابایا لەو سۆنگەیەوە نا بزووتنەوەی دژ بە ئیعدام لە کوردستان ، لە ڕێگەی پاراستنی ملی سەدامەوە بەرینە پێشەوە, بەڵکە پاراستنی سەری سەداممان بۆ درکاندنی نهێنییەکانی مێشکی پێویست بوو ، بۆ پاراستنی ئەو نهێنیانەی خەزێنەیەك بو بۆ داهاتووی سیاسی گەلەکەمان ، ئەو نهێنیانەمان پێویست بوو بۆ بە دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو , ئەوانەشی گوێ لە دەنگی دی ناگرن , چۆن بەم کارەیان هەلە زێڕینەکان بەردەم گەلەکەمان لە دەست دەدەن , دوایش پەنجەی هەڵەیان گەزی , لێ پەنجە گەزینەکە باوەڕ ناکەم فێری گوێگرتن بکات لە جەماوەر و هەڵەکانی ڕابردو پەند وەربگرن .

ئێستا لە جیهاندا تەنها لە76 وڵات , بڕیاری لە سێدارەدان بە پراتیك جێبەجێ دەکرێت, لە ساڵی 1990 ەوە , ساڵانە 3 وڵات لە جیهان پەیوەست دەبن بەو وڵاتانەی سزای لە سێدارەدان لە وڵاتەکانیان ڕەت دەکەنەوە , جگە لە ئەمەریکا , لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەو بڕیارە هەڵوەشاوەتەوە .

ولایەتی میشگانی ئەمەریکی یەکەم ولایەت بوو بە پراتیك لە سێدارەدانی ڕەتکردەوە لە جیهاندا . فەنزویلا یەکەم وڵاتە لە جیهان لە ساڵی 1863 لە سێدارەدانی هەڵوەشاندەوە . سوید لە ساڵی 1911 لە سێدارەدانی ڕ ەتکردەوە . ئێستا لە جیهان 84 وڵات بە تەواوی لە سێدارەدانی ڕەتکردۆتەوە بە یاساو کردار.

تاکو ساڵی 1977 , لە هەموو جیهان تەنها 16 وڵات لە سێدارەدانی ڕەتکردبوەوە , لە ساڵی 1990 ەوە 40 وڵات پەیوەست بوون بە وڵاتانی دژ بە بڕیاری لە سێدارەدان , لە ساڵی 1985 ەوە 50 دەوڵەت ( حقائق والارقام حول عقوبة بلاعدام –منظمة عفو الدولية ) .

هەرچەندە زۆربەی ئەو وڵاتانەی پەیرەوی بڕیاری لە سێدارەدان دەکەن وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامین , وەلێ تونس , جەزائیر , مەغرب , مۆریتانیا , بەحرێن لە 10 ساڵی ڕابردوو لە سێد ارەدانیان جێبەجێ نەکردووە (جوزيف بشارة – الغاء عقوبة الاعدام يحفظ للانسانية كرامتها المهدرة ؟ 6-1-2007 ) .

وڵاتێکی وەك فەرەنساش پاش 26 ساڵ کار نەکردن بە بڕیاری ئیعدام , سەرەتای فیبریوەری 2007 لە دەستوور بڕیارەکەی هەڵگرت( الشرق الاوسگ , 1–2–2007 ) .

مردنی سەدام خەونێکی خۆش و ئاواتێکی گەورە بوو بۆ کورد , نەوەی ئێمە لەوەتەی فاممان کردۆتەوە , خەون بەو چرکە ساتەوە دەبینیین , وەلێ کە هاتە دی , کەسمان زەماوەندمان بۆی نەکرد و سەرچۆپیمان بۆی نەگرت و شەکرۆکەمان بەسەر منداڵی قوربانیاندا دابەش نەکرد و ئاهەنگمان بۆی نەگێڕا , دایکی شەهیدان هەڵهەڵەی خۆشیان بۆی لێنەدا , بۆ یەکەمجارە ئێمەی قوربانیان , داوای مەرگ لەم کات و ساتەیا نەکەین بۆ جەلادەکەمان , چونکە خەونەکانی ئەنفال , هەڵەبجە , فەیلی , تەعریب , قەڵادزێ , بارزانی ....مان هەموو دۆڕاند , بە مەرگی تاوانکاری سەرەکی , تاوانەکان هەموو بچووك بونەوە , بەم هەنگاوەش چەندین تراژیدیای مەزنی کورد لە سێدارەدرا .

سەدام ئەو جانەوەرەی زۆری بڕیارەکانی بە تەنیا دەرکردووە , یان کەس بۆی نەبووە ڕەتی بکاتەوە و جێبەجێی نەکات , هەروەك دوایی لە دادگا فەرماندە سەربازیەکانی ئاماژەیان پێیدا , بۆیە دەبوایا سەریمان لە بیلبیلەی چاومان باشتر بپاراستایا , تاکو هەموو نهێنییەکانمان پێی دادەدۆشی و لەبەردەم چاوی جیهانەوە , دانی بە تاوانەکانی دەنا , کەچی بۆخۆی ڕۆیشت و تێیتەقاند , تاوانەکانیشی لە دوای خۆیەوە بچوککردەوە , سزاکەشی لەسەر لاچوو.

## داد پەروەری براوە

**سەدام ئەو چرکە ساتەی گیرا لە بەرواری 13-12-2003 , هەر لەو کونەیا مرد کە تێیدا دۆزرایەوە , خۆشی باوەڕی ناکرد بگاتە ئەو ڕۆژەی لە سێدارەدرا, بە ترسنۆکی لە کون دەرهێنرا و بە پڕ کێشی سەری کرا بە دار ا , وێنای شکاندنی پەیکەرەکەی لە ڕۆژی 9-4-2003 لە گۆڕەپانی فیردەوس و نەعلەکەی ئەبو تەحسین لە سەورە کۆتاییان بە هەیبەتی دەسەلاتی ئەو هێنا , گەڕانەوە بۆ دەسەڵات پاش نەعلەکەی ئەبو تەحسین بۆ سەدام ئەستەم بوو , بۆیە ترس لە گەڕانەوەی بەهانەیەکی پووچ و بهانا و ناماقوڵ بوو , پاساو بۆچونێکی زۆر چەوت بوو , گران بوو بگەڕێتەوە بۆ پێش ڕاکێشانی کەلە سەرەکەی لە گۆڕپانی فیردەوس و نەعلەکەی ئەبو تەحسین .**

سەدام 1 ملیۆنی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان شاردەوە, وەلێ تەنها لەسەر148 کەس لە سێدارە درا , کەچی ئێستا ڕۆژانە لە عێراق 150 کەس لە شەڕی مەزهەبی دەکوژرێت, بەشی زۆری هەر ئەوانە ئەنجامی دەدەن , کە بژی موقتەدایان لە هۆڵی لە سێدارەدانەکە دەوتەوە , ئەوانە هەر ئەوانەن ڕۆژانە کەلە سەر لە لاشەکان لەسەر ناوەکانیان جیادەکەنەوە, هەر ئەوانەن بوونە بە جەلادی ناوی عومەر عوسمان و..... .

لە سێدارەدان کۆتایی هێنانە بە ژیانی مرۆڤێکی تاوانبار بە شێوەی یاسایی , پاش ئەوەی هەموو مافێك دەدرێت بە تاوانبار بۆ داکۆکیکردن لە خۆی . بەڵام شێوازی لە سێدارەدانی سەدام , لە دادگاییکردنی دکتاتۆر و سزا دانییەوە کرا بە تۆڵەی مەزهەبی و شەڕی نێوان شیعە و سونە , کوشت و بڕو دکتاتۆرییەتی لە هاوکێشەکە دەرکردە دەرەوە , وایکرد دادگاییکردنەکە وەك مەبەستی سیاسی دەربکەوێت نەك جێبەجێکردنی یاسا , درووشمەکان ناو هۆڵی دادگاییەکە ئەم ڕاستییە دەر دەخەن , لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکە نەوترا بژی دیموکراتییەت و بژی گەل , بەڵکە هاوار بۆ موقتەدا کرا , ئەمەش سەدامی لای زۆر کەس لە تاوانەکانی پاك کردەوە , دیارە زیانلێکەوتووی یەکەم لە پاککردنەوەی سەدام لە تاوانەکانی کوردە , چونکە پشکی یەکەمی لە تاوانکارییەکان بەردەکەوێت , بگرە لێکچوییەك هەبوو لە نێوان تاوانەکانی سەدام و کردەی هەڵواسینەکە .

وەك ئامتژەمان پێی دا , شێوازی لە سێدارە دانەی سەدام , پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسا نەبوو, بەڵکە جێبەجێکردنی تۆڵەی مەزهەبی بوو, بۆیە سزا دانەکە ناچێتە پای جێبەجێکردنی یاساوە

قەنارەکەی سەدام بەشێوەیەك شەڕی مەزهەبی خۆش کرد و جۆشی دا ڕۆڵی کراسەکەی عوسمانی لە ئێستادا گێڕا , تەنانەت شێوازی ئەنجامدانی لە سێدارەدانەکە لای زۆرێك, کردی بە پیاو باش و بەرزی کردەوە بۆ ئاستی پیاوچاکان و بوون بە ئەفسانە هەرچەندە ئەوانەی ناڕازی بوون , زۆریان لە ناوەڕۆکدا بۆ خۆیان سەدامێك دیکە بوون نەك بە جەستە بەڵکە بە بیرکردنەوە

ئەمڕۆ هەریەکە لە نیگا و لایەك و گۆشەیەکەوە شێوازی لە سێدارەدانی سەدام دەخوێنێتەوە , سوونە دەیکەنە عوسمان و حوسێنی خۆیان و شەهیدی دەستی سەفەوی , شیعە دەیکەنە یەزید و ئەمەوی , کوردیش گوایا دەستیان بەکڵاو خۆیانەوە گرتووە بۆ ئەوەی بای شەڕی مەزهەبی نەیبات , کەچی ڕەشە بای موقتەدا گەورەترین شانسیانی برد بەرەو گەیشتن بە دەوڵەت, ئەویش پرسی ژینۆسایدە .
حکومەتێك نەتوانێت ژورێکی لە سێدارەدان بەڕێوە بەرێت , تەنها 14 کەسی تێدا کۆببێتەوە , ئەوانیش هەموو بەرپرسانی نمرە یەکی حەوزەی نەجەف و دەوڵەت بن " لە ئاهەنگی سێدارەدانی سەدام تەنها 14 کەس بەشدار بوون " , چۆن دەتوانێت شەقام و هەرێمە جیاجیاکان بەڕێوەبەرێت و بە یەکسانی سەیری هەموو هاوولاتیانی بکات ؟ , دیارە مافی هاوولاتی لە دەوڵەتی ئاینیدا بۆچونێکی پووچە .
شێوازی بەڕێوەبردنی دادگاییەکە و جێبەجێکردنی شێوازی لە سێدارەدانەکە , سەلماندی لە بنچینەوە لە بەغدا دەسەلات چۆن بەڕێوە دەچێت
شێوەی جێبەجێکردنی لە سێدارەدانەکە , بە نمرە یەك فەشەلی پارتی دەعوە بوو , چونکە کارەساتی دوجەیل و هەردوو سەرۆك وەزیرانی عێراق بەشی پارتی دەعوە بوون , دیاریکردنی دوجەیل وەك یەکەم کێسی دادگاییکردنەکە, دیاریکردنی حیزبی دەعوە بوو لە دادگا , پرۆسەی لە سێدارەدانی سەدامیش , دەرخەری دادپەروەری پارتی دەعوە بوو , ئەم دادپەروەرییە بوو مالکی بەرەو ڕوی ڕسوایی وێنەگرتنەکە کردەوە , فەشەلی ئەم پارتەی لە هەمبەر وەفاداربوون بەرامبەر گەل و یاسا و کارگێڕی دەرخست.

مالكی به قەڵەم سوفتێكی سوور بڕیاری له سێدارەدانەكەی واژۆ كرد , كه 30 ساڵ بوو هەڵگرتبوو تاكو له ڕۆژێكی وادا بەكاری بهێنێت , شەوێكی هەڵبژارد له هەمان شەودا ئاهەنگی ژن هێنانی كوڕەكەی بوو.

دەبوایا له كوردستانیشدا ڕۆژی له سێدارەدانی سەدام , به ئەنازەی ژمارەی قوربانیانی كارەساتەكان , زەماوەند ساز بكرایا و نەمام بنێژرایا , وەلێ ئەو ڕۆژه خەندەش لەسەر لێوان تارا , گوێبیستی هەڵهەڵەو سەرچۆپی دایكانی قوربانیان نەبوین.

مالكی بەبێ گەڕانەوه بۆ دەستەی سەرۆكایەتی بڕیارەكەی مۆركرد، ئایا له ئایندەشدا مالكی پرس به دەستەی سەرۆكایەتی دەكات بۆ كاری گرنگی لەم چەشنه ؟

سەدام له دوای مەرگی شەڕی مەزهەبی كردی به نەمر, ئەوانەشی بژی موقتەدایان وت, دوژمنیان بۆ شیعه پەیدا كرد, قازانجیان نەكرد .

ئەمەریكیەكان له ژێر باری گرانی سكانداڵەكانی له سێدارەدانەكه, تەرمەكەی سەدامیان دایەوه به كەس و كاری , هەرچەنده شیعەكان دەیان ویست تەرمەكەی بشارنەوه و نەیدەنەوه به خلوەنانی , لەوه دەترسان پڕكێش یەكان سەدام لەبەردەم پەتی قەناره , سەرنجی خەڵك ڕابكێشێت و گۆڕەكەی پیرۆز بكرێت , بەمەش له نەدانەوەی تەرمەكەی شیعەكان دەیانوویست هەمان ڕێوشوێنی سەدام بگرنه بەر.

ئەوەی شیعەكان دەیانویست تۆڵه بوو , نەك چەسپاندنی یاسا . له دوای ئەو ڕسواییه نازانم دادگای سەردەم چی بەسەر دێت ؟؟؟ , به له سێدارەدانەكه دادپەروەری كۆتایی هات , یان بوو به شەڕی مەزهەبی .

له پرۆسەی سێدارەدانەكه , دەركەوت له عێراقی نوێدا , به فەرهەنگی موقتەدا دەسەڵات بەڕێوه دەبرێت و خەڵك پەروەردە دەكرێت.

پەتەكه , شوێنەكه , درووشمەكان , كەسەكان , ئامادەبووان له گەڵ سەردەمی سەدام نەگۆڕابوون . تەنها لیستی ئیئتلاف ئامادەی له سێدارەدانەكه بوون , كردەكه تۆڵەكردنەوه بوو , نەك جێبەجێكردنی یاسا و بڕیارەكانی دادگا . هەرچەنده نابێت ئەوه بشارینەوه له هەموو وڵاتانی نەوتدا گرنگی زیاتر به دەستكەوت دەدرێت وەك له یاسا, ملی سەدامیش بوو به بەشی موقتەدا له دابەشكردنی دەستكەوتەكان.

له وڵاتی مەرگ و زیندانداﻧ ئەو ڕۆشنبیرییە سەدامییە به یەكسانی بەسەر ئەندامانیدا دابەشكراوە ,
ئەو جەلادانەی سوكایەتیان بە سەدام كرد , هەر خۆی لە ڕابردووی نزیك پەروەردەیانیكردووە ,
مرۆڤەكان لە دەسەڵاتداریەتی عێراقی نوێدا نەگۆڕاون , درێژكراوەی مرۆڤەكانی بەعسن , هەربۆیە
لەو چركە ساتە سەدام بە قوربانییەكانی خۆی پێدەكەنی چۆن بەبێ ئەقڵانە تۆڵەی لێدەكەنەوە,
ئەو بەوە پێدەكەنی چۆن بە سانایی پاكی دەكەنەوە لەو هەموو ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە
مێژووی بەغدا هەمووی كوشتن و كوشتنەوە و داگیركردن بووە لەسەرەتای دروستكردنییەوە , لە
ساڵی 814 ز لە كوشتنی ئەمینەوە دەستی پێكرد , سەفەوییەكان 4 جار لە نێوان ساڵەكانی (
1508 _ 1638 ز بەغدایان داگیركردووە و خەڵتانی خوێنیان كردووە, شاریان لێواو لێوی خوێن
و كەلەسەر كردووە , ئەمجارەش گەڕەكەكانی شار لە مەزهەبی جیاجیاكان پاككراونەتەوە, وەلێ
لە ئاینەكانی دی نا, كەواتە شەڕی شیعە و سوونە تیژترە لە شەڕی ئاینەكان.
پاش لە سێدارەدانی سەدام سەرۆكی ئێران بەهەڕەشەوە وتی : دادپەروەری ئیلاهی بنا قاقای
سەدامی گرت , ملی هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە پشتیان گرت لە هێرش بۆ سەر ئێران , زوو بێت
یان درەنگ.
داكۆكیكردنی بەرپرسانی شیعەی عێراقی و ئێرانییەكان لە دڕندەیی شێوەی هەڵواسینەكە, مانای
دووبارە بوونەوەی هەمان شێوازە لە ئایندەدا , مانای ئەوەیە پەتی قەنارە بووە بە میتۆدی
دەسەڵاتدارییەتی لە عێراقی نوێدا , دوێنێ ملی سەدامی گرت , سبەی ملی ئازادیخوازانی پێوە
دەبێت, كەواتە خاڵخاڵییەكان بۆ پاوانكردنی دەسەڵات لە عێراق بەڕێوەن

## سێدارە سەدامی كوشت یان نەمری كرد ؟

ئەو ڕۆژەی سەدام تیایدا لە قەنارە درا, لای بەشێك لە هاووڵاتیانی عێراق جەژن بوو, هەرچەندە
بۆ جەلاد ئەو ڕۆژە جەژن نەبوو, چونكە شیعە بوو , وەلێ جەژنی سەدام بووچونكە سونی بوو
, بە پێی یاسای عێراقی نابوایا لە ڕۆژی جەژندا سەدام ملی بە قەنارەیا بكرایا , بەمەش

سەلماندیان ڕێژمێری شیعەو سونە جیایە , ئیسلام دوو مێژوو و دوو ڕێژمێری هەیە , واتا عێراقی نوێ , ڕێژمێری نوێشی هەیە.
سەدام دووەم کەسە لە مێژووی عێراق لە جەژنی قوربان‌دا دەکرێت بە قوربانی مرۆیی , لە دوای جەعد بن درهەم کە لە 10 ی زوالحەجەی ساڵی 134 ی کۆچی , لە شاری واست , لەبەردەم خەڵکدا , والی ئەمەوی لە عێراق , بە تاوانی هەڵگەڕانەوە لە ئاین لە سێدارەیدا , بەمەش هەڵبژاردنی ئەو کاتە هەڵەی بۆ لەسێدارەدانی, سەدامی بردە مێژووەوە .
لە سێدارەدانی سەدام, نمایشێکی وەحشیانە و دڵڕەقانە بوو, لای ئەوانەی جەژنیان لا گرنگ بوو, هەموو پیرۆزییەك بۆ ژیان نەما , لە گەڵ لە سێدارەدانی سەدام لە ڕۆژی جەژنی قوربانداا بەمەش سەدام بوو بە ئیسماعیلی سەردەم , چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل بوو بە واقیع.
لای موسڵمانەکان باوە لە سێدارەدان, لە مانگەکانی حەرام یاساغە, بەتایبەت لە جەژنی قوربان و مانگی زوالحەجە , کە تیایدا سەر بڕینی مرۆڤ حەرام دەکرێت , وەلێ ئیسلامییە شیعەکان , گوێیان لە پیرۆزی ئەو ڕۆژە نەگرت, حەرامیان حەڵاڵ کرد , لە جیاتی شیوەنکردن لەسەر عەباس و حوسێن, موقتەدا و سەدرەکان بوونە ئیلهامی جەژنەکەیان.
شیعەو سونی لە کەرتبونێکی وادان , ڕەمەزان و جەژنیشیان یەك نییە , بەهەشت و جەژنیش یەکیان ناخاتەوە, ملی سەدام ئەو دابڕانەی تیرترکرد.
بەو کردارە ناشرینەی نمایشیان کرد لە هۆڵی لە سێدارەدان , هەموو مێژووی ڕەشی 45 ساڵەی سەدامیان, بەو 5 چرکە هەڵپەڕینە گۆڕییەوە, بەمەش سەدامیان کرد بە حوسێنی سوونە.
بەشێك زۆر ئەوانەی لەو ڕۆژە دژ بە چۆنیەتی لە سێدارەدانی سەدام بوون , لەڕابردوو دوژمن و نەیاری سەرسەخت و هەمیشەیی سەدام بوونە, وەلێ لەگەڵ ئەو شێوازە وەحشیانەیەو ئەو نمایشە زۆر دواکەوتوانەیە نەبوون.
لە چەند بارێکەوە پرۆسە و کاتی لە سێدارەدانەکە یاسایی نەبوو, بڕیارە لە سێدارەدان لە ڕۆژانی پشوو وجەژن جێبەجی نەکرێن لە عێراق, هەروەها هێشتا 30 ڕۆژ بەسەر دەرچوونی بڕیارەکەیا تێنەپەڕیبوو , سەرباری ئەوەی سەرۆك کۆمار و جێگیرەکانی واژۆی بڕیارەکەیان نەکردبوو , ئەمانەش وایکرد دامەزراوەی دەوڵەتی عێراقی بەرەو گومانی بوون بکاتەوە و لە گەڵیدا یاساش لە سێدارەبدرێت .

ئەو درووشمە مەزهەبیانەی لە کاتی لە سێدارەدانەکە وترانەوە , زیاتر ڕووی ڕاستی پرۆسەی لە سێدارەدانەکەیان دەرخست , هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی لە سێدارەدانەکە و هەڵبژاردنی کاتەکەو پشتگوێخستنی سەرۆکایەتی , سەلماندی دەوڵەت بوونی نیە لە عێراق , لە دوایشدا لێبونەوەی سەری بارزان لە جەستەی زیاتر ڕسواییەکانی دادگاییەکەی خەستتر کردەوە

شێواز و شێوەی لە سێدارەدانەکە , ئەو شێواز و شێوەیە بوو تاوانکاران , توندڕەوەکان دەیانویست , شینی ئەوان بۆ ملی سەدام نییە , بەڵکە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەتەکانیان بوو لە عێراق , ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی ملی سەدامەوە شەڕی مەزهەبی برەو پێ بدەن و بارودۆخی سیاسی ئاڵۆز بکەن و پرۆسەی سیاسی بۆ سەرلەنوێ بنیات نانەوەی عێراق لەسەر بنچینەی باڵا دەستی شیعە پەك بخەن .

هەرچەندە سەدام دوای لە سێدارەدانی , تەرمەکەی درایەوە بە کەس و کاری و بە مەراسیمەوە لە عۆجە شاردیانەوە , وەلێ خۆی لە ڕابردوودا یەك تەرمی ئەنفالەکانی نەدایەوە بە کەس و کارەکانیان .

هەروەها بە بەڵگەو وێنەوە لە سێدارە درا " دیارە دوو جۆر وێنە , یەکیان دەوڵەتی بێ درووشمی مەزهەبی و سەدامێکی بێدەنگ , ئەوی دی فەوزایەکی مەزهەبی و سەدامێکی نەترس " کەچی خۆی 182000 مرۆڤی کوشت , نەیهێشت یەك بەڵگەی بچووك دەست کەس و کاریان بکەوێت نەیارانی هەڵواسینی سەدام , زیاتر گرنگییان بە 2 چرکەی کۆتایی ژیانی سەدام دا , نەك 35 ساڵ دەسەڵاتدارییەتی ڕەشی , ئەمەیە وا دەکات ئەو خوێنەی لە ملی سەدامەوە هات , مێژووە ڕەشەکەی پاك بکاتەوە لای خەڵکێکی زۆر لەوانەی دڕندەیی دەسەڵاتدارییەتی ئەویان نەچەشتووە , هەروەها هەندێك ڕێکخراو هەڵوێستیان جێگیرە لە بنەڕەتەوە دژ بە لە سێدارەدانن

هەموو تاکێك مافی ژیانی هەیە , وەلێ دکتاتۆرێك سەدان هەزاری بێ دادگا کوشتبێت , عێراقی کردبوو بە مەملەکەتێکی گەورەی ترس , ئایا هەمان مافی هەیە ؟ , ئەمە ئەو پرسیارەیە نەیارانی سەرسەختی لە سێدارەدان, ناتوانن بە جورئەتەوە وەڵامی ڕاشکاوانەی بێ پێچ و پەنای بدەنەوە " لە پاریس کۆنگرەی دژ بە لەسێدارەدان لە بەرواری 28-1-2007 بەسترا , وتیان سەدام لە هەلومەرجێکی خراپ لە سێدارەدرا و لەسەر هەموو تاوانەکانی دادگایی نەکرا ( ایلاف 28-1-2007) .

بەڵام شێوازی هەڵواسینەکەی سەدام , مامانی لە دایك بوونی سەدلمێکی دیکەیە لە هەمان وڵاتدا .
بەمەش شێوەی هەڵواسینی سەدام لە سێدارەدانی عێراقێك بوو, سەدام 35 ساڵ بە ئاگر و ئاسن یەکێتیەکەی پاراست ,لێ بە ملی کۆتایی پێ هێنا .
هەوادارانی ئەمڕۆی سەدام , زیاتر عەرەبی نا عێراقی و ئیسلامین , خۆپیشاندانە ناڕەزایەتییەکان زیاتر دژ بە ئێران و ئیسرائیل بوون نەك دژ بە ئامەریکا , لە شەقامەکان مەرگ بۆ مەجووس و جولەکە دەوترانەوە نەك بۆ ئامەریکا, بۆیە ناڕەزایەتییەکان بۆنی شەڕی مەزهەبیلن لێ دەهات نەك شەڕی ئاینی , بەمەش پانتایی شەڕی شیعە و سونی دەگوازرێتەوە بۆ مەودایەکی بەرینتر , لە سنووری بەغداوە بۆ هەموو جیهانی ئیسلامی, لە جزر قەمەرەوە بۆ مەغریب و پاکستان .
کەس پێشبینی ئەوەی ناکرد , ئیعدامکردنی تاوانکارێکی وەك سەدام , دەبێت بە شەهادەت و وێنەی سەدام لای لایەنگرانی دەچێتە ناو مانگەوەو پیرۆز دەکرێت
یاخوود سەدام بچێتە پاڵ عومەر موختار, وێنەکەی لە شەقامەکانی وڵاتانی ئیسلامی بشەکێتەوە, بەمەش وێنەی عومەر خاوەر و گۆڕە بە کۆمەڵەکان کاڵ بکاتەوە
تەنانەت موسڵمانەکانی هیندستان لە ویلایەتی بیهار , ناوی گوندەکەیان لە لاهوناوە گۆڕی بۆ سەدام حوسێن , هەموو گوندەکە بۆ هەڵواسینەکەی گریان.
ئەمەش وایکرد پەرتووکەکەی محەمەد مەدبولی لەسەر نەمردنی سەدام و عودەی و قوسەی, شان بە شانی پەرتووکەکانی ئێدوارد سەعید و نەجیب مەحفوز بفرۆشرێن لە پیشانگای پەرتووکی قاهیرە . تەنانەت لە چلەشیدا شیوەنی بۆکرا, دلۆپە لە سێدارەدانی سەدام کۆستێکی گەورە بوو بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی, لەگەڵ هەڵواسینی ئەودا , خەونی ناسیۆنالستی عەرەبیش هەڵواسرا.
ئایا دەبێت لە مێژوودا هەموو مرۆڤە پیرۆزەکان بەم شێوەیە بە نەمری بۆ ئێستا مابێتنەوە ؟, ئەو مرۆڤانەی دوای مەرگیشیان بەۆك بە زیندووەکان بەر نادەن.

# نهێنیی لە سێدارەدانی سەدام

شەوی لە سێدارەدانی سەدام , بووش پێش ئەوەی چاوەڕوانی گەیشتنی ئەو هەواڵە گرنگە بکات چوو خەوت , چونکە دەیزانی ئیعدام دەکرێت, بڕیارەکە پێشتر لە لایەن خۆیانەوە درابوو.

هەرچەندە لە ڕوانگەی عەقڵەوە نەك سۆزەوە , پەتەكەی ملی سەدام هەموو ستەمكارانی جیهانی ترساند , هەرچەندە نابێت ئەوەش لە یاد بكەین ئەمەریكا نەبوایا, لە فیردەوس , منداڵان پەتیان لە ملی سەدام دەكرد, لە وێنەكەی خراپتری بەسەر دەهات .

لە سێدارەدانی سەدام سزادانی بە تۆڵەی خۆرا و ڕزگاربوون بوو لە دركاندنی نهێنیەكان , نەك تەنها زیانێكی گەورە بوو لە كورد كەوت , بەڵكە هەموو مرۆڤایەتی و مێژوو زیانێكی مەزنیان پێ كەوت , بەو كردەیە زۆر تاوانبار خۆیان دەشارنەوەو لە مێژوودا شەرمەزار ناكرێ , ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕاستیەكان وەك خۆی بۆ مرۆڤایەتی ئاشكرا نەكرێن و بۆ نەوەكانی داهاتوو بە ئامانەتەوە نەگواسترێنەوە .

دەكرا سەدام و هاوكارانی , ئەوانەشی دواتر هەمان چارەنووس چاوەڕوانیانە , وەك دادگاكانی نۆرنبێرگ , ڕواندا , بۆسنە , ژاپۆن تاكو كۆتایی هاتنی سەرجەم دۆسیەكانی دادگا بهێڵرێنەوەو سزاكانیان بەسەردا جێبەجێ نەكرێت , بۆ ئەوەی سەرجەم قوربانیانی تاوانەكانیان , لە ڕوی یاسایی و ئابووری و سیاسییەوە مافی خۆیان وەردەگرن , ئەوەش بە بیر خۆمان بهێنینەوە , لە جەنگی جیهانی دووەمدا تەنها ستالین دەیەویست هیتلەر دادگایی بكرێت, ئەمەریكاو ڕۆژئاواییەكان لەگەڵ كوشتنیدا بوون, ئەمجارەشیان لەگەڵ دادگاییكردنی سەدامدا نەبوون

سەدام یەكەم كەس نەبوو لە عێراقی نوێدا لە سێدارەدرا, كە بڕیار بوو وڵاتی بێ قەنارە بێت , لە بەرواری 1-9-2005 كاتژمێر 10 ی سەرلەبەیانی , بۆ یەكەمجار لە دوای ڕوخانی ڕژێمەوە, 3 كەس لە سێدارە دران , ئەوانیش هەر یەك لە : (ئەحمەد جاف – عودەی داود دلێمی – جاسم) بوون , كە بە تاوانی ئەندامەتی لە ئەنسار سوونەو ئەنجامدانی كاری تیرۆریستی لە سێدارەدران,لە دادگای كووت لە بەرواری22-5-2005 بڕیاری لە سێدارە دانەكە پەسەندكرا.

كوێتییەكان كۆی گشتی نزیك بە 600 قوربانیان هەیە , لە بەرامبەردا كورد زیاتر لە 600000 , كەچی ئەوان لە كورد مكوڕتر بوون لەسەر سزادان و دادگاییكردنی تاوانباران , داوایان لەسەر سەدام و 8 لە یارمەتیدەران و 293 لە یاریدەدەرانی تۆماركرد , كوردیش وەك دەسەڵاتداریەتی لەسەر كەس ... ؟ , وەلێ وەك وەك مافی شەخسی دەیان كەس كە ناوەكانیان لە دادگا تۆماركراوە , لە بەر بەرژەوەندی پرۆسەی دادگا لە داهاتوو بڵاویان دەكەینەوە

له سەرەتاوە جدیەت بە دادگاییەکە نەدرا لە لایەن سەرانی کوردەوە , سەرانی کورد ئەوەندەی گرنگیان بە تەنەر و کۆمپانیا دا , یەك چارەکی ئەوە گرنگیان بە دادگاکە بدایا , ئاوا بە سانایی تاوانباری یەکەم هەموو نهێنییەکانی لەگەڵ ملی خۆیدا نابردە گۆڕەوە , دەهێڵرایەوە تاکو ئەو کاتەی هەموو ڕاس ییەکانی ئاشکرا دەکرد , وەلیٚ مخابن ڕێز لە قوربانی و کۆمەڵکوژی و کارەساتەکانی کورد نەگیرا , ئەنفال و هەڵەبجە کە دایکی تاوانەکانی سەدام بوون خرانە دواوە , هەموو کرا بە قوربانی کایەی ناو پرۆسەی سیاسی عێراقی , کرا بە قوربانی سەقامگیربوونی دەسەڵاتی مەزهەبی لە عێراق , سەدام لە 19-10-2005 تاکو 7-11-2006 بۆ تاوانەکانی دوجەیل هێڵرایەوە , کەچی لە تەنها 4 مانگ لەسەر ئەنفال دادگاییکرا , لە بەرواری 26-12-2006 دادگای تێهەڵچونەوە بڕیاری لەسێدارەدانی سەدامی ڕاگەیاند دوای 4 ڕۆژ ملی بە قەنارەیا کرا , ئەوەندە پەلەیان بوو لە جێبەجێکردنی چاوەڕوانی واژۆی سەرۆکایەتیان نەکرد , هەرچەندە سەدام پێشتر خۆی بڕیاری لە هەمان چەشنی دابوو, بۆ لە سێدارەدان نەگەڕێنەوە سەر واژۆی ئەو, لە خوارەوە هەمان بەڵگەنامە دەبینن.

بە لە سێدارەدانی سەدام هەموو تۆمەتێك لەسەری کۆتایی هات , قەرەبوکردنەوەش دۆڕا , ئەگەر سەدام لەسەر تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال سزا نەدرێت, چۆن لە سەروەت و سامانی ئەو قوربانیان قەرەبووبکرێنەوە , ئەمەش وا دەکات بێسڵەمینەوە بڵێین لە سێدارەدانی سەدام , لە سێدارەدانی بەشێکی زۆری مافەکانی کورد بوولە دادگاکە .

هەموو تاوانەکان سەر سەدام کەوتن بەهۆی لە سێدارەدانییەوە , هەموو لێپرسینەوەیەکی یاسایی لەگەڵیٚ ڕاگرترا , سەدام بێتاوانکرا لە هەموو دڕندەییەکانی , شۆردرایەوە لەهەموو خوێنخۆرییەکەی, هەموو سزادانەکەی هاتە سەر ئەوەی ئەگەر سەروەت و سامانی هەبێت, دەستی بەسەردا دەگیرێت , ئەوەش کورد لێی بێبەری دەکرێت . هەرچەندە دادگا لەگەڵ زیندووەکان بەردەوام دەبێت , لیٚ گەورەترین تاوانبار لە دادگاکە دەرکرایە دەرەوە , تاوانبارانی دی عەلی حەسەن مەجید هەرە زەبلاحیانە , ئەویش فەرماندەی ناوچەیی پارتی بەعسە نەك سەرۆکی هەموو عێراق , هەر واشیکرد , بڕیاری ئەنفالی بە بڕیاری خۆی وەك ئەمینداری باکووری پارتی بەعس دایە قەڵەم , دیارە بۆ هەڵەبجە لە وانەیە بچوکتریش بکرێتەوە

**سەدام چووە ناو گۆڕێکی پڕ لە نهێنییەوە , پێش لە سێدارە دانەکە مشووری ئاشکرا کردنی تاوانەکان و دەرخستنی نهێنییەکانی نەخورا , ئاساییە لێرە بەدواوە زیندووەکان , زۆربەی تاوانەکان دەخەنە ئەستۆی سەدام , حوسێن ڕەشیدا لە ڕۆژی 8-2-2008 هەروایکرد , چونکە لە ڕاستیدا بە فەرمانی سەدام هەموو ئەو تاوانانە ئەنجام دراون بڕیارەکانی سەدام زۆربەیان تاك لایەنە بوونە و کەس نەیوێراوە ڕەتیان بکاتەوە .**

دەرچوونی سەدام لە کایەکە, ڕەونەق دادگاییەکە دەبات و بچووکی دەکاتەوە , بۆ دەستپێکردنی سەردەمێکی نوی لە عێراق , دادگاییکردنی سەدام لەسەر هەموو تاوانەکانی پێویست بوو , بۆ بە دۆکۆمێنتکردنی ڕاستییەکانی مێژوو , ئامادەیی هەمو ش ایەدحاڵەکان بە تایبەت سەرۆکی تاوانکارەکان زەروور بوو.

پرۆسەی دادگا و جێبەجێکردنی سزاکە بە شێوەی یاسایی بەڕێوە بچوبایا , لە بەرژەوەندی بە دۆکۆمێنتکردنی تاوانەکانی دژ بە کورد بوو , چونکە چەسپاندنی دادپەروەری دادوەری سەنگی ڕەوایی دادگایە , کەچی دەبینین خەڵکێکی زۆر پێیان وایا لە سێدارەدانەکە بۆ تۆڵەکردنەوە یان لە پێناو شاردنەوەی نهێنییەکان بوو .

لە سێدارەدانی سەدام بێ کۆتایی هاتنی دۆزەکانی کورد, شکستی سیاسییەکانی کورد بوو لە بەغدا بۆ خوێندنەوەی ڕوداوەکان, بۆ هەڵسەنگاندنی پێشهاتەکان , دەرکەوت کەس نەیانی خوێندەوە لە عێراقی نوێ , هەرچەندە خۆشیان نەیان ویست بیانخوێننەوە.

لە دوای لە سێدارەدانی سەدام , ئایا پرۆسەی دادگاییکردنەکە , لە دادگاییکردنی کەسەوە بەرەو دادگاییکردنی سستەمی سیاسی و دەوڵەتی عێراقی دەچێت ؟؟ , یاخود وردە وردە دادگا پاکدەکرێنەوە لە تاوانکاران , لە کۆتاییدا تاوانکارێك بە پلەی نایب عەریف بۆ دادگاییکردنی لە پای تاوانێکی گەورەی وەك هەڵەبجە بۆ کورد نامێنێت , بەمەش دادگاکە ئەوەندە گاڵتەجاڕ دەبێت چاوەڕوی پیشاند انی نامێنێت لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان ەوە , ئەگەر ئەم تاوانکارانەی ئێستاش بە عەلی کیمیاوییەوە لە پرۆسەی دادگای ئەنفال لە سێدارە بدرێن هەڵەبجە نێچیرێکی بۆ نامێنێتەوە تاوانکاری ڕاستەوخۆ بێت لە تاوانەکە , بەمەش هەموو ڕزگاریان دەبێت لە ڕسوابییەکانی

هەڵەبجە , دیارە لەو ڕسواییە دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق به ئێران و ئەمەریکاشەوە شەریکن, ئەگەر زیاتر نەڕوات بۆ دەسەڵاتدارییەتی کوردیش بێشك بەرۆك بە ئەوانیش دەگرێت .
شینی من بۆ نهێننیەکانی سەدامە نەك بۆ خۆی, بە جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام, هەموو قازانجیان کرد جگە لە کورد , هەموو ڕزگاریان بوو لە نهێنییەکان, ئێران , ئەمەریکا , پارتە کوردییەکان ... کۆمپانیاکان ڕۆژئاوا , هەموویان لە ڕسواییەکان تاوانی هەڵەبجە و ئەنفال دەترسان .
ئامانجی لە سێدارەدانەکە بۆ خۆی لە پێناو شاردنەوەی نهێنییەکان و ڕزگاربو ون بوو لە کاریگەرترین و گەورەترین شایەدحاڵی تاوانەکان , بەمە ئامانجەکەیان پێکا , ئەوەش خۆی لە خۆیدا ناپاکیەکی گەورە بوو بە قوربانیانی کورد و گۆڕە بە کۆمەڵەکان کرا
عێراق خاوەند چوارەم هێز بوو لە جیهان , هەرچەندە بۆ خۆی بچوکترین پارچە چەکی بەر هەم نەهێناوە , ئەوانەی بەهێزیانکرد بەرپرسن لە تاوانکارییەکانی , هەرچەندە هەرخۆشیان دوایی ڕوخانی , تەنی تانکەکانیان بە تەنها 900 دۆلار فرۆشتەوە .
لە بەشی کۆتایی دادگادا, تورکیا و کۆمپانیاکانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆژی ناویان هاتە پێشەوە , لەگەڵ ئانراتدا ژاپۆن و ئەمەریکا و سویسرا و میسر و ئیتاڵیا و ئوردن و تورکیا و سەنگافورەو هۆڵەندە ئامادەییان هەبوو , بە دوایدا نەمسا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و هیندستان و فەرەنسا و لۆکسمبۆرگ و ئیسپانیا و بەریتانیا و ئەرجەنتین و... زۆری دیکەش دەهاتنە پێشەوە , سەدام بە تەنیا ئەو هەموو تاوانانەی ئەنجام نەداوە, بەڵکە ئەوانە هەموو هاوبەشن لەگەڵی, کەشتی ئاسمانی ڕۆژئاوایی , یارمەتی سیخوڕی و لۆجستیکی ئەمەریکی, سەربازی سوپای سودانی و یەمەنی, گولە تۆپی میسری و نەمساوی , ناپاڵمی هیندی و سیخۆی ڕوسی , تانکی بەرازیلی و مینی چینی , پارەی کەنداوی , ......... هەموو لە پشت ئەنجامدانی ئەو تاوانانەوە بوون , بەمەش سەدام نهێنی شەرمەزاری یەك ئەستێرەی پڕ لە حەشاماتی بردە گۆڕەوە . هەروەك دەزانیین ڕامسفێلد لەساڵی 1983 لە بەغدا بوو, ڕۆڵی ئەمەریکا لە جەنگی ئێران– عێراق بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە.
کاتی خۆی فەرەنسا و ئەمەریکا بە هەموو توانای خۆیانەوە ڕێگریان لەسەر سزادانی سەدام لەسەر ئەو تاوانە کرد ( هەڵەبجە) .

سەرۆك ریگان یاسای گەمارۆی بازرگانی ئەمەریکای لەسەر عێراق کردە ڤیتۆ و ڕێگر بوو لەبەردەم داسەپاندنی .
ریگان لە نامەیەکدا بۆ بڵاوێزخانە جۆراوجۆرەکانی ئەمەریکا لە جیهان , جەختی کردەوە کە کوردەکانی هەڵەبجە , لە لایەن ئێرانییەکانەوە ژەهرباران کراون .

" لە کانوونی یەکەمی 2002 سیای ئەمەریکی لە کاتی شەودا ڕاپۆرتێکی 12000 لاپەڕەییان دەربارەی چەکەکانی سەدام حوسێن لە بارەگای ڕێکخراوی یوئێن فڕاند, ئەم دۆکۆمێنتانە دوای48 کاتژمێر گەڕێنرانەوە , لە کاتێکدا 100 لاپەڕەیان لێ‌وەرگرتبوو , لەو 100 لاپەڕەیەدا " .
" لەو 100 لاپەڕە بزربووە , بابەتی لەسەر کۆمپانیای بچتل تیابوو کە بوجەکەی لە لایەن خێزانی بوشەوەیە , کە مادەی کیمیاوی بۆ عێراق گواستۆتەوە " (چاودێر –29–1–2007 , کارزان محەمەد , لە لیمۆندە دیپلۆماتیکەوە, بە دەستکاری کەمەوە وەرگیراوە) .
کە دادگای تێهەڵچونەوە بڕیارەکەی لە لەسێدارەدانەوە بۆ زیندانی بۆ سەدام کەم نەکردەوە , سەدام ویستی دان بە تاوانەکانیدا بنێت , لێ نەیانهێشت دەم بجولێنێتەوە زوو لە سێدارەیان دا دەبوایا سەدام لە دانیشتنی 8ی مانگ ئامادە بوایا , قسەی خۆی بکردایا و ئیفادەی وەربگیرایا , کەچی ژیانیان لێسەندەوە کورسی ەکەیان بە چۆڵی بە جێهێشت بۆ عەلی حەسەن مەجید و تاوانەکانیان کاڵ کردەوە , ئەنفالیان لە نەخشەی دەوڵەتی عێراق بۆ قڕکردنی کوردەوە کرد بە بڕیاری سەرکردەی باکووری پارتی بەعس .
بەدیع عارف دوو ڕۆژ پێش لە سێدارەدانی سەدام وتی : دەیەوێت شایەدی بدات لەسەر ئەنفال .
هەروەها وتی : تاریق عەزیز زانیاری و ڕاستی ترسناکی لایە , دەیەوێت بە بیروڕای جیهانی ڕابگەیەنێت .
محەمەد شێخلی بەڕێوەبەری مەڵبەندی توێژینەوەی گواستنەوەی دادپەروەری وتی: زانیاری زۆر نهێنی هەیە جگە لە سەرۆکایەتی پایە بڵندی پێشووی عێراقی , کەسی دی نایانزانێت , ئەویش پێك هاتووە لە سەدام و هـ ێماکانی یەکەمی دەسەڵاتەکەی , کە لە ڕۆژانی داهاتوو بڕیاری لە سێدارەدان بەسەریانا دەسەپێنرێت (( سەدام لە سێدارە بدەن لە گەڵیا نهێنییەکانیشی)) .

وەفیق سامەڕائی بەڕێوەبەری هۆبەی13 هەواڵگری عێراقی تایبەت بە کاروباری ئێران ، یەکێکە لەوانەی لە پرۆسەی دادگاییەکە ناوی هاتە پێشەوە (اعدام صدام سريعا لاعدام اسرار الانفال – احمد عطا – اسلام اون لاين نيت 6-1-2006) ، سابیر دووری و حوسێن تەکریتی بە دارێژەری بیری ئەنفالیان ناساند, کەچی ئێستا سکرتێری کاروباری ئەمنی سەرۆك کۆمارە

بریماکرف وتی : سەدام لە سێدارەدرا بۆ ئەوەی دەنگی کپ بکەن , تەنانەت پێی وایە سەدام پێش 9–4–2003 لەگەڵ ئەمەریکییەکان ڕێك کەوتبوو, ئاسانکاری بکات بۆ گرتنی عێراق ( بی بی سی 15–1–2007) . بە پێی ڕۆژنامەی تەلەگراف بارزانیش بۆیە لە سێدارەدرا ، بە مەبەستی پاراستنی ئەو کۆمپانیانەی مادەی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە ( پیو ئۆنلاین 17–1–2007) .

سەدام لە مەرگ و ماندا هەر مایەی کوێرەوەری بوو بۆکورد ، سەرانی کوردیش نە توانیان لە کاتی خۆی ژیرانە لەو دڕندەیە بمانپارێزن, نە ئێستاش توانیان خوێنی ڕژاومان لە بەرژەوەندی ئەم گەلە سەرمایەگوزاری بکەن ، دوێنی بە چەقۆی ناسیۆنالستی عەرەبی ژینۆسایدکراین ، لە داهاتوودا ژینۆسایدی پیرۆزی خومەینیانە چاوەڕوانمانە ، ئەگەر فریا نەکەوین ، تاکو لە چیای حەمرین بە گەورەیی لەسەری نەنووسرێت ببورن هاوولاتیانی کوردی کوردستان ، ئەوە نە عێراق نوێیە ، نە ئێمەش بە داخوازەکانمان گەیشتوویین, لە عێراقدا تەنها ناوەکان و ڕۆژمێرەکان و بەرگەکان گۆڕاون .

٣٦٢

005298

[redacted]
DOC

"A"

رقم القرار / ٨٤٠

تاريخ القرار / ١٥/ ١١/ ١٩٨٧

## قـــرار

استناداً الى أحكام الفقرة ( أ ) من المادة الثانية والاربعين من الد... ور

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٥/ ١١/ ١٩٨٧ ما ي...

أولاً : تعتبر أحكام الاعدام ... بة الدرجة القطعية واجبة التنفيـ...
بحق الاشخاص الذين ... رت ضدهم في جميع الجرائم دون حا...ة
للمصادقة عليها من ر... الجمهورية وتحول الجهات ذات العلاقة
اخبار رئاسة الجمهور... بتلك الأحكام للاطلاع عليها .

ثانيا : يعتبر هذا القرار مــ... للأحكام الدستورية والقانونية ذات العلاقة
بالمصادقة على تنفيـ... حكام الاعدام .

ثالثا : يعمل بهذا القرار ... تاريخ نشره في الجريدة الرسمية ويتولى ...
الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذه .

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

# لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی کوردستانی بە فەرمی هەڵەشاوەتەوە

" شاعیری بەناوبانگی مارتینکی دەڵێت : کۆیلەی کۆیلە ئەو کەسەیە کە نەزانێت کۆیلەیە " .

ماوەیەك چاك پێش ئێستا , لە ستونێك کورتدا , داوام کرد بڕیاری لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی کوردستانی ساڵی 1991 ی تایبەت بە لێبوردن لە تاوانکارانی کورد هەڵبووەشێنرێتەوە , لەبەر ئەوەی هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە , ئەوسا کە ئەم پێشنیارەم کرد , هەم یەکەم نووسین و پێشنیار بوو لەو بارەیەوە , هەمیش تاق و تەنیا و بێ پشت و پەنا بووم , وەلێ ئەمڕۆ لەسایەی دڵسۆزانەوە , هەمان داخواز و داواکاری بۆتە داوای جەماوەر , لە هەموو کونج و کەلەبەر و لایەکەوە , هەر لە گەرمەسێری گەرمیانەوە تاکو بەستەڵەکی کوێستانەکانی ئەوروپا , لە دایکانی شەهیدانەوە بۆ خوشکانی ئەنفالکراوان , لە تێکۆشەرانی شاخەوە بۆ قارەمانانی کونجی زیندان , واژۆی ئەم داواکارییە دەکەن و ئیمزا کۆدەکەنەوە بۆ بە دادگاییگەیاندنی سەرجەم تاوانکاران و ئەنفالچییەکان و پوچەڵکردنەوەی بڕیاری لێبوونە پوچەکەی بەرەی کوردستانی.

لە ڕاستیدا وەك جاری پێشوتر ئاماژەم پێداوە , لەگەڵ دەستپێکردنی دادگاییکردنی تاوانبارانی سەرەکی لە هەمبەر تاوانی ئەنفال , بە وتە کورتەکەی هاشم سوڵتان و سابیر دووری , ئاگر نرا بە بڕیاری لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی کوردستانیەوە , ئەوان جاشە کوردەکانیان بە هێزی سەرەکی ئەنجامدەری ئۆپەراسیۆنی ئەنفال ناوزەد کرد , سوپای عێراقیش تەنها هاوکار و پاڵپشتکەر و یارمەتیدەر بوونە لەو تاوانە , ئیتر دادگا بۆی هەیە لە تاوانکارانی سەرەکی بێ لێپرسینەوە و دادگاییکردن ببورێت ؟ بێشك ئەمەیش مەحاڵە , بۆیە با هەموو خۆیان بۆی ئامادە بکەن تاکو نەگەینە گەرمایی و قوڵایی پرۆسەی دادگا, نازانین تاوانی جاشایەتی چەندە مەترسیداربووە بۆ سەر چارەنوسی کورد , سەرباری ئەو هەموو زیانە سیاسی و مرۆیی و مادییەی لەم گەلەیان داوە , هێشتا تاوانی هەموو جاشە جەنگاوەرەکان , بارتەقای زیانی جاشێکی بێ وەی وەك تەها

محێدین نییە ، دڕندەترین جاش پەپولەیە لە چاو زیانی بوونی وەزیرێکی کوردەوە ، خیانەتی تاوانکارترین جاش، خەسارەتی زۆر کەمترە لە وشەکانی جاش قەڵەمێك

زەرەری دەستلێنەدانی گوندێکی جاشەکان ، زۆر زیاترە لە خاپوورکردنی 4500 گوندی کوردستان ، چونکە بوونی هەموو ئەوانە دەبنە بەهانە و بەڵگەیەك گرنگ بەدەست جەلادەکانەوە ، بەڵگەی ئەوەی جیاکاری لە عێراقدا نەکراوە لە نێوان کورد و عەرەب دەربڕی ئەوەیە کوردەکان بۆخۆیان سەری یەکتریان قڕبڕ کردووە و ماڵی خۆیان تالان و وێرانکردووە ، دەڵێن کورد لە دەسەڵاتدا شەریك بووە ، ئەوەتا نموونەمان هەیە ، جێگری سەرۆك کۆماریان هەبووە ، وەزیریان هەبووە ، مومارەسەی ڕۆشنبیری خۆیان ئازادانە کردووە ، سەرجەم گوندەکانیان نەڕوخێنراوە ، نموونە ، نموونە ،نموونە لەبەر دەستدایە... .

دڵم بەوە خۆشە ، ئەو دادگاییەی لە بەغدایە ، وەك ئەوانەی کوردستان نییە ، بە نیو سەعات ، لەسەر دوو گوتار ، کەسێك 30 ساڵ حوکم بدات ، دوایی بێ پاڵپشتی یاسایی لێبوردنی گشتی بۆ دەربکات ، تاوانکارێك دوو ژن بکوژێت سەرۆك سوڵحی عە شایەری بۆ بخوازێت ، دوو ژنە لە کوردستان یاساغە ، لێ دووژن کوژە ئازادە.

لەم دادگاییە ئەوەی ناوی بێتە ناوانەوە ، هیچ هێز و حکوومەت و حەسانەیەك لەپرۆسەی دادگاییکردن ناپیارێزێت و ناتوانێت جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ڕابگرێت بەسەریدا دەدرێت ، بە مسۆگەری و بە گرنتیەوە تاوانکاران ڕاپێچی دادگا و ئەولاترەوە دەکرێن ، ئەگەرتاوانکار لە ناوخۆ بێت ئەوا تورگە لەسەری دەنرێت ، لە هاندەرانیش بێت وەك خەزرەجی لە دەست دادپەروەری ڕاکردووی ئەبەدی دەبێت.

تاوانی ژینۆساید تاوانێکە کۆن بوونی بۆ نییە ، هەرگیز بەسەر ناچێت و لەبیرناچێتەوە ، ئەگەر کوردیش لەیادی بکات ، مرۆڤایەتی بە زیندویی ڕایدەگرێت و دەیپارێزێت و لە تاوانکاران و ئەنجامدەرانی نابورێت ، تاوانکار چەندە خۆی لە دادپەروەری بشارێتەوە ، ئەوا ئەو تاوانەی بەسەریدا ساغکراوەتەوە لەسەری لاناچێت ، کەی دەستی دادپەروەری پێی بگات سزای خۆی وەردەگرێت ، هیچ لێبوردن و عافواتێك ، هیچ حەسانە و دەسەڵاتێك ، ناتوانێت تاوانکار بپارێزێت لە لێپرسینەوەو سزا ، هەر بۆیە جاشە کوردەکان ئەگەر جاشایەتی زیندوبکەنەوە، یاخوود نەوێرن جارێکی دیکە توخنی بکەونەوە ، لێبوردنی گشتیان بۆ دەریچێت یان دەسەڵاتدارین و خاوەند

حوكمی ڕۆستەم و فیرعەون و قاروون بن , چارەنووسیان لە نەزار خەزرەجی باشتر نابێت , ئەگەر وەك ئەو لێبوردنی تایبەتیشیان بۆ دەرچوبێت

هەر بۆیە بەم هۆكارەوە , لێبوردنە گشتییەكەی بەرەی كوردستانی , لەگەڵ زرمەی لێدانی یەكەم چەكووشی دەستپێكی دادگا , لە بنەڕەتەوە پوچەڵكراوەتەوە , پیاوەتی دەسەڵاتدارانی كورد لەوەدایە , بە پەلە پێش بڕیاری تورەگەكەی بەغدا بكەون , دادگاییەكی كوردستانی بۆ دادگاییكردنی تاوانكارانی كورد سازبكرێت , دەنا مێژوو لە سازشكاران نابورێت , ئەوەی دوژمنەكانی خۆی نەناسێتەوە لە كۆیلە كۆیلەترە

# دادگای ئەنفال بەرەو کویٚ ؟



دادگایکردنی سەدام لە پای تاوانی ئەنفال بەو مەزنییەی خۆیەوە , کە هەر لە دەستپێکیدا بە دۆسییەکی 9312 لاپەڕەیی پڕ لە سەرت اپا وەحشییەت و تاوان و ژمارەیەکی یەکجار زۆر شکایەتکار و شایەدی خاوەند چیرۆکی تراژیدی لە خۆ گرتووە ( هەندێك بەرپرس لەمەشدا مزایەدە دەکەن باسی8 تەن وکەسی دی18 تەن بەڵگەنامە دەکەن) .

لە سەرەتاوە دەمەوێت ئەو پرسیارە بکەم , ئایا ئەم دادگاییکردنە بە دادگاییکردنی فکری ناسیۆنالستی عەرەبی دەگات ؟ , یاخود بە دادگاییکردنی بزاڤی چەکداری کوردی ؟ . ئەمەش کێشمەکێشی نێوان دوو بزووتنەوەی نەتەوەییە, دەیان ساڵ بە شێوەی چەکداری نەیانتوانی چۆك بە یەکتری دابدەن , ئێستا لە ڕێگەی ئەم دادگاییەوە , بە سەرکەوتنی سەربازی نا , بەڵکە لە ڕێگەی ڕسواکردنەوە , جەنگی خۆیان لە ناو هۆڵی دادگا بە کۆتایی دەگەیەنن , یەکەمیان نوێنەرایەتی شۆفینیەتی نەتەوەی سەردەست دەکات , دووەم نوێنەرایەتی نەتەوەی ژێر دەست , هەرنەتەوەیەکیش بوو بە سەردەست هیچ ڕەوایەتییەك لە جەنگەکانیدا نییە لەگەڵ نەتەوەی ژێر دەست .

هەر لە دەستپێكی دادگاییەكەوە , كێشمە كێشەكە كەوتە نێوان ئەو دولایەنەوە , بەبێ ئامادەگی ڕاستەوخۆی نوێنەرایەتی بزاڤی چەكداری , خاڵی بەهێزی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێر دەست ئەوەیە , نوێنەرایەتی خۆی داوەتە دەست قوربانیانی سڤیل , بەمەش ڕەوایەتی بە بوونی خۆی لەبەردەم بیروڕای جیهانی دەدات .

تاكە ڕێگاش بۆ خۆ بە بێتاوان نیشان دانی تاوانكارانی ئەنفال, تێكەڵكردنی بزاڤی چەكداری كوردی و ئێرانە بە ململانێكە, بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە خۆیان لە تۆڵەی قوربانیان بپارێزن

لە هەموو جەنگێكدا , تەقەی یەكەم چارەنووس سازە بۆ ئەو شەڕگەیە , لەم دادگاییەش شایەد حاڵی یەكەم زۆر گرنگ و چارەنووسساز بوو بۆ تاوانباركردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە ڕێگەی دادگاییەكەوە , چونكە سەدام ئەم پاڵەوانە ئەفسانەییەی ناسیۆنالستی عەرەبی , لەگەڵ شكستی لەناو هۆڵی دادگادا , ناسیۆنالسزمی عەرەبیش لەگەڵ شكستەكانی قارەمانەكەیان, بست بست دەچنە ژێر زەوییەوە , ئەوان لەڕێگەی ئەو دادگاییەوە نمایشی خۆیان دەكەن, كەچی شكاتكاری یەكەم عەلی مستەفای تەمەن 53 ساڵانە , سەركەوتوو نەبوو لە تاوانباركرد نی ناسیۆنالستی عەرەبی , ئەو نەهات ململانێی كورد لەگەڵ عێراق وەك بەشێك لە هەوڵدان بۆ كۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی نیشان بدات , پێشمەرگەی پێناس نەكرد بە كۆمەڵە چەكدارێك دژ بە ستەمی نەتەوایەتی تێدەكۆشن, بە پێچەوانەوە بچوكیانی كردەوە بۆ ئاستی كۆمەڵە فیرارێكی سەربازی و چەند خەڵكێكی برسی كۆبوەوە لە دەوری یەكتری, دیارە لێكۆڵەرەكان لە هەڵبژاردن و دیاریكردنی كێسەكاندا ڕۆڵیان هەبووە , لەم هەڵبژاردن و دیاریكردنی یەكەم شەڕكەر سەركەوتوو نەبوون , ئەمە سەرباری ئەوەی ڕێنوێنی پارێزەرەكانی قوربانیان گرنگە , پێی دەچێت ئەوانیش شارەزا نەبن و ئەزمونیان لەو بارەیەوە نەبێت , هەرچەندە ترسی ئەوەم هەیە لەو سەرەوە بۆمان دەركەوێت, كەسیان تێدا هەبووە كۆنە خەفیفە و هەڤاڵانی بەعس بوبێت ( مەبەستم پارێزەرانی قوربانیانە ), هیوادارم گوێمان لەو جۆرە هەواڵە نەبێت پارێزەری لەو چەشنە لە ڕیزی پارێزەرانی قوربانیاندا بوونی نەبێت .

بەڵام نەجیبە فەقێ خدر , بە ڕستە سادەكانی مەزڵومەتی كوردی لەبەرزترین ئاستدا دەرخست , وتەكانی دەربڕی قرچەی جەرگی ژنە كوردێك بوو لەژێر باری گرانی ئازارەكانی تومی نەتەوایەتیدا ئاگری گرتووە , هەرچەندە ئێمە پیرێژنی زۆرمان هەیە شایە دی دڕندەیی بەعسە لە حەرەس

قەوهیەكانەوە بۆ ئێستا , دەتوانرا ئەوانە بهێنرانایەتە بەردەم دادگا ؟ , ئەوە چەكوشێكی گەورە بوو بەر ناسیۆنالیزمی شۆفینی عەرەبی دەكەوت .
ترسی ئەوەم هەیە شكایەتكار و شایەدەكان , پارێزەر و موحەقیقەكان , وەرگێرو مەلایكەتەكانیش هەر دوو پارتەكە دیاریانیان كردبێت ؟ , دەنا چۆن پارێزەری تاوانباران ڕستەی كوردی بۆ وەرگێڕەكان چاك دەكەنەوە, ئەم كوردستانە دوو عارەبی زانی باشی تێدا نەبوو! .

# بڕیاری 4008

داوالكاری گشتی لە پێشك ەشكردنی دۆسییەكەی بە دادگا گرنگیەكی زۆری بە بڕیاری 4008 دا , ئەمەش مایەی دڵخۆشییە , چونكە دەتوانیین ئەو بڕیارە بە دەستپێكی ژینۆسایدكردنی گەلی كورد بدەینە قەڵەم , هەمان بڕیار لە دادگای هۆڵەندە بە سەرەتای ژینۆسایدی گەلی كورد ناسێنراوە , پێویستە تەئكید لەم بڕیارە بكرێتەوە , ئەمەش هەنگاوێكی باش و دوارۆژ ڕوونە بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بە ژینۆساید بناسرێت لەم دادگاییە .
دۆسیەی ئانرات لەبەردەست دادگادایە " هۆڵەندی و وەرگێڕانە كوردییەكەی " , هیوادارم بۆ بە ژینۆساید ناسینی ئەنفال , هاوكاریكەرێكی باش بێت لە ئایندە , باشە ئەگەر پارێزەرانی كورد داوا بكەن كەڵكی لێوەربگرن .
هەرچەندە لە ئەم دادگاییە , شایەدحاڵ و بەڵگە نامە زۆر زۆرترە , وەك لە دادگایی ئانرات , هەروەها تاوانكارانی سەرەكی و سەدان جاشی تاوانبار و.. لەبەر دەستدان , دەتوانرێت بە سانایی كەڵكیان لێ وەربگرترێت.

## نەزار خەزرەجی تاوانكاری سەرەكی

بەپێی ڕاپۆرتی داواكاری گشتی تاوانباری دووەم لەدوای عەلی كیمیاوی لەكارەساتی ئەنفال , تاوانباری هەڵاتوو نەزار خەزرەجییە , وەك دەزانیین لە پرۆسەی دادگاییكردنی نەزار خەزرەجی لە

دانمارك پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بە قازانجی ئەو نامەیان نووسی و شایەدیان بۆ بێتاوانی دا لە دادگای دانمارکی , لە نامەکانیان تەسکییەی بیٚ تاوانی و نیشتمان پەروەریی ئەویان دەکرد , تاکو گەیشتە سەر ئەوەی گوایە پەیوەندی هەبووە ژێر بە ژێر لە گەلٚ یان , ئێستا سکاندالٚی ڕسوایی ئەو پشتیوانییەیان لە مەلەفی خەزرەجییەوە لە دادگاییەکە بۆ دەردەکەوێت , خەزرەجی بەهاوکاری ئەمەریکا لە دەست دادپەروەری هەلاٚت , ئێستاش شیمانە دەکرێت لە ولاٚتی ئیمارات بێت .

## سوپا تەنها ڕۆلٚی پالٚپشتی جاشەکانی گێڕاوە لە پڕۆسەی ئەنفال

هاشم سولٚتان لە دەستپێکی وتەکانیدا ئاماژەی بە بوونی 250000 جاشی کورد دا لە ڕیزی سوپای عێراقی , کە لەژێر ڕابەرایەتی سەدان سەرۆك خێلٚ و عەشیرەتدا خۆیان ساز و ڕێك خستبوو , ئەوەشی دیاریکرد لە هێرشەکانی ئەنفال ئەم هێزانە( جاشەکان) ڕۆلٚی سەرەکیان گێڕاوە , سوپا تەنها پالٚپشتی ئەم هێزانەی کردووە لە ئۆپەراسیۆنەکان , بە وتەی سابیر دووری زیاتر لە 250 فەوجی خەفیفە بەشدار بوونە لە شالاٚوەکانی ئەنفال
لە ڕاستیشدا بۆ خۆی هەروایە , لە هێرشەکانی ئەنفالدا جاشەکان لەڕوی فیزیکی و ژمارەوە هێزی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکان بوون , ئەوان شارەزای ناوچەکان بوون و پێش سوپا دەکەوتن و تالاٚنییەکان بەشی ئەوان بوون.
بەشی زۆریان زۆر بە دلٚسۆزییەوە کارەکانییان ڕاپەڕاندووە, دەتوانین بە ژمارەی ئۆت شجاعەکانیان , هەرە دلٚسۆزەکانیان لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بدۆزیینەوە .
کەواتە لایەنی سەرەکی تاوانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال جاشەکانن هەموو ئەوانەی تاکو ئێستا لە لایەن دەسەلاٚتدارانی کوردییەوە دیوەخانانەیان وەرگرتووە , ڕێز و ستایشیان کراوە , ئەمڕۆ لەسەرەتای دادگاییەکە بە تاوانکاری سەرەکی هاتنە ژماردن , دادگاش شەرم لەکەس ناکات و لێبوردنە گشتییە پوچەکەی بەرەی کوردستانیش بە فلسێك دادیان نادات, بۆیە باوەڕم وایە دادگای ئەنفال دەبێتە دادگای جاش قڕان , لە ئێستاوە نیشانەکانی دەرکەوتووە , هیوادارم ڕێگری بۆ درووستنەکرێت لەو کاتەی داوا دەکرێن, کە ڕوونە دەکرێت .

# مەترسی ئێران هۆی ئەنفالە

لە وتەکەی هاشم سولتان و سابیر دووری و لە پرسیار و بەدواداچوونیەکانی پارێزەرەکانیان ، هەموو جەختیان لەسەر پەیوەندی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال و هەڕەشە و مەترسی ئێران بۆ سەر عێراق دەکردەوە ، هەموو ڕوداوەکانی سالانی 1987–1988 سە رلە نوێ هاتنەوە سەر کامیرای تەلەفزیۆنەکان ، قەرارگای ڕەمەزان و هێزەکانی زەفەر ، کەرکووك و ئاوەکەی دوکان و دەربەندیخان و کەوتنە ژێر ئاوی بەغدا بوونە بابەتی ناو دادگا .

سابیر دووری وتی : ئەنفال جیا نەبووە لە قادییەی سەدام ، بەلکە بەشێك بوو لێی ، دژ بە کورد نەبووە ، بەلکە دژ بە ئێران ئەنجامدراوە.

پێی دەچێت تاوانباران قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئەمخالە ، لە ڕێگەی بەهانەی داکۆکی لە نیشتمان و مەترسی دەرەوە ڕەوایەتی بە قەتل و عامی خەلکی سڤیلی کوردستان بدەن

# لە دادگایی کێسی هەلەبجە ئێرانیش تاوانبارە

یەکێك لەو دۆزانەی پەسەند کراوە لە کێسی هەلەبجە ، کێسی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانی کۆمەلەیە ، کە لە کۆدا 72 پێشمەرگە بوونە قوربانی ، ژمارەیەك لەو پێشمەرگانە بە دیل گیراون و دواتر لە زیندان شەهید کراون ، بۆ ئەم مەبەستە هەردوو بالی کۆمەلە شکایەتیان تۆمار کردووە ، بەمەش ئێران ڕادەکێشرێتە ناو دادگاییەکە

لەو بڕوایەدام ئەم دادگاییە چەندە مەزنە لە ڕوی بەلگەنامەو قەبارەی تاوانەکەو زۆری ژمارەی قوربانیان و شایەدحال و شکایەتکار ، هاوکات ئەوەندەش زیاتر مەزنە لە ئاشکراکردنی درۆو دەلەسەکانی دادپەروەری نێونەتەوەیی و شەرمەزاری دەکات ، لە بەشداری و هاوکاری گەورە هێزەکان لە تاوانەکەو بێدەنگیان لە ئاستی

پێی دەچێت دەسەڵاتی کوردیش لەو سکاندالانە پشکی خۆیان بەربکەوێت , لە پاراستن و قەڵەوکردنی ئەنفالچییەکان وبرسی کردنی قوربانیەکانیان , چونکە لە ڕۆژانی داهاتوو ئەوانەش دێنە ناو بەرنامەی دادگاییەکەوە , ئەگەر سکالاکەران دیاریکراو نەبن و وتەکانیان پێشتر کۆنترۆڵنەکراو نەبێت .

# عوزیرە ئەنفالکراوەکان و عەزۆ جاشەکان
# کورە عارف وازی لێ بێنە, ئاخر ئەمانە چییان بۆ ئەنفال کردووە.
# با هەموو داخەکانی بە ئامانەت بەرێتەوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان

ئەمەی سەرەوە ڕجای من نییە لە بەڕێز عارف قوربانی , ڕجای کەسێکە بۆخۆی شایەدحاڵی زیندووی گۆڕە بە کۆمەڵەکانە , کەسێکە لە دۆزەخی کۆمەڵکوژییەکاندا حیکایەتخو انی چیرۆکەکانییەتی , پەیامنێری ڕاستیەکانییەتی , فریاد ڕەسی مافەکانیەتی , خاوەندی گەورەترین چیرۆك و چارەنووس سازترین شایەدحاڵی مەرگە تراژیدییەکانە , ئەو کەسەی لە مەرگەوە بۆمان بە دیاری گەڕاوەتەوە بۆ شایەدی دان لە سەر گەورەیی تاوانەکە , بۆ ئەوەی کۆپی داستانی کۆمەڵکوژی ئەنفالەکان و مەرگەساتی گۆڕە بە کۆمەڵەکان چۆنە ئاوا بگەیەنێت بە نەوەکانی داهاتوو , بۆ ئەوەی لەسەر دەستی چیرۆك و بەسەرهاتەکەی ئەوەوە , دواڕۆژی سیاسیمان دیاری بکەین , مێژووی پڕ کارەساتی نوێمان لە مەرگ ڕزگار بکەین , ڕوداو و تراژیدیاو سەر برینەکانی چۆنە وەك خۆی بنووسینەوە .

عوزێر ئەم پەیامنێرە زیندووەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان , ئەم پێغەمبەرەی گێڕانەوەی بەسەر هاتی کۆمەڵکوژییەکان , تەنها کورد نەبوایا , بە زێڕ پەیکەری بۆ دروستدەکرا, ژیانی دەکرا بە گەورەترین فلیم , لە ڕێگەی قارەمانیەتی و یادگاریەکانی ئەوەوە کورد بە جیهان دەناسێنرا , لێ ئەویش وەك سەرۆکی کۆمەڵی بەجێماوانی هۆلۆکۆست خەریکە بڵێت : خۆزگە نەگەڕامایەتەوە . ئاخر هەر لە بنەسەڵاوە بوایا , کوڕە مستەشار قایمقامی شارەکەی بوایا , لە برسان توانای هەڵدانەوەی پێلوی چاوەکانی نەبوایا , بێشك لەوە خراپتری دەووت و خۆزگەی بە هەزاران گولە بارانکراوی هاوڕێی مەرگی لە بیابانەکان دەخواست, ئەوێك خۆی نەهاتایەتەوە ئەمڕۆ کەس بیری لە هێنانەوەی ئێسك و پروسکەکەی ناکردەوە , ئەمڕۆ عوزێریش وەك182000 مرۆڤی دیکە , وەك 182000 ئێسك و پروسکی دیکە , وەك هەموو ئەوانەی نێردران بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان , یان ئەوانەی فرۆشران یان بەخشران لە یاد دەکران و لە بیر دەچوونەوە .

ڕێك 11 ساڵ لەمەوپێش , لەو سەردەمانەی , سەرکردەو دەسەڵات بە دەستێك , میرخاس و سوارچاکێك , ڕۆژنامەیەك , حزبێك , حاکمێك , پەرلەمانتارێك , دەوڵەمەندێك , پیاو خاسێك نەبوو

باس لە ئەنفلل بكات , یادی ئەو هەموو قوربانیە هاوزمانەی بكاتەوە , جگە لە چەند كەسێكی شپرێوی بەرگ دڕاوی كلاش خوار و مفلس و بێدەسەلات , لەو ڕۆژانە لە پەرلەمانەكەی كوردستان, نوێنەری زیندوان و مردوان , لەجیاتی ئەوەی شەڕ لەسەر باشكردنی باری ژیانی كەس و كاری قوربانیان و , دادگایی تاوانباران بكرێت , سەوز و زەرد شەڕیان گەرم بوو لەسەر ئینتمای عەزۆی كۆنە جاشی هەركی , عوزێریش لە كونجێكی بنەسەڵاوە , لە خانەیەكی ڕوخاودا , لەناو دەریای چڵكاو قوڕ و لیتەدا , لەناو برسێتی و تێنوییەتی گەردەلولی مەرگدا ژیانی كولە مەرگی بێدەنگی بەسەر دەبرد , كەس هەستی بە بوونی ئەو ناكرد لەم كۆمەڵگەیە , دەتووت بۆ لە بیركردنەوە و مەرگەساتی ژیان گەڕاوەتەوە , گەڕاوەتەوە بۆ ئازار و برسێتی , گەڕاوەتەوە بۆ سزای ژیان , ئاخر چیرۆكەكانی عوزێر بەنزین نەبوو بۆ شەڕی براكوژی و كورد كوژی, پسولە نەبوو بۆ ئاودیو كردن , دۆلار و لەیلا عەلەوی نەبوو بۆ ورگی بەرپرسان , بۆیە ناوی لە كولەكەی تەڕدا نەبوو , چیرۆكی تراژیدیای نەتەوەو تاكیش لە سەروبەندی هەڵبژاردندا نەبێت , لە سستەمی ستەمگەردا هیچ نرخێكی نییە .

چەند جارێك لەرێی كاك خالید كاوێسەوە ناردمان بە دوایدا, تا گوێ بیستی چیرۆكە تراژیدیایەكەی ببین و بەشداری بكات لە یادكردنەوەی ئەنفالەكان , تاكو بەسەرهاتەكەی بگەیەنیین بە جەماوەری كوردستان , چیرۆكە زیندانیكراوەكەی ئازاد بكەین , وەلێ لەبەر ئەوەی دینارێك كرێ ڕیمی ڕێگای نێوان هەولێر – بنەسەڵاوەی نەبوو ناهات , یەك دینار نەبوو لە گیرفان خاوەند گەورەترین چیرۆكی ئەنفال , خاوەندی دەوڵەمەندترین یادگاری نەتەوەیی , مەزنترین شایەحاڵی گۆڕە بە كۆمەڵەكان , ناچار بووم لە گیرفانی خۆم بۆی بدەم , ئەو پارە حەڵاڵەی بە ئازار دوا فلسیم پەیدام دەكرد و ڕۆژێك لە ڕۆژان یەك فلسی سیاسەت و نووسینی تێ نەكەوت , هەموو جارەكان كرێ ڕیمەكەم بۆی دەگەڕاندەوە و جارجارەش ژەمە خواردنێكی گەرمم بۆی دەكڕی , ئەو پیاوە شەرمنە , ئەو قارەمانە گەورەیەی گەورەترین چیرۆك و پەیامی بۆ دیاریكردنی چارەنووسی سیاسی كورد پێیە , هەقیانەتی دەوڵەتی كوردی لە بەسەرهاتی یادگاری ئەوەوەیە نەك مێژووی تێكۆشانی سیاسییەكان , یەك دانە دینار, كە 1 سەنتی دەكرد لە گیرفانەكانیدا نەبوو , ئایا ناهەقی نەبووە خۆزگە بۆ ئەو چركە ساتە بخوازێت, فیشەكێك ڕێگە هەڵەكەی بیابانەكان ڕاستكاتەوەو لەم ژیانە تاڵە ڕزگاری بكات.

که قادر چوارپارچه چاوپێکەوتنێکی لەگەڵیدا ئەنجامدا بۆ تەلەفزیۆنی ئازادی , نەک کۆمەڵی نەهەژاند , بەڵکە بە ئەندازەی هاتنی تەنکەرە نەوتیەک باس نەکرا , تاکو هەمان فلیم لە دادگایی ئانرات بوو بە یەکێك لە شایەدحاڵەکان .

**http://www.hewal.org/pages/he/187-6.pdf**

# بۆچی 21–8 ڕۆژێکی مێژووییه ؟

ڕۆژی 21–8 ئەگەر گۆڕانی بەسەر مێژوەکەیدا نەیات , سەدام و هاوکارانی دادگایی بکرێن لە پای تاوانی ئەنفال , بە کۆمەڵێك هۆکارەوه بۆ کورد زۆر گرنگ و پڕ بایەخ و تایبەتی و مێژووییه

– خودی کێسەکە و ئەو گفت و گۆیانەی لە میانی دادگاییەکە لە سەری دێنە پێشەوە , پرۆسەی ئەنفال دەکەن بە دۆکۆمێنت , واتا ئەو داواکاریانەی ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە بارهاو بارها داوامان کردووه بەوەی ئەنفال بکرێت بە دۆکۆمێنت , ئەو دادگاییە نەك تەنها دەیکات بە دۆکۆمێنتی جێ متمانە , بەڵکە دەشیکات بە بەڵگەنامەیەکی یاسایی جێ متمانەی نێو دەوڵەتی لە داهاتوودا کورد دەتوانێت لە هەموو تەنگەتاوییەکان هانای بۆ ببات , وەك قەڵغانێك لە بەرامبەر توانەوە بەکاری بهێنێت .

– هەموو جیهان ئاگاداری پرۆسەی دادگاییەکە دەبن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە , ئەمەش ئەو هەولانەمان لە کۆڵ کاتەوە کە پێویستە بیدەین بۆ بە جیهان ناساندنی ئەنفال , ئەنفال لە ڕێگەی دادگاییەکەوە دەچێتە هەموو ماڵێکەوە بە درێژایی و پانی هەموو جیهان , دەچێتە سەر ڕوپەڕی هەموو ڕۆژنامەیەك , ئاخر ئەنفال نە وێنەی دیاربوو , نە وەك کەمبۆدیا و ڕوانداش مەخزەنی کەلە سەرمان هەبوو , قوربانیانێکی بێ ناسنامە و بێ وێنە و بێ گۆڕ بوون , کارکردن لەسەریان بۆ ناساندنی لە جیهان زۆر ئەستەم بوو , ئەم دادگاییە لەم بێ ڕەنگ و بێ وێنەییە ڕزگاری دەکات , هەزاران چیرۆکی پڕ تراژیدیا دەخولقێنێت .

– هەموو تاوانباران دادگایی دەکرێن . ئەم کەیسە گەورەیە , بە زیاتر لە 8500 لاپەڕەوە , سەرباری وتەی شایەد حاڵەکان و ئەو وردە کاریانەی ڕۆژانە دێنە پێشەوە بە درێژایی ماوەی پرۆسەی دادگاییەکە , تاوانباران یەکتری ڕادەکێشن بۆ دادگا... لە کۆتاییدا بەوە دەگات سەرجەم تاوانباران لەو دادگاییە ڕزگاریان ن ەبێت , ئەگەر شێخ موعتەسەم ناوی لە دادگایی ئانراتدا لە هۆڵەندە بێتە پێشەوە , چۆن سەدانی وەك ئەو ناویان لە دادگایی سەدام نایاتە پێشەوە , ئاخر قوربانیان لەوان خۆش نەبوونە , بەڵگە سیاسییەکان لە بەرژەوەندی لایەنەکانیان لێیان خۆش بوونە , ئەمەش هەنگاوێك ە لە لایەکەوە بۆ پوچەڵکردنەوەی لێبوردنە گشتییەکەی بەرەی

کوردستانی , له لایەکی دیکەوە دەروازەیەکە بۆ دادگاییکردنی سەرجەم تاوانباران بە جاش و فایلدار و تەنانەت تێوەگلانی پارتی سیاسیش.
هەردوولا ( قوربانیان– تاوانباران) هەموو تواناکانی خۆیان و بەڵگە سیلی و یاساییەکانیان دەخەنە گەڕ , بۆیە دەبێتە دادگایی تێوەگلان و نهێنی ئاشکراکردن , د.زەکییە لەزوەکەوە دەڵێت : لایەنێکی سیاسی لە کێسی هەڵەبجە دەترسێت !.
– له ڕێگەی ئەم دادگاییەوە دەتوانین ئەوەی له عێراقدا له دەستمان داوە وەریبگرینەوە , بە فەرمی ناسینی ژینۆسایی گەلی کورد لە لایەن دادگای عێراقییەوە بۆخۆی سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ کورد ئەگەر بەدی بێت , خوێندنەوەی وردی بڕیاری ژمارە 4008 , بەڵگەی هاشا هەڵنەگری ژینۆسایدکردنی گەلی کوردە , ئەمەش زەمانەتی قڕ نەکردنەوەی کوردە لە ئایندەدا , پارێزەرێتی ئەگەر داوای سیاسی گەورە بکات لە ئایندە نموونە ڕیفراندۆم , بۆیە نابێت لە بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد کەمتر ڕازی بین.
سزادانی جەستەیی تاوانباران بە ئەندازەی دەسکەوتە یاساییەکان بۆ ئێمە گرنگ نییە , بۆیە ساوێلکانە نابێت بەسزای توندبۆ کەسەکان ڕازی بین , داواکاری سەرەکی ئێمە بە ژینۆسایدناسینی ئەنفال و داوای لێبوردنکردنە لێمان , نەك ملی سەدام وەك مرۆڤێك کە زۆری نەماوە لار بێتەوە , بگرە مردنی سەدام بەشێکی زۆر لە چیرۆکی غەدرلێکراویمان زیندە بەچاڵ دەکات و لەبیر دەباتەوە .
– لەبەر ئەوەی ئەنفال پشکی گەورەی زیان و قوربانی و تراژیدییەکانی لە ناوچەکانی کەرکووکە , ئەنفالەکانی (3,4) , بۆیە دەتوانرێت ئەگەر پارێزەری زانا و باشمان هەبێت پەیوەندییەك لە نێوان تەعریب و ئەنفال درووست بکرێت , دیارە تەعریب بۆخۆی بەشێکە لە ژینۆساید , ئەمەش دەبێتە بەڵگەنامەیەکی باش بۆ سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب لە ئایندەدا
– دەبێت دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراقی بە فەرمی هەڵوێست لەسەر کۆمەڵکوژییەکانمان وەربگرن ئەنفال و بارزانی و هەڵەبجە....
ئەو تاوانانە عێراق وەك دەوڵەت ئەنجامی داوە نەك حکومەت , بیرکردنەوەی پێچەوانە بەوەی ئەو تاوانانە بەعس ئەنجامی داوە نەك دەوڵەت گێلی سیاسییە , دەبێت ئێمە ئەو تاوانانە لەسەر دەوڵەتی عێراقی بکەین بە ماڵ نەك سەدام و حکومەتەکەی , هەر بۆیە حکوومەتی تازەش تا

ئەوکاتەی ئەو تاوانە بە ژینۆساید دەناسێنێت و ق ەرەبووی زیان لێکەوتووان دەکاتەوەو هەموو شوێنەوارەکانی دەسڕێتەوە و بە فەرمی داوای لێبوردن لە کورد دەکات لەو تاوانە بەرپرسیارە ئەردۆگان لە عوسمانییەکان مکوڕترە لەسەر ئەوەی ئەرمەن ژینۆساید نەکراوە , ئەو لە دادگاییکردنی ئێسکی خەلیفە ناترسێت بەڵکە لەتاوانبارکردنی دەوڵەتی تورکیا زریکەی کردووە .

–خراپی ژیانی پاشماوەی قوربانیان و مەرگەساتی ژیانیان لە ماوەی ئەو 18 ساڵە , لایەنێکی دیکەیە لەو دادگاییە باس و خواستی دێتە پێشەوە , سەرباری داڵدەدانی تاوانبارانی کورد و دەستڕۆیشتویی ئێستایان , بۆیە دەسەڵاتدارییەتی کوردیش بیٚ پشك نابن لەو دادگاییە , بەشی خۆیانی لیٚ دەدورنەوە .

نابێت ئەوە لە خۆمان بشارینەوە , شانسێك بۆ کورد نییە لەو دادگاییەوە بەو ئەنجامە دەرچین ئەنفال هاوتا بکرێت بە هۆلۆکۆست , وە قەتیش پێی ناگەین , چونکە ئەنفال و هۆلۆکۆست چ وەك قەبارەی هەردوو تاوانەکە , چ لە هەڵوێستی بکەر لە بەرامبەر لێکراو ( تاوان بەرامبەر هەموو جولەکە کرا , بەڵام لە کوردستان بەرامبەر بە بەشێك لە کورد ئەنجامدرا , بەشێك لە کورد "جاشەکان "بۆخۆیان بکەر بوون لە تاوانەکە) , هەروەها جێگەی کورد و جولەکە لە بەرامبەر بیرو ڕای جیهانی جیایە , جولەکە لە لایەن وڵاتێکەوە ژینۆسایدکرا هەموو جیهان دژی بوو بە تایبەت براوەکانی جەنگی جیهانی دووەم, کورد بووە هاوپەیمانی وڵاتێك"ئێران" هەموو جیهان دژی بوو, بۆیە شانسی ئەنفال لە خوار شانسی هۆلۆکۆستە.

بەم هۆیانەی سەرەوە جێی خۆیەتی ڕۆژی 21–8 لە لای هەر تاکێکی کورد ئاسایی نەبێت و بەسەرەتای گۆڕانی گەورە لە مێژووی کوردی بزانین

ئەو دادگا مێژوویانە زۆر جار دەوڵەتیان لێوە لە دایك بووە بۆ نەتەوە ژینۆسایدکراوەکان , ئێمەش بەو هۆیەوە دەبێت 21–8 بە ڕۆژێکی ئاسایی نەبینین , بە سەرەتای لە دایك بوونی دەوڵەتی کوردی بزانین .

# نا بۆ لە سێدارەدانی سەدام حسێن

چەندە ناخۆشە دروشمێك بەرز بكەیتەوە , تیایدا داوای ژیان بۆ تاوانكارێك بكەیت , زۆرترین ژمارەی خۆشەویستانی لە ئازیزان و هاورێ و بنەماڵەكەت لەناو دابێت, چونكە نەمری ئەو كێشانەی ئەو قوربانیانە گیانیان لە پێناویدا بەختكردووە , پەیوەستە بە مانی ئەو كەسەوە , لە رێگەی دادگاییكردنەكەوە لەپای ئەو تاوانانەوە تۆڵەی لێ دەكرێتەوە و كێشەكان باڵا دەكات , نەك كوشتنی لەپای تاوانی دیكە , بۆخۆی هەروایە , گرنگ ئەوەیە بگەیت بەو ئامانجەی ئەو خۆشەویستانە گیانیان لەپێناویدا بەخت كردووە , نەك تۆڵەی كەسی , چونكە ئەگەر ئەو قوربانیانە ئامانجێكیان نەبوایا , چارەنووسیان ناگەیشت بەو رۆژە , ئێستا وەك ئێمە مانان لە ژیاندا بەردەوام دەبوون , بۆیە دەبێت ئێمەی كەس و كاری قوربانیان كە خاوەندی شەرعی هەر بڕیارێكی لێبوردن و سزا دانین بەسەر تاوانكاران نەك لایەن و كەسی دیكە, لە بەرژەوەندی گشتی نەوەكانی داهاتووەوە سەیری تۆڵەكردنەوە لە تاوانكاران بكەین , لە بەرژەوەندی گشتییەوە هەڵوێست وەربگرین , بۆ ئەوەی كەسی دی وەك ئێمە خۆشەویستانی لەدەست نەدا و بە هەتیوی و برسێتی گەورە نەبێت , سزا دانیمان لە پای ئەو تاوانانە دەوێت كە خۆمان قوربانی بووینە نەك تاوانی دیكە .

جەعفەر موسەوی لە دادگای باڵای تاوانەكان ڕاگەیاندنێكی زۆر مەترسیداریدا بەوەی ئەگەر بڕیاری زیندانی هەتا هەتایی بدرێت بەسەر سەدام و هاوكارانی , ئەوە ئامادەی هەموو دانیشتنەكانی دادگاییركردنەكەی دۆزی ئەنفال دەبێت, بەڵام ئەگەر بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا بدرێت , ئەوا بڕیارەكە 30 رۆژ لە دوای دەرچوونی جێبەجێدەكرێت. بڕیاریش وایە لە ئۆكتۆبەردا بڕیاری كۆتایی لەسەر دۆسیەی دوجەیل بدرێت, واتا ئیعدام كردنی سەدام بكەوێتە نۆفەمبەری ئەمساڵەوە هەموو ئەمانە ئەو گومانە دروستدەكەن , لایەنە پەیوەندیدارەكانی دادگاییكردنی سەدام حسێن و هاوكارانی , دەیانەوێت بە زویی ڕزگاریان بێت لە ڕسواییەكانی دادگاییكردنیسەدام حسێن , ئەگەر سەدام حسێن بڕیاری ئیعدامكردنی بەسەردا بدرێت و بڕیارەكەی لە ماوەی مانگێكدا جێبەجێبكرێت ئەوا تاوانكاری سەرەكی تاوانی ئەنفال– هەڵەبجە , كیمیاباران , بارزانییەكان ... بەهۆی

ئیعدامکردنیانەوە یان بەشداری دادگاییەکە نابن , یاخوود هەر خودی دادگاییەکان لەو کاتەدا پێویست ناکات و ناکرێن , دادگاییکردنەکان بە ئامادەبوونی تاوانکارانی سەرەکی گرنگی خۆیان هەیە , هەرچەندە تاوانی دوجەیل تاوانی کۆمەڵکوژی نەبووە , بۆیە سزاکەی لە تاوانەکانی دیکە سووکترە , ئەگەر سەدام لە دوجەیلیش دەربازی بێت , ئەوا لە پای تاوانی ئەنفال هەر بڕیاری هەڵواسینی بەسەردا دەدرێت , ئەوجا بۆ تاوانەکانی دیکە چی بکەین و هەڵوێستمان چی بێت ؟ هەرچەندە پێداچونەوە گەمەکە دوا دەخات.

دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی بە دادگاییکردنیان لەسەر یەك بەیەکی تاوانەکان نەگات , ئەوا گەورەترین زیان بە دۆزی کورد دەگات, لەم حاڵەتەدا ئیعدامکردنی سەدام حسێن, گەورەترین زیانە لە دۆزی کورد دەکەوێت , خیانەتە بەرامبەر بە چارەنووسی سیاسی گەلێك دەکرێت , تاوانێکە بەرامبەر بە قوربانییەکانی ئەو کارەساتانە ئەنجام دەدرێت.

سەدام حسێن بوونی چەندە مەترسی بوو بۆ ڕابردووی کورد, لە کۆڵکردنەوەی لە ماوەی کورتدا , لەوە زیاتر مەترسییە بۆ دواڕۆژ و ئایندەی ئەم گەلە.

ئێتر نازانم لایەنە کوردییەکان دەبێت هیچ ترسێکیان لە دادگاییکردنی سەدام حسێن هەبێت لە پای تاوانی ( ئەنفال– هەڵەبجە – بارزانییەکان) , ئەگەر وا نییە بۆ وا بێدەنگن و ئەم لێدوانانە بەهەند هەڵناگرن , ئەگەریش ترسێکییان نییە , دەبێت ڕاشکاوانە ئەم بڕیارە ڕەتبکەنەوە و داوا بکەن سەدام حسێن و هاوکارانی لەسەر یەك بە یەکی تاوانەکان دەبێت دادگایی بکرێن , جێبەجێکردنی سزاکەش هەڵبگرترێت بۆ کۆتایی پرۆسەی سەرجەم دادگاییکردنەکە, ئێمە لە بەغدا خۆش ولدمان ناوێت , بەڵکە نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی گەلمان دەوێت( لایەنە عەرەبییەکان بەو وەزیر و بەرپرسە کوردانەی لە بەغدان و بەهەموو داواکارییەکی ئەوان ڕازین دەڵێن خۆش ولد ) .

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم ئەگەر بەڕێز تاڵەبانی تاکو ئێستا مکوڕە لەسەر باوەڕ نەبوونی بە بڕیاری ئیعدام , هەروەها هاو باوەڕ بێت بەوەی سەدام حسێن و هاوکارانی پێویستە لەسەر یەك بە یەکی تاوانەکان دادگایی بکرێن, ئەوا دەبێت واژۆ لەسەر بڕیاری ئیعدامکردنەکە نەکات .

ئیعدامکردنی بە پەلەی سەدام حسێن و هاوکارانی , گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە قوربانیان و نەوەکانی داهاتوو ئەنجام دەدرێت , ئەگەر ئەنجامبدرێت ئەمە بۆ داپۆشینی هەموو ئەو ڕسوایی و تاوانکارییانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکر ێت کە دژ بە گەلەکەمان ئەنجامیان داوە , لە

کۆڵکردنەوەی بە پەلەی سەدام حسێن و هاوکارانی شاردنەوەی ڕاستییەکانی ئەو تاوان و گەلە کۆمانەیە لە مێژوودا دژمان ئەنجامدراوە , بۆیە بە بێ دادگاییکردن سەدام حسێن بەرامبەر بەهەموو تاوانەکان نابێت بمرێت, هەرچەندە بڕیاری ئیعدام بۆخۆی بڕیارێکی تەواو دڕندانەیە ئەگەر دژ بە دوژمنەکانیشمان ئەنجام بدرێت , هەمان ئەو تەنافانە لە داهاتوودا ملی خۆمانی پێوە دەبینیین , بۆیە دەبێت لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەیدا بین.

لە کەمبۆدیا شەو ڕۆژ بەسەر دڕندەیی پۆلپۆتییەکاندا دە یانووت , کەچی سەرانی پۆلپۆتی قڕیان تێکەوت لە ترسی ڕسواییەکان دادگایی نەکران ,, ترسی ئەوەم هەیە سەدام حسێن و هاوکارانیشی زوو لەکۆڵ بکەنەوە , بۆ ئەوەی لە شەرمەزارییەکان ڕزگارییان بێت , ئەمەریکا لە هەر وڵاتەی بە شێوەیەك شەرمەزارییەکانی خۆی پەردەپۆش کلت .

## http://pukmedia.com/kurdinews/15-8/news9.html

# ئەو سندووقەی 18 ساڵ نهێنییەکانی هەڵەبجەیان پاراست



ئێمە یەکەم دەزگای کوردی بوین ( ناوەندی چاك)) ((عەلی ڕەحیمی , ئەمیر قادر , هەردوو مناڵ خوناو عەلی و هەنگا و نەجیبە قەرەداغی و بەندە )) سەردانی ئەم پیاوە پیرەمێردە پڕ لە نورەمان کرد , کە پێشتر بەندە لە ڕێگای کاك گۆڤار ئاکرەیی و سامالٚ کەرکووکییەوە دۆزیمانەوە و داوەتم کرد بۆ شایەدی دان لەسەر کەیسی هەڵە بجە , ((**پرۆفیسۆر** (A.HEYNDRICKX(bph,msc,Dr ph sc)) , 18 ساڵە لە نهێنی کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە دەکۆڵێتەوە و خەمەکانی هەڵدەگرێت, ئەمڕۆ پاش ئەو تەمەنە دوورو درێژە بەشێك زۆر لە کەرەستەو کەل و پەلی تاقیگاکەی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر کیمیابارانکردنی ئەو شارە .

پیاوێکی ئێسك سووك , قسە خۆش , دەم بە خەندە , چاو پڕ لە بەزەیی , لە دورەوە بۆ ئەو دوو زارۆکە هاتە پێکەنین , دەتوت پێشوازی لە نەوەکانی خۆی دەکات , بە خۆشیەوە دیارییەکەی لە

دەست خوناو وەرگرت كە بریتی بوو لە ئاڵایەكی كوردستان و تیشێ تێك وێنەی عومەر خاوەری لەسەر نەخشێنرابوو, ئەوە بۆ ئەو گەورەترین دیارییبوو, پاش 18 بە دەستی گەیشت .





یەكسەر دەرگای كارەكانی ئەم18 ساڵەی بۆ خستینە سەر پشتو دڵی بۆ كردینەوە , دەتووت لە زووەكەوە چاوەڕوانە كوردێك بێت و پێی بڵێت: سوپاس بۆ ئەم كارانەی بۆ نەتەوەكەمی دەكەیت, هەر داوامان لێیكرد شایەدی بدات لەسەر سەدام حسێن , بێ دوودڵی و سڵەمینەوە لە شەڕ و تیرۆریستان , ئازایانە بە ئەرێ وەڵامی داینەوە, ئامادەیی تەواوی نیشان دا بەو تەمەنەوە سەردانی كوردستان بكات , لە هەڕەشەی تیرۆریستان نەترسا , ئامادەش بوو تەواوی ئەنجامگیری تاقیكردنەوەكانی ئەم18 ساڵەی بخاتە بەردەست دادگا لە ڕێگەی ناوەندی چاكەوە

# بەلجیكییەكان : نابێت بڵێن ئەمانە بەچەكی كیمیاوی لێیان دراوە

كە یەكەم وەجبە بریندارى كورد دوای لێدانی هەڵەبجە , دەگەنە نەخۆشخانەی خ ێنت لە دووری چەند سەت مەتری ئازمایشگاكەی پرۆفیسۆر, داوایان لێ دەكەن لە دەرەوە ڕای نە گەیەنن كە

ئەمانە بە چەکی کیمیاوی لێیان دراوە و وایان لێ هاتووە , ڕابگەیەنن بە خواردن ژەهراوی بوونە, هەمان ئەو سستەمانەی باسی ئازادی و لیبرالییەت دەکەن و ئێستا چەپڵە بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن لێدەدەن , لەو کاتەدا بەو شێوەیە پەردەپۆشی ئەم تاوانە گەورەیە دەکەن , تاکو دوایی هەواڵەکە لە ڤێناوە بڵاو بوەوە , ئیتر ئەمانیش هیچکە ناتوانن پەردەپۆشی ئەو تاوانە گەورەیە بکەن , چەندە ناخۆشە بۆ مرۆڤێکی بە ویژدان ڕاست بیەکان لە ناخی خۆیدا زیندانی بکات , زیندانیکردنی ڕاستی ئازاری دەروونی زیاترە وەك لەوەی بۆ خۆت لە زینداندا بیت

## تەمەنێکی دوورو درێژ لەگەڵ هەڵەبجە

# نهێنی ناو سندووقە سەوزەکە



ئەم سندووقە سەوزە , 18 ساڵەبەشێك لە نهێنی , گەورەترین تاوانی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستی پاراستووە , قژە سەری قوربانی , خاكی بۆردومانكراوی هەڵەبجە , جل و بەرگی قوربانیان لەناو شوشەی تیایدا پارێزراون .

ڕێك لەو ڕۆژانەی هەندێك كورد , خەریكی پاراستنی بانكەكەی هەڵەبجە و دەرهێنانی بازنگی دەستی ژنانی شار بوون , بەڕێزی وەك یەكەم بیانی پسپۆری چەكی كیمیاوی گەیشتە شاری هەڵەبجە , كەوتە تاقیكردنەوە لەسەر ئەم زەوییە ژەهر بارانكراوە, ئەو قژەسەری ژنانی قوربانی و خاك و جلوبەرگی كۆكردەوە , نەك تالان و فەرهوود , ماوەی 18 ساڵە لە توێژینەوەكەی بەردەوامە لەسەریان .

لە كوردستان زۆر سندوق هەیە , هەر بەرپرسێكیش سندوقێكی بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی هەیە, بەڵام ئەوەی بەكەڵكی ئێمە بێت تەنها ئەم سندوقەیانە, لە ڕێگەی دەربڕینی بەڵگەوە , تۆڵەمان لە دادگاكان و لەبەردەم دادوەریبۆ لە تاوانكاران دەكاتەوە.

# ئەو گازانەی لە هەڵەبجە بەكارهاتن هەموو عێراقین

چەندە بۆ هەڵگرانی ئایدۆلۆژی سۆسیالستی و لیبراڵی و دیموكراتی ناخۆشە , بڵێم یەكەم بۆمب ڕوسی بوو بەر هەڵەبجە كەوت, گازەكەی ناویشی ڕۆژئاوایی بوو .

پاش توێژینەوەی وردی چەندین ساڵە , بۆی دەركەوتووە هەموو ئەو گازانەی هەڵەبجەیان پێ بووردومانكراوە عێراقی بوونە( سیانید– سارین , مۆستەر گاز(خەردەل) , میكۆتۆكسین , سلیورین , تابۆن ).

ئەم دان پێنانە گرنگە بەوەی لێدانی شاری هەڵەبجە , وەك گەمەیەكی سیاسی بەكارنەهێنرێت لە داهاتوو و دوور خرێتەوە لە دەستێوەردانی دەرەوە . هەروەها دۆكۆمێنتەكانی بۆ تاوانباركردنی هەموو ئەو كۆمپانیا و دەوڵەتانە گرنگن بەشدار بوونە لە ئەنجامدانی ژینۆسایدكردنی گەلی كورد






# بەشی زۆری تاقیگاکەی شیکارییەکانی هەڵەبجەیە

سەر بە چ ژوریکدا دەکەیت لە تاقیگاکەی, کاغەز و کەل و پەل و شمەك هەڵدراوەتەوە , هەمووی ئەنجامی ئەو توێژینەوانەیە ئەم18 ساڵە پێیان گەیشتووە لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە, ئەو هەموو دۆکۆمێنت و کەلوپەلەی لە تاقیگاکەی ئەودا هەیە , لە مۆنمێنتە سوتاوەکەی هەڵەبجەدا نەبوو , ئەمەیە کارەسات, مۆنمێنتی هەڵەبجەش خاڵی بوولە وێنەی ئەم سەربازە.

لە بەشێکی دیکەدا ئەو جل و بەرگەی پێ نیشان داین بۆ خۆپاراستن لەو شێوە گازانە پێویستە لەبەر بکرێت.

وتی : ئەگەر خەڵکەکە ئەمەیان لەبەر بکردایا نامردن

**له دڵی خۆمدا وتم: لەو دنیاش دەستیان ناکەوێت.**










***ئامادەیە بێت بۆ کوردستان بۆ شایەدی دان***

PROF.A. HEYNDRICKXX
(B Ph, M Sc, Ph Sc, Dr. h. c. UNIV LILLE 2 FRANCE)
TOXICOLOGY ENVIRONMENTAL SCIENCES
UNIDO PROJECT DIRECTOR. UN EXPERT
OUTSTANDING ACHIEVM. AWARD
UNIV. MINN. U.S.A.
INTERNATIONAL REFERENCE UNIVERSITY
LABORATORIES (IRUL). DIRECTOR

B-9000 GHENT
150 EINDE WERE
BELGIUM
TEL. FROM ABROAD
(329) 225 62 40
FAX (329) 221 03 36
(09) in Belgium

Ghent, March 10th 2006

His Excellency Mr. Jayantha DHANAPALA
Under-Secretary-General for
Disarmament Affairs
United Nations
NEW YORK

Excellency,

Eighteen years ago, Saddam Hussein started his chemical and biological attacks on Halabja and other villages (Iran etc.). Many men, women and children died. My colleagues and myself were on the spot, examined the intoxicated, analysed environmental samples of the attacks, and sent all the necessary reports to your U.N. office.

These days we remember.
The necessary samples, hair, clothing, etc., of human beings are still in our laboratories, sealed.

May we insist that all those proofs are mentioned in the trial of Saddam Hussein, etc., in Baghdad?

Sincerely yours,

Prof. A HEYNDRICKX
Expert




Addendum

لە مانگی ئازاری ئەم ساڵ نامەیەکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نووسیوە , تیایدا ئامادەگیی خۆی دەربڕیووە بۆ پێشکەشکردنی هەموو بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتەکانی بە دادگا , بەڵام تاکو ئێستا لە دادگاوە وەڵامی نەدراوەتەوە .

کەسێك خۆبەخشانە نامە دەنوسێت و ئێمەشی کوردیش گرنگیمان بە کارەکانی نەداوە , چەندە ناخۆشە بۆ گەلێك کار بکەیت, ئەو گەلەش خەوتبێت و گرنگی نەدات بە ڕەنجی18 ساڵ کارکردنت , خۆبوختکردن بۆ خەوتوان دەچێتە چوارچێوەی خەوبینینەوە

كه داوامان لێیكرد شایەدی بدات , بێ سڵەمینەوەو دودڵی لە وەڵامدا وتی :هەموو كەلوپەل و دۆكۆمێنتەكانم لەخزمەتتاندایە, خۆمیش لە كوردستان دەتوانم ئامادە دەبم.

## دەعوەتی كردین

بۆ نیوەڕۆ ویستمان بڕۆینەوە , وتی نا میوانی منن , تەلەفۆنی بۆ كوڕەكەشی كرد لە گەڵماندا دانیشت , كوڕەكی پزیشكە لە هەمان نەخۆشخانە كار دەكات كە بریندارەكانیان بۆ هێنا , لە كاتی دانیشتندا باسی ئەوانەی بۆمان دەكرد ئێستا كاربەدەستن لەو وڵاتە و دۆستی كوردن , گەلی بێكەس و بێ شوان دۆستەكانی خۆشی ناتوانێت كۆ بكاتەوە , ئێمەش گەلێكی واین , خۆمان نازانیین كێ دۆستمانە ئەو پێمان دەناسێنێت , پاش خوانی نیوەڕۆ بە ڕێزەوە بە ڕێمانی كردەوە , تەنها ئەوەندەم پێكرا دەستەكانیم ماچ كرد, ئەوە گەورەترین ڕێزلێنان و سەرمایەم بوو.
ئەوەندە ماوەتەوە بڵێم بە داواكردن لێی شایەدی بدات لەسەر سەدام, شاگەشكە بوو , هەستیكرد بۆ گەلێك كاردەلت پێی دەزانێ , لەو چركەیەوە زیاتر دڵی بەكارەكانی ئەم18 ساڵەی خۆش بوو , بۆی دەركەوت ڕەنجەكەی بەرهەمی بوو , ئەمەی بە متمانە بەخۆوە بۆ كوڕەكەی و خاوەند چێشتخانەكە گێڕایەوە , منیش لە خۆشیدا چاوم پڕ بوو لە فرمێسك و قورگیش دنیایەك گریان , زانیم ڕەنجەكەمان بێ بەر نەبوو .







**المحكمة الجنائية العراقية العليا**
**قضاة التحقيق/ مكتب السليمانية**

العدد : ٨٤
التاريخ : ٢٠٠٦/٧/٢

**الى/مركز حلبجة لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكوردي**

**Halabja center – chak**

**السيد علي محمود المحترم**

**تحية واحترام**

لاتخفى على محكمتنا جهودكم وجهود مركزكم الجبارة بسوق رجل الاعمال الهولندي (فرانس فان انرات ) الى العدالة الهولندية وذلك لتورطة في جرائم الحرب العراقية – الايرانية وقيامة بتصدير المواد الكيمياوية الى الحكومة العراقية السابقة ، وان هذه القضية لها مردودات ايجابية على سير التحقيقات الجارية من قبلنا حول استخدام الاسلحة الكيمياوية ضد الاهالي في مدينة حلبجة وضواحيها .

وبالمناسبة ان التقرير المنظم من الدكتور هندركس Abuin Heyndnickx العالم البلجيكي حول الجريمة المذكورة قد يشغل وثيقة مهمة ،ولعدم تمكنا حاليا الاتصال به ، اطلب من السيد علي محمود المحترم الاتصال مع الدكتور هندركس ، وتبليغه بتحياتنا واحترامنا له ، وطلب منه بتزويدنا بنسخة موثقة من تقريرة المنظم عام ١٩٨٨ كما نطلب بايجاد افضل الية ممكنة للاتصال معه فيما اذا كان ينوي تقديم شهادتة امام محكمتنا بخصوص الجريمة وما شاهده وما ورد في تقريره ، ام لا ونكرر احترامنا لسيد علي محمود ومركز حلبجة .

القاضي
كامل عبد الكريم رحيم
رئيس اللجنة التحقيقية في قضية حلبجة

المحكمة الجنائيةالعراقية العليا
Iraqi Special Tribunal
Email: hictinsulaimaniya@yahoo.com

**المحكمة الجنائية العراقية العليا**
**قضاة التحقيق**

العدد : ١١٤
التاريخ ٢٦/ ٩/ ٢٠٠٦

**الى/ مركز حلبجة لمناهضة أنفلة و أبادة الشعب الكوردي ( جاك)**

**السيد علي محمود المحترم**

**م / قضية حلبجة**

أطلب منكم الاتصال بالبروفيسور ( فرايلينكة كيرهارد ) و تبليغه بتحيات كافة العاملين في قضية حلبجة من القضاة و المحققين العدليين و ابلاغه بالرسالة التالية ...مع تقديري واحترامي .

السيد فرايلينكة كيرهارد المحترم

نثمن جهودكم الجبارة تجاه قضية حلبجة و ضحاياها .
للتفضل باعلامنا فيما اذا كان لديكم استعداد لتقديم شهاداتكم امام محكمتنا اثناء محاكمة المتهمين في قضية استخدام الاسلحة الكيماوية ضد الاهالي في مدينة حلبجة و ضواحيها و كذلك تقديم الوثائق و المستمسكات و العينات المضبوطة من قبلكم .

...مع تقديري واحترامي .

**القاضي**
**كامل عبد الكريم رحيم**
**رئيس اللجنة التحقيقية في قضية حلبجة**

نسخة منح الى :
- الاضبارة .

المحكمة الجنائيةالعراقية العليا
Iraqi High Criminal Tribunal
Email: hictinsulaimaniya@yahoo.com

**Univ. Prof. Dr. Gerhard Freilinger**
**Plastische,- und Aesthetische Chirurgie**
Ord.: A-1090 Wien, Nadlergasse 1/Stg.2/T12
Fax.Tel.: (01) 888 32 70, Voranmeldung: 0676/33 56 962
E-Mail: gerhard.freilinger@reflex.at

Wien, am. 10.10.2006/ER

To the High Criminal Tribunal,

Mr. Kamel, Abeet, Alkarim, Rahim Dear Sir,

I received your invitation and request to come to the court of justice for a declaration as a Medical Doctor.

I am ready to give evidence what I and many of my medical colleges have experienced in Vienna with chemical intoxicated soldiers, civilians and children during the IRAN-IRAK Conflict 1984 - 1988 which came to a cruel end in HALBJA.

I will not hesitate to point out my deepest consternation of a "HUMAN TRAGEDY" caused by Chemical warfare.

The chronicle and irreversible changes in the whole body condemns the poor victims to Absolute invalidity for the rest of their lifes and there is no medical chance of improvement.

1 Kopie for chak-organisation

1 Kopie for the court

Univ. Prof. Dr. Gerhard Freilinger
FA. f. Plastische, Ästhetische-, u. Wiederherstellungschir.

TOXICOLOGY ENVIRONMENTAL SCIENCES
UNIDO PROJECT DIRECTOR. UN EXPERT
OUTSTANDING ACHIEVM. AWARD
UNIV. MINN. U.S.A.
INTERNATIONAL REFERENCE UNIVERSITY
LABORATORIES (IRUL). DIRECTOR

TEL. FROM ABROAD
(329) 225 62 40
FAX (329) 221 03 36
(09) in Belgium

Ghent, March 10$^{th}$ 2006

His Excellency Mr. Jayantha DHANAPALA
Under-Secretary-General for
Disarmament Affairs
United Nations
NEW YORK

Excellency,

Eighteen years ago, Saddam Hussein started his chemical and biological attacks on Halabja and other villages (Iran etc.). Many men, women and children died. My colleagues and myself were on the spot, examined the intoxicated, analysed environmental samples of the attacks, and sent all the necessary reports to your U.N. office.

These days we remember.
The necessary samples, hair, clothing, etc., of human beings are still in our laboratories, sealed.

May we insist that all those proofs are mentioned in the trial of Saddam Hussein, etc., in Baghdad?

Sincerely yours,

Prof. A HEYNDRICKX
Expert




Addendum

# لاپەڕەیەکی شاراوەی کارەساتی هەڵەبجە

قوربانیانی گوردانی شوان



ئەنفال و هەڵەبجە کارەساتی هێندە جەرگبڕن، لە چ دەرگایەکەوە تێی بچی […] و لە کوێوە بیخوێنیتەوە کورت دێنێ لە پاش خۆی دەرگاو لای دیکەی بە […] بۆشایی دەمێنێ. ئەوەشی تا ئێستا لەسەریان نووسراوە نەیتوانیوە لە […] دڵۆپێک زیاتر تێپەڕێنێ لە چاو دەریای تاوانەکە.

دەمی وشک هەڵ پەڕاوی کەس وکاری قوربانیانی کارەساتەکە تەڕکات. جەماوەریش لە نێوان بەرداشی بەرژەوەندی بالای نەتەوە و هەڵسەنگاندنی […] جوریەتانە و ئاهونالەی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال و جەستەی سەگ […] خواردوی دیلەکانی عەرعەر و جەمانەکەی عومەری خاوەر دۆشداماون. ئەو […] مێژووەش کە بۆ کارەساتەکان بەکردن دراوە هەر ڕۆژەی لە لایەکەوە […] درزیتیدە کەویت و لایەنێکی تاوانەکە ئاشکرا دەبێت. ئاشکرابوونی هەر […] بەڵگەنامەیەک، دۆزینەوەی هەر کۆمەڵە ئێسکێک، سکالای هەر کەسێکی […] کەس وکار ئەنفالکراو لەو (بەکرێ گیراوانەی) جاشەی باوک و منال و […] براکەی تەسلیم کردووە، دۆزینەوەی هەر ملوانکەیەکی شەهیدانی هەڵەبجە […] بە ملی کوردێکەوە، هەر سەرژمێرییەکی نوێی قوربانیانی کارەساتەکان، […] بەربوونی هەر ئەنفالکراوێک، دەرکەوتنی هەر نامەیەک لە کاتی مەرگدا […]

نوسینەکان، نووسینەوەی ھەر یاداشتێک لە لایەن بەرپرسانی ئەو کاتی جوانەوەی چەکداری وەک نووسراوەکانی شەھید ڕێباز ( قەندیل بەعدای ھەژاند) و مەلا شاخی ( ئەنفالی خاڵخالان) وە ئەو یاداشتنامانە و نووسینانەی لە داھاتوودا گەورە لێپرسراوانی ئەو کات دەینووسنەوە، ھاڵھاتنی ھەر مۆرەیەکی ڕژێم قسەکردن لەسەر ئەم تاوانانە ... . ئەمانە سەرجەمیان نووسینەوەی نوێ لە گەڵ خۆیاندا بۆ ئەو کارەساتانە دێنن، دەبێت لە ئێستاوە پارتە چەکدارەکانی ئەو کاتە ساختمانی سیاسی خۆیان لەسەر بەرگە گوتنی ئەو بومەلەرزانە دروستبکەن و تەمبەڵی بۆ ھەڵکەنن، ڕاستی وەکو ئاو ڕێ گای خۆی دەدۆزێتەوە و کەس ناتوانێ پێشی پێ بگوێت. دەمەوێت لەم چەند دێڕەدا پەنجەرەی سەر تاوانێک کە لە چوارچێوەی کارەساتی ھەڵەبجەدا ڕوویداوە بکەمەوە ، تا لە ئایندەدا نووسەران و دڵسۆزانی دیکەی گەلەکەمان زانیاری زیاتر ئاشکراکەن و بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەربڕن, کە تا ئێستا بەداخەوە پاش 13 ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی قەوقەپمان لە ئاستی کردووە. ئەویش کارەساتی شەھیدانی گوردانی شوانە، ھاو ڕێیانی قوربانییەکانیش تا ئێستا کەم لایەنی ئەم کارەساتەیان ئاشکرا کردووە، بە ھۆی ئەوەی لەو کاتەوە ھەر خەریکی ململانێی ناوخۆبوونە و تەنیا توانیویانە فریای ئەوەکەوتتونە مەراسیمی ناشتنی ھاو ڕێ تیرۆرکراوەکانیان بکەون.

لێرەدا نامەوێت ھەڵوێستی مێژوویی ئەوان دەرخەم لەسەر پارتەکانی کوردستانی عێراق، ئەوانەی بە ئاشکرا یا ئەوانەی کە زۆربەن بە نەیێنی ئەنجام دراون , کە بۆ ھەمووومان ئاشکرایە . با بزانین ئەم پێشمەرگانە کێ بوون؟ .

یەکێک لە دەستە ھەرە ئازاکانی ھێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ، پێشمەرگەکانی گوردانی شوان بوون لە تیپی 11ی سنە بوون . ئیتر پێشمەرگەی کۆمەڵەش لە سەردەمانی ڕەونەقی خەباتی چەکداری لەو پارچەیەی کوردستاندا , بۆ ھەموو کەس ئاشنابوون و پێویستیان بە پیاھەڵدان نییە لە

چەند دێڕێکدا بەسەریاندا . هەر یەکێک لە ئێمە ئەگەر تەمەنی سیاسیمان بۆ ئەو لاتانە بگەڕێتەوە لە ڕێگەی دەنگی شۆڕشی ئێران و بیۆرەکەیەوە (( حەمەی کەمالی )) ڕۆژانە گوێ بیستی هەوالی قارەمانییەتی ئەم دەستە پێشمەرگەیە دەبووین، بە ئازایەتیان خواردن و خەویان لە نۆکەران و چەکدارەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران لە سەر شێوی سەقزەوە تاکو کامیاران حەرام کردبوو، بووبوون بە گوێیەک لەسەر دلی ئاخوندەکانی تاران .

لەماوەی ئەو نۆ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا , سەدان جار هێرش بۆ سەر پێشمەرگەکانی ئەم گوردانە کراوە، لە هەموو جارەکانیش بە ژیری و ئازایەتیان وانەیەکی وایان بە هێزە جۆراوجۆرەکانی ئێران، لە جندالله و سارالله و گوردانەکانی محمد رسول الله و سوپای پاسدار و ئیتلاعات و ژاندارمەری و جاشەکان داوە هەرگیز لە یاد نەکەن.

سەرکەوتنە سەربازییەکانیان دەسکە گوڵی بەختیاری جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بوون ، ئیتر ئەوە باسی شەڕی 28 ڕۆژەی شاری سنە مەکە. ئەوەشی جیا لە هەواڵەکانی ڕاگەیاندن لە نزیکەوە بیانی ناسیایە، دەیزانی ئەوە ئەو دەستە کوڕ وکچە پێشمەرگەیە چەندە دڵسۆز بوون. بۆ بیروباوەڕی یەکسانی خوازانەی مرۆپایەتی بە چ ئاسۆیەکی ڕونەوە تێدەکۆشان بۆ ئەو ئامانجە. لەناو جەماوەریشدا چ هەڵسوەوتێکیان دەکردو ڕێزیان لە ویستەکانیان دەگوت.

شوێنی دەستی کاری ئەم گوردانە لە بواری کۆمەلآیەتی و سەربازی و سیاسی وایکرد ناوچەی هەڵسوڕانیان ببێت بە ناوچەی کۆمەڵە و شاری سنەش ببێت بە قەلای ئەو ڕێکخراوە لە ڕێگەی هەڵسوڕانی ئەو گوردانەوە. سرودی شەهیدی شوان بوو بە سرودی شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەموو کوردستاندا، تەنانەت بۆ شەهیدانی دیکەش فۆتۆکۆپی کرا ( شەهیدانی قازان) .

تاوانە کە چۆن ڕویدا :-

لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق – ئێراندا هەردوو سازمانی کۆمەڵە و دیموکرات , لەو پەڕی شکستە سەربازییەکانیان و پاشەکشەکردنیان لە تەواوی خاکی کوردستان، هێچکات بیریان بە لای ئەوەدا نەچوو جولانەوە چەکدارییەکەیان تێکەڵ بە شەڕی کۆنەپەستانەی ئەم دوو دەوڵەتە بکەن، کە لە ڕێگەی کاری واوە دەیانتوانی زۆر دەستکەوتی مادی گەورە بەدەست بهێنن کە زۆر پێویستیان پێ بوو. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە زۆرجار کۆمەڵە ئەو دەستە و گووپانەی چەک دەکرد کە دەیانویست لە کوردستانەوە لە بەرژەوەندی عێراق چالاکی بکەن نموونە چەک کردنی سازمانی ڕزگاری و دەستەی تۆفیق عەلی مەریوانی. کۆمەڵە بە هەموو توانای هەوڵی دەدا کوردستان دوورخاتەوە لەو شەڕە کۆنەپەرستانەیە، سەرباری ئەوەی دروشمی سەرەکی تێکۆشانی کۆمەڵە لەو ڕۆژگارەدا ڕاوەستانی دەست بەجێی شەڕ بوو. هەریەکێک لەو دوو دەوڵەتە کە ناوچەی نفوزی خۆیان هەبوو دەیانتوانی دەوڵەکانی عێراق بەرنە قولایی سەدان کیلۆمەتری ئێرانەوە. بەلام ئەوان هەڵوێستی ڕونیان لەسەر شەڕەکە هەبوو، سەرباری ئەوەی گەلی خۆیان و مێژووەکەیان خۆش دەویست و دوژمنەکانی خۆشیان چاک دەناسی.

لە دوای کۆنگرەی دووی حکا , کۆمەڵە هەڵوێستێکی سەربازی نوێی گرتەبەر ئەویش دانانی بارەگا بوو لەسەر سنورەکان بۆ حەوانەوە و پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار، بەهۆی ئەوەوەی ناوچەی حەسانەوە لە ناو ئێراندا نەمابوو , هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەر بستێکدا پایگا و پادگان و ژاندارمەری و ... خۆیان دانابوو ، هەر لەم چوارچێوەدا بارەگای گوردانی شەهید شوان لە ناوچەی بیارە دانا , ئێستا جێ گەی حەسانەوە و بریندار و نەخۆشەکانیان لە پڕ دەبێتە بەرەی شەڕی کۆنەپەستانە، دوژمنەکانیان لە پشتەوە سەنگەریان لێ دە گون، زیاتر لە 50 هەزار لە کۆنەپەرستترین هێزی چەکدار بست بە بستی ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەن گردی زەڵم دەبێتە پوسگا و ئەوانیش وەکو شێرێکی بریندار نا شارەزای

خافڵگیرکراو لە بارە گلکانیان دەردەچن، بەدەم شەڕەوە دەکەونە ڕێ تا لە ڕێ ەی ئاوەکەی دەربەندیخانەوە خۆ ڕزگاربکەن، ئەوەی ئێمەش تا ئێستا بیستومانە باسێکی زۆر کورتە و سەرەداوی ڕوداوەکەیە لە ڕۆژنامەی شۆ ڕشەوە بلاوکراوەتەوە. لەوێدا تەنها ئەوەندە هاتووە گوردانی شوان پاش ەیرشی ەیزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچەی ەەڵەبجە و دەوروبەری لە ناوە ڕاستی ئازاری 1988دا، ئەم پێشمەرگانە لە بیارەوە بە شەڕ پاشەکشێ دەکەن تا یەک دوو کیلۆمەتری ئاوەکەی دەربەندیخان و لەناو قامیشەلانەکان خۆیان حەشار دەدەن تا شەو لە ئاوەکە بدەن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەلام لە ڕۆژەکانی 16 و 17/ 1998/3 ەیزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ەیرش دەکەنە سەریان، تەقە دەست پێدەکات، شەڕێکی نابەرابەر بەسەریاندا دەسەپێنن، لە کۆی 72 پێشمەرگە (58)یان گیان لە پێناو بیروباوەڕ و ئامانجەکانیان، (12) کەسیان بە دیلی دەکەونە دەست ەیزە چەدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە دیلی دەبردرێن بۆ زیندانی سنە و لەوێ ئیعدامیان دەکەن. تەنها دوو پێشمەرگەیان کو ڕێک و کچێک خۆ ڕزگار دەکەن پاشان بەناو ئێراندا خۆ دە گەیێننە هاو ڕێکانیان. هاو ڕێ شوکێ فەرماندەی گوردان تا دوا ساتەکانی شەەید بوونی بە ەۆی بیسەمەوە لە پەیوەندیدا دەبێت لە گەڵ هاو ڕێیانی دیکە بێشک ئەو دوو هاو ڕێ ڕزگاربووە و، هاو ڕێ شۆکێ لە ڕێگەی بیسەمەوە و دیلەکان لە پێش سێدارەدانیان کۆمەڵێک نەینی ئەم تاوانەیان درکاندووە، ەیوادارم زەمینەی پێتانی زوو خۆش بێت و هاو ڕێیانیان لەسەری بنووسن لایەنە لێڵەکانی ڕون کەنەوە.

دیارە گلەیی لە هاو ڕێیانیش ناکرێ تا ئێستا لە ئاستێکدا نەبوونە کەس حەسودیان پێ بخوازێ مۆرانەی ناوخۆ و کەرت بوون، مەراسیمی ناشتنی تیرۆرراوەکانیان فریای ەیچکە نەکەوتوون.

بەم شێوەیە خەونی 9 ساڵەی کۆماری ئیسلامی هاتەدی , بەوەی تۆڵەی دەیان ەەزار کوژراوی دەست ئەم گوردانە بکاتەوە. لە دەشتاییەکی پان و

بەرینی و شارەزا نەبوودا بە دەیان هەزار ئابلۆقەیان دەدا و وەک هێلکەی پاک کراو لە پاروی دەرێ و قوتیان دەدات.

خامنەیی خۆی پێ ڕانەگیرا لە نوێژی هەینیدا بانگەوازی ئەم سەرکەوتنەی بەسەر دژە شۆڕشی و کۆمەڵە بلاوکردەوە و وتی : کۆتاییمان پێیان هێنا. لێرە بەدواوە دەمەوێت پرسیارێک بکەم . ئایا هەڵەبجە لە ئاکامی شەڕی عێراق – ئێراندا بەر لێدانی کیمیاوی کەوت یاخود شەڕی ڕزگاری پێشمەرگە هەروەک یەکێک لە ڕابەرانی ئەو کاتی پارتیەکی چەکدار دەنووسێت ( هێزە کوردییەکان : یەکێتی، پارتی، حسک، بزووتنەوەی ئیسلامی هێزی سەرەکی ڕزگاری هەڵەبجە بوون).

بەلام هەرچی جمهوری ئیسلامییە ناوی چالاکییەکەی نا فەجری 10 و تیایدا دەسکەوتەکانی جگە لە ڕزگارکردنی 80 کم چوار گۆشە کە لە ناویدا 102 گوند شاری هەڵەبجەش لە شوێنە ڕزگار کراوەکان بوو.

ئەمە سەرباری قڕکردنی ( زد انقلاب ) وەک لە موژدەکەی خامنەیی دا هات بەنوێنەرانی تارانی ڕایگەیاند لە دەسکەوتە پڕ بەهاکانی فجری 10 بوو.

بەلام هاوڕێیانی گوردانی شوان لە یادی 10 ساڵەی شەهید بوونیاندا لە پێش ڕەودا نووسیویان : ( لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی 1366دا، ناوچەکانی هەورامان لە کوردستانی ئێران و هەڵەبجە و دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق بوون بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و عێراق. لەو کاتەدا هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ((بیارە)) لەسەر سنوور جێ گیر بوون. لە گەڵ ئاشکرابوونی یەکەم نیشانەکانی دەست پێکردنی شەڕ هاو ڕێیانی ئێمە دەستیان کرد بە پاشەکشە و هەوڵیان دا خۆیان لەو شەڕە دوور بگرن و لەو ناوچەیە دەرباز بن. بەلام لە کاتی کشانەوەیان و لە مەسیرێکدا کە بۆ پاشەکشە هەڵیان بژاردبوو لە گەڵ هێزەکانی جمهوری ئیسلامی دەر گیربوون. موقاوەمەتێکی سەخت و حەماسی لە بەرانبەر هێزێکی گەلێک تەیارتر و بە ژمارە چەند بەرانبەر دەستی پێکرد و سەرەنجام زۆربەی هاو ڕێیانمان لە مەیدانی شەڕەکە گیانیان

نایە پێناوی ئامانجەکانی بەرزیان و 11 کەسیان بە بریندار ی گیران، هاو ڕێبازانی ئەسیر دوای ئەشکەنجە و ئازار دەموویان لە زیندانی شاری سنە ئیعدام کران). تەئکید لە منەوەیە)

هەروەها دەنووسێت : ( لەم ڕوداوە دڵتەزێنەدا سەرجەم 70 پێشمەرگەی کۆمەڵە خوێنیان تێکەڵاو خوێنی هەزاران ئینسانی شەریفی دیکە لە منال و پیر و لاو بوو کە هەر لەم ڕۆژەدا و هەر لەم ناوچەدا گیانی ئازیزیان بوو بە قوربانی شە ڕێکی کۆنەپەستانە و دژی ئینسانی و بێ بەزەییانە لە مافی ژیان بێ بەشکران). ( تەئکید لە منەوەیە)

لێرەدا پرسیارێک سەر دەردێنێ , ئەویش ئەمەیە , ئەگەر پارتە کوردییەکان هێزی سەرەکی داستانی ڕزگارییەکە بوون , ئەم سوپایەی کۆماری ئیسلامی لە کوێوە هاتن ؟؟؟ . دێلەکان کی گواستیانییەوە بۆ شاری سنە ؟ . ئەمانە لە شە ڕێکی درێژخایەنی نابەرابەردا شەهید کران و بەدیل گیران و دووشیان لێیان ڕزگاری بووە. ئەگەر بالادەست بوون چۆن بوونە تەماشاچی ئەم کارەساتە جەرگبڕە و دەستیان و ڕێگەیان دا باشترین کچان و کوڕانی گەلەکەمان لەبەر چاویان قەسابی بکرێن.

ئەگەر پەراوێز و چاوساخ بوون ؟, بۆ پێشتر ئاگاداریان نەکردنەوە لە هێرشەکە تا خۆ ڕزگار کەن ؟ . لەو بڕوایەدام , پێشمەرگە و ئەو لایەنانە , جگە لە بزووتنەوە , مەگەر لە پێشدا لە چوارچێوەی نەخشەدا دانرابێت و لە گەڵ جمهوری ئیسلامی لە چوارچێوەی دەسکەوتی شە ڕدا بەشی خۆی بووبێت ، دە نا ڕێگە بە کاری وا نادەن ئەنجامبدریت . پێنج مانگ پاش ئەو ڕوداوە و لە بارودۆخێکی ئاڵۆزتردا, هاو ڕێبازانی ئەو پۆلە شەهیدە و پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەلات , لە دۆڵی گولان و سەرکەبکان , کۆمەکی هەزاران پێشمەرگەی ئابلۆقەدراوی لایەنە جۆراوجۆرەکانیان کرد، کارسانایی ڕز گاربونیان بۆ کردن و کۆمەکی جۆراوجۆریان پێکردن. ئەم کارەساتە پرسیارێک لە گەڵ خۆیدا دێنێ، هەرچەندە پاش سێزدە ساڵ لە کردنی ئەو پرسیارانە درەنگە بەڵام هەر نوییە و پێویستە بکردرێ و

بەرپرسانی سەربازی ئەو کاتەی بەژدار بوون لە شەری رزگاری هەڵەبجە ( بە قەولی خۆیان ) لەسەریان پێویستە وەلآمی پێ بدەنەوە . ئێمەی گەلی کورد لەسەرمانە لە یادکردنەوەی 5000 شەهیدەکەی هەڵەبجەدا , یادی ئەو 70 تێکۆشەرەش بکەینەوە و رێیان لێ بگوین و رێگە نەدەین هیچکە هاوسەنگەرەکانیان لە کوردستانی ئازاددا تیرۆر بکرێن، رێگە خۆشیان بۆ بکەین بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی بە نا رەوا رژاوی هاو رێیانیان. لەسەر هاو رێیانیش پێویستە زیاتر ئەم کارەساتە بە گەل بناسێنن، ئەو چەند دێڕەی ئەوان لەو یادەدا دەینووسن و لەسەر گڵکۆکانیان دەیخوێننەوە زۆر کەمە .
وابزانم پسپۆرانی بواری نووسینەوەی مێژووی هەڵەبجە و ئەنفالیش , ناتوانن ئەو مێژووە بێ یادکردنی خوێنی ئەو 70 پێشمەرگەیە , بێ کەلێن بنووسنەوە. هەروەها لە راوەستان لەسەر ئەم کارەساتە , بە ئەنجام و ئاکامی نوێ دەگەن. ئەم پرسیارانە ئەم رۆش نەکرێت، هاو رێکانی لە داهاتوودا پاش رزگاربونیان لەم زەلیلییە هەر دەیکەن.
2001/03/07

سەرچاوەکان :

1- شۆرشی ژمارە (5) شوبات و مارس 2001 ئۆرگانی کۆمەڵەی شۆرش گێری زەحمەتکێشانی کوردستان.
2- خولانەوە بەناو بازنەدا. نەوشیروان مستەفا.
جینۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەر گێرانی سیامەندی موفتی زادە – چاپخانەی خاک ل 406

## ناوی بەشیك لە قوربانیانی ئەم تاوانە :

سالی 1367

4. غولام حەق بەیان - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

5. شەهلا کلاوقوچی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

6. هوشەنگ زەندی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

7. کەیوان مەهاجێر - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

8. جەماڵ رەزایی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

9. جەمشید خزرادوزی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

10. موختار ئەوێهەنگ - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

11. سەباح باوەرێز - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

12. فەرهاد حاجی میرزایی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

13. عەتیە شەریفی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

14. عەلی مرادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

15. جەمال ئەسکەندەری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

16. جەبار سەید مرادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

17. جەمیل ئەحمەدی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانێ گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

18. شەهریار حەیدەری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

19. حیکمەت ئیسماعیلی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جە رەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

20. کەماڵ سەیدمرادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

21. زەمانە قادری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

22. کەماڵ نەزەری موقەدەم - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

23. حەبیبوڵا فاتحی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

24. کەماڵ ئەلیاسی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

25. ناسر هادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

قەڵاچۆی کورد

كۆمەڵكوژییەكان، كوژراوە سیڤیلەكان و گوللەبارانكراوەكان ئامادة كردني س ماكوان

# من دەڵێم لە ئەنفالی چوار مەفرەزەکانیکاك " عەلی بچکۆل " یش ڕێگایان لە دەربازبوونی خەڵك گرت ! !

ماڵپەڕی ئاوێنە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بەڕێز کاك عەلی بچکۆل ئەنجامداوە, لێرەدا لەسەر چەند دێڕێکی ئەو چاوپێکەوتنە کە تایبەتە بە پرسی ئەنفال دەوەستم . ئێمەی کەرکووکیەکان , بە هەموو جیاوازییەکی بۆچو ونی سیاسی بەشێکیشمان لە گەڵیدا , ئەوانەی لەو تەمەنەداین , ئاگاداری ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەرخودان و خۆڕاگری ئەم تێکۆشەرە بووین لە زیندان و ناوچەکەمان , بەشی زۆرمان ئەم پیاوە قەڵاسێوکەییە کە ناوی عەلی بچکۆلە بە هەموو هەڵەکانیشیەوە تا هەنووك خۆشمان دەوێت , بەهۆی ئەوەوە نا , کە نووسەرێکی گەورە , یان سیاسییەکی سەرکەوتووی بەهەیبەت , یان پیاوێکی بەهێز , یان دەسەڵاتدارێکی دەست ر ۆیشتووە , بەڵکە خۆشەویستییەکەمان بۆی , بەهۆی میانەڕەوی و هێمنی و هەژاردۆستی و پاکی و کوڕی ڕۆژی تەنگانەیی و دوورەپەرێزییەکەوەیەتی لە هەڵپەی دەسەلات, هیوادارین لە گەڕانەوەی

ئەمجارەی بۆ گەندەڵستان و لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بەرپرسان , دانەبڕێت لەو ڕۆژانەی لە برسان ئاوی ناوەتە سەر ئاگر و لەسەر بیروباوەڕی دەربڕینی چەند ڕستەیەکی سادەی ڕاستی وڵات بەدەر کراوە , داواکارم لێی کەمتر پاکانە بۆ گەندەڵییەکان و فەشەلی سیاسیەکانی کوردستان بهێنێتەوە , چەند فرسەخێك خۆی لێیان بەدوور بگرێت, ئەوێك قوربانی پێشێلکردنی ئازادییە ئاو بە ئاگردانی دکتاتۆریدا نابێت بکات , نەك بەهانەیان بۆ بهێنێتەوە , سەرکەوتنەکان ڕاپەڕین و تراژیدیاکان کۆڕەو بێئەقلّیەکان سەدام بە سەرکەوتنی ئەوان بە گەل بفرۆشێتەوە , بە ئەنجامی شۆڕشە ئاشبەتاڵەکان پێمانی نیشان بدات .

هەویری چاوپێکەوتنەکەی کاك عەلی بچکۆل ئاوی وەلام زۆر هەڵئەگرێت, ئەگەر بە وردی لەسەری ڕاوەستین و لە بارەیەوە وەکو پێویست بنووسین , لێرەدا ئەو بەشەی کە دەمەوێت لەسەری بووەستم و سەرنجی خۆمی لەسەر بدەم لەم چاوپێکەوتنەی بەڕێزی تەنها و تەنها 2 دێرە , ئەویش ئەو دوو دێرەیە کە تایبەتە بە تاوانی ئەنفال و ڕێگەگرتن لە دەربازبوونی خەڵك لەپرۆسەی ئەنفالی چواردا " ئاوێنە: دەڵێن لەکاتی ئەنفالدا ڕێگەت لەخەڵکی گوندەکان گرتوە کاتێك ویستویانە چۆڵیبکەن؟

عەلی بچکۆل: من لە گەڵ ئە وەدا بووم پێشمە رگە مقاوەمەت بکات . بەڵام ئە وەی دەیەوێت دەستە چەورەکەی بەمن بسڕێت با نا وی خۆی بڵێتو بڵێ عەلی بچکۆل ڕێی لێگرتووم. "

ئەو ڕۆژانە سەختانەم لە یادە پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار و کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپە , کە سەدان و هەزاران خێزان دەیانەویست خۆیان ڕزگاربکەن , بە زەبری چەکی پێشمەرگەکان کە کاك عەلی بچکۆل , بەرزترین کاربەدەستی ناوچەکەیان بوو" دەیتوانی دژ بەو هەوڵۆیستە تەداخول بکات , وەلێ نەیکرد " , گەڕێنرانەوە و نەیان هێشت خۆیان لە دێوەزمەی ئەنفال ڕزگار بکەن , زۆری دیکەش ئەم شایەدیەیان لایە ئەگەر لە نەغمە هەڕەشە ئامێزییەکە کاك عەلی نەترسن .

**وتنی ڕاستیەکان دوێنی , بۆ ئەوە نییە ئەمڕۆ بەڕێز عەلی بچکۆڵ تاوانبار بکەین , یان بە بیرکردنەوەی ئەمڕۆ , سیاسییەکان لە واقیعە تاڵە گوزەرەکانی ڕابردوو دادگایی بکەین , ژیانی سیاسی ئەوان ئەوەندەی هەڵەی ورد و درشتی تیایە کە فریای دادگا یش نەکەوین , لێ پێویستە ڕاستیەکان بڵێین , هەڵەکان ئاشکرا بکەین , ڕۆژە تاڵەکان یاداشت بکەین , لاپەڕە ڕەشەکان**

بنووسینەوە ، مێژوو وەك هەیە بە چاك و خراپەوە تۆمار بکەین . پێویستە یاداشت و یادگارییەکانمان ڕاستگۆیانە بخەینە سەر کاغەز، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لەو مێژووە ، دەبێت بە قولترین شێوە ، بە هەستیارترین خاڵە لاوازەکانی ئەنفالدا ، بچینە خواری خوارەوە ، بۆ ئەوەی بگەین بە ڕاستیەکان ، ئەگەر ئەمانەوێت مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار بکەین، ئەگەریش دامان ناوە بە تەڵەکەبازی ڕاستیەکان پەردەپۆش بکە ین ، بە چاوسوورکردنەوە ڕێگا لە وتنی حەقیقەتەکان بگرین ، ئەوا با مێژووی ئەنفال ، قەڵەم بەدەستانی دەسەڵات ، بە پێی ویستی دەسەڵاتداران و لە بەرژەوەندیان بیخەنە سەر کاغەز، هەموو ڕاستییەکانی هەناوی ئەنفالکراوان، وەك قوربانیان، لە بیابانەکانی دڵڕەقی دەسەڵاتداران لە چاڵ کەن.

نەوتراوە ئەوانەی ڕێگریان درووست کرد لەو ڕۆژانە تاوانباری ئەنفالن ، بەڵکە وتراوە بەوکارەیان هەڵەیەکی کوشندەیان کرد، زیانەکانیان گەورەتر کرد ، لە ئاکامی هەڵەی ئەوانەوە ، هەزاران کەس کە دەتوانرا لە مەرگ ڕزگاربکرێن ، تەسلیم بە سوپای ئەنفالچیان کران.

پێویستە لەسەر ئەوانەی تاوانەکەیان بە چاوی خۆیان بینیووە ، هەموو ڕوداوەکان بە ورد و درشتەوە ، ئەگەر تاڵیش بن وەك خۆی بگێڕینەوە ، بۆ ئەوەی نەوەکان داهاتوو ، بێلایەنانە بڕیاری کۆتایی خۆیان بدەن لەسەر تاوانەکە ، ئەگەر ڕاستییەکان وەك ئەوەی گوزەراوەو ڕویداوە نەگێڕینەوە ، ئەوا ناگەین بە حەقیقەت، کە گەیشتین بە حەقیقەتیش، ئەو کات دەتوانین دوا وتە و بڕیاری خۆمان بدەین . ئایا دەکرێت هەموو ئەو قوربانیانە و ئەو دنیا چیرۆکە تراژیدیانەو ئەو ڕۆژگارە سەختانەمان لە بیر بچێتەوە ؟؟ ، بێ دەرخستنی ڕاستییەکان ئەو ڕۆژگارە، حەقیقەتەکان هەروا بە بەلاش گۆڕ ونبن، کەس باسیان لێوە نەکات ؟ ئازایەتی لەوەدایە مرۆڤ ڕاستییەکان تاڵیش بن زیندانی نەکات و بیاندرکێنێت.

چەندین ساڵە ، بە بەهانەی جۆراوجۆرەوە ، لە وتنەوەی ڕاستیەکان زمان بڕاوکراین ، ویستمان زمان هەڵهێنینەوە ، وتتان نا بڤەیە ، وتمان کارەسات ڕوپداوە ، وتتان بۆ جەهەنەم ، هەموو دەم ئێوەی سیاسییەکان بەهانەیەکتان هەیە بۆ نەوتن و پەردە پۆشکردنی وتنی ڕاستی ەکان ، زیندانیکردنی حەقیقەتەکان ، قۆناغی ناسك ، هەستیاری بارودۆخ ، نۆکەری دوژمنان .... .

نازانم بەڕێز کاك عەلی بچکۆل خوازیارە و دەیەوێت ، قوربانیەکان لە عەرعەر و نگرە سەلمانەوە وەڵامی بدەنەوە ؟؟ ، لە ناو سکی سەگەکەی حەجاجەوە بێنە قسە ؟ ، لە ژێر لمی سەحراکانەوە

ئێسك و پروسکەکەیان بێتە گۆو شایەدی خۆیا ن بدەن ؟ بڵێن نەیانهێشت خۆمان لە دێوەزمەی مەرگ ڕزگار بکەین , یاخود حەشرەکە بە خۆی بکەین و هەر لەو دوو ڕستەیەی خۆیەوە وەڵامی بدەینەوە , بەڕێزی بەو دوو ڕستەیە , خۆی دادگایی خۆی دەکات و ڕێگە گرتن لە خەڵك بە نەغمەیەکی نەرمی هەڕەشە ئامێزەوە , وەکو هەموو بەرپرسانی سەربازی دیکەی کورد , بە مقاوەمەت پێمان دەفرۆشێتەوە .

ئایا کاك عەلی دەتوانێت ئەو مقاوەمەتەی لە دوای ئەنفال ئەنجامیان دا لەو دەڤەرە , بۆمان باس بکات و بیانژمێرێت ؟؟ , ئایا ئەو چەند وردە بەرە ورووبونەوانەی سورقاوشان و قەڵاسێوکە لە ئاستی بەرگریدا بوو ؟ , ئایا مقاوەمەت بە ژن و منداڵەکانی بۆڵقامیشییەکانەوە دەکرێت , کە مەفرەزەکانی بەڕێزی نەیان هێشت ڕزگاریان بێت و گەڕاندیاننەوە بۆ ئەنفالکردن ؟ " , یان بەو هەموو دەبابە خۆرە دەکرا , کە چەند کاتژمێرێك پێش ئەنفالەکە هەڕەشەیان لە خەڵك دەکرد بەوەی نابێت بڕۆنەوە ؟.

هەموو کەس لای ڕوونەو ئەوە باش دەزانێت , کاك عەلی بچکۆل خۆی نەچووە بازگەی ڕێگرتن دابنێت و خەڵك بگەڕێنێتەوە بۆناو جەرگەی ئەنفال , تاکو بینێتیان و ئێستا شایەدی لەسەر بدەن , ئەگەر ئەوانە بە ڕێکەوت لە قورگی حەزیای ئەنفال بەربوبێتنەوە بۆ ژیان و مابێتن بەڵکە ئەوەی کراوە , وەك فەرماندەی باڵای ناوچەکە , فەرمانی داوە کەس نەڕوات و دێ بەجێ نەهێڵێت , خەڵکانی دی جێبەجێیان کردووە , دوایش کە هێرش کراوە , هەر بابەی پێشمەرگە بووە فریای ئەوە کە وتووە تێی قوچێنی , ئیتر کاکە عەلی لە نیوزلەندا خۆی گرتەوە , خۆشەویست و کەسوکارەکانیشمان لە نگرە سەلمان , بەرگریەکەی کراش بایی ئەوە نەبوو یەك ئەنفالکراو ڕزگاربکرێت , ڕۆژێك بدرێتە دەم ژیانیانەوە.

باشترە بۆ کاك عەلی ئازایانە باسی ئەو بڕیارە مەترسیدار ە پڕ هەڵەیەمان بۆ بکات لەو ڕۆژگارە داویانە , کە نەیان هێشتووە خەڵك خ ۆیان دەرباز بکەن , دەبوایا سیاسیەکان بۆنی کارەساتەکانیان بکردایە کە بەڕێوە بوون, بە تایبەت 3 ئەنفالی دی پێشتر ڕویان دابوو , داواکارم کاك عەلی لە پێش هەموانەوە ڕەخنە لە خۆیبگرێت کە پشکداربووە لەو هەڵەیە , کە لەوانەیە بە نییەتێکی پاکەوە کرابێت , مقاوەمەتکردن بە بارمتەکردنی ژنان و منالانی خەڵکییەوە ناکرێت , با لە خۆشەویستی ژیانەوە فێر بین بە هەڵە بڵێین هەڵە ملکەچی ڕاستییەکان بین.

یەک پرسیار لە کاک عەلی دەکەم , ئەوانەی بڕیاری مقاوەمەیان دا ؟, یان بڕیارەکەیان جێبەجێکرد لە ڕێگەگرتن لە چۆڵکرنی ناوچەکە ؟, چەندیان ماڵ و منداڵیان لە ناو ئەو دەیان هەزارەی ئەنفالی چوارە ؟؟؟ .

بۆ خوێندنەوەی تەواوی چاوپێکەوتنەکەی بەڕێزی سەردانی ئەم لینکە بکەن

**http://www.awene.com/index.php?option=com_content&task=view&id=3797&Itemid=234**

# بەشێك لە ئەو تاوانبارانەی دەبێت دادگاییبکرێن لە دادگای ئەنفال

ئەم ناوانەی لە خوارەوە دەیان بینن , لەوانەیە زۆر ناوی هاوبەشی بەچەندین نازناوی تێدا بێت , لەبەر ئەوەی قوربانیان نایان ناسن و نەیانیان بینیوە , بۆیە بە ناوو نازناوی جۆراو جۆر لە دادگا ناویانیان بردووە یاخود خەڵکی دی سکالای لە دژیان تۆمارکردووە , یان لە دۆکۆمێنتەکان ناویان هاتووە , سەرجەم ئەمانە بەپێی وتەی سکالاکەران و هاتنیان لە دۆکۆمێنتەکان تاوانکارن و پێویستە لە هەمبەر تاوانی ئەنفال دادگایی بکرێن, ئەوە دادگایە دەتوانێت بێتاوانیان بکات , ئێمە بە پێی ڕیزی پیتەکان ڕێکمان خستووە , ئەو ناوانەی تێدا نییە تاوانکارن و کەس سکالای لێیان نەکردووە , بۆیە ناکرێت ئەمە دوا لیستی تاوانکارانی ئەنفال بێت, تەنانەت 423 ناوەکەی دادگاش .

## " تاوانکارە کوردەکان"

ئەحمەد حمید شەریف هەرمینی

ئەحمەد ڕەجەب

ئەحمەد ساڵەح یان ساڵەح ئەحمەد

ئەکرەم جەیشی شەعبی

ئەنوەر بەگ بێتواتە

ئەنوەر محەمەد ڕەزا

ئەنوەر محەمەد ڕەمەزان

ئیبراهیم ئاغا

ئیبراهیم ڕەشید بەحری

شێخ مەجید

سەید عەدنان عەبدواللە

حەسیب ئینجە

خەلیل قادر عوسمان

حەسیب محەمەد

مۆفەق مەجید خان

ئیسماعیل عەزیز ئاغا

ئیسماعیل عەزیز خان

بایز ئاوڕەحمان

بایز ئاوڕەحمان بۆرە

بایز عەبدالڕەحمان

براکان عەلی لوت ماسی( عوسمان و سەروەر)

بورهان شوانی

تۆفیق جەبار قارەمان

تۆفیق جەبار موعتەسەم

تاهیر بابا عەلی

تاهیر موسا

تەبارەك محەمەد وەلی

تەحسین شاوەیس

جیهان موسا

حاج ئەحمەد

حاجی بەستە

حەسەن شێخ سەعید

حەسەن فەتاح

حەسیب محەمەد

حەسیب محەمەد ئینجە

حەمە عیسا

حەمە کاوانی

حەمە وەسمان

حەمەی ئەحە فەڕاش

حەمەی شێخ عەبدوالکەریم

حسێن ئاغا

حسێن ئاغا سوورچی

حسێن حاجی ئاغا

حسێن حەمە ئینجە

حسێن شێخ سەعید

خەلیل قادر عوسمان

ڕەجەب پۆخچی

ڕەشید باوەمردە

ڕەفعەت حاجی غەفوور

ڕەفعەت حاجی مشیر

ڕەفعەت گلی

ڕەمەزان

ساله کونجه

سەرهەد ئەنوەر بەگ

سەعید حەمە غەریب جاف

سەعید دڕکەیی

سەعید ڕەزا

سەعید مەحمود باریك

سەلاح شینه

سەلام دێوانه

سەید تاهیر بابا عەلی

سەید ڕەزا

سەید عەدنان جەباری

سەید عەدنان عەبدواڵله

سعید دڕکه

سعید مەحمود باریك

سمایل عەزیز ئاغا

سواره فەتاح

شامیل دەرویش

شامیل ڕەحیم دەرۆێش

شوکر حەسەن فەتاح

شێخ  تەیب محەمەد عوسمان

شێخ جەعفەر بەرزنجی

شێخ حەسەن حەمە ئینجه

شێخ حەسیب

شێخ حوسێن شێخ سەعید

شێخ ڕەئوف

شێخ ڕەقیب سورچی

شێخ ڕوناک

شێخ ڕەمەزان

شێخ سەلاح نەقشبەندی

شێخ سدیق شێخ سەعید

شێخ سوعاد تاڵەبانی

شێخ عاسی زێباری

شێخ کەریم

شێخ مەجید

شێخ مەجید بایز

شێخ مەحمود کوڕە داوێ

شێخ مەدحەت

شێخ محەمەد

شێخ موعتەسەم

شێخ نەجمەدین

شێرزاد سالەح مەحمود( شێرەی سالە حۆلە)

صباح عەبدواڵڵە

صەباح عەبدواڵڵە ( موختار)

عادیل دیسکۆ

عاصی عەبدوالکەریم ئاغا

عەباس قالە جاف

عەبە کەرکووکی

عەبد شاناز

عەبدالجبار شێخ هادی

عەبدالخالق سەلیم

عەبدواڵڵە دەلۆیی

عەبدواڵڵە کارەباچی

عەبدواڵڵە وسو

عەبدواڵڵە وسو( موختار)

عەدنان جەباری

عەدنان دیسکۆ

عەدنان عەبدە جامیعە

عەدنان عەبدواڵڵە جەباری

عەدنان عەبدواڵڵە جامیعە

عەزیز حەسەن فەتاح

عەقید حەمید

عەلەی حەمەی ڕەش

عەلی ئەحمەد ڕەش

عەلی ئەحمەد ڕەشید

عەلی لوت ماسی

عوسمان شێخ سەعید

غازە مام قادر

فائیق حەمە لاوە

فارس کەریم

فەتاح بەگ کەریم بەگ جاف

فەتاح حەسەن چیا سەوزی

فەتاح کتکەیی

فوئاد کەریم

فوئاد کەریم کابایز

قادر شەفیق

قاسم ئاغای کۆیه

قاسم دڕەیی

قاسم ڕەشید

قاله فەرەج

کامەرانه سوور

کەریم شێخ شەهاب

کەریم قایه باشی

کەماڵ محەمەد فەرەج

کسرا سەعید بەگ جاف

لەتیف گۆران

مۆفەق مەجید خان

مام ئەسوەد

مەجه سوور

مەجید سلێمان

مەحمود سەعید باریکه

مەدحەت ئاغا

مەدحەت حاجی مشیر

مەلا ڕەحیم

مەلا عوزێر

مەلا نەعمان

محەمەد پۆخچی

محەمەد شێخ سەعید

محەمەد عیسا

محەمەد عیسا پیره

محەمەد کاوانی

مشیر ئاغا

موستەشار محەمەد

موعتەسەم بەرزنجی

موعتەسەم محەمەد بەرزنجی

نەوزاد ئەنوەر بەگ

نقیب عەلی محەمەد

نووره سووره

هادی شاوەیس

هەمزە ئاغا

یاسین ڕەئوف

" عەباسی بیزی بالول ئافا  لە پرۆسەی دادگا لە لایەن خەڵکی سەنگەسەرەوە سکاڵای لێکرا

## " ئەوانەی کورد نین"

نزارخەزرەجی

وەفیق سامەڕائی

نیعمە فارس المحماوی

ئەیاد خەلیل زەکی

حەمید شەعبان

ڕەمزی مەحمود

عسمەت سابیر

یونس الزرب

نەجم عەبدواللە ئەلدوری

حەجاج

بارق عەبداللە حاجی حنتە

مقەدەم ئیحسان ئەحمەد

ملازم حەسەن

ملازم عەباس

ملازم عەلی

عەقید محەمەد

عەقید نعمت

ڕائید تەها

ڕائید خالید

ڕائید لەیس

ئەبو مەعروف

بەڕێوەبەری ئەمن تەها

# 2007-6-24 ڕۆژی سەرکەوتنی دادپەروەری " ڕۆژێکی مەزن و مێژوییە لە دیرۆکی نوێی نەتەوەکەمان

ئەنفال ئەو تاوانە گەورەیەیە , گەورەترین پێشێلی و غەدری لە لایەن نەتەوەکەی خۆیەوە لێکرا, چ لەسەرو بەندی ڕودانی کارەساتەکە و ئەنجامدانی تاوانەکە , یاخود لە دوای پرۆسەی ئازاد بوونی کوردستان لە پاش ڕاما ڵینی سوپای داگیرکەر لە کوردستان , بە دوای ڕاپەڕینە پڕ شکۆکەی بەهاری 1991دا .

لەسەروبەندی ڕودانی ئەو کارەساتە تراژیدیا گەورەیە, کە زیاتر لە 195 شەو و ڕۆژی خایاند , لە هەموو پرۆسەیەکیدا پێشتر جەماوەری دەڤەرەکان بە ماوەیەك ئاگادارکرانەوە لە هێرشەکان , کەچی لە ڕوی ڕاگەیاندنەوە خۆی بۆ ساز و ئامادە نەکرا, ئەو هەموو مەتەریاڵە مرۆییە لە تاوان لە بەردەستدا بوو , نەتوانرا وێنەیان بگرترێت لە لایەن پارتە چەکدارەکانەوە , بە تایبەتیش هەردوو پارتە گەورەکە , بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو کارەساتانە بە دۆکۆمێنت بکرێن , کامێراوان بۆ داگیرکردنی ڕەبایە دابین دەکرا , کەچی گوێ نادرا بە کارەساتە مرۆییەکان , بۆ نموونە بەرچاوانەوە سەدان هاوڵاتی گوندی گۆپتەپە لە گازی ژەهراویدا خنکێنران , کەسێك نەبوو وێنەیەکیان لێبگرێت , تاکو ئێستا وەك هەڵەبجە ببێتە ناسنامەیەك بۆ نەتەوەکەمان ؟ , هەزاران گوند بە بەر چاومانەوە خاپوور کران , وێنەی دوو لمۆزی شۆفەڵمان نەگرت , تاکو لادیوارێك ببێت بە هێمای خاپور کردنی نیشتمانەکەمان , لێ وەك بینیمان گرتنی وێنەی ڕەبایە

سەربازییەکان چوونە مێژوییەکی لە بیرچوەوە , کەچی ئەگەر ئەو تاوانانە وێنەیان بگرترایا , بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی لە یاداوەریمان دەمانەوە و دەبوونە بەهاترین چەکی پارێزگاری لێکردنمان لە هەمبەر دوژمنان , چ دۆکۆمێنت و شایەدییەك بە ئەندازەی وێنەیەك لەم سەردەمە کارابیان هەیە .

غەدرەکە هەر بە وێنە نەگرتنەوە نەوەستا , بەڵکە لە دوای ڕاپەڕینەوەش , تاکو ناوەڕاستی نەوەدەکان , تاك و تەرا و بە گروپی بچووك بچووك , لە چوارچێوەی دەڤەری گەرمیانا , ئەنفال یاد کرایەوە , دواتر لە 1995 ەوە بەرەو سەرجەم کوردستان هەڵکشا و بەرەو ئەوە چوو ببێتە یاداوەرییەکی نەتەوەیی , ئەوەی دەسەڵاتداران بیریان لێنەکردەوە ئەنفال و یاداوەری و شوێنەوارەکانی بوو , گەورەترین هەنگاو بۆ بەمێژووکردنی ئەنفال, ئەوەبوو لە لایەن دڵسۆزانەوە 14-4 دیاریکرا بە ڕۆژی ئەنفال , بوونی ڕۆژێك بۆ هەر دیاردەو تاوان و کارەساتێك , ئەوا ئەو کارەساتە لە بیر ویژدانی ئەو گەلە بۆ هەتا هەتایە بە زیندویی دەیهێڵێتەوە

ئێستا بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی نەتەوەکەمان , کەسانێك سەرکردایەتی کۆمەڵکوژی گەلەکەمانیان کردووە , ئەمڕۆ لە پای تاوانەکنیان دادگایی دەکرێن, بە تایبەت ئەوانە لە لوتکەی دەسەڵاتدا بوونە , هەرچەندە نابێت دادپەروەری پارچە پارچە بکرێت , پێویستە دەستی دادپەروەری هەموو لایەك بە یەکسانی بگرێتەوە , ئەوانەشی دادگایی نەکراون لەم پرۆسەیە , دەبێت دادگاییبکرێن و پرۆسەی دادگاییکە درێژە بکێشێت لە دوای 24-6-2007 , هەموو ئەوانە بگرێتەوە سکالآیان لەسەر تۆمار کراوە , یان ناویان لە دۆکۆمێنتەکاندا هاتووە , یاخود لە بیرکراون بیاندۆزینەوەو بە دادگای ڕابگەیەنین

لە ڕۆژی یەکشەممە 24-6 دوا بڕیار لە سەر دۆزی ئەنفال دەردەچێت , خودی بڕیارەکە لەبەر ئەوەی :

- تایبەتە تەنها بە دۆزی ئەنفال .
- لە لایەن دەوڵەتی بکەرەوە دەردەچێت.
- یەکەمجارە کەسانێکی دەسەڵاتدار , سەر بە نەتەوەی سەردەست , لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی لە هەمبەر کورد کردویانە, دەستی دادپەروەری دەیانگاتێ.

بۆیە ئەو بڕیارە بڕیارێکی مێژووییە ، هەرچەندە بە پێی بارستایی و دلڕەقی و ئاستی تاوانەکە نابێت ، وەلێ بۆ کورد زۆر گرنگە ، هەر بەم هۆیەوە دەبێت ئێمە بە یەکێك لە ڕۆژە گرنگەکانی مێژووی نەتەوەکەمانی دابنێین و بە خۆشی و بە شەوقەوە بەرەو پیری بچین و خۆمانی بۆ سازو ئامادە بکەین ، لە کاتی ئەگەری بڕیاری خراپیشدا ، بە هەموو هێزمانەوە بەرەو ڕوی بوەستینەوە و ڕەتی بکەینەوە .

هەروا لە کاتی ڕازیبونمان بە بڕیاری " 24–6 " ، هەرچەندە بڕیار هەرچییەك بێت ، لەبەر ئەوەی کەسەکان وەك کەس دادگایی کراون نەك وەك دەوڵەت و سستەم ، بۆیە بڕیارەکە بە ئاستی گەورەیی تاوانەکە نابێت " پێویستە لە هەموو کوردستان بە تایبەت ناوچەکانی قوربانیان ببێتە گۆڤەندی سەرکەوتنی دادپەروەری ، گۆڤەندێك سەرێکی لە مەشرەق بێت و سەرەکەی دی لە مەغریب ، ئاخر چ گەلێك هەبووە لە سەر ئەم گۆی زەوییە ، لە ڕۆژی وادا شایی و گۆڤەندی بێ ئەمسەر و ئەوسەری نەگێڕابێت ، لەمەش زیاتر تۆڵەی قڕکردنی 5٪ هاووڵاتیانی بێت لە ڕێگای شارستانیترین پرۆسەوە کە دادوەرییە ، تۆڵەی ئەو کەسانەمان بێت بە ناڕەواترین شێوە لە عەزابی ئەبەدیدا نرانە ژێر لمەوە ، دە گەلۆ هەموو پێکەوە با بەرەو گۆڤەندی سەرانسەری ڕۆژی 24–6 ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال ، ڕۆژی سەرکەوتنی دادوەری بچین ، ڕۆژێك دوای 19 ساڵ ، بۆ یەکەمجار قەڵاسێوکە و دەشتی کۆیە و گەرمیانی ئەنفالکراوم بەرگی ڕەشفڕێبدات .

# میری ئەنفالچیان فڕی یان بۆی دەرپەڕێ

ئەو مەقولەیە وا دێتە دی , جاران کە دەمانووت بۆرژوازی نیشتمانی نییە , خەریکە ئێستا بڵێم هەرچەندە دەوڵەتی نەتەوە مامانی لە دایك بوونی سەرمایەدارییە , وەلێ سەرمایەداران نەتەوەیی نین .

هەندێك دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی لێرەو لەوێ گازندەی ئەوە دەکەن, ئەگەر ناوی ئەو تاوانکارانە لە ڕۆژنامەکان بڵاونەکرانایەتەوە , ئەوا هەڵناهاتن و لە دەست دادپەروەری ڕزگاریان نابوو , لە ڕاستیدا لەو بڕوایەدام ئەگەر ناوەکان بڵاونەکرانایەتەوە , ئەگەری ئەوە زۆربوو بۆیان دابپۆشن و تاوانەکان دێزە بە دەرخۆنە بکەن , وەلێ هەر کە ناوەکان کەوتنە ڕاگەیاندنەکانەوە , ئیتر هیچ بوارێك لەبەردەمدا نەما , تەنها دوو ڕێگا نەبێت , ئەویش یان خۆ بە دەستەوەدان , یان هەڵاتن و خۆشاردنەوەی تاکو مردن , کە لە ئێستا بەدواوە نەوەکانی ڕزگاربوو لە ئەنفال , ئەوانەی هێشتا نەشۆراونەتەوە لە کەرامەتی نەتەوەیی , ڕێکخراوەکانی دژ بە ژینۆساید بە تایبەت ناوەندی چاك , کون بە کون بە دوایانەوە دەبن , , هەندێکیان لەو پرۆسەیە دادگایی دەکرێن , هەندێکیشیان بە تورەکە بەسەرەوە دەهێنرێنەوە بۆ بەغدا , بەشێکیشیان لە گۆڕیشدا ئاهو ناڵەی ئەنفالکراوەکان وازیان لێ ناهێنن.

لە ڕاستیدا تاوانکاران پێش بڵاوبونەوەی ناوەکانیشیان, دەیانزانی سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە , هەندێکیان لێرەو لەوێ کەوتنە چاوسورکردنەوەو هەڕەشەکردن لە قوربانیان, چونکە ئەو پارتانەی

ئێستا دەربازیان دەکەن و پێیان دەڵێن خۆتان ڕزگاربکەن هیچمان پێ ناکرێت , هەر ئەوان بوون هەموو زانیارییەکیان خستۆتە بەردەستیان , وەلێ ڕاگەیاندن هەموو دەرگایەکی لەبەردەمیان داخست , دادگاییکردن و پاککردنەوەی کوردستان لێیان بوو بە ئەمری واقیع , دیارە کەس لەگەڵ تۆڵەدا نییە , وەلێ هەموو لەگەڵ دادگاییکردنین و دەبێت ئەو بەشەی لە مێژووی ئەنفال کە لای تاوانکارە کوردەکانە بنووسرێتەوە , دادگاش باشترین دەروازەیە بۆ ئەو نووسینەوەیە , تاوانبارانیانیش پاداشتی تاوانەکانیان لە ڕێگەی سزای دادگاوە دەبێت وەربگرن

ماوەیەکە لێرەو لەوێ دەبیستین فلان سەرۆک جاش هەڵات بۆ فلان وڵات , ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکان نەبێت , وا دەزانێت بە مەسیرە تەویلەکەی ماو , یان گەشتە مێژووییەکەی بارزانی لە ڕوباری ئاراس سنوورەکان دەبەزێنن , بە برسێتی و ترس و هەناسکە برکێ خۆیان دەگەیەننە ئەودیو سنورەکان , کەچی مخابن وا نییە , بەڵکە موعەزەز و موکەڕەم لەو فرۆدگایانەی ئێمە شانازی بە دروستکردنیانەوە دەکەین و بە دەستکەوتی نەتەوەیی دەزانین لە ڕێگەی ئەو پارتانەی شەو ڕۆژ باسی ئەنفالمان بۆ دەکات دەربازدەبن , کەچی بریندارانی هەڵەبجە و شێخ وەسانان تاکو ئێستا , بە پارەی خۆیان , دەچن لە تاران چاویان دەردەهێنن و سییەکانیان فرێ دەدەن , بەڵێ میری ئەنفالچیان , سەرقافڵەی تاوانکاران , قارەمانی قڕکردنی خەڵکی گەرمیان , شومەکەی ملەسوورە , فەتاح بەگی جاف , وەك زانراوە لە ڕێگەی فرۆدگای سولێمانییەوە گەیشتۆتە لوبانان ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێ و کارگێری فرۆدگا وەڵام نەداتەوە , ئەوە گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە ئەنفالکراوان دەیکات , ئەگەر وا بێت پێویستە هەموو دڵسۆزێك تاکو ئەو گروپ و ستافە لەو فرۆدگایە بن موقاتەعەیهاتوچۆی تێدا بکەن .

# مەبن بە مەلای خەتێکەی ئەوروپا
# وەڵامێك بۆ هەموو نەیارانی داوای لێبوردنی حکوومەتی عێراقی لە کورد

هەفتەی پێشوو لە بەسرەوە بۆ کوت و کەربەلا و.. شایەدی بارەگا سوتاندنی ینك و تەنانەت ئاسیا سێڵیش بووین لە لایەن لایەنگرانی حیزبی فەزیلەوە , ئەم هەموو هەڵچونەش تەنها لە پای ئەوەوە هات ڕۆژنامەی ئیتحاد , زمانحاڵی ینك , ڕەخنەی لە ئایەتوڵا محەمەد یەعقوبی مەرجەعی ئەم دەستە شیعە گەرایە گرتبوو , ڕەخنەکەش نووسێنێك بوو لەسەر پرسی کەرکووك , کێشەکە نە خوێنی لەسەر ڕشا بوو نە هانی زەبروزەنگی دابوو , تەنها ئەوەندە ڕەخنە لە ئایەتوڵای ناوبراو گیرابوو لە پای هەڵوێستەکانی لەسەر پرسی کەرکووك , ڕەخنەکانیش هیچی دوور نەبووە لە ڕاستییەوە , حیزبی فەزیلە هێور نەبوەوە تاکو تاڵەبانی بە ناوی سەرۆکی ینك ەوە داوای لێبووردنی لێیان نەکرد ( بەناوی ینك نەك سەرۆکی عێراقی) .
ئیتر نازانم کوردستانی بوونی کەرکوك وداکۆکیکردن لەسەری , ئەوە هەڵدەگرێت کورد لە بەرامبەر بە هەڕەشەو گوڕەشەی دەستەیەکی توندڕەوی شۆفینی مەزهەب گەرایی داوای لێبوردن لە دوژمنانی داهاتووی خۆی بکات ؟
ماوەیەکە ڕەوەندی کوردی لە هاندەران , خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ سازدانی خۆپیشاندان لە ڕۆژی دادگاییکردنی سەدام حسێن و هاوکارانی , لە بەرواری 21–8– 2008, لە زۆربەی وڵاتەکان هەموو تەبان لەسەر ئەوەی داوابکرێت , حکوومەتی عێراقی بە فەرمی دەبێت داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات , لە بەرامبەر ئەو تاوانە بێ شومارانەی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامی داوە , کەچی لە هەندێك وڵاتی وەك ( نەرویج و سوید) هەندێك کەسایەتی ناو لایەنی سیاسی کوردی, ( چونکە هەندێك بەرپرسانی باڵاتری ناو ئەو لایەنانە لەگەڵ ئەو دروشمەن ) کە بەرپرسی ئەو وڵات و

شارانەن , ناڕازین بەوەی حکوومەتی عێراقی لە پای تاوانی ئەنفال داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات , تەنها بەو بەهانەیەی, ئێستا لە عێراقدا کورد لە دەسەڵاتدا شەریکە بەشە , ئیتر چۆن دەبێت کورد ئەو کارە بکات , ئەمە بە نەنگی دەزانن بۆ دەسەڵاتدارانی کورد , هەروەها دبێژن حکوومەتی ئێستای عێراقی ئەنفال و کیمیابا رانی کوردیان نەکردووە , ئەوە سەدام و دارو دەستەکەی بوون ئەو کارانەیان ئەنجامداوە.

ئیتر نازانم حکوومەتەکەی ئەردۆگان ئەرمەنی ژینۆسایدکردووە یان عوسمانلی , یاخود جۆرج بۆش و بلێر و ... قولە ڕەشەکانی ئەفریکایان بە کۆیلەکردووە ؟ , یاخود حکوومەتی ئێستای ئەلمانیا جولەکەو و حکوومەتی ئێستای ژاپۆن چینی و کۆرییان ژینۆساید کردووە ؟, کەچی ئەو گەل و نەتەوانە هەموو داخوازی ئەوە بوونە یان هەن , ئەو وڵاتانە دەبێت داوای لێبوردنیان لێبکات , ئەم داواکارییە , ئەوڕۆ بۆتە بەشێك لە کەرامەتی نەتەوەیی و بەهای نیشتمانیەو وڵات و نەتەوانە.

چینییەکان یەك فلس قەرەبویان لە ژاپۆنییەکان ناوێت , جگە لە داوای لێبوردن کردن نەبێت , کێشەی چین و ژاپۆن بەرامبەر بە سەردانی ساڵانەی سەرۆك وەزیران بۆ یاسۆکۆنی دەربڕی ئەو ڕاستییەیە .

ئەو کۆیلەداری و کۆمەڵکوژییانە , بوونە بەبەشێك لە مێژووی ئەو دەوڵەتانە نەك حکوومەتەکانیان, بە گۆڕینی کەسێك و هاتنی یەکی دیکە مێژوەکانیان پاك نابێتەوە , خۆ ئەوان هەر یەکەی نەك سەرۆکێك , بگرە بەشێکیان لە دوای ئەو مێژوەوە دەیانیان گۆڕیوە , چۆن حکوومەتە نوێکان پارێزەری جوگرافیاو ئابووری وپەیماننامەکانی ئەو دەوڵەتانەن , بە هەمان شێوە خاوەندی مێژوو و ڕابردووی ئەو وڵاتانەشن, بە جوانی و ناشرینییەکانەوە.

چۆن حزبی فەزیلە نایەوێت تاڵەبانی وەك سەرۆکی عێراقی داوای لێبوردنی لیٚبکات , بەڵکە وەك ئەمینداری گشتی ینك , ئێمەش نامانەوێت تاڵەبانی وەك سەرۆکی ینك داوای لێبوردنمان لێبکات , هەر قەبوڵیشمان نییە , بەڵکە داخوازین وەك سەرۆك کۆماری عێراق , کە پلەکەی بەشێکە لە سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراقی( هەرچەندە مەرج نییە ئەو بیکات) داوای لێبوردن لە کورد بکات , ئەو دەوڵەتەی لە ڕابردوو ئەنجامدەری ژینۆسایدکردنی کورد بووە, تاکو خۆی پاك نەکاتەوە لە تاوانەکان , لە بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدکرنی کوردان و قەرەبوکردنەوەی مادی و مەعنەوی

قوربانیان و داوای لێبوردنکردن لێمان , هەر مایەی ترس و گومانە لە دوبارە بونەوەی تاوانکاری لە ئایندەدا .

ئەگەر ئێستا بە ئاگرو ئاسن کرابێتین بە عێراقی, ئەوا عێراقی بوونەکەمان کاتییە, ئێمە بەشێکی ڕەسەن نین لە پێکهاتەی ئەم وڵاتە, لە هەر دەرفەتێکدا بۆمان ڕێك بکەوێت, بای بای لە عێراقی بوون دەکرێت , بۆیە پەیوەندی کورد– عێراق هەڵەیە وەك یەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت , تاوانە کێشەکانیش هەموو بکردرێتە سەر ملە ئەستوورەکەی سەدام. عێراق تاکو هەیە بەرپرسە لە ئەنفال و ژینۆسایدی کورد , ئەو تاوانانە بوونە بە بەشێك لە مێژووەکەی, ئەم وڵاتە داگیرکەر و ژینۆسایدکەری کوردە , پێویستە خۆی پاك بکاتەوە لەو ڕابردووە ڕەشە , نەنگیشە ئێمە بەو مێژووە ڕەشە ڕازی بین.

دروشمی داوای لێبوردن کردن لە کورد , لە لایەن حکوومەتی ئێستای عێراقییەوە , ئەگەر ئێستا زۆر کەس و گروپ و لایەن پەسەندی نەکەن و لەگەڵی نەبن, ئەوا بە مسۆگەری لە داهاتووی نزیکدا , درووشمی ناوەندی هەموو گەلە , ئەو کاتەی گەل بە دوای کەرامەتی نەتەوەیی دا دەگەڕێت , ئەوانەشی ئەمڕۆ دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرزکردنەوەیدا , ئەوا لە مێژوودا جگە لە جێگەکەی مەلای خەتێ هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

# سوڵتان هاشم ئەفسەرە نایابەکە

ئەبو ئەنفال , باوکی ئەو کچە موسڵاوییەیە, کە لە دوای تاوانی ئەنفالەکان چاوی بە دنیا هەڵهێنا, باوکی بە شانازیکردنیەوە بۆسەرکردایەتیکردنی ئەو کردە سەربازیەی کە ناو نرا ئەنفال, ناوی خۆشەویست و جگەر گۆشەیەکی خۆی نا ئەنفال.
ئەنفال ئەو کردە سەربازیە گەورەیە بوو, ئەگەر گۆڕانکارییەکانی جیهان نەبوایا, توانی بۆ چەندین ساڵ, بزووتنەوەی چەکداری ئەم نەتەوەیە , خامۆش بکاتەوەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە ڕیشەوە بگۆڕێت , سوڵتان هاشم وەکو ئەفسەرێکی بەعسی فاشی نایاب , لە ڕوانگەی بیری نەتەوەیی بەرچاوتەسکی شۆفینی عەرەبییەکەیەوە , مافی خۆی بوو شانازی بەو کردە سەربازییەوە بکات کە بە هۆیەوە زۆرترین نۆت شوجاعەی پێ بەخشرا , بەو ناو نانەی جگەر گۆشەکەی بە ئەنفال , سەلماندیەوە ئەفسەرێکی نایابە بۆ دەسەڵاتی فاشی و بەوەفایە بۆ بیروڕا شۆفینیەکەی و دوژمنێکی سەرسەختی کوردە .
ئەم پارچە نووسراوەی لە خوارەوە هاتووە , ژمارە 3143 ی هەڵگرتووە , لە ئەرشیفی دادگای باڵای تاوانەکان و لە کەیسی ئەنفال دەرهێنراوە , بەشێکە لەو شایەدیەی تاوانباران لەسەر یەکتریان داوەو لەو زانیاریانە لە دادگا کەڵکی لێ وەرگرتراوە , بەشێکی زۆر بچووکە لەو تاوانانەی شایەدی لەسەر دراوە , کە سوڵتان هاشم ئەنجامدەر و بکەرێتی .
ئایا ئەوانەی داکۆکی لەم ئەفسەرە نایابەی ئەنفال دەکەن , دەزانن داکۆکییەکەیان دەچێتە خانەی تاوانەوە , ئەگەر هەر سەر زارەکیش بێت ؟ . بە پێی شایەدی دا نی ساجت جەنابی , سوڵتان هاشم

بەرپرسی ئەو تیمە بووە , بڕیاری داوە هێرشی کیمیاوی بکرێتە سەر شاری هەڵەبجە , هاوکات عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: سوڵتان هاشم تەواو ئاگادار بووە لە پەلاماری کیمیاوی بۆ سەر شاری هەڵەبجە بە پێی زانیارییەکان , سوڵتان هاشم سەرکردایەتی زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی کردووە, لێرەشدا وەك دەبینین لە دانپێنانی خودی تاوانبارانەوە , کە لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتدا بوونە دەردەکەوێت, ناوبراو لە پاڵ سەدام و عەلی کیمیاوی تاوانباری سەرەکی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەیە , ئەمە دانپێنانی کوردێکی پەرگیرِی کەسوکار ئەنفالکراو نییە, بەڵکە ئەمە دانپێنانی هەڤاڵانی سوڵتان هاشمە, ئەوانەی تاکو ئێستاش وەفادارن بۆ پەیامی تاوانی ئەنفال , کە لەو ڕۆژانەدا پێکەوە نەخشەی لە ناودانی ئەم نەتەوەیان دارِشتووە , بە لە ناودانی چونەتە قولایی خۆشیەوە و مەست بوونە بە شکست پێهێنانی , لە خۆشیدا ناوی جگەر گۆشەکانیان بە مەرگی 182000 رۆڵەمانەوە ناو ناوە , ئەگەر عەلی حەسەن مەجید خەڵك ناویان ناوە عەلی کیمیاوی, ئەوا سوڵتان هاشم ئارەزوومەندانە ناوی خۆی ناوە ئەبو ئەنفال .

ئەگەر عەلی کیمیاوی نائیب عەریفێکی فاشیل بوو , جگە لە کوشت و برِ نایتوانی نەخشەیەکی سەربازی دارِێژێت , ئەوا سوڵتان هاشم لێزانانە نەخشەی قرِکردنی کوردانی دارِشتووە , ئەندازیاری هەڵەبجە و سەرکەوتنەکانی ئەنفال بووە.

8143

سلطـــان هاشــم

افـــادات الشهـــود:

١. اعترف سلطان هاشم انه كان قائد السلك الدبلوماسي الاول في الجيش العراقي خلال عمليات الانفال.

٢. خالد ساجت الجنابي: ادعى ان سلطان هاشم كان عضو في فريق العمل الـــذي أمـــر بتنفيذ الهجوم الكيمياوي على مدينة حلبجة.

٣. علي حسن المجيد: ادعى ان سلطان هاشم كان على علم بتفاصيل الهجوم على مدينة حلبجة قبل تنفيذه.

# ئەو عەریزەیەی فلیمی وەفیق سامەڕایی سوتـاند




ناوەندی چاك لە یەكەمین ڕۆژەكانی دەست بەكاربوونییەوە ، یەكێك لە كارەكانی ئەوەبوو فشار بخاتە سەر تاوانباران بۆ دەرخستنی زانیاری لەسەر تاوانی كۆمەڵكوژییەكان و دان نان بەو تاوانانەو ئاشكرا كردنی وردە كاری ئەو زانیارانە لەسەر پرۆسەی ئەو تاوانانە, وەفیق سامەڕائی ئەندازیاری بیر و كردەی ئەنفال یەكێك بووە لەوانە

وەفیق سامەڕائی لەیەكەم ڕۆژەكانی هاتنی بۆ كوردستان , پاش ئەوەی پاڵە پەستۆكان لەسەر ئەو ڕژێمە توند دەكرانەوە , ئومێدێك بە مانی ئەو ڕژێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگ دەبوەوە , هەر لەو ڕۆژانەی كە وەفی ق سامەڕائی وەك فریاد ڕەسێك بۆ سەرتاسەری عێراق سەیر دەكرا , هێزە سەربازییەكان دەخرانە بەردەستی, بەتالیۆن و تیپ و هێزەكانی پێشمەرگە لە خزمەتیدا بوون, بۆ ئەوەی كودەتای سەربازی لە بەغداد ئە نجام بدات , لایەنە سیاسییەكان دواڕۆژی سیاسییان لەسەر نەخشەكانی ئەو بنیات دەنا , ئێمە " ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان " " ئەوانەی ماندوو بوون بەو كەمپینەوە سەرباری خۆم ( بەدرەدین حەمە ساڵەح , مامۆستا فەرهاد خالید , فەلاح حەسەن , سەرهەد تۆفیق , عادل قەشقە , ڕزگار مام بۆرە .... "كەمپینمان دەكردەوە , وتمان ئەگەر وەفیق سامەڕائی ئەمڕۆ زانیارییەكان لەسەر تاوانی ئەنفال ئاشكرا نەكات

، سبەی لە بەعس خرا پتر بە کورد دەکات , دیارە دەربڕین و ئاشکرا کردنی زانیاری لەسەر تاوانی ەنفال , لە لایەن کەسێکەوە بە گووتەی تاوانبارانی ئەنفال , بۆ خۆی ئەندازیاری سەرەکی و نەخشە داڕێژەری ئۆپەراسیۆنەکە بوبێت ئەستەمە.

ئەمانەی خوارەوە , بەشێك لە دەقی ئەو هەڵمەتەیە , بۆ فشار خستنە سەر وەفیق سامەڕائی , تەنها بۆ ئاشکرا کردنی چارەنووسی ئەنفالکراوان ئه نجاممان داوە لە ساڵەکانی1995-1996 " کوردستانی نوێ, ئەمڕۆ , ڕێگای کوردستان –عەرەبی " بڵاوکراونەتەوە :

# ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان داوای چارەنووسی ئەنفالەکان دەکا لە حسێن کامل و وفیق سامرائی

لەیاداشتنامەیەکدا کە ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان ئاراستەی حزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانو سەرجەم دامو دەزگا پیشەیی و جەماوەری و ڕۆشنبیریەکانو ڕێکخراوە مرۆییەکان کردوە، داوای چارەنووسی ئەنفالەکان دەکا لە حسین کامل و وەفیق سامەرائی و زۆر بەتوندی پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە نهێنیەکان ئاشکرابکەن.

ئێمەش دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئەم ڕێکخراوە بۆ دی... کردنی چارەنووسی ئەنفالەکان، بەڵام تۆ بڵێی ئەم دوو زاتە کە خۆیان پاڵەوانی (عملیات الانفال) بوونە هەروا بەسانایی ئەو نهێنییانە بدرکێنن کە خۆیان تیایدا ڕۆڵی سەرەکیان بینیووەو

بۆ ل٧



## پاشماوەی : ڕێکخراوی

لەگەڵ ئەوەی دەنگمان لەگەڵ هەر کەسو لایەنێکە کە بتوانێ چارەنووسی ئەنفالەکان ئاشکرا بکات، پێمان وایە باشترە ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان داوای دادگایی کردنی ئەم دوو زاتە بکا باشترە.

## ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان داوای ئاشکراکر[illegible] چارەنووسی ئەنفالکراوەکان دەکەن.

لەم ماوەیەی ڕابردوودا ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان یادداشتێکیان بە ئیمزای پتر لە «١٢٠» حزب و ڕێکخراوی پیشەیی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و عیراق ئاراستەی بەڕێز پطرس غالی سەرۆکی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و نووسینگەی UN لە کوردستان و ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان و وڵاتانی عەرەبی و کوردستان کردووە بەمەبەستی گوشار خستنە سەر ئەو کەسیەتی یە دیارانەی کە لەم ماوەیەی دواییدا ڕیزەکانی ڕژێمی بەعسیان بەجێ هێشتووە بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی «١٨٢» هەزار ڕۆڵەی کورد کە لە ئەنجامی عەمەلیاتی بەدناوی بەناو ئەنفالدا شوێن بزر کراون و «٨» هەزار بارزانی کە لە ماوەی شەوو ڕۆژێکدا ڕەشبگیر کران و تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نی یە.

ئەمەو لە بەشێکی یادداشتەکەدا هاتووە:

ئەمڕۆ پاش قوول بوونەوەی قەیرانەکانی ڕژێمی بەعس چەندین کەسایەتی دیارو دەسەڵاتدار لە ڕیزەکانی ڕژێمی بەعس هەڵاتوون بەتایبەتیش حسین کامل و صدام کامل و وفیق السامرائی کە بەگوێرەی سەرچاوەکان ئەم سێ کەسێتی یە ئاگاداری زۆربەی زۆری نهێنی یەکانی ڕژێمی عیراق بوونە، بۆیە ئێمە بەناوی جەماوەری کوردستانەوە داوا دەکەین کە گوشار بخرێتە [illegible] یان بۆ ئاشک[illegible] ئەنفالکر[illegible]دا [illegible] دەدا.

ها[illegible] ڕەخنە

الذين راحوا ضحية للعمليات الوحشية المسمات بالانفال وهذا لايتفق بدون شك مع الاعلانالعالمي لحقوق الانسان الصادر عام ١٩٤٨ باي شكل من الاشكال ويعتبر انتهاكا صارخا لابسط حقوق الانسان.

وفي الاونة الاخيرة وبعد الازمات المتلاحقة للنظام ترك بعض من عناصره صفوف النظام وهم كل من (حسين كامل وصدام كامل – وفيق السامرائي) ان هؤلاء وفي حوزتهم الاسرار الكاملة لعمليات الانفال السيئة الصيت بحكم مناصبهم في صفوف النظام انذاك وكذلك باعتبارهم ضمن الاشخاص الذين لهم باع طويل في هذه العمليات.

نحن باسم جميع جماهير كردستان نناشد سيادتكم للضغط عليهم للكشف عن مصير فلذات اكبادنا الذينراحوا ضحية جرائم صدام باسرع وقت ممكن.

ان الكشف عن اسرار عمليات الانفال الاجرامية يمهد الطريق اكثر فاكثر لمحاكمة وادانة (صدام) وزمرته كمجرمي حرب وضد القيم والاعراف الانسانية.

مع فائق تقديرنا.

نسخة منه الى/

منظمة المهجرين والمؤنفلين
الكردستاني
كردستان – اربيل ١٩٩٥/٩/١٩

- كافة وسائل الاعلام في كردستان

وكذلك أيدت المذكرة مجموعة كبيرة جداً



نسخة منه الى/
منظمة المهجرين والمؤنفلين
الكردستاني
كردستان - اربيل ١٩٩٥/٩/١٩
- كافة وسائل الاعلام في كردستان
- كافة الوسائل الاعلام العالمية
والعربية.

وقد ايدت الاحزاب والمنظمات العراقية المدرجة اسماؤها ادناه مذكرة منظمة المهجرين والمؤنفلين الكردستانية واليكم نص تاديهم واسماء وتواقيع هذه المجموعة من الاحزاب.

وكذلك ايدت المذكرة مجموعة كبيرة جدا من المنظمات الجماهيرية والمهنية وبعض المنظمات الخيرية.

ئەم واژۆیانە پارتی عێراقی ، کوردستانی ، دەسەڵاتدار لە دەرەوەی دەسەلات ، بە کوردی و عارەبی و زمانەکانی دیکەش بڵاو کرایەوە ، ڕجا و تکای دنیامان لە کەسی نزیکەوە بۆی نارد ، تەنها لەسەر چارەنووسی ئەو کەسوکارانەمن لێدوانێك بدات ، نهێنییەك بدرکێنێت ، ئەگەر ماون کەسوکاریان دڵنیا بکاتەوە ، ئەگەر مردوون دیسانەوە با ئەو چاوەڕوانییە ئەبەدییە کۆتایی پێ بێت ، تاکو بەشێك لە کەسوکاریان ژیانێکی سەرلەنوێ دەستپێبکەنەوە و لە چاوەڕوانی ئەبەدی نەژێن ، وەلێ تەنها وشەیەکیشی نەدرکاند ، ئاوڕێکی لێمان نەدایەوە ، خۆی کەڕ و لاڵکرد ، لەولاوە هەزاران هەزار کوڕ و کەسوکاری ئەنفالکراو خرانە خزمەتییەوە بۆکردە سەربازییەکانی ، نە ڕجا دادی هەبوو ، نە فیغان و پاڕانەوەی کەسوکاری قوربانیان ، لە کەلی شەیتان نەهاتە

خوارەوە , یەك وشەشی لەسەر ئەنفال نەوت, ئادرەسی یەك گۆڕی نەدرکاند, ئەمە چ دڵڕەقییەکە , ئەمە چ بەعسییەتییەکە نهێنییەکان تا ناو گۆڕ بپارێزیت

# لە پاڕانەوەوە بۆ شەرمەزارکردن

وەفیق سامەڕائی بە پەیوەست بوونی بە ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆن لە هەموو تاوانەکانی پاك نبێتەوە , ئەگەر لایەنی سیاسی لە مافی خۆیان بە بەرژەوەندی خۆیان خۆش بن, ئەوە دادگاییە دەتوانێت پاکی ئەو و بێبەرییوونی لە تاوانەکان یەکلا بکاتەوە لە بەرامبەر مافی قوربانیان , لێبوردنی کەسوکاری قوربانیان تەنها لە ئە نجامگیری بڕیاری دادگایەکی سەربەخۆی ئازادەوە دەبێت بەوەی بڕیار لەسەر بێتاوانی گومانلێکراو بدات

لە ساڵی 2002 ەوە گەشت و هەڵمەتی ئاشکراکردنی تاوانەکانی وەفیق سامەڕائی لە لایەن کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالەوە دەستییێکرد, هەر لەو کاتەشدا لایەنە شیعەکان بەهۆی پشکداری ناوبراو لە سەرکووتی ڕاپەڕین و بەشداریکردنی لە سەرکووتکردنیان , دەستیانکرد بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر تاوانەکانی ناوبراو و شەرمەزارکردن و بەرەو دادگاییبردنی , بۆ ئەو مەبەستەش ئەو فایلانەی پەیوەست بوون بە تاوانەکانی وەفیق سامەڕائی دران بە کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال " کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال ناوی سەرەتای دەست بەکاربوونی ناوەندی چاك ە" , هاوکات پەیوەندی بە پارێزەرەوە کرا لە لەندەن بۆ تۆمارکردنی سکاڵای فەرمی لەسەری .

نموونەیەك لەو تاوانانەی , لە کاتی خۆی بڵاومانکردەوە لەسەر وەفیق سامەڕائی " بەناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە ئیفادە من رائیدی پیادە عەبدولستار حوسێن عەبود ئەلحمیرییە کە لە فرقەی (28) دانراوم سەر بە لیوای پیادە(705) ی فەیلەقی یەکەم ، بە و پێیەی کە وەکیلی ئامر فەوجی یەکەم و ئەفسەری پەیوەندی بە کەرتەکانەوە بووم ، بە ڵێن دەدەم لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ وقەڵاچۆکردنی رەگەزی مرۆڤ ئامادە بم بۆ ئیفادە دانم ، چونکە من شایەت حاڵی پرۆسەکانی لەناوبردن و کوشتن و وێرانکردن بووم لە شاری هەڵەبجەو لە کردەوەکانی ئەنفال و ئامادەشم بۆ زانیاریدان و بە ناوەکانەوە لەبارەی ئەو تاوانانەوە. ئیفادە پلە: رائید( پیادە) ناو: عەبدولستار حوسێن عەبود ئەلحمیری پۆست : وەکیلی ئامر فەوجی یەکەمی ئەفسەری پەیوەندی

كەرتەكان يەكە : ليواى (707) فرقەى (28) فەيلەقى يەكەم دەمانەوێت تەواوى ئە و زانيارييانە ى كە  تايبەتن بە  تاوانەكانى ليواى روكن وە  فيق سامەراييەوە  رابگەيەنين: * لەسالًى  (1990)  وەكو بە رپرسى لێژنە و هۆبەى لێكۆلًينە وەى ورد دامە  زراوەو كاتێكيش راپە  رين  كراوە  ، سە دام فەرمانى پێكهێنانى  (  لێژنەى ئيع دامات)  ى لە   ناوچەكانى باكوور بەسەرۆكايەتى ليواى روكن وە    فيق سامە  رايى داوە     ، ئە و لێژنە  يە ژمارەيەك ئەفسەرى ئيستخباراتى لە خۆگرتبوو لە وانەش عە ميد مە روان خزەير كازم  كەناوبراو بە  فەرمانى وە فيق سامە رايى ژمارە يەكى زۆرى هاولاًتيانى كوردى لە ئافرەت و مندالأ هێناوە  كە ژمارەيان زياتر لە  (450) كەس بووە  و لە  مەعسكەرى خاليد ئيعدام كراون و بۆ شاردنە   وەى ئە و گۆرە  بەكۆمەلًەش بارە  گاى   قوتابخانەى كۆشتنكارى مە     عسكەرى خاليديان لەسەر بنياتنناوە . *
لەدواى  دەرچوونى سوپاى عێراقى لە     كويت ئە ركى بە ڕێوەبەرايەتى ئيستخباراتى عە سكەرى  بە  ليواى روكن وە  فيق سامە رايى سپێردرا لەجێگەى بە ڕێوەبەرى پێشوو  (  تەلًعەت  نوورى  )، يە كەم كردە وەش كە وەفيق سامە  رايى ئە  نجامى دا گومان كردن بوو بە           سەركردە عەسكەرييەكانەوە لەوانەش ليواى روكن  (  عيسمەت سابر)  سەرۆكى ئەركانى كردە وەكانى كە نداوى عە رەبى ، و بە  هۆى ئە و راپۆرتانە ش كە سامەرايى لە سەرى نووسيوە  و بۆسە دامى بە رزكردۆتەوە  ، ليوا روكن عيسمەت سابر  ئيعدام كراو كۆمە لًێك ئە فسەرى ديكە ش دە ستگيركران لەوانەش ليواى روك نى ئە وكات  كامل ساجت ئە  لجەنابى. *  لەبارەى راپەرينەكەى قەزاى سدەتولهيندييەوە ، ئەوا ليوا روكن وە فيق سامەرايى سرييەى يە كەمى لە    سەركردايەتى هێزە كانى  ئەلعابد  (  حەرەس جمهورى)  ئيعدام كرد بە   هۆى ئە و گۆمانە ى كە لە  ئامرى  سرييەكە موقەدەم  (  عەبدولًلا  تركى حتحوت     )  هەيبوو ، بۆيە    ئەو تە واوى سەربازانى سرييەكە ئيعدام كران.
ئيفادەى موستە شارە  كوردەكان ئيفادە ى  (م.  گ.  ش) :   لە  بەراوى (1988/6/10)  موختارى گوندى كە ندك جە لال لە  قەزاى زاخۆ بە   رائيد ئەحمەد حە  سەن مستە  فا ئە  فسەرى   ئيستخباراتى سە  ركردايەتى هێزەكانى  عومەر عە بدولعەزيز راگە  ياند كە    (19)  هەلاًتوو ئە  وانەى كەدەيانەوێت   بگەڕێنەوە   گۆندەكانيان بە  گوێرەى بڕيارى لێبوردنى ئەنجومەنى سە ركردايەتى شۆرشەوە. رائيد ئە حمەد حە سەن بە هێزێك كە  لە  چوار سرييە ى مغا وير پێكهاتبوو  گەيشتنە  گوندەكەو داوى ئە  وەى بەفێل ئە وانەى لە وە  دلًنيا كردە وە  كە  بڕيارى لێبوردن دە يانگرێتەوە  ، هە ر (19)  كەسەكە  تەسليم بوون ، رائيد        ئەحمەد حە  سەن مستە  فا رێنماييەكانى ئامرى مە  فرەزى ئيعدام  (  وەفيق سامە رايى  (  خوێندەوەو هەر لەوێش ئەو (19) كەسە ئيعدام كران.

ئیفادەی موستە شار (ا.ا. ح. الب): لەسەرەتای قە سابخانەکانی ئەنفالەوە ، وە فیق سامە رایی فە رمانی دا بە عەمید محە مەد یاسین ئەلجبوری ئامری هێزی دووە می لە تەق تەق بە وێرانکردنی گوندە کانی سەر بە کۆیە و دە ستبەسەرداگرتنی مە ڕو ماڵات و کۆکردنەوەی خەڵکانی ئە و گوندانە و گواستنە وەیان بۆ بارە گای سە رکردایەتی فەیلەقی یە کەم، ژمارە ی ئە و گوندانە ش (20) گوند دە بوون . رائید سلێمان بەڕێوەبەری هۆبەی مەنزوومەی باکوور لە هەولێر (1984-1991) لەنێو ئە و دەستبەسەرانەی ئە و گوندانە وە دەگەڕاو گومانی لە کوێ بکردابوایە دەستگیری دە کرد و بە پێی فە رمانەکانی وە فیق سامەراییەوەش یەکسەر حوکمی ئیعدامی بەسەر جێبەجێ دەکرد ، بۆیە لەپێش چاوی خە ڵکی و بە وجوودی منیش دوو کەس ئیعد ام کران بەناوی: 1ـ حاجی جاجی ئاغا. 2ـ مەعرووف ئیسماعیل رەزا. " .

بڵاوکردنەوەی چەند جارەی ئەم ئیفادانە ، بە زمانی کوردی و عەرەبی ، ویژدانی پارتە کوردییەکانی نەجوڵاند , وادارریانی نەکرد بەوەی دەست لە هاوکاری و پشتیوانی ئەو هەڵبگرن تاکو لە ڕێگەی دادگاوە ئەم گومانانە یەکلا دەبنەوە , کار گەیشتە ئەوەی لە ئە نجامدا بە دەنگی کەسوکاری قوربانیان, ناوبراو یەکێك لە پۆستە گرنگەکانی لە عێراقی نوێدا, لەسەر بەشی کورد وەرگرت , ئەمەش شەرمزارییەکی دیکەی بۆ دەسەڵاتی کوردی تۆمار کرد.

## بۆچی دان بە تاوانەکان نانێن؟

ئەم تاوانانەی ئاماژەمان پێیان دا لە سەرەوە, لەگەڵ ئەو بەتاوانبارکردنەی لە دادگا لەسەر زاری تاوانکارانی ئەنفالەوە ڕاگەیەنران, دەکرێت لە دادگا یەکلا بکرێنەوە, وە خاوەند ئیفادەکانیش بانگ بکرێن بۆ دادگا , لە ڕاستی شایەدییەکانیان بکۆڵرێتەوە , مەرجیش نییە هەموو ئەم ئیفادانە لە دوای لێکۆڵینەوە ڕاست دەرچن , یاخود وەفیق سامەڕائی تاوانباری یەکەم بێت لە ئە نجامدانیان و بکەریان بێت , وەلێ لە ئاکامی لێکۆڵینەوەو دەرکەوتنی ڕاستیەکان , کەسانێك دەردەکەون لە پشت ئە نجامدانی ئەم تاوانانەوەن, گرنگ ئەوەیە خودی تاوانەکان ئاشکرا بکرێن , تاوانبار هەر کێیەکە سزای خۆیان وەربگرن , کورد هیچ کێشەیەکی شەخسی نە لە گەڵ وەفیق سامەڕائیدا هەیە نە کەسی دی.

ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بەرپرسانی سەربازی و ئەمن و ئیستخباران و بەعسی گلاونەتە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئە نجامدراون, یەکێك لەوانەی گریمانەی ئەوەی لێدەکرێت رۆڵی پێشەنگانەی لە ئە نجامدانی ئەو تاوانانەدا هەبوبێت , بە حوکمی جێگە و پێگەکەی لە هەرەمی دەسەڵاتداریدا وەفیق سامەرِائییە , وەلێ مخابن لە خوێنی کورد هەرزان فرۆشتر نییە , وەك بینیمان .

## سکاڵا تۆمارکردن لە وەفیق سامەرِائی

پارساڵ لە گەشتەکەم بۆ کوردستان هێشتا ماندوویەتی رێگام نەحەسابوەوم, لە ئاکامی 4 رۆژ گەشتی بەردەوامی شەو رۆژ رێکردنی بێپشوو و بەردەوامی ناو ئۆتۆمۆبێل , لە هۆڵەنداوە تاوەکو کەرکووك , لە ناکاو زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دا , وتیان راستە بەرێزت هاتوویتەتەوە بۆ کوردستان بۆ بە دادگاییگەیاندنی وەفیق سامەرِائی ؟ , وەك لە مانشێتی رۆژنامەی کوردستان را پۆرتدا نووسراوە ", گوایا وەفیق سامەرِائی لە لایەن ئیوەوە دەدرێتە دادگا " پرسیارێك لە ناکاو بوو بۆ من و قەت لەو لەحزەیە چاوەرِوانیم ناکرد, وە خۆشم ئامادە نەکردبوو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری قورسی لەو چەشنە , بێ دوو دڵی وتم : بەڵێ راستە , هەرچەندە ئەو ژمارەیەی کوردستان را پۆرتم بەرچاونەکەوتبوو کەهەواڵەکەی بڵاوکردبوەوە, پێش گەرِانەوەم بۆ کوردستان , قسەیەکی سەرپێی وامان کردبوو لە گەڵ قادر نادر و لە کۆبونەوەی ناوەندسش , وەلێ ئاگام لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە بەهیچ جۆرێك نەبوو , وە چاوەرِوانیشم ناکرد , پرسیشیان پێم بکردایە نام هێشت بڵاوبکرێتەوە , , بەتایبەتیش لە مانشێتی رۆژنامە یەکەوە رابگەیەنرێت , هەواڵەکە زۆر گران بوو بۆ من و خستمیە بەردەم هەوڵی جدییەوە بۆ بە پراتیککردنی , بۆ هەنگاوی یەکەم دەبوایا پارێزەر پەیدا بکرێت , ئەمەش گران بوو بتوانرێت پارێزەرێك پەیدا بکرێت , بۆ بە دادگایی گەیاندنی کەسایەتیەك " موستەشاری سەرۆك کۆمار بێت " , کەس لە پارێزەران ئامادە نەبوون شان بدەنە شانی ئەو کەیسە گەورەیەوە, برادەرێك کە زۆر قسەی گەورە لە بارەی ئەنفالەوە دەکات, بە پێی وتەیەکی خۆی کەس شان لە شانی نادات بۆ کارکردن بۆ ئەنفال , پێم وت : خەریکی کارێکی وام, وتی تەداخولی کاری وا ناکەم, بە پەلە

**گەڕامەوە هەولێر بۆ ڕا پەڕاندنی کارەکە و بە پراتیك کردنی هەواڵەکە . قادر نادر کە سەرچاوەی مانشێتەکەی کوردستان ڕا پۆرت بوو وتی : کاك گۆڤەند بابان ئامادەیە پارێزەریمان بۆ بکات بە خۆڕایی , منیش لە دوای گەڕانەوەم بۆ هەولێر, یەکسەر چووم بۆ لای کاك گۆڤەند و وەکالەتێکم**



نموونە: ١٢

هەرێمی کوردستانی عێراق

وەزارەتی داد

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر

ژمارەی گشتی:

ژمارە:

ڕێکەوت:

٢٧٠٦ کوردی

**بریکارنامەی گشتی**

پارێزەر ( گۆڤەند فتحی مەحسوم بابان ) م کردە بریکاری گشتی دەسەڵاتێکی یاسایی خۆم پێدا بۆ ئەوەی لەسەر ئەو مافە یاسایی و شەرعیانەی بشێن بۆ بریکاریم رەفتار بکات [illegible] ... گوێزراوە و نەگوێزراوە و وەرگرتن و لێسەندن دان نان و خەرج کردن و بارمتە دانان و لێوەرگرتن و ... و داربڕکردن ... و ڕاست کردنەوەی جۆری پۆلی زەوی و زار و لێکدەرچوون لە دابەشنامە و واز لە ماف هێنان و ... و پێکهاتنەوەو داواکردنی قەرەبوو و گوێزانەوە سەرداوی میرات گران و بەکرێدان و بەکرێگرتن و واژۆکردنی گشت جۆرە گرێبەستە و ... سەفتەجە و ... و پەڕاوی بازرگانی و جیرشۆکردنیان ... پشتیوانەی ... لە جیاتیم هامو شۆ و ئامادەی گشت دادگاو فەرمانگەکانی تۆمارگای خانووبەرە و ئەوانی دیکە بکات وەك فەرمانگەی هاتوچۆکردن بۆ بەناو کردن و نوێکردنەوەی ساڵنامە و گوێزانەوەیان ... بۆ ئەوی دیکەو ... و کاڵاو کوتاڵی بازرگانی تایبەتی لە گومرگ بێت لە داداگاکانی کێشە شارستانی و سزایی و لێکۆڵینەوە و شەرعی و لیژنەکانی تایبەتمەند بە گشت جۆرو پلەکانیەوە بە دوایاندا بچێت تا کۆتایی پێهێنانیان وەك داواکارو داوا لێکراو کەسی سێیەم و نارازی لە بڕیاری پاشملە و نارازی کەسانی دیکەو سکاڵا کارو تۆمەتبار و بچێتە ناو دادبینیەکانی شەرعی لە کێشەکانی هاوسەرێتی وخەرجی بژێوو گوێرایەڵی هاوسەری و لێك جیابوونەوە و دەست لێك بەردان و ڕەچەڵەك و هەرکێشەیەکی دیکەی پەیوەندار بە باری کەسایەتی و تانووت لە بڕیاری دادگاو لایەنەکانی تایبەتمەند بدات و سکاڵا دەرحەق دادوەران پێشکەش بکات بۆ ئەمانەش بۆی هەیە رابگەیەنێت و پێی رابگەیەنرێت و ئۆشداری بدات و بەڵگە بێنێتەوە وە گوێ لە بەڵگەو رەخنە بگرێت و ... و سوێند بدات و رازی بێت بە سوێندو داوای ... سەرەتایی وبەردەوام و ... بکات وداوای ... ئاوبژێوان و لادانیان بکات و گوێیان لێ بگرێت و رەخنەیان ئاراستە بکات و داوا بگوازێتەوە و داوای گرتن و بەردانی قەرزار بکات و بچێتە فەرمانگەی تایبەتمەند بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارو بەڵگەنامانەی شیاوی جێبەجێکردنن و لە دادگاکان گشت جۆرە بەڵگەنامەی شەرعی ویاسایی دەربکات و بۆی هەیە گشت ئەو دەسەڵاتانەم یان هەندێکیان بە بریکارێکی دیکە بدات بۆیە لە خوارە واژووم کرد.

چەند دەسەڵاتێکی دیکە........

بریکاردەر: علي محمود محمد

ناسنامە:

ناو نیشان:

بریکاردار ........... ئامادەبوو دوای دڵنیا بوون لە ناسنامەی ... بریکارنامەکەم بۆ خوێندەوەو دانی نا بە ناوەڕۆکەکەی دوای ئەوە لە پێشم واژووی کرد منیش پەسەندم کرد لە

ڕێککەوتی ٥ / ١٢ / ٢٠٠٦

**بۆی کرد :**

نابێت بۆ مێژوو ئەوەشم لە یاد بچێت ، هاوڕێی خۆشەویستم " رزگار مام بۆرە " لەو سەفەرە سەربەرزییە ، وەك هەمیشە تا سەر هاوڕێم بوو ، یەك لەحزەش لێم دانەبڕا ، تاکو تەواوی کارەکانم ئە نجامدا .
لە بازاڕەوە کە چووین بۆ سەر رێیٚ کۆیە بۆ فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر ، شۆفێری تاکسییەکە کرێی ڕێگاکەی لێمان نەسەند, وتی دەتناسم و دەست خۆش بۆقسەکانت هەموو جارێك لە تەلەفزیۆنەوە دەیانکەیت , چوینە لای عەریزە نووس هەقی دەستیان نە سەند وتی سەربەرزم بە نووسینی ئەم عەریزەیە , خاوەند فۆتۆکۆپی بە هەمان شێوە وتی: لە ئاست ئەم کارە گەورەیە چۆن پارە وەردەگرم , ڕێمان دەکەوتە لای هەر کێیەك بۆ تەواوکردنی کارەکە , هەمووی دەرگای دڵیان بۆمان دەخستە سەر گازی پشت و کارەکەیان بیٚ بەرامبەر بە خۆڕاییئە نجامدەدا , هەموو لە ئێمە گەرمتر بوون بۆ دۆزەکە , بە پەرۆشتر بوون بۆ ئە نجامدانی کارەکە , لە دوای هەریەکە لەوان منیش توندتر و بە پەرۆشتر دەبووم لە جاران بۆیە ئە نجامدانی
ڕێك بۆ ڕۆژی 6-12-2006 , کاتژمێر 10,37 خولەك لە دادگای هەولێر و کابینەی عەریزە نو وسی و فۆتۆکۆپییەکانەوە , ئەم سکاڵایەمان نووسی , بە هەمان شێوەی ئەوانی پێشووتر , تایپێست و خاوەند کۆپییەکە بێبەرامبەر ئە نجامیان دا, وەك لە خوارەوە ناوەڕۆکەکەی هاتووە , عەریزەیەکی تاکو بڵێی سادە , وەلیٚ تاکو بڵێیت کاریگەر , عەریزەیەك لە دەرگایەکی بەرینەوە چووە مێژووی دادگایی تاوانبارانەوە , بۆ هەتا هەتایە سکاڵا لێکراوی خستە ڕیزی تاوانبارانەوە , تەنها دادگایەکی ئازادی سەربەخۆیە دەتوانێت پاکی بکاتەوە لێی؛

السيد رئيس محكمة التحقيق الجنائية الخاصة في اربيل المحترم

الموضوع / تحريك الشكوى

للفترة من شهر شباط ولغاية شهر ايلول ١٩٨٨ قامت كافة **القوات المسلحة العراقية ومرتزقتهم** التابعة لنظام صدام حسين بشن حملة عسكرية ضد الكورد في اقليم كوردستان سموها بـ ( **عمليات الانفال** ) لابادة الشعب الكوردي ، وبعد بدء محاكمة بعض رؤوس النظام السابق فأن المتهم ( **حسين رشيد التكريتي** ) والذي كان معاون رئيس اركان الجيش العراقي سابقا افادة اثناء محاكمته امام المحكمة الجنائية الخاصة بان المتهم (**وفيق السامرائي**) والذي كان مدير الاستخبارات العسكرية العامة أنذاك، هو الذي اقترح فكرة القيام بحملة الانفال ضد الشعب الكوردي وحيث ان ذلك يشكل جريمة وفق كل القوانين والتشريعات السماوية والانسانية.

عليه نطلب من محكمتكم الموقرة تحريك الشكوى الجزائية والقانونية بحقه وبحق كل من ورد اسمه في التحقيق واشترك معهم في الحملة المذكورة.

وفقكم الله خدمة للعدالة ولنصرة الشعب الكوردي المظلوم

علي محمود محمد
المشرف العام على مركز حلبجة
لمناهضة الانفلة والجنوسايد
للشعب الكوردي ( چاك )
اضافة لوظيفته

٦/١٢/٢٠٠٦

چەند خولەکێك لە کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆ لایداوە , بە پەلە لە ترسی تەواو بوونی دەو ام , لەگەڵ هاوڕێ هەمیشەییە خۆشەویستەکەم " ڕزگار مام بۆرە " , بە پەلە تاکسییەکمان گرت و سکاڵاکەمان برد بۆ نووسینگەی هەولێری دادگای باڵای تاوانەکان , لەوێ سکاڵانامەکەیان زۆر بە سارد و سڕی و سادەیی لێم وەرگرت, لە کارەکە کەوتمە گومانەوە, لە دڵی خۆمدا وتم ئایا بەم سادەییە سکاڵا لە کەسایەتییەکی وا گەورە دەکرێت ؟, بەو بەڕێزەی سکاڵاکەی لێم وەرگرت وتم : پارچە کاغەزێکم بدەنێ لە بەرامبەر ئەم سکاڵایەی تۆمارم کردووە , ئەو بەڕێزەی سکاڵانامەکەی لێم وەرگرت وتی : بە سەرچاو , خەمت نەبێت دەیگەیەنینە جێگەی خۆی , ئەم پارچە کاغەزۆکەی خوارەوەشی پێم دا:


استلمنا الطلب المقدم من قبل السيد
علي محمود محمد بخصوص تحريك الشكوى
ضد المتهم وفيق السامرائي المؤرخ ١٢/٦/٢٠٠٦
[illegible] عليه وحفظها

که ئەو پارچە کاغەزۆکە سادەیەم بینی , زیاتر کەوتمە گومانەوە , لێ ئێستا 6-12-2006 کاتژمێر 12,43 خولەکەو بە فەرمی سکالاّ لە ئەندازیاری ئەنفال وەفیق سامەڕائی تۆمار کراوە , دادگا ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە , لە دوای گەڕانەوەم لە کوردستانەوە بۆ هۆڵەندا , ناوەندی چاك بەیاننامەیەکی لەسەر ئەم سکالاّیە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بلاّو کردەوە خۆشبەختانە ڕۆژنامەی شەرق ئەوسەتی لەندەنی , ڕۆژی دواتر بەیاننامە عەرەبییەکەی بلاّوی کردەوە , هاوکات بەندەش , چەندین جار پەیوەندیم کرد بە دادگای بالاّی تاوانەکانەوە, ڕایان گەیاند سکالاّکەمان گەیشتووەتە جێگای مەبەست.

کاتێك دادگای بالاّی تاوانەکان بڕیاری دادگای لەسەر تاوانباران خوێندەوە لیستی بانگ کراوان بە وەفیق سامەڕائی دەستی پێکرد , ئەمەش دەربڕی ئەوە بوو , سکالاّی هەموو هاوولاّتییەك لە بەرامبەر هەر دەسەلاّتدارێك چەندە بەرز بێت شوێن خۆی دەگرێت , دادگا بەرامبەر بە هەموو تاکەکان یەکسانە , وەلێ کاتێك بە بێ لێپرسینەوە, تاوانکار بێتاوان کرا و لیستی داواکراوان لەبیرکران , دەربڕی گاڵتەجاڕی دادگا و دەستێوەردانی بێشەرمانەی سیاسییەکان بوو لە کاروباری دادگا و قومارکردن بوو بە مافی قوربانیانەوە , ئەمەش بەشێکە لە پرۆسەی گەمە کردن بە بڕیارەکانی دادگا و لە گۆڕانی داد پەروەری, جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا لە سەر تاوانکاران و بێتاوان کردنی وەفیق سامەڕائی و بانگ نەکردنی ئەوانەی وەك تاوانبار ناویان هاتبووەوە هەموو دەچنە یەك خانەوە , ئەم بڕیار و کردارانە لە لایەن کەسوکاری قوربانیانەوە بە توندی ڕەتکراوەیە , کردەی قێزەونی لەم چەشنەش مایەی شەرمەزارییە.

لە دوای ئەوەی وەفیق سامەڕائی ناوی لە ڕیزی لیستی تاوانکاران وەك گومان لێکراو هاتەوە, لە عێراق هەلاّت , لە هەموو بۆنەو دانیشتن و چاوپێکەوتنەکان بزر بوو, لە ژیانی سیاسی ئەم ولاّتە فڕێدرایە دەرەوە , شوێن ژیان خۆی گۆڕی و تاکو ئێستا لە ئادرەسێکی نادیار دەژێت , لێ تازە بۆ هەتا هەتایە تارمیایی ئەنفالکراوان بەسەر سەرییەوە دەبن و بڕیاری ناڕەوای دادگا و شەفاعەتی خیانەتکارانەش لە لێپرسینەوە ناپیارێزن , دەستی داد پەروەری هەر پێی دەگات , هەنگاوی یەکەم لە ڕێگای ئەم عەریزە سادەیەوە , لە ژیانی سیاسی عێراق ناوی سڕایەوە , تاکە پاکبونەوەی تەنها لە ڕێگای بێتاوانکردنییەوە دەبێت لە دادگایەکی ئازادی بێلایەن

http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/06_Jun/236/kr_01.pdf
http://www.kurdistanreport.com/newspaper/2007/06_Jun/236/kr_03.pdf
http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10301&article=405730
http://www.elaph.com/ElaphWeb/Politics/2007/4/223053.htm

# قارِنێ هێمایەك بۆ كۆمەڵكوژی كوردان, خاڵێك بۆ ڕسواكردنی كۆماری ئیسلامی ئێران



گوندی قارِنێ



قوربانیانی گوندی قارِنێ


وێنەی چەند شەهیدی قارنە


کردستان ، روزهای بحران ۱۸
قارنا و انقلاب
بهزاد خوشحالی
جزئیات ۱۰ ساعت نبرد مسلحانه در مریوان
جزئیات تازه حوادث ومذاکرات کردستان
درکردستان آتش بس اعلام شد
نبرد خونین مسلحانه در سنندج
زد و خورد خونین در اطراف سنندج

**کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەیشتنی بە دەسەلاتەوە تاکو ئێستا سەدان وهەزاران تاوانی دژ بە تاك و کۆمەڵی گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستان ئەنجام داوە , ئەمەش تایبەتمەندی سستەمی دیکتاتۆری و ئیستبدادی ڕژێمەکەیە, هەر چاوەڕوانی کاروکردەوەی لەم شێوەیەی لێدەکرێت ئەوە تەنها لە سستەمی ئازاد و دیموکراسییە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەنجام نادرێت , هەرچەندە زۆرجار ولاتە دیموکراتەکان لە ولاتانی دی ڕێگە خۆشکەر یان ئەنجامدەری تاوانی ڤی مرۆڤایەتی و جەنگ و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید بوونە , لەم بارەیەوە نموونەمان زۆرە , لاپەڕەی مێژووش پڕە لە پەڵەی وا .**

**دیارە هەموو تاوانێکی کۆمەڵکوژی ناچێتە خانەی ژینۆسایدەوە, وەلێ هەموو کردەیەکی ژینۆساید کۆمەڵکوژییە , بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی ژینۆسا یدن دژ بە نەتەوەکەمان ئەنجامدراون بە پێوەرە جیهانییەکان کاڵ نەکەینەوە , وامان لێدەخوازێت هەموو کۆمەڵکوژییەك بەرامبەر بە گەلەکەمان بە ژینۆساید ناو نەبەین . وەك چۆن تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ناچێتە خانەی چینۆسایدەوە , بەڵکە تاوانی جەنگ و لۆمەڵکوژی و دژ بە مرۆڤایەتییە , هەرچەندە هەڵەبجە بۆتە ناسنامەی نەتەوەکەشمان , ژینۆساید بە تایبەتمەندییەکانی تاوانەکە دەناسرێتەوە و ڕەگەزی تایبەتی پێناسکراوی خۆی هەیە , نەك ژمارەی قوربانیان و قەبارەو دڵڕەقییەکەی , بە هەمان شێوە تاوانی قارنێش تاو انێکی دژ بە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژی دەتوانین ناوزەدی بکەین , وەلێ ناچێتە چوارچێوەی تاوانی ژینۆسایدەوە, ئەم تاوانە بچووك نییە و کەمتر نییە لە تاوانی دوجەیل " خەڵکی قاڕنێ وەك کورد و سونە کۆمەڵکوژی کراون" کە سەرانی بەعسی لەسەر لە سێدارەدرا.**

" لە نێوان ساڵەکانی 1979 بۆ 1982 لە ماوەی نزیك بە چوارساڵدا , لانیکەم چواردە کۆمەڵکوژی بە هۆی هێزەکانی حکوومەتی ئێرانەوە لە گوندەکانی کوردستان ڕوویانداوە. لەو کۆمەڵکوژیانەدا بە سەدان کەس کوژراون کە هەتا ئێستا تەنیا ناوی 242 کەس تۆمار لێکراون. لەو 242 کەسە 105 کەسیان 4, کە دە کاتە 44%ی قوربانیان , خەڵلی گوندەکانی ناوچەی نەغەدەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە نەغەدە هەم لە باری زۆربەی کۆمەڵکوژییەکان و هەم لە بارەی زۆربەی کوژراوەکانیش لە پلەی یەکەمی تاوانە کانی کۆماری ئیسلامییە وە دیت " " قەڵاچۆی کورد -کۆمەڵکوژییەکان، کوژراوە سیڤیلەکان و گوللەبارانکراوەکان- ئامادة کردنی( س - ماکوان ) " .

تاوانی قاڕنێش یەکێکە لەو تاوانانەی لە ناوچەی نەغەدە دژ بە خەڵکی سڤیلی ئەم گوندە ئەنجامدرا دەستپێکی ئەو شەپۆلە کۆمەڵکوژی و تاوانە دژی مرۆڤایەتیانەش بوو.

لە تاوانی قاڕنێ گروپێك لە مرۆڤەکان دەکەونە بەر شالاوی قڕکردن ژمارەیان لە دەوروبەر 61 هاوولاتی لە منداڵ , پیر , پەککەوتە , ئافرەت پێك هاتوون " تاکو ئێستا ناوی هەموو قوربانیان یاداشت نەکراوە " , چەند ماڵێکی گوندەکە ئاگریان تێ بەردەدرێت نەك هەموو , ئەم گروپە بە بڕیاری دیاریکراوی لە بەردەستدا بوو , لە دەستەی بالای دەسەلاتەوە , لە پایتەختەوە دیاری نەکراون بە کوشت و بڕی بە کۆمەڵ , وەك چۆن لە ئەنفالدا بە بڕیاری ژمارە 4008 ی سەرکردایەتی شۆڕشی پارتی بەعس دیاریکران , یاخود جووەکان.... .

نەخشەی کوشت و بڕی گوندی قاڕنێ لە ئورمێ و نەغەدەوە داڕێژرا نەك لە تارانەوە, نەخشەیەکی سەرتاپاگیر نەبوو بەرامبەر بە گەلی کورد , بەڵکە ناوچەیی بوو . هەرچەندە لەو کاتە زۆر ڕوداوی لەو چەشنە دووبارە بوونەوە , وە فتواکانی ئیمام خومەینی و پەیامەکانی بەنی سەدر و تاوانەکانی خاڵخاڵی هەموو ئامادەن بۆ بڕیارێکی ڕانەگەیەنراو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی دژ بە کورد .

# تاوانی قاڕنێ

قاڕنێ هەڵکەوتووی 10 کم شاری نەغەدەیە کەوتۆتە سەر چوار ڕیانێك , لە سنووری شاری شنۆو لاجانە , ژمارەی ماڵەکانی لەو کاتە نزیك 60-70 ماڵێك دەبوو , ئەم گوندە سەر بە ناوچەی سوندسە , ئەو ناوچەیە زیاتر لە 40 گوندی ئازەری زمانی تێدایە , لە پاڵ ئەوە دوو ئەوەندە گوندی کورد نشین , ئازەرییەکان تورکی زمانی شیعە مەزهەبن , ڕژێم بە هەموو شێوەیەك هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی دەدا لە ناوچەکە لە نێوان کورد و ئازەرییەکان بە کەڵك وەرگرتن لە جیایی زمان و مەزهەب .

هەر لە هەمان ناوچە " قەرەبەباغەکان دەژین , بە مانی کلاو ڕشەش , لە قەفقاس و ئازەربایجانەوە هاتوونە لە ناوچەکە جێگیر بوونە , لە ڕوی ئابوورییەوە دەوڵەمەندن , لە ناوچەی نەغەدە بەهێزن , شەڕی نەغەدە دەوڵەت بڕیاری لەسەر دا, وەلێ بەشێك لە قەرەبەباغەکان بەشدار

بوون تیایدا , هەرچەندە ئەم قەرەپەپاغانە, بۆخۆیان بەشێکیان نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێرانن"
.
دیارە ئەم پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهبیە ئالۆزەی ناوچەکە , لە میاندوابەوە بۆ نەغەدە و ورمیٚ و .... لە داهاتوو لوغمێکی لە کەرکوك مەترسیدارترە بۆ تەقاندنەوەی شەڕی نەتەوەیی و مەزهەبی لەو ناوچەیە , بە تایبەت لە کاتی یەکلاکردنەوەی ناسنامەی نیشتمانی ناوچەکە لە ڕوی جوگرافیاییەوە , بۆیە وا پێویست دەکات هـ ێزە کوردیەکان لە هەنووکەوە کێشەکە بە جدی وەربگرن و نەخشە کاریان بۆ چارەسەرکردنی هەبێت, تا قاڕنێکان دیکە نەهاتۆتە پێشەوە.
شوێن بەرزاییەکانی نزیك پادگانی دوو ئاوێیە , کات مانگی خەرمانان و کاتی خەرمان هەڵگرتنەوەو کارو کاسبی جوتیارانە , ڕۆژ 10ی خەرمانانی ساڵی 58 دەکاتە 1 ی سەپتەمبەر , دوو پێشمەرگەی حدکا یەکیان بەناوی محەمەد عەلی پیرێژنە. بۆسەیەك بۆ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنێن , لە ئەنجامدا 16پاسدار دەکوژن و دووی دیکەش بریندار دەکەن , دوواجار یەکی دیکە لە بریندارەکان دەکوژرێت ومحەمەد عەلیش گیانی بەخت دەکات.
ڕۆژی 11ی خەرمانان 1358 , هێزەکانی ڕژێم لە سوپای پاسداران لە نەغەدەو جەڵدیانەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی دووئاوە, لەویٚ دووبرا بەناوەکانی " عەبدوالله خاڵنە و مینە خاڵنە" ی تەمەن 65–70 ساڵە شەهید دەکەن.
لە کاتی گەڕانەوەیان بە قاڕنێیا , لەسەر ڕێوە , 3 منداڵی بەرخەوان دەبینن , لە کاتێکا ئەو منداڵانە لە ترسی پاسدارەکان زارەترووك ببون و باوەشیان بە یەکدا کردبوو , لە لایەن پاسدارەکانەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولەوخوێن ساردانە شەهید دەکرێن , دوانیان ناسراون بە ناوەکانی " ڕەحمان ڕامینی , خاتوو زین ڕامینی ,....(ناوی سێیەم نەزانراوە) " .
دوای ئەو منداڵانە , سەرەتا دەگەن بە 3 شوان , هەرسێکیان شەهید دەکەن بە ناوەکانی " ئەبو بەکر مستەفا زادە , سەید ئیسماعیل تاهیری , حەسەن ... " هاوکات دوو شوانی دیکەش بریندار دەکەن , ئەوان لە ترسا خۆیان دەشارنەوە.
مەعبودی کە لە کاتی شادا سەرمایەدار بوو و دوکانی فرۆشتنی تراکتۆری هەبوو , وە لە کاتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتداری باڵا بوو لە ناوچەکە " زۆربەی دەسەڵاتدارانی سەردەمی شا لە کاتی خومەینی مانەوە ", پەیمان بە خەڵکەکە دەدات پارێزراون , حاجی عەزیم مەعبودی و موراد

قەناری دوو عاملی ئەساسی بوون لە خۆشکردنی شەڕی نەتەوەیی لە ناوچەکە پێویستە ئەم ناوانە پارێزراو بن , لە پاڵ حەسەنی ئیمام جومعەی نەغەدە .

سوپا بە بڵندگۆ بانگ لە خەڵکەکە دەکەن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە, چونکە لەوکاتە هەموو لەسەر کار بوون , لە ناو قاڕنێ سەرەتا هێرش دەکەنە سەر ماڵ حاجی ڕەحمان شەریفی ئازەر , ئاگر لە ماڵەکەیان بەر دەدن , لە کۆی 6 کەس لە خانەوادەکەیان , 5یان شەهید دەکەن " زیندووەکەش خۆی کردبوو بە مردوو" بۆیە ڕزگاری بوو , کوڕێکیشی پێشتر لە لای شوانەکان بریندارببوو .

ناوی بەشێك لە قوربانیانی گوندی قاڕنێ جگە لەوانەی لە سەرەتا هاتووە:

1 – حاجی ڕەحمانی شەریفی ئازەر
2 – ئامینە چاوشین "هاوسەری "
3 – عوسمان شەریفی ئازەر"کوڕی"
4 – خالید شەریفی ئازەر"27ساڵە"
5 – ڕەحیم سلێمانی "20 ساڵە"
6 – سەید فەتاح تاهیری"30 ساڵە"
7 – ڕەحمان سلێمانی
8 – کەریم سلێمانی
9 – ڕەحیم سلێمانی
10 – وەستا مەحمود "65 ساڵە"
11 – سەید قادر تاهیری"65 ساڵە"
12 – سەید فەتاح تاهیری"30 ساڵە"
13 – سەید ئیسماعیل تاهیری"40 ساڵە"
14 – سەید عەلی تاهیری"70 ساڵە"
15 – سەید ڕەحمان تاهیری"50 ساڵە"
16 – سەید محەمەد تاهیری" 35ساڵە"
17 – عوسمان مستەفا زادە "27 ساڵە"
18 – جەعفەر مستەفا زادە "17 ساڵە"

19 – ئەبو بەکر مستەفا زادە "20 ساڵە"

20 – ئەحمەد ڕامینی "20 ساڵە"

21 – ڕەحمان ڕامینی

22 – عومەر بێواسی "50 ساڵە"

23 – جەعفەر بێواسی " 25 ساڵە"

24 – مستەفا سیدی "20 ساڵە"

25 – محمد عەزیز "18 ساڵە"

26 – مستەفا عەزیزی "22 ساڵە"

27 – شەریف ئابروشین "75ساڵە"

28 – محێدین ئابروشین " 40 ساڵە"

29 – ڕەحیم خوسرەوی "75 ساڵە "

30 – ئەبو بەکر خوسرەوی" 40 ساڵە"

31 – عەبدواللە خوسرەوی"30 ساڵە"

32 – عەلی " خەڵکی گوندی دووئاوە لە قاڕنێ شوان بوو"

33 – ئیبراهیم گیەر"55 ساڵە"

34 – ڕەحمان ئابزەند "65 ساڵە"

35 – ئیبراهیم ڕەسوڵی " 60 ساڵە لاڵ بوو"

36 – سەید کەریم ئەروەندی"30 ساڵە"

37 – سلێمان هەمزە پوور"19 ساڵانە 1 لاقی هەبوو "

38 – مەلا مەحموودی بێهتزادە "60 ساڵانە"

39 – سەید عەلی تاهیری.

هەرچی سەرچاوەکانی دیکە ناوی49 قوربانی گوندی قاڕنێ بەم شێوەیە بڵاو دەکەنەوە" قەڵاچۆی کورد - کۆمەڵکوژییەکان، کوژراوە سیڤیلەکان و گوللەبارانکراوەکان- ئامادە کردنی( س - ماکوان )

کۆکوژی گوندی قاڕنێ لەناوچەی نەغەدە 11ی6ی 1358

1. ڕەحمان ئابزەن
2. حاجی شەریف ئەبرووشی
3. مەحییەدین ئەبرووشی
4. موحەمەد عەزیزی
5. مستەفا عەزیزی
6. عوسمان شەریفی ئازەر
7. ئامینە شەریفی ئازەر
8. حاجی ڕەحمان شەریفی ئازەر
9. حاجی سەعید تاهیری
10. سەید قادر تاهیری
11. سەید فەتاح تاهیری
12. سەید ئیسماعیل تاهیری
13. سەید ڕەحمان تاهیری
14. سەید موحمەد تاهیری
15. سەید کەریم ۆەروەندی
16. مەلا مەحموود بێهتەرزادە - پێشنوێژی مزگەوت

17. قادر سلێمانی

18. کەریم سلێمانی

19. رەحمان سلێمانی

20. رەحیم سلێمانی

21. عەبدولا ئەحمەدپوور

22. ئەبووبەکر ئەحمەدپوور

23. عوسمان ئەحمەدپوور

24. جەعفەر بواسی

25. عومەر بواسی

26. مستەفا بواسی

27. ئیبراهیم پویا

28. مەحموود شەبڕەو

29. سلێمان هەمزە پوور

30. ئیبراهیم ڕەسووڵی

31. عەلی - شوانی گوند

32. خوسرەو ئەفشین

33. حەسەن - 13 ساڵان

34. کەریم رامینی

35. ئەحمەد رامینی

36. زەینەب رامینی

37. خاتووزین رامینی

38. رەحمان رامینی

39. رەحیم خوسرەوی

40. مراد خوسرەوی

41. رەسول خوسرەوی

42. سەعید خوسرەوی

43. مستەفا خوسرەوی

44. ئەبوبەکر شیشمان

45. عەلی شیشمان

46. عەزیز مەرزەنگ

47. ئەحمەد سەعادەت پوور

48. جافر شیشمان

49. عەبدوڵا خوسرەوی

مەلا مەحموود , مەلای گوند , لە کاتێکدا قورئانی گرتبوو بە دەستیەوە و هانای بۆیان هێنا , بۆ ئەوەی دەست لە کوشت و بڕی ئەو خەڵکە هەڵبگرن, ئازایانە بەرەو ڕویان بیووەوەو وتبووی: ئێوە لە تەرمەکانیشمان دەترسن, بەڵام هەر دەگەین بە ئاواتەکانمان.
دوای ئەوەی قورئانەکەی لەدەست وەردەگرن و فڕێی دەدەن , ئەوجا سەری دەبڕن , لەبەر خاتر قورئانەکە مەڵا سەر دەبڕن بۆ ئەوەی ئازاری نەبێت وەك ئەوانی دیکە , پاشان چەند فیشەکیش دەنێن بەمێکیشیەوە , مخابن سەری مەلا ون دەبێت و تا هەنووکە نادۆزرێتەوە , ئێستا مەلا بەبێسەر نێژراوە .
سەید عەلی تاهیری دوای ئەوەی چەند کەس لە خێزانەکەی شەهید دەکەن, دەستەکانی دەبڕنەوە ئەوجا شەهیدی دەکەن.
دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە ڕژێم تاوانکاران پاداشت دەکات لە بری ئەوەی سزایان بدات
لە دوای تاوانەکە , تاوانباران تەرمی قوربانیان دەکەنە ناو ماشین و بە کەڵەکە کراوی لەسەر یەك ئەوەشی جێگای نەبوەوە بە دوای ئۆتۆمۆبێلەکانیانا ڕایدەکێشن بەرەو نەغەدەیان دەبەن , لە نەغەدە تەنانەت سوکایەتی بە تەرمی ئەو منداڵە کەمتر لە 10 ساڵانەیە کراوە , 5 تەرمی لە ژێر زبڵدانی شارەوانی دەشارنەوە , ئەوانی دی لە ڕۆخی شەقامەکان فڕێ دەدەن , تاکو ئێستاش هەموو قوربانیان نەهێنراونەتەوە بۆ قارنێ
خەڵکی قارنێ دوای کارەساتەکە بۆ ماوەی مانگ و نیوێك گوندەکە چۆڵ دەکەن , لە گوندی کانی بۆداغ جێگیر دەبن.
ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە لەکاتی چۆ ڵکردنی گوندەکە ڕژێم جارێکی دیکە تاوانێکی دیکەی خولقاندەوە , دوو ڕۆڵەی دیکەی ئەم گوندەی شەهید کرد بە ناوەکانی:

1 – عوسمان ڕامێنی.
2 – مستەفا ئابزەند.

# چیکراوە بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر بە خەڵکی سقیل

تاوانی قاڕنێ یەکەم و دوا تاوان نەبوو بەرامبەر بە خەڵکی سقیلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام بدرێت , نموونەی لەو چەشنە لە گوندەکانی ئیندرقاش و قەڵاتان " 50 کەس " , دیلان چەرخ " 40 کەس "خەلیفەلیان " 21 کەس " زۆرە * .

وەك بینیمان لە کاتێکدا ڕژێم ناسنامەی ئیسلامی بوونی هەڵگرتووە , کەچی مەلا ی گوند بە قورئانەوە و بە بەرچاوی خەڵکەوە سەردەبڕێت, هەروەها ئەگەر سەرنجی ورد بدەین ژمارەیەکی زۆری قوربانیان سەید و ئەهلی بەیت و لە نەوەی حوسێن و فاتیمەن

مخابن ئەم تاوانانە لە لایەن پارت و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە , تاکو هەنووکەش هیچ گرنگی پێنەدراوە , بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1996 وەك ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان , پاش قسەوباسکردنمان لەگەڵ چەند کەسێك لە باڵەکانی ئەوسای دیمکرات, ویستمان ئەو یادە بکەینەوە , کەچی مخابن لە لایەکەوە ئەوان تووشی هێرشی ناڕەوا بۆسەر کۆیە بوونەوە , لە لاکەی دییەوە ئێمەش لە ئابدا چارەنووسی خۆمان لە زیندان و هەڕەشەلێکردندا بینییەوە

خۆشبەختانە لە دوای ساڵی2002 ئەو خەونەهاتە دی , بە ئەنجامدانی گێڕانی سمینار و نووسینی بانگەواز ئەنجامدانی چالاکی لە 6 ساڵی ڕابردوودا , ئێستا تاوانی قاڕنێ خەریکە ببێتە سیمبولی کۆمەڵکوژی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان , ساڵ لە دوای ساڵ گرنگی زیاتری پێدەدرێت.
لەم یادەدا کۆمەڵێك داواکاری دەخەمە بەردەست خەڵکی قاڕنێ و گوند ە دەستە خوشکەکانی و هێزە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نووسەران و چالاکڤانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان :

– یادی قاڕنێ بکرێتە ڕۆژی یادکردنەوەی دەیان هەزار قوربانی گەلەکەمان" ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی کورد دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران" .

– هەوڵبدرێت هەموو ئەو تاوانانەی دژ بە گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستان ئەنجامدراوە , بکرێت بە دۆکمێنت , سیناڕیۆ سەقەتەکانی باشوور دوبارە نەکرێتەوە لەو پارچەیەی کوردستان, بە ژمارە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە قاوبدرێت نەك بە گۆترە

- هەوڵبدرێت مۆنمێنتێك بۆ قوربانیانی قاڕنێ درووست بکرێت " ئەگەر کرا لە گوندەکە , ئەگەریش نا , بەشێوەی کاتی لە کوردستان یان هاندەران.
- تەرمی سەرجەم قوربانیان بهێنرێتەوە قاڕنێ و لە گۆڕستانێکدا لە پاڵ یەکتری بنێژرێنەوە .
- ناو و وێنەی سەرجەم ئەو قوربانیانە پەیدا بکرێت و ئەلبومێکیان بۆ درووست بکرێت

**سەرچاوە :**

**سمینارەکانی مەلا برایم محیّدین لەسەر قاڕنێ , سالانە بۆ ناوەندی چاك لە هۆڵەندا دەیگێڕێت .**

**کارەساتی قاڕنێ لە زمانی دانیشتوانی گوندەکەوە, چاودێر ژمارە 94 بەرواری 11-9-2006**

* ( س –ماکوان ) کۆکوژی گوندی قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە 59.1.6

1. عەبدوڵا چوکەڵ
2. مەحمود کوردە
3. ئەبووبەکر کاروز
4. حاجی رەسووڵ
5. حاجی موحەمەد
6. حەسەن کوردە

7. حاجی مەلا سەید حەسەن

8. حەلیمە - خێزانی سۆفی حەسەن

9. عوسمان ئازەری

10. حاجی حەسەن

11. رەحمان مەولوودی

12. رەمەزان مەنفاوی - خەڵکی شنۆ

**3- کۆکوژی گوندەکانی ئیندرقاش و وسووکەند لە ناوچەی مەهاباد 59.8.13**

1. حاجی مستەفا - ئیندرقاش

2. سەید عەلی - ئیندرقاش

3. رەحیم ئەندەرز - ئیندرقاش

4. ساڵح ئەندەرز - ئیندرقاش

5. رەحمان شەوقی - ئیندرقاش

6. مەحموود موحەمەدئاغا - ئیندرقاش

7. سلێمان موحەمەدئاغا - ئیندرقاش

8. موحەمەد قەنبەری - ئیندرقاش

9. خدر قەنبەری - ئیندرقاش

10. عەلی قەنبەری - ئیندرقاش

11. سەید رەحمان - ئیندرقاش

12. ئیرەج حەمەدۆکی - ئیندرقاش

13. زوبەیدە حەمەدۆکی - ئیندرقاش

14. مەحموود شێخی - ئیندرقاش

15. کەریم سەیدە - ئیندرقاش

